

پێشەکییەک بۆ کۆبەرهەم و ژیانی

# مەجید ئاسنگەر

د. بۆتان مەجید ئاسنگەر

پێشەکییەک بۆ کۆبەرهەم و ژیانی

# مەجید ئاسنگەر

١٩٣٢ - ٢٠١٢

لەگەڵ ئەرشیفی دۆکۆمێنت و وێنەکان


نووسین و ئامادەکردنی:

**د. بۆتان مەجید ئاسنگەر**



کوردستان ٢٠٢٥




**کۆبەرهەمی**

# مەجید ئاسنگەر

بەرگی یەکەم


نووسین و ئامادەکردنی: **د.بۆتان مەجید ئاسنگەر**

گرافیك و دیزاین: **بەلوگرافیک - ٠٧٥٠٥٧٥٨٤٢٨**

ساڵ و شوێنی چاپ: **٢٠٢٥ - هەولێر**

چاپخانە: **زانکۆی سەلاحەددین**

تیراژ: ١٠٠٠ **دانە**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان

ژمارەی سپاردنی (٤١٤) ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوە.

سوپاس بۆ خاڵ و برا و هاوڕێمان بەڕێز

**کاك ساسان عەونی**

بۆ راوێژ و ئامۆژگاریەکانی لە قۆناغەکانی ئامادەکردنی ئەو کۆبەرهەمە

سوپاس بۆ بەڕێزان ...

شاخەوان برایم عبدالله

فەرەیدون أحمد مولود

یسری سعید خضر

بـۆ ئـەرك و ماندوبونیـان لـە گـەڕان و دۆزینـەوەی هەنـدێ لـە وتـارەکانی مامۆسـتا ئاسـنگەر لـە رۆژنامـەکانی کوردسـتان

پێشکەشە

بە گیانی فریشتەیی دایکم «پەرژین عەونی»

بە «نیشتمان»ەکەم، کە لە پێناویدا «مەجید ئاسنگەر» ژیاوە

# پێڕست


پێشەکی............................................................................................ ١١

سەرەتا، دەربارەی ئەو کۆبەرهەمەی مامۆستا ئاسنگەر ............................................. ١٢

مامۆستا مەجید ئاسنگەر بناسە؟...................................................................... ١٦

مامۆستا مەجید ئاسنگەر و سیاسەت................................................................. ٥٢

گەڕانەوەی بارزانی نەمر لە یەکێتی سۆڤیەت و دامەزراندن و... ............................... ٦٣

مامۆستا ئاسنگەر چۆن لە بەندیخانەی بەسرا ئازاد کرا ........................................... ٨١

مامۆستا ئاسنگەر و شاندێکی ئەکادیمیای زانستی براغ - چیکۆسلۆڤاکیا (١٩٦٠)............ ٨٥

مامۆستا ئاسنگەر بۆچی خویندنی لە ئەمریکا رەتکردەوە.......................................... ٩٤

مامۆستا ئاسنگەر دەگەڕێتەوە هەولێر................................................................ ٩٨

مامۆستا ئاسنگەر بەرێوەبەری خانەی مامۆستایانە لە هەولێر ١٩٦٦ – ١٩٧١ ................ ١٠٠

مامۆستا ئاسنگەر و هەردوو یەکێتیەکەی مامۆستایان و نووسەرانی کوردستان ............. ١٢٢

مامۆستا ئاسنگەر: نووسین و ئەزموون، تەعقیب و بەدواداچوون................................ ١٣٣

سەرتای نووسینی شیعر و سروود ...................................................................... ١٣٧

مامۆستا ئاسنگەر، گۆڤاری هەتاو لەگەڵ مامۆستا گیو موکریانی.............................. ١٤٢

مامۆستا ئاسنگەر و میهرەجانی یادی شاعیری گەورەی کورد حاجی قادری کۆیی ............ ١٤٦

مامۆستا ئاسنگەر نیشتمانپەروەرێکی هەستیار...................................................... ١٥٧

بەرەوپێشچوونی قۆناغە سیاسیەکان و هارمۆنیەتی شیعرە نیشتمانیەکانی ئاسنگەر............ ١٦٢

سوێندی پێشمەرگە (یا کوردستان... یا نەمان)...................................................... ١٦٥

مامۆستا مەجید ئاسنگەر لە ساڵی ١٩٧٤ و کاریگەری بەسەر لاوانی مەهابادەوە............. ١٧٧

مامۆستا ئاسنگەر چی وای لێکرد زۆر زوو خانەنشین بێت؟....................................... ١٨٨

مامۆستا ئاسنگەر: کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لە دایك بوونی بارزانی ی نەمر ........................ ١٩٣

مامۆستا ئاسنگەر و هاوبیرەکانی: بۆچی هەوڵی خۆسوتاندنیاندا؟ ............................. ١٩٦

ماموستا ئاسنگەر: پەڕلەمانی کوردستان و سەرگوزشتەی پڕۆتۆکۆڵەکان............................٢٠٥
ماموستا ئاسنگەر پیاوێکی بە ئەمەك و کۆمەڵایەتی .......................................................٢١٣
محەلەکەی عەونی باپرم: مەڵبەندێکی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی لە کۆیە...............................٢٢٥
ماموستا ئاسنگەر و دۆست و هاوڕێیەتی و گەشت و سەیران........................................٢٢٩
ماموستا ئاسنگەر: زمانزانی و ئەدەبیاتی وەرگێڕان.......................................................٢٥٩
ماموستا ئاسنگەر و ئەرشیف و دۆکۆمێنتی یادەوەریەکان ...........................................٢٨٦
ماموستا ئاسنگەر و ماڵئاوایی و نەمری......................................................................٣٢٨
پرسەنامە بۆ ماڵئاوایی ماموستا ئاسنگەر ......................................................................٣٣١

# پێشەکی

ژینگـە، دەوروبـەر، خانـەوادە، قوتابخانـە، شـار، بـاری ئابـووری، بـاری رامیـاری، هـۆکاری کـەسی و خـودی پاڵنـەرن بـۆ پێگەیاندنـی کەسـایەتی و هـزر و هەسـتی نیشـتمانپەروەری و بیـری داهێنەرانـە... ئـەم هۆکارانـە رەنـگ بێـت بزوێنـەری خەونەکانـی مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر بووبـن بـۆ هەڵبـژاردنی رێگایـەکی پـڕ هـەوراز و نشـێوی بـێ پشـوو و بـێ کۆڵنـەدان لەمـەودای هەشـتا سـاڵ تەمـەن لـە پێنـاو گەیشـتن بـە ئامانجـەکان، چ بچـووك و کەسـی، چ گـەورە و نیشـتمانی.

رۆشـنبیر و نووسـەر و بیرمەنـدی گـەورەی کـورد مامۆسـتا مومتـاز حەیـدەری پێـی وایـە مامۆسـتا ئاسـنگەر تێکۆشـەرێکی سەرسـەختی رێگـەی ئـازادی نیشـتمانە، لـە دەربارەیـەوە دەڵـێ:

(لـە چوارچێـوەی ژیـانی هەمـە لایـەنی کۆمەڵـی کـوردەواری بەگشـتی، ژینگـەی شارسـتانی و کلتـووری و گیـانی نەتـەوە پـەروەری شـاری کۆیـە بـە تایبـەتی، بگـرە قوتابخانـە پێشـڕەوەکەی حاجـی قـادری کۆیـی، کـە مەڵبەندێـکی زینـدووی هەمیشـە بەرهەمهێنـەری رەسـەن کوردپـەروەری بـووە، کـە مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر لـە ئاگـردان و بـاوەشی میهرەبـانی ژینگـەی ناوبـراو چـاوی کردۆتـەوە، فرچـکی بـە رەسـەنایەتی و بەهـای رەوشـت بـەرزی کۆمەڵایـەتی، نەتەوەیـی، مرۆڤپـەروەری گرتـووە ... هـەر کەسـێ بـە ژیننامـە هـەرە دەوڵەمەندەکـەی، کـە خەزنەیـەکی کۆمەڵایـەتی، نەتەوەیـی، کلتـووری رووناکبیریـە دا بچێتـەوە، ئەوەتـە (کـۆ بەرهەمەکـەی) نیشـانەیەکی هـەرە بەهێـزی گەورەیـی ئـەو مرۆڤـە نموونەییـە دەسـەلمێنێ ...!).

## سەرەتا، دەربارەی ئەو کۆبەرهەمەی مامۆستا ئاسنگەر

خـۆی لـە ژیانـدا مابـوو، زۆر جـار داوامـان لێدەکـرد سـەربوردە و یـادگاری و ئەزمـوونی پـڕ هـەوراز و نشـێوی خـۆی بنووسـێتەوە لەگـەڵ کۆکردنـەوەی گشـت نووســین و کۆبەرهەمەکــەی. دەمانــزانی لەگــەڵ ڕۆیشــتنی مامۆســتا ئاســنگەر خەرمانێــك ڕووداو و نهێنــی کــە بــە درێژایــی هەشــتا ســاڵ تەمــەن بەســەریدا تێپەڕیـون لەوانەیـە وون ببێـت یـان وەك خـۆی نەگێڕدرێتـەوە و بەرهەمەکانیـش پــەرش و بــڵاو بمێننــەوە بەمــەش ئەرشــیفی میللەتێــك یــان بــەلای کەمــەوە خەڵکانێــك، کــە هــەواداری زانینــی ســەربوردەی ژیــانی تێکۆشــەرانن، بێبــەش و زەرەرمەنـد دەبـوون لـە چەندیـن بابـەت کـە مایـەی پێزانـین بـوون بـۆ مێـژوو و بـۆ زۆران. ئـەو هەمیشـە، لـە ڕوانگـەی خـاکی بـوونی خۆیـەوە، دەیگـوت ئـەوەی مـن کردوومـە یـان نووسـیومە تەنهـا ئەرکێـکی سەرشـانم بـووە بەرامبـەر نیشـتمان و گەلەکـەم، بـە نووسـینەوەی یـان گێڕانـەوەی نامەوێـت منەتێـك بەسـەریانەوە بکـەم! منیـش دەمکـردە گفتوگـۆ تـا قەناعـەتی پێبکـەم، پێـم دەگـوت بینووسـەوە یــان هەرنەبێــت بیگێــڕەوە و بــە کاســێتێك تۆمــاری دەکەیــن، تەنهــا بــۆ ئێمــە و بــۆ نەوەکانــت تــا یــادگاری بــاب و باپرانیــان لــەلا زینــدوو بمێنێتــەوە، بــەڵام ئــەو هێشــتا نەیدەســەلماند! لــە ڕاســتیدا هــەر کەســایەتییەك کــە هەڵکەوتــەی میللەتەکەیـەتی لـە بازنـەی موڵکایـەتی کـەسی و خانەوادەکـەی دەردەچێـت و دەبێتـە موڵـکی گـەل و نیشـتمان، بەشـێوەیەك کـە ئامادەییـان و مانەوەیـان بـۆ نـەوەکانی ئاینـدە گرنگـتر دەبێـت لـەو کەسـانەی کـە هاوتەمـەن و هاوسـەردەمی بوونـە. نـەوەکان پێویسـتیان بـە زمانێـکی ڕاسـتگۆ هەیـە تـا بەهۆیـەوە گـوێ لـە مێـژووی ڕاسـتەقینە بگـرن، نـەوەکان مـافی خۆیانـە چـاو ببڕنـە ڕووداوەکان و ڕاسـتیەکان ببینـن، شایسـتەن بـەوەی بزانـن قارەمانـەکان کـێ بـوون کـە ژیـانی خۆیـان بـۆ ئـەوان کـرد بـە مـۆم تـا لـە داهاتوویـەکی شایسـتەدا گـوزەر بکـەن. بۆیـە پێویسـتە

بگوترێت ئەگەرچی ئەو لەبەر هەر هۆكارێك نەپڕژایە سەر نووسینەوەی بیرەوەرییەكان و كۆكردنەوەی بەرهەمەكانی، بەڵام ئێمە بە پێویستمان زانی، نەوەك وەك كوڕ و باوك، بەڵكو وەك بەرپرسیاریەتێك بۆ گەیاندنی ئەزموونی فرەچەشنی مامۆستا ئاسنگەر لە یەك بەرگدا (ئەم كۆبەرهەمە) بۆ بەردەست خوێنەرانی كوردستان پێشكەش بكەین.

دوای ماڵئاوایی مامۆستا ئاسنگەر لە بەهاری ساڵی ٢٠١٢ هەر زوو بیرۆكەی كۆكردنەوەی نووسین و بەرهەمەكان كەوتنە بەرباس و پلانی خانەوادەكەی بەڵام، تا بەهاری ساڵی ٢٠٢٠ نەتوانرا دەست و بردی لێبكەین و قۆڵی بۆ هەڵكەین! رەنگ بێت گۆڕانكاریە سیاسیەكان و سەربازیەكان و ئابووریەكان لە ناوچەكە، وەك شەڕی داعش و لێكەوتەكانی دوای شەڕ، هۆكار بووبن. هەروەها سەرقاڵیمان وەك مامۆستای زانكۆ و كارە ئەكادیمی و كارگێڕییەكانی سەر شانمان دیسانەكە هۆكاری سەربار بوون بە دواكەوتنی ئەم پرۆژەیە! سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ و بڵاوبوونەوەی پەتای كۆڕۆنا و بڕیاری یەكەم كەرەنتین بۆ چەند مانگێك ئێمەی دەربەستی ماڵ كرد. ئەوكاتە بوو من بە هەلم زانی خەونی چەند ساڵەی خانەوادە بكەم بە راستی و لە ژووری ئۆفیسەكەم لە ماڵ چوار مشكی لێی دابنیشم و هەرچی بەردەست بوون لە نووسینەكانی مامۆستا ئاسنگەر پەرش و بڵاوی بكەم و هەنگاوی یەكەم دەست پێبكەم تا گەیشتن بەو كۆبەرهەمەی كە ئێستا لەبەردەستی خوێنەری خۆشەویستدایە. كارەكان گشتی زیاتر لە چوار ساڵ كاری بەردەوامی خواست (بەهاری ساڵی ٠٢٠٢ تا پایزی ساڵی ٤٢٠٢).

ئەم كۆبەرهەمە ئەگەرچی پڕاوپڕە لە چیرۆك و شیعر و شانۆ و وتاری جۆراوجۆر، لە هەمانكاتدا زۆر سەربوردەی رووداوەكان لە خۆ دەگرێت، كە مامۆستا ئاسنگەر خۆی بەشێكی دانەبڕاو و كاراكتەرێكی سەرەكیش بووە تیایاندا. كاتێك لە دانیشتن و كۆڕ و كۆبوونەوەكان گوێت لە مامۆستا ئاسنگەر

دەگرت تەنانەت لە دیدارە تایبەتەکانی لەگەڵ هەر کەسایەتیەك، چ سیاسی، یا ئەدەبی، یا پەروەردەیی، یا کۆمەڵایەتی، درکت بەوە دەکرد زۆری بینیوە و دەریایەکی لە هەگبەدایە، بۆیە دوای کۆچی دوایی مامۆستا، ئەگەر درەنگیش هاتبێت، نەدەکرا لا لە وێستگەکانی ژیانی پڕ ئەزموونی مامۆستا نەکرێتەوە و بۆ مێژوو رووداوگەلێك لە ئەزموون و هزری سەردەمی خۆی بۆ خوێنەر و نەوەکانی دوارۆژی گەلەکەمان تۆمار نەکرێت. هەر بۆیە ئێمە وەك خانەوادەی مامۆستا، ئەرکی کۆکردنەوە و بە چاپ گەیاندنی زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمەکانی مامۆستا ئاسنگەر، هەموو ئەوانەی بەردەست بوون و ئەوەی توانیمان بەردەستیان بخەینەوە، بۆ مێژوو، وەك ئەرکێکی نیشتمانی لە ئەستۆ گرت و هیوادارین بۆ گشت لایەك مایەی سوود و بەهەند وەرگرتن بێت.

نووسەر و روناکبیر مامۆستا مومتاز حەیدەری لە بارەی ئەو کۆبەرهەمەوە دەڵێ:

(ناوەڕۆکی ئەو کۆبەرهەمە دەوڵەمەندەی هەمەڕەنگ و بابەت ی مامۆستا ئاسنگەر، بەشێکی زیندووی مێژووی کورد و کوردستان بە هەموو رەهەندەکانیەوە درووست دەکات) وە دەڵێ:

(مامۆستا ئاسنگەر بە ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی کوردستان و کەسایەتییەکی دیاری کۆمەڵی کوردەواری بەگشتی و شاری کۆیە و هەولێر بەتایبەتی دەژمێردرێ و بە شانازیەوە خۆی بە رۆڵەیەکی زەحمەتکێش دەزانی و زیاتر لەگەڵ ئێش و ئازاری خەڵك دەژیا، بۆیە بە ئاسنگەرێکی بەئەمەکی کورەی کوردایەتی دەژمێردرێ ...!).

مامۆستا ئاسنگەر هەمیشە خۆی بە خاوەنی میللەتەکەی زانیوە بێ جیاوازی، ئەمەش زۆر بە زەقی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئەدەبی و سیاسیدا دەردەکەوت. لەلایەن هەر کەسێك و لە هەر پلەیەك با خۆشیان دەویست و هەمیشە رێزی لێدەگیرا، رێز لە رابردووی پڕشکۆ و سەربەزری

دەگیـرا، ڕێـز لـە هەڵوێسـت و وتـار و نووسـینەکانی دەگیـرا و هەمیشـە خـاوەن بۆچوونـی خـۆی بـوو، لـە نێـو قوتابـی و خوێندنـکار ڕێـزی لێدەگیـرا چونکـە هەمیشـە قوتابیانـی لەسـەر دوو بنەمـا پێدەگەیانـد (زانسـت و کوردسـتانی بـوون). قوتابیانـی گەواهـی ئەوەیـان هەمیشـە بـۆ داوە.

لێـرەدا دەڵێـم زۆر لـە دیمەنـەکان و لایەنـی ژیانـی سیاسـی و پیشـەیی و کۆمەڵایەتـی و ئەدەبـی مامۆسـتا ئاسـنگەر، سـەرەڕای نواندنـی سـەدەها چالاکـی، لـە ڕێـگای نووسـینەوە دەربڕیـوە و خـەون و ئاواتەکانـی تێـدا بەرجەسـتە کـردووە. بۆیـە بـە پێویسـتمان زانی لـە ڕووی نووسـین و بەرهەمـەکانی مامۆسـتا ئاسـنگەرەوە تیشـك بخەینـە سـەر ژیـان و نووسـین و بەرهەمـەکانی ئـەم زاتـە کـە لـەم کۆبەرهەمـەی بەردەسـتتان خـۆی دەنوێنێـت. هیواداریـن بتوانـن لـە کۆڵانـە فـراوان و تەنگەبـەرەکانی ژیـان و دونیـا و ئەزمـوونی هەمەجـۆری مامۆسـتا ئاسـنگەر بـە سـەلیقە و پشـوێکی درێـژەوە گـوزەر بکـەن و پشـوێك بەخۆتـان بـدەن و گیانتـان لەگـەڵ ڕووداو و بەسـەرهاتە مێژوویـەکان و نووسـینەکان ئاسـودە بکـەن.

## مامۆستا مەجید ئاسنگەر بناسە؟

(مەجید ئەحمەد ئەمین مستەفا) ناسراو بە (مجید الحداد - مەجید ئاسنگەر) لە ساڵی ١٩٣٢ لە گەڕەکی بەفریقەندی لە شاری کۆیە، شاری ئەدەب و داهێنان و سیاسەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە رەسەنەکان، شاری حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورە و خادم سوجادە و حەماغای گەورە، لە بنەماڵەیەکی کاسبکار و پیشەگەری ئاسنگەر لەدایك دەبێت. مامی مامۆستا مەجید ئاسنگەر، وەستا مستەفای ئاسنگەر و باوکی وەستا ئەحمەدی ئاسنگەر هەر لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردوو تا سەرەتای هەفتاکان یەکێك دەبن لە پیشەگەرە ئاسنگەرە بەئەزموون و ناسراوەکانی شاری کۆیە و دەوروبەری. خەڵکانێك لە ناوچەکانی پشدەر و رواندز و دەشتی کۆیە و تەقتەق روویان تێکردوون بۆ کار و بەرهەمەکانیان. بەرهەم و کاری دەستی ئەوان زۆر جار لەگەڵ بازرگان و کاروانەکان سنورەکانیشیان بڕیوە بە تایبەت بۆ رۆژهەڵات. دایکی مامۆستا ناوی زەهوە بووە و هەر لە دوای لە دایك بوونی مامۆستا زوو کۆچی دوایی دەکات و تەنها برایەکی لەخۆی بچوکتری دەبێت بە ناوی جمال کە ئەویش هەر زوو لە تەمەنێکی تازە خونچەدا بەهۆی کەمی خزمەتگوزاری تەندروستی ئەوسا، ژیان لە دەست دەدات. مامۆستا ئاسنگەر لە دایك و نەنکی یەوە پشتاو پشت لە بنەماڵەی پاشای گەورەی رواندزن. یەحیا بەگ کە یەکێکە لە چوار برای نەوەکانی پاشای گەورە بەهۆی ناکۆکییەوە دەکەونە دەڤەری پشت شاری کۆیە لە باکورەوە رێك ئەو شوێنەی ئێستا پێی دەگوترێت چۆمی یەحیا بەگ لە نزیك گوندی سماقولی. دایك و پوورەکانی مامۆستا ئاسنگەر بە فەرمی و بە تاپۆ میراتگر و خاوەنداریی موڵکەکانی ئەم چۆمە بوون و لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی رابردوو وەك میراتگر و خاوەنی راستەقینە فرۆشتن و مامەڵەیان پێوە کردووە. باوکی

مامۆستا ئاسنگەر، دوای گیان لەدەستدانی زەهوەی دایکی مامۆستا ئاسنگەر، لەگەڵ مەریەم خان خێزان پێکدەهێنێتەوە کە بە هۆیەوە دەبێتە خاوەن سێ برا و چوار خوشك مامۆستا خالد، مامۆستا شۆڕش، مامۆستا هێرش، خێریە خان، مامۆستا حەلیمە، مامۆستا نازەنین و مامۆستا بەهار. بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە ناوی خوشك و براکانی بدەم کەوا لەگەڵ هەراش بوون و پێگەیشتنی مامۆستا ئاسنگەر و جۆشدانی بە گیانی کوردایەتی و هەلومەرجەکانی ئەوسا خۆی کاریگەری دەنوێنێت و ناوەکانی شۆڕش و هێرش وە نازەنین و بەهار خۆی هەڵیاندەبژێرێت.



دیمەنێکی شاری کۆیە لە ساڵانی پێش شەستەکان (رێکەوتەکە دیار نیە)





مەجید ئاسنگەر لەگەڵ باوکی (ئەحمەد ئەمین مستەفا ئاسنگەر) لە شاری بەغدا

تێبینی ژمارە یەك:

هــەر بــۆ مێــژوو ئــەو زانیاریــەی تایبــەت بــە ســەرژمێری شــاری کۆیــە و تــەق تــەق، کــە لــە ســاڵی ١٩٨٧ تۆمارکــراوە و لــە ئەرشــیفی مامۆســتا ئاســنگەر بەردەســت بــوو، دەخەینــە بەرچــاوی خوێنــەرە بەڕێــزەکان:

| سەرژمێری فەرمی کۆیە لە ١٩٨٧/١٠/١٧ (لە ئەرشیفی مامۆستا ئاسنگەر وەرگیراوە) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی خێزان | | نێرینە | مێینە | هەمووی |
| کۆیە | ٤,٤٢١ | ١٣,٩٠٧ | ١٣,٨٩٦ | ٢٧,٨٠٣ |
| تەق تەق | ١,٨١٢ | ٥,٦٦٥ | ٥,٩٨٥ | ١١,٦٥٠ |
| کێلەخوارو حەمامۆك و هەرمۆتە | | | | ١,٥٦٢ |
| کۆی گشتی | | ١٩,٥٧٢ | ١٩,٨٨١ | ٤١,٠١٥ |

مامۆســتا ئاســنگەر خوێندنــی ســەرەتایی لــە قوتابخانــەی یەکەمــی کۆیــە (أولى) لــە نێــوان ســاڵانی ١٩٣٨ تــا ١٩٤٥ وە خوێنــدنی ناوەنــدی لــە قوتابخانــەی ناوەنــدی کۆیــەی کــوڕان (متوسـطة كويسـنجق للبنـين) لــە نێــوان ســاڵانی ١٩٤٦ تــا ١٩٤٨ لــە شــاری کۆیــە تــەواو دەکات. پاشــان لــە هەولێــر قۆناغــی ئامادەیــی لــە قوتابخانــەی دواناوەنــدی هەولێــر، کــە ئەوســا تەنهــا بریتــی بــووە لــە قۆناغــەکانی چــوار و پێنــج، لــە نێــوان ســاڵانی ١٩٤٩ تــا ١٩٥٠ بەســەرکەوتوویی تــەواو دەکات وە پلــەی یەکەمــی قۆناغــی دواناوەنــدی بــەشی وێژەیــی بەدەســت دەهێنێــت. بڕوانــە نــووسراوی بەڕێوەبــەری مەعاریفــی لیــوای هەولێــر بــۆ وەزارەتی مەعاریــف (وەزارەتی پــەروەردەی ئێســتا) لــە بەغــداد کــە تیایــدا نمــرەی دەرچــوونی لــە بــەشی وێژەیــی ٥٢٥ لــە ٧٠٠ تۆمارکــراوە کــە دەکاتــە رێــژەی ٧٥٪ کــە بــۆ ئــەوکات نمرەیــەکی زۆر بــەرز دەبێــت.



قوتابخانەی ناوەندی کۆیە، ١٩٤٥- مەجید ئاسنگەر: دانیشتووی سێیەم لە لای راستەوە (بەداخەوە، ناوی هاوپۆلەکانی تر تۆمار نەکراون)



مديرية ثانوية اربيل
العدد: ١٨٤
التاريخ: ١/٤/٩٥١
٢٤ جمادى الآخرة ٣٧٠

مدير الثانوية

الى وزارة المعارف – بغداد

ان الشخص الملصقة صورته اعلاه: مجيد أحمد كان طالباً في الصف الخامس الأدبي من مدرستنا لسنة ٩٤٩ – ٩٥٠ وقد دخل الامتحانات العامة الاعدادية في نهاية السنة الدراسية واصبح ناجحاً بعد اداء امتحان الاكمال في الرياضيات العامة والاقتصاد والآن يرغب الانتماء الى مهنة التعليم لذا زودناه بهذه الشهادة بناءً على طلبه.

مدير ثانوية اربيل

درجاته في الامتحانات العامة ٩٥٠ – ٩٤٩

| الدروس | | |
|---|---|---|
| اللغة العربية | ٧٧ | سبع وسبعون |
| اللغة الانكليزية | ٦٨ | ثمان وستون |
| التاريخ | ٧٧ | سبع وسبعون |
| الجغرافية | ٧٤ | اربع وسبعون |
| الرياضيات العامة | ٩٦ | ست وتسعون |
| العلوم العامة | ٥٠ | خمسون فقط |
| الاقتصاد | ٨٢ | اثنان وثمانون |

المجموع: ٥٢٥ خمس وعشرون وخمسمائة درجة
النتيجة: ناجح بعد اداء امتحان الاكمال في الرياضيات العامة والاقتصاد.

نصادق على صحة توقيع مدير المدرسة الثانوية
مدير معارف لواء اربيل
١/٤/٩٥١

بڕوانامەی دەرچوونی ئامادەیی مەجید ئاسنگەر بە نووسراوی بەڕێوەبەری مەعاریفی لیوای هەولێر بۆ وەزارەتی مەعاریف (وەزارەتی پەروەردەی ئێستا) لە بەغداد



مەجید ئاسنگەر، پۆلی پێنجەمی وێژەیی، دواناوەندی هەولێر (لە باخچەی گشتی هەولێر)، ١٩٥٠/٥/٩



مەجید ئاسنگەر (لای چەپ) لەگەڵ هاوپۆل و هاوڕێی شیخ بورهان نجم الدین بەرزنجي.

(تێبینی: مامۆستا شێخ بورهان بەرزنجی هاوڕێی نزیکی مەجید ئاسنگەر بوو، لە ئامادەیی بەیەکەوە بوون و لە زانکۆش لە هەمان بەش و پسپۆڕی پێکەوە دەبن و بەیەکەوەش لەگەڵ شاندی مامۆستایان چەندین گەشتی زمانەوانی و زانستی دەکەن، دواتریش پەیوەندی دۆستانە و برایانەی نزیکیان دەمێنێتەوە و ماوەیەك لە ساڵانی ١٩٦٥-١٩٧١ لە گەڕەکی شۆرشی شاری هەولێر دراوسێ دەبن وە هەردوو بەڕێز لە هەمان بەروار (٩ ی نیسان) جگە لە ساڵەکە کۆچی دوایی دەکەن)، مامۆشتا شێخ بورهان لە ٩ ی نیسانی ٢٠١٩ کۆچی دوایی دەکات.



مەجید ئاسنگەر، دوای دەرچوون لە ئامادەیی
شوێن: گوندی هەرمۆتە لە ڕۆژئاوای شاری کۆیە، ١٩٥١/٠٣/٢٧



قوتابیانی بەشی ناوخۆیی دواناوەندی هەولێر، ١٩٥٠/٠٤/٠٩

لــە راســتەوە: راتــق ســید جمیل،خلیــل عبداللــە، مەجیــد ئاســنگەر، یحیــی خۆشــناو، نامــق حمــد (خارجــی)، مصطفــی شــعبان (بەڕێوەبــەر)، فاتــح محمــد، عــلي احســان، جمیــل شــاکر، عبداللــە طاهــر، جــلال مدحــت خۆشــناو، جبــار احمــد، عزیــز محمــود، ســلیمان عــلي، جمیــل لطیــف، فــؤاد جــمال، ســتار رؤوف، محــی الدیــن نافــذ، کریــم عبداللــە،

هەر بۆ مێژوو، بە پێویستی دەزانم باس لەو دۆکۆمێنتەی ئەرشیفی مامۆستا ئاسنگەر بکەم کە بریتیە لە لاپەڕەیەك زانیاری مێژوویی کاتێك قوتابخانەی ناوەندی لە ساڵی ١٩٣٧ بۆ یەکەم جار لە شاری کۆیە دەکرێتەوە تیایدا ناوی یەکەم وەجبەی قوتابیانی پۆلی یەکەمی ئەم قوتابخانەیە تۆمارکراوە. ئەرشیفەکە وەك خۆی بڵاو دەکەمەوە کە بە بڕوای من بە دەست و خەتە زۆر جوانەکەی مامۆستا کەمال عبدالقادر نووسراوە کە لەبەر نزیکیمان لەو زاتە بەڕێزە لە دەست و خەتی ئاشنا بووین وە لەهەمان کات مامۆستا کەمال عبدالقادر خۆیشی یەکێك دەبێت لەو قوتابیانەی ئەو پۆلە. زۆر لەو قوتابیانە پاشان وەزیفە و ئەرك و پلەی باڵایان هەبوو چ لە حکومەت وە چ لە بواری سیاسەتدا وە خزمەتی گەورەیان پێشکەش کردووە.



ناوی ئەو قوتابیانەی کە لە پۆلی یەکەمی ناوەندی کۆیە بوون
ل ساڵی ١٩٣٧ بە نوێیی کرایەوە

١- احمد کمال
٢- احمد مصطفى دلزار
٣- اسعد محمد
٤- بکر اسماعیل
٥- توفیق صدیق
٦- جلال سید احمد
٧- حقی جمیل اسماعیل
٨- عزیز محمد
٩- رضا عبدالکریم
١٠- رفیق عبدالرحمان
١١- شفیق احمد الخزاره
١٢- طاهر فریحان
١٣- عبدالرزاق توفیق
١٤- عبدالکریم توفیق
١٥- عبدالکریم عزیز
١٦- عبدالله أمین
١٧- عبدالله مولود
١٨- عثمان قادر
١٩- عمر حبیب
٢٠- کامل بهجت
٢١- کمال عبدالقادر
٢٢- مجید رؤوف
٢٣- محمد غفور
٢٤- محمود جمیل
٢٥- موسی سید صالح
٢٦- نافذ جلال
٢٧- نامق عبدالله
٢٨- نوری سید صالح

مامۆستا ئاسنگەر، بە پێی هەلومەرجی سیاسی ساڵانی چلەکانی سەدەی رابردوو، هەر لە تەمەنی هەرزەکاریەوە دەست لە سیاسەت دەدات و هەر لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێتە ئەندام و لەگەڵ هاوپۆل و دۆست و خوێندەوارەکانی شار و کەسایەتی و رۆشنبیرەکان چالاکی دەنوێنن و بەرپرسیاریەتی نیشتمانی و پارتایەتی لە ئەستۆ دەگرن. هەر بۆیە دوای ئەوەی مامۆستا ئاسنگەر ساڵی ١٩٥٠ دواناوەندی بەسەرکەوتوویی تەواو دەکات لە بری چوون بۆ کۆلێژ پارتی بریاردەدات بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانی حزب لەو ساڵەدا مامۆستا ئاسنگەر لە کۆیە بمێنێتەوە. مامۆستا ئاسنگەر هەر ئەوساڵ دەکرێت بە ئەندامی کارگێڕی لیژنەی ناوچەی کۆیە لەو کاتەی کە کاك عەلی عەبدوللا ئەندامی لیژنەی ناوەندیی و بەرپرسی لیژنەی ناوچەی کۆیە دەبێت. دواتر لەگەڵ کاك محەمەد عەبدولکەریم شوانی کە بە (محەمەد شوان) ناسرابوو، بە نوێنەراتی کۆیە بۆ دووەم کۆنفرانسی حزب هەڵدەبژێردرێن کە لە شاری بەغدا لە بەرواری ١٩٥١/٠٣/٠٨ لە ماڵی عەلی حەمدی بەسترا. شایەنی باسە کۆی ژمارەی ئەندامانی ئەم کۆنگرەیە تەنها ٣٠ ئەندام بوون.

دواتر لە ساڵی ١٩٥١، دوای ساڵێك لە دواخستنی خوێندنی کۆلێژ، پەیوەندی بە کۆلێژی خانەی مامۆستایانی باڵا لە بەغدا دەکات (كلية دار المعلمين العالية في بغداد). مامۆستا ئاسنگەر لە ماوەی ساڵانی کۆلێژ لە نێوان ١٩٥١-١٩٥٥ دەڵێت:

(ساڵانی کۆلیژ لە چالاکییەکانی پارتایەتیدا بەردەوام بووین و بەشداری هەراکانی راپەڕینە (الانتفاضە) کەی ساڵی ١٩٥٢ مان کرد کە بەهۆیەوە ماوەی نزیکەی ٧٠ رۆژ کۆلێژەکانی بەغدا داخران، دواتریش لە ساڵی ١٩٥٣ دا یەکێتی قوتابیانی کوردستانمان دامەزراند کە ئەمیش لە خۆیدا بۆنەیەکی مێژوویی و وەرچەرخانێکی کاریگەر بوو لە خەباتی رەوای قوتابیاندا کە پارتی

ئەوپەڕی پشتگیری و هاندەریان بوو) (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە وتاری: پارتی قوتابخانەی خەبات و رەوشت بەرزییە).

هەرا و راپەرینەکەی گەلانی عێراق لە ساڵی ١٩٥٢ سەرتاسەری عێراقی گرتەوە بە تایبەتی شاری بەغدا کە جەماوەر داوای کۆتایی پێهێنان بە حوکمی پاشایەتی و پەیمانی عێراق - ئینگلزیان دەکرد. ئەوەبوو شا فەیسەڵی دووەم سەرۆك وەزیر (مصطفی محمود العمري)، کە تەنها پێنج مانگ سەرۆك وەزیران بوو، گۆڕی بە سەرۆك ئەرکانی سوپا (فەریق نورالدین محمود مصطفی) تا بە حوکمێکی سەربازی دووبارە کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەنەوە و تیایدا سەرکەوتوو بوون.


سەرۆك وەزیر (مصطفی محمود العمري) – ١٩٥٢


سەرۆك وەزیر و سەرۆك ئەرکانی سوپا
(فەریق نورالدین محمود مصطفی)



هۆڵی قوتابیان و چالاکیەکان، کۆلێژی خانەی مامۆستایانی باڵا، بەغداد ١٩٥٣- مەجید ئاسنگەر: دانیشتوی چوارەم لە لای راستەوە (بە جلی کوردی) لە گەڵ قوتابیانی تر

مامۆستا ئاسنگەر ساڵی ١٩٥٥ بڕوانامەی بکالوریۆس لە زمانی ئینگلیزی بە پلەی یەکەم تەواو دەکات و لە مەراسیمی دەرچوون دیاری مەلیك فەیسەڵی دووەم لە دەستی أحمد موختار بابان بە نوێنەرایەتی مەلیك فەیسەڵ وەردەگرێت (بڕوانە وێنەکە - شوێن: هۆڵی مەلیك فەیسەڵ – بەغداد/ حوزەیرانی ١٩٥٥).

ئەحمەد موختار بابان (١٩٠٠ – ١٩٧٦) کەسایەتییەك و سیاسەتمەدارێکی ناسراوی عێراقی کوردی خەڵکی هەڵەبجە بووە، بە رەچەڵەك لە بنەماڵەی بابانیەکانە. زیاتر لە ١٧ ساڵ قازی بووە چەندین جار لە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی ئەوسای پاشایەتی (نوری سەعید، حمدی پاچەچی، توفیق السوەیدی، علی جودت الایوبی ...) پۆستی وەزیری هەبووە وەك (وەزیری



هۆڵی قوتابیان و چالاکیەکان، کۆلێژی خانەی مامۆستایانی باڵا، بەغداد ١٩٥٥
مەجید ئاسنگەر، ساڵی چوارەمی کۆلێژ

کار و کاروبـاری کۆمەڵایـەتی، وەزیـری داد، وەزیـری بەرگـری و وەزیـری مەعـارف وە ماوەیـەك دەبێتـە سـەرۆکی دیـوانی پاشـایەتی) و دواتـر لـە سـاڵی ١٩٥٨ بـەر لـە کودەتاکـەی عبدالکریـم دەبێتـە سـەرۆك وەزیـران و دوای کودەتاکـە لەلایـەن (مەحکەمـەی شـەعب) بـە سـەرۆکایەتی (موقـەددەم فـازڵ عبـاس المهـداوی) بریـاری لـە سێدارەدانی بـۆ دەردەکرێـت بـەڵام بەهـۆی هـەوڵ و دیـداری کچەکـەی (سـەراب) و خێزانەکـەی (هاوسـەری ئەحمـەد موختـار بابـان) لەگـەڵ عبدالکریـم قاسـم و داواکاریـان بـە لێبـوردنی، لەبـەر نەبـوونی هیـچ تاوانێـکی سـیاسی و خراپـەکاری بەروویـدا، سـەرۆك عبدوالکریـم بریـار دەدات بـە ئازادکردنیـان و پاشـان وڵات جێدەهێڵـن بـۆ لوبنـان و دواتریـش بـۆ ئەڵمانیـا.



ئاهەنگی رۆژی دەرچوون لە کۆلێژ و وەرگرتنی دیاری مەلیك فەیسەڵی دووەم- لای راست: مەجید ئاسنگەر، لای چەپ: ئەحمەد موختار بابان- شوێن: هۆڵی مەلیك فەیسەڵ – بەغداد/حوزەیرانی ١٩٥٥



مەلیك فەیسەڵی دووەم



ئەحمەد موختار بابان



مەجید ئاسنگەر ساڵی دەرچوونی لە کۆلێژ، حوزەیرانی ١٩٥٥







ماموٚستا ئاسنگەر چەندین دیاری تر وەردەگرێت لەوانە دیاری پەرتوکخانەی مەکێنزی بۆ دەرچووی یەکەم کە بریتی بوو لە فەرهەنگێکی زمانەوانی ئینگلیزی - بۆ - ئینگلیزی قەبارە٩٣٠ لاپەرە، هەروەك لە وێنەکە دیارە



رۆژی ئاهەنگی دەرچوونی کۆلێژ لە بەغدا، حوزەیرانی ١٩٥٥
لە راستەوە: عبدالملك، احمد حسن حمزە، مەجید ئاسنگەر، امین یاسین، برهان نجم الدین برزنجي



گەشتی قوتابیانی بەشی ئینگلیزی کۆلێژ بە یەختی هەڵم بە نێو رووباری دجلە بۆ جادریە، بەغداد، هەینی ١٩٥٢/١١/١٥، مەجید ئاسنگەر یەکەم وەستاو لە لای چەپی وێنە بە چاوێلکەی رەش

زۆربـــەی هـــەرە زۆری مامۆســـتاکانی کۆلێـــژی خانـــەی مامۆســـتایانی بـــاڵا لـــە بەغـدا ئەوسـاکە بیـانی بـوون. لـە دۆکۆمێنتێـکی ئەرشـیفی مامۆسـتا ئاسـنگەر کـە نـاوی بابـەت و ئەنجامـی تاقیکردنـەوەکانی قۆناغـی چوارەمـی بـەشی زمانـەکان پیشـاندەدات، لـە هەمـان کات نـاوی ئـەو مامۆسـتایانەی کۆلێجەکەیـان کـە وانـەکانی ئـەم قۆناغەیـان گوتۆتـەوە، بـەم شـێوەیەی خوارەوەیـە:

هـەردوو بابـەتی مێـژووی ئـەدەب و مێـژووی زمـان لـە لایـەن دکتـۆر سـۆرنلێی، زمـانی فەرەنسی لەلایـەن مسیۆ بـارووس، ئـەدەبی تایبـەت لەلایـەن مـس پاترسـن، ڕێزمـان لـە لایـەن مسـتر مەکمیـلان، مێـژووی ئەوروپـی لـە لایـەن دکتـۆر عبدالقـادر.

دیـارە سـەرۆك بـەش بریتـی بـووە لـە بەڕێـز سـۆرنلێی (Thornley) کـە ئیمزاکـەی لەسـەر دۆکۆمێنتەکـەوە کـراوە وە نمـرەکان بـەرزی ئاسـتی زانسـتی مامۆسـتا ئاسـنگەر پیشـاندەدات.

(تێبینی: ئەم دۆکۆمێنتە ئەمڕۆ لە ساڵی ٢٠٢٣  تەمەنی ٦٨ ساڵە)



دار المعلمين العالية ـ بغداد ـ العراق

استمارة لموضوعات

اسم الطالب : مجيد أحمد
الصف والاختصاص : الرابع لغات
المادة المساعدة : اللغة الفرنسية

السنة الدراسية : ١٩٥٤-١٩٥٥
الفصل الدراسي : الأول
التاريخ : ١/٨/ ١٩٥٥

| | اسماء الموضوعات | الاستاذ | ساعات الاسبوع نظري | عملي | النفط | الدرجة | الملاحظات |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تأريخ الأدب س | الدكتور ثورنلي | ٤ | | ٤ | ٨٥ | |
| ٢ | تأريخ اللغة ف | " " | " | | " | ٨٦ | |
| ٣ | اللغة الفرنسية س | مسيو بارودي | ٣ | | ٣ | ٨٧ | |
| ٤ | الأدب الخاص س | مس باترسن | " | | " | ٨٨ | |
| ٥ | القواعد س | مستر ماكملان | " | | " | ٧٥ | |
| ٦ | التأريخ الأوربي س | الدكتور عبد القادر | " | | " | ٩٠ | |
| ٧ | | | | | | | |
| ٨ | | | | | | | |
| ٩ | | | | | | | |
| ١٠ | | | | | | | |

توقيع رئيس القسم : [illegible]
توقيع المسجل : [illegible]



ملاحظات مهمة

١ ـ يراجع الطالب سكرتير قسمه للاستفسار عن المعلومات المطلوبة ٠

٢ ـ يكتب الطالب كافة الموضوعات التي سيداوم فيها ٠

٣ ـ تكتب الحروف الآتية في نهاية إسم الموضوع :(ش) للمشرف ، (خ) للاختياري ، (مع) للدرس المعاد ، (ف) للموضوع الفصلي ، (س) للموضوع السنوي ٠

٤ ـ لا تعتبر هذه الاستمارة ما لم تكن موقعة من قبل رئيس القسم او من ينوب عنه ٠

٥ ـ لا يعتبر الطالب مسجلا قبل تقديم هذه الاستمارة لى دائرة التسجيل ٠

٦ ـ تقدم هذه الاستمارة في الاسبوع الاول من الدراسة ويجوز اجراء بعض التغييرات الضرورية عليها قبل نهاية الاسبوع الثاني فقط ٠

عمادة دار المعلمين العالية

عنوان الطالب

كويسنجه

الى ....................................

مجيد احمد الحداد .

....................................

....................................

مامۆستا ئاسنگەر لەو ماوەیەدا لە قوتابخانەی سەرەڕای کاری پیشەیی سەرپەرشتیاری بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیانی قوتابخانەکەیان دەبێت و لە نزیکەوە لەگەڵیان ئاشنا و پاڵپشتیان دەبێت

مامۆستا ئاسنگەر دوای دەرچوونی لە کۆلیژ دەبێت بە مامۆستا وە یەکەمین دامەزراندن و دەستبەکاربوونی لە بەرواری ١٩٥٥/١٠/٠١ لە دواناوەندی هەولێری کوران بە مووچەی ٢١ دینار دەبێت کە ئەوکاتە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بەڕێز مامۆستا (عوسمان قۆجە قەساب) دەبێت و فەرمانی دەستبەکاربونەکەشی بە ئیمزای بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر (مدیر معارف لواء أربیل) بەڕێز (عبدالوهاب الرکابی) دەبێت. مامۆستا ئاسنگەر دەربارەی قوتابخانەی دواناوەندی هەولێر، کە بینایەکی تازە دروستکراو دەبێت، دەڵێت:

(ئەم شوێنە بەخێر و بێرە پەیمانگەیەك بوو بۆخۆی، نیمچە خۆرێك بوو تیشکی رووناکی بە هەموو لایەکدا پەخش دەکرد. لە هەمان کاتیشدا ببووە شانۆ و مەڵبەندێکی لە نرخ نەهاتووی زانستی و کۆمەڵایەتی لەم دەوروبەرەدا. دەیان کۆڕ و کۆبوونەوە و ئاهەنگی قەشەنگی تیادا دەبەسترا. ئاهەنگەکانی تەمسیل و گۆرانیی مۆسیقای شەوانەی تیپی مەولەوی (سلێمانی) بەمەبەستی کۆمەك و یارمەتیدانی لێقەوماوانی کارەساتی (بومەلەرزەکەی) ئەوسای شاری (پێنجوێن)، لەلایەکی دیکەوە چەندان خولی فێرکردن و راهێنانی مامۆستایان بەگشتی و چەند خولێکی تایبەت بۆ فێربوون و گوتنەوەی زمانی کوردی لەلایەن ئێمە و مامۆستایانی دڵسۆز و پسپۆرەوە لەهۆڵی ئەم قوتابخانەیەدا ئەنجام دەدران و سوودێکی زۆریان دەگەیاندە بەشداربووانەوە).



بینایە تازەکەی قوتابخانەی دواناوەندی هەولێر، ١٩٥٦- مەجید ئاسنگەر: ڕیزی دووەم، یەکەم لەلای چەپ



بەشە ناوخۆیی قوتابیانی قوتابخانەی دواناوەندی هەولێر، مایسی ١٩٥٦- لە ڕاستەوە: جلال مەلا حسن (جەلال خۆشناو)/ پێنجی وێژەیی، کمال یاسین/ چواری زانستی، مەجید ئاسنگەر/ مامۆستاو سەرپەرشتیار، حەمە شریف حەمە غریب/ چواری زانستی، حسن بکر/ پۆلی یەك



قوتابخانەی دواناوەندی هەولێر، ١٩٥٨/٠٣/٢٠- لە راستەوە: مامۆستا جمال محي الدين، مامۆستا صابر الأطرقچی (بەڕێوەبەر)، مەجید ئاسنگەر، مامۆستا وحيدالدين

مامۆستا ئاسنگەر دەربارەی دەستەی مامۆستایانی ئەم قوتابخانەیە دەڵێت: (دەستەی مامۆستایان چەند مامۆستایەکی عەرەبی خەڵکی (موسڵ) و سەبری حوسێن، سوورەیا و فەوزی فانووس (میسری) و میستەر رۆبسن (ئینگلیز)ی تیادا بوون، ئەوانی دیکە کوردی خۆمان بووین. دواتر مامۆستا (صابر الاطرقچی) و دوای ئەمیش مامۆستا (خدر حسێن دزەیی) بوونە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە و خوالێخۆشبوو (مووسا خەلیل) یاریدەدەری بوو. مامۆستای هونەرمەند و لێهاتوو خوالێخۆشبوو (جواد رسول ناجی) وانەی (رەسم)ی دەگوتەوە وە خوالێخۆشبوو (نووری ئەمین) لەگەڵ (جمیل قۆجە قەساب) مامۆستای وەرزش بوون و جموجۆڵێکی زۆر باشیان لە قوتابخانە و شاردا پەیدا کردبوو.



قوتابخانەی دواناوەندی هەولێر، ١٩٥٨/٠٣/٢٠
لە چەپەوە: صابر الأطرقچی (بەڕێوەبەر)، مەجید ئاسنگەر، مامۆستا فؤاد محمد صفوة (یاریدەدەری بەڕێوەبەر)، سید جمال محی الدین (نووسەر)



مەجید ئاسنگەر: دووەم لە لای راستەوە لەگەڵ مامۆستایانی دواناوەندی هەولێر
منارەی چۆلی و چۆلیی ئەم دەشتە نەخشە و دیمەنی ئەوسەردەمەی هەولێرمان بۆ دەنوێنێ
لەم وێنەیەدا مامۆستاکان روویان لە قوتابخانەکە و پشتیان لە منارەی چۆلی یە

مامۆستا ئاسنگەر لە دریژەی زانیاریەکان دەربارەی قوتابخانەکە دەڵیت:

(قوتابخانەکـە، لـە حەفتاکانـدا ئەسـتێرەی کەوتـە کزیـی و قوتابخانەکەیـان لـەوێ نەهێشــت و تەلارەکەیــان بــۆ ئەنجوومەنــی تەشریعــی و تەنفیزیــە کارتۆنییەکــە بەکارهێنــا. بەوەیــش وازیــان لێنەهێنــا و پاشــتر ئــەو شــوێنە پیرۆزەیــان کــردە مۆڵگــەی (ئەمــن)ە بەدناوەکــەی بەعسیان و تیایـدا خەڵکـی تێکۆشـەر و شـەڕەفی کوردیـان دوور لـە هەمـوو یاسـا و نەریتێکـی مرۆڤایەتـی ئـازار و ئەشـکەنجە دەدا).

مامۆســتا ئاســنگەر، وەك تــازە مامۆســتایەکی خوێنگەرمــی جۆشــدراو بــە بــیری پێشــکەوتوخوازی و نیشــتمانپەروەری، هــەر زوو وەك مامۆســتایەکی گەنــج هەوڵــدەدات چەنــد نەریتێــکی تــازە بهێنێتــە نێــو مامۆســتایان و پــردی پەیوەنــدی نێـوان مامۆسـتا و قوتـابی لـە خزمـەت پـەروەردە و زانسـتدا پـەرە پێبـدات و کـۆت و بەنــد و بەربەســتەکان بشــکێنێت. لــەم رووەوە دەڵێــت:

(هــەر لەســەرەتای دامەزراندمــەوە وەك مامۆســتای زمــان و ئەدەبــی ئینگلیــزی لــە تاکــە (قوتابخانەکــەی دواناوەندیــی هەولێــری کــوڕان) لــە ١٩٥٥/١٠/١دا بــۆ یەکەمیــن جــار لــە مێــژووی ئــەم شــارە دێرینــەدا، بــە هاوکاریــی چەنــد مامۆســتایەکی دڵســۆز و لێهاتــووی تــردا، توانیــمان ئــەو دیواربەندیــی و دوورە پەرێزییــەی نێــوان مامۆســتا و خوێنــدکاران کــە لەیەکــتری دابڕاندبــوون بڕوخێنیــن، ئەوەیــش لــە زۆر رێــگاوە بەتایبەتــی لــە رێگــەی وەرزش و تێکەڵاوبــوون لەگەڵیانــدا بەهــۆی چوونــە نێــو گۆڕەپانــی یارییەکانــەوە و بەشــداریکردنیان لــە چالاکییــە هونەریــی و ئەدەبییەکانــدا. ئــەوە بــوو تیپــی تۆپــی پــێ و بالــەی تایبــەت بــە مامۆســتایانمان پێکهێنابــوون و لەگــەڵ تیپەکانــی دیکــەی پارێــزگا (لیــوا)ی هەولێــردا وەکـو تیپەکانـی بروسـك و پۆلیـس و سـوپا و قوتابییـان... هتـد، یـاری دۆسـتانەمان ئەنجـام دەدا. ئـەوە بـوو سـاڵانە چەندیـن ئاهەنگـی خـۆش و بـە تـام و پێشـبڕکێی وەرزش و هەڵپەڕکـێ و شـانۆیی کـۆڕی شـیعر و وتـار خوێندنەوەمـان سـاز دەدان).

هەروەهــا بــە هــەوڵ و بــیری رۆشــنی قوتابیــان و ئــەو مامۆســتا بەڕیزانــە

قوتابخانـە تـوانی بـۆ یەکـەم جـار دوو ژمـارە بڵاوکراوەیـەکی رۆشـنبیری بـە نـاوی (الأمـل) بـە زومـانی عـەرەبی دەربچوێنـن، ژمـارە یـەکی لـە شـوباتی ١٩٥٦ وە ژمـارە دووی لـە مایـسی ١٩٥٦، کـە تیایـدا قوتابیـان بـە ئاسـتێکی بـەرزی رۆشـنبیری و زمانـەوانی بابەتەکانیـان تیایـدا نووسـیوە و ئامـادە کـردوە لەگـەڵ بەشـداری مامۆسـتایان بـە بابـەتی جۆراوجـۆر. دەسـتەی نووسـەران (هیئـە التحریـر) بریتـی بـوون لـەم قوتابیانـە:

(تەلعـەت نـادر، عـادل موختـار، محمـد سـائیب، تاریـق ئەسـعەد، موحسـین ئەحمـەد، حکمـەت عبداللـە، فەخـری تەققـی، ئەحمـەد رەسـول، وە لـە ژێـر سەرپەرشـتی مامۆسـتای زمـانی عـەرەبی مامۆسـتا سـەبری حوسێن کـە رەگەزنامـەی سـووری بـووە).

مامۆسـتا ئاسـنگەر لـە ژمـارە یـەکی بڵاوکراوەکـە بابەتێـکی بـە عـەرەبی لەژێـر ناونیشـانی (اللغـة الأنكليزيـة وأهميتهـا في الحيـاة - بایەخـی زمـانی ئینگلیـزی لـە ژیـان) بڵاوکردۆتـەوە و لـەم کۆبەرهەمـەی بەردەسـت خوێنـەری بەرێـز بەردەسـتە. بـە پێـی نووسـینی



سـەر بەرگـی بڵاوکراوەکـە، دیـارە دەبێـت لـە هەولێـر چاپخانـە نەبووبێـت، چونکـە هـەردوو ژمارەکـە لـە موصـل چاپکـراوە! مامۆسـتا ئاسـنگەر دەیگـوت ئـەم بڵاوکراوانـە دەبوونـە مایـەی زیاتـر بـرەودان بـە هـزر و قەڵـەم و بزاڤـی رۆشـەنبیری لـە قوتابخانەکـە لەلایـەك و لـە شـاری هەولێریـش لـە لایـەکی تـر. وە پێویسـتە بگوترێـت هـەردوو ژمارەکـەی ئەرشـیفی مامۆسـتا ئاسـنگەر لـە پەرتوکخانەکـەی نووسـەری نـاسراوی کـورد و هەولـێر بەرێـز مامۆسـتا (عومـەر فەرهـادی) دەسـتەبەرکرایەوە و ئیسـتا لـە لامـان پارێـزراوە.



گەشتی قوتابیان و مامۆستایانی دواناوەندی هەولێر بۆ سەر زێی گەورە لە ئەسکی کەلەك (خەبات)، ١٩٥٨/١٢/١٢- مەجید ئاسنگەر: دانیشتووی دووەم لە لای راستەوە

مامۆستا ئاسنگەر دەڵێت لەسەر ئەم جۆرە چالاکیانە و هەڵوێستی تری سیاسی جارێکیان کاربەدەستانی میری بیانوویان لە چەند قوتابیەك گرت بە ناوەکانی (عادل حەسەن حوسنی و تەڵعەت نادر و سەڵاح سەعید و چەند کەسێکی تر) و هەوڵیاندا لە قوتابخانە دەربکرێن بۆ یەکجارەکی بەڵام بە هەوڵ و تەقەڵای مامۆستا ئاسنگەر و چەند مامۆستایەکی نیشتمانپەروەر و خۆڕاگر بواریان نەدا لە (یەك هەفتە) زیاتر لە خوێندن دووربخرێنەوە! مامۆستا ئاسنگەر دەڵێت میری لە تۆڵەی ئەم هەڵوێستە، کە مامۆستا ئاسنگەریان بە هۆکاری سەرەکی رێگریکردن لە دابڕاندنی یەکجارەکی قوتابیەکان تاوانبارکردبوو، هەردەم بۆ تۆڵە کردنەوە لێی بە بیانوو بوون. ئەوە بوو

هـەرزوو بـە بۆنـەی هەراکـەی کەناڵـی سـوێس مامۆسـتا ئاسـنگەریان بـە فەرمـی وەك سـزا لـە ١٩٥٦/١٢/٢٦ بـۆ قوتابخانـەی ناوەنـدی (أم الربيعـين) لـە شـاری موسـڵ گواسـتەوە بـۆ مـاوەی یـەك سـاڵ تـا گەڕانـەوەی لـە بـەرواری ١٩٥٧/١٠/١٦ بـۆ هەمـان قوتابخانەکـەی (قوتابخانـەی دواناوەنـدی هەولێـری کـوڕان). هـەر بـۆ مێـژوو، بەڕێوەبـەری مەعاریفـی ئەوسـای موسـڵ (بەڕێوەبـەری پـەروەردە) بەڕێـز (نعـمان بکـر التکریتـی) بـووە و ئیمـزای ئـەو لەسـەر نـووسراوەکان هـەن.



- ٤ -

الوظائف التي تقلدها الموظف لدى الحكومة

| نوع الوظيفة | التاريخ من | التاريخ الى | الراتب | المخصصات | رقم الامر وتاريخه | توقيع رئيس الدائرة |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مدرس ثانوية اربيل | ٥٥/١٠/١ | ٥٦/٦/١ | ٢١ | | ٢١٨٦٠ / ٥٥/٩/٢٤ | التعيين والمباشرة |
| » » » | ٥٦/٦/١ | ٥٦/١٢/٢٦ | ٢٧ | | ٢٥٧٩٢ / ٥٦/٦/٢٤ | الترفيع |
| » متوسطة ام الربيعين | ٥٦/١٢/٢٦ | ٥٧/٦/١ | ٢٧ | | ٥٢٢٦٨ / ٥٦/١٢/٢٦ | النقل والمباشرة |
| » » » | ٥٧/٦/١ | ٥٧/٦/١٤ | ٢٨ | | ٩٢٦٧ / ٥٧/٥/٢٤ | العلاوة |
| » » » | ٥٧/٦/١٤ | ٥٧/١١/١٦ | ٢٨ | | ١٥٦٤٠ / ٥٧/٦/١٥ | التثبيت بالوظيفة |
| » ثانوية اربيل | ٥٧/١٠/١٦ | | ٢٨ | | ٩٤٤٨٢ / ٥٧/١٠/١٤ | النقل |

مدير معارف لواء الموصل
نعمان بكر التكريتي

لاپەڕە ٤ ی پەڕاوی راژەی مەجید ئاسنگەر

کێشـە و هەراکـەی کەناڵـی سوێسـیش دوای خۆماڵیکـردنی کەناڵـی سـوێس هـات لەلایـەن سـەرۆکی میـسر جـمال عبـدول نـاسر لـە تەممـوزی ١٩٥٦ و دواتـر هێـرشی بەریتانیـا و فەرەنسـا و ئیسرائیـل بـۆ سـەر میـسر و لێکەوتـەکانی تـری دوای کشـانەوەی عێـراق لـە پەیمـانی بەغـداد. هەمـوو ئـەم پشـێویانە کاریگەریـان هەبـوو لەسـەر گۆڕەپـانی سیاسی عێـراق بـە کوردستانیشـەوە.

ئەندازیـار شـێخ نەجـات نەقشـبەندی، کەسـایەتی دیـاری شـاری هەولێـر، یادەوەریـەکی سـاڵی ١٩٥٨ قوتابخانـەی دواناوەنـدی هەولێرمـان بـۆ دەگێڕێتـەوە کـە ئەوسـاکە لـەو قوتابخانەیـە قوتـابی دەبێـت و دەڵێـت:

(مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر لـە سـالانی ١٩٥٨ مامۆسـتای زمانـی ئینگلیـزی بـوو

لــە قوتابخانــەی دواناوەنــدی هەولێــر مامۆســتایەکی زۆر بەرێــز و خۆشەویســت بــوو لای قوتابیــان. دێتــە یــادم لــەو ســاڵانە وەفدێکــی بیانــی ســەردانی شــاری هەولێــر دەکــەن و لــە ســەردانێکیاندا بــۆ قوتابخانەکەمــان کۆبوونەوەیــان لەگەڵمــان ئەنجامــدا و وتارێکیــان خوێنــدەوە بــە زمانــی ئینگلیــزی وە بــۆ بەخێرهاتنیــان و پرسیار و وەڵام و گفتوگـۆ لەگەڵیـان بەڕێـز مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر بـە ئیرتجالـی، وێــڕای بەخێرهاتــن، بــە زمانــی ئینگلیــزی وتــاری پێشــکەش کــردن و گفتوگۆیــان ئاڵوگــۆڕ دەکــرد. ئەوســاکە زانینــی زمانــی ئینگلیــزی زۆر دەگمــەن بــوو کــەم هەبــوون بــەو توانایــە ئاخاوتــن ئەنجــام بــدەن).

لە بیرەوەریەکی تردا ئەندازیار شێخ نەجات نەقشبەندی دەگێڕێتەوە:

(ئێمــە چەنــد قوتابیــەك بوویــن وەك ئەنــدام لــە یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان بەشــداری هەمــوو جــۆرە چالاکیــەك و ئاهەنگێکــمان دەکــرد بــە سەرپەرشــتی چەنـد مامۆسـتایەک لەوانـەش مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر. جارێـك بـە سەرپەرشـتی بەرێزیــان خولێکــی هەڵپەرکێــی شــێخانی بۆمــان ئەنجامــدرا، کــە ئــەو ســات دەتوانـم بڵێـم شـایی شـێخانی لـە نـاو شـاری هەولێـر بوونـی نەبـوو. دواتـر ئێمـە راســپێردراین، وەک ئەندامانــی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان، خــولی تــر ئامــادە بکەیــن و قوتابیــانی تــر فێــری ئــەم جــۆرەی شــایی شــێخانی بکەیــن).

بەڕێز شێخ نەجات نەقشبەندی بابەتێکی تری گرنگ دەوروژێنێت و دەڵێت:

(ئــەو بابەتــەی کــە زۆر ســەرنجم رادەکێشــی وە هــەر کات دەیڵێمــەوە بــەم جۆرەیــە: پــاش شۆرشــی ســاڵی ١٩٥٨ قوتابیــان لــە رووی فکــری سیاســی بوونــە دوو بــەش، بەشــێکیان یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان ســەر بــە پارتــی دیموکراتــی کوردســـتان و بەشـــەکەی تریـــان (یەکێتـــی قوتابیـــانی گشـــتی عێـــراق - اتحـــاد الطلبــة العراقــي العــام) ســەر بــە حیزبــی شــیوعی عێراقــی، پێشــبرکێیەکی زۆر لــە نێــوان ئــەم دوو گرووپــە هەبــوو وە لــە هــەر بۆنەیــەک ئــەوان هەڵدەســتان بــە هەڵکردنــی ئــاڵای ســووری حزبــی شــیوعی، ئێمــەش نەماندەزانــی وەک پارتــی

قوتابیانی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە هەولێر، شوباتی ١٩٦٠



پۆلی یەکەمی (أ) – باڵەخانەی قوتابخانەکە لە پشتەوەی قوتابیان دیارە



پۆلی یەکەمی (ح) – مەجید ئاسنگەر یەکەمی لای ڕاست ڕاوەستاوە



- ٥ -

العراقية والادارة الملكية

| نوع الوظيفة | التاريخ | الراتب | المخصصات | رقم الامر وتاريخه | توقيع رئيس الدائرة |
|---|---|---|---|---|---|
| [illegible] | ٥٦/٦/١ | ١٩ ... | ١٩ | ٥٦/٥/١٤ | علاوة السنوية |
| [illegible] | ٥٨/٩/٢٩ | ١٩ ... | [illegible] | ٥٨/٩/٢٩ | النقل |
| كذا | ٥٨/١١/٢٥ | ٢٥ ... | [illegible] | ٥٨/٢٥ | الترفيع |
| كذا | ٥٩/١١/٢٥ | ٢٦ ... | | ٥٩/١١/١٩ | علاوة سنوية |
| كذا | ٦٠/٤/١ | ٢٧ ... | [illegible] | ٦٠/٥/١١ | [illegible] |
| [illegible] | ٩٦١/٥/٦ | ٢٧ ... | ٢٤٨-٦ | ٩٦١/٥/٦ | النقل |
| [illegible] | ٩٦٠/١١/٢٥ | ٢٨ ... | ٢٩٠ | ٩٦١/٥/١١ | علاوة سنوية |

لاپەڕە ٥ ی پەڕاوی ڕاژەی مەجید ئاسنگەر

چ ئاڵایـەک هەڵدەیـن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەگـەل چەنـد قوتابیـەک سـەردانی مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەرمان کـرد و باسـی دەردی دڵـی خۆمـان بـۆی کـرد و داوای ئامۆژگاریـمان کـرد! لـە بیرمـە بـە زەردەخەنەیـەک وەڵامـی داینـەوە و وتـی «ئـاڵای کـورد زەردە ئێـوەش ئـاڵای زەرد هەڵگـرن». جـا چوویـن بـۆ بـازار و لـە سـەر ئەرکـی خـۆم یـەک تـۆپ کوتاڵـی زەردم کـڕی و وە ئێسـتاش لـە یادمـە لـە چ شـوێنێک و دوکانێـك کڕیـم و هێنامـە ماڵـەوە و بـە یارمەتـی دوو خووشـکی خـۆم پارچـەی بچووکـمان بـە ڕێـکی لـێ درووی و کردمـان بـە ئـاڵا و دابەشـمان کـرد بـە سـەر هەڤالانمـان.... هـەزار رەحمـەت لـە گـۆری مامۆسـتای بەرێـز مجیـد ئاسـنگەر و مامۆسـتایانی تریـش).

دواتـر مامۆسـتا ئاسـنگەر لـە ١٩٥٨/٠٩/٢٩ دەگوازرێتـەوە بـۆ قوتابخانـەی خانـەی مامۆسـتایانی سـەرەتایی هەولێـر.

مامۆسـتا ئاسـنگەر هـەردەم لـە ئـەرك و جموجـۆڵ و کاری سـیاسی و نیشـتمانپەروەری بـەردەوام دەبێـت تـا بـە تۆمـەتی سـیاسی و دابینکـردنی چەك بـۆ پێشـمەرگە لـە ١٩٦٠/١٠/١٢ دەسـتگیر دەکرێـت و رەوانـەی بەندیخانـەی بـەسرا دەکرێـت و فەرمـانی وزاری دەسـتهەڵگرتنی لـە وەزیفـە بـە ژمـارەی نهێنـی س/٥٩٣٦ لـە ١٩٦٠/١١/١٥ بـۆ دەردەچێـت.

دوای ئازادکـردنی مامۆسـتا ئاسـنگەر لـە بەندیخانـە، بـە هـەوڵ و تەکلیفـی بیرمەنـدی گـەورەی کـورد (مسـعود محەمـەد) لـە زەعیـم عبدالکریـم قاسـم، وەك مامۆسـتا لـە کوردسـتان دووردەخرێتـەوە و دەگوازرێتـەوە دواناوەنـدی سـوێرە (الصویـرە) لـە پارێـزگای کـوتی خـوارووی شـاری بەغـدا و لـە بـەرواری ١٩٦١/٠٥/٠٦ لـە قوتابخانـەی دواناوەنـدی سـوێرە دەسـتبەکار دەبێـت.

## مامۆستا مەجید ئاسنگەر و سیاسەت

لەوسەردەمەدا، بێگومان قوتابخانە و پیشەی مامۆستایەتی و کەسایەتی مامۆستای قوتابخانە بەتایبەت (لە سالانی سیەکان و چلەکانی سەدەی رابردوو) هۆکارێکی سەرەکی گەیاندن و زانیاری بوون تەنانەت بۆ گەیاندنی پەیامی زانست و پەیامی سیاسی و جۆشدان بە گیانی کوردایەتی و پەیامە جۆراوجۆرەکانی تریش. دەکرێت بگوترێت کە قوتابخانە و مامۆستا رۆڵی هەرە کاریگەریان هەبووە لەسەر رۆشنبیرکردنی قوتابی و کۆمەڵگا. مامۆستا ئاسنگەر دەیگێڕاوە لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی قوتابخانەدا (لە سالانی چلەکان) کەوا (مامۆستا کەمال عبدول القادر جەلی زادە و مامۆستا محمدأمین معروف کامەلا) مامۆستای کاریگەر بوون بۆ ناساندن و جۆشدانیان بە بیر و باوەڕی کوردپەروەرانە کە دواتر، بە هۆی کەمی جیاوازی تەمەنەوە، مامۆستا ئاسنگەر و مامۆستا کەمال دەبن بە هاوڕێی تەمەن و تا دوا چرکەی ژیانیان لێك نەترازان. لە بیرمە لە هەفتاکان و هەشتاکان لە کۆیە مامۆستا ئاسنگەر زوو زوو دەچووە سەردانی مامۆستا محمدأمین لە ماڵەکەی خۆی و باوکیشمان زۆر جار ئێمەی لەگەڵ خۆی دەبرد و گوتن و قسەو باسەکانیان پڕ بوون لە خۆشەویستی و نیشتمانپەروەری و پەروەردە و رێزگرتن، لە راستیدا مرۆڤ لە حوزوریاندا دەبوو بە گوێگرێکی ملکەچ!

مامۆستا ئاسنگەر لە سەرەتای هەرزەکاری و چوونە نێو دونیای سیاسەت، لە زاری خۆیەوە دەڵێت: کەسایەتیەکانی وەك لینین، غاندی، نەهرۆ، حاجی قادری کۆیی، پێشەوا قازی محەمەد، بارزانی نەمر (مەلا مستەفا)، فەهد، کامل چادرچی کاریگەریان لەسەری دروستکردوە. بەلام ئەو کەسایەتیانەی کە لە نزیکەوە لە ئاڵوگۆڕی بۆچوون و بابەتە حزبیەکان کاریگەریان دروستکردوە بریتی بوون لە مامۆستا محەمەدأمین معروف کامەلا، هەمزە عبداللە، ئیبراهیم ئەحمەد و کاك عەلی عبداللە و هي تریش.




لای ڕاست: مەجید ئاسنگەر، لای چەپ: مامۆستا کەمال عبدالقادر جەلی زادە
لە نێو باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان، ١٩٩٤/٠٢/١٢

مامۆستا ئاسنگەر هەر لە تەمەنی قوتابخانەی سەرەتایی و لاوییەوە دەچێتە دونیای سیاسەت و لەنێو ڕێکخستنە حیزبیەکانی ئەوسا چالاکی دەنوێنێ و دەبێتە سەرەتایەك بۆ جۆشدانی گیانی نیشتمان پەروەری مامۆستا. لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی، لە کۆتایی ساڵانی سییەکان و سەرەتای ساڵانی چلەکان، لەگەڵ بەرێز (مام جەلال تاڵەبانی) لەیەك قوتابخانە دەبن، ئاسنگەر بە ساڵێك یان دوو ساڵ لە پێش قۆناغی تاڵەبانی دەبێت. لەو تەمەنەدا و لە ژێر هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەمەنیان دۆستایەتی و هاوڕێیەتیان نزیك دەبێت بە تایبەت کە هەردووکیان هەر

زوو دەکەونە ژێر کاریگەری جۆش و خرۆشی کوردایەتی و سەرەتای بیر و باوەڕی کوردایەتیان هەر ئەوسا چەکەرە دەکات.

مامۆستا ئاسنگەر هەر دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦ ی ئابی ١٩٤٦ زۆری پێناچێت دەبێتە ئەندامی حیزب و لەگەڵ دۆست و هاوتەمەن و هاوەڵەکانی گوڕ و تینیان تێدەکەوێت و دەست دەکەن بە خەبات و تێکۆشان لە پێناو ماف و چارەی خۆنووسینی گەلی کورد. مامۆستا ئاسنگەر دەربارەی سەرتاکانی هاتنە نێو ریزی پارتی و هەڤاڵ و هەوادارانی ئەوسای پارتی دەڵێت:

(ساڵی ١٩٤٧ لە پۆلی دووەمی قوتابخانەی ناوەندیی کۆیە بووم. لەو رۆژەوە تێکەڵ بە هەوادارانی پارتیەوە بووم! لەو رۆژگاریشدا جگە لەمام جەلال لەنێو قوتابیاندا حوسامەدین تەیب (ناسراو بە شەعب)، وریا کانی مارانی، مەحمود قادر، جەمال تاهیر مام خدر، محەمەد و سەدیق سادق، فوئاد تاهیر چەلەبی، واحید نەشئەت، خالید دلێر، عەزیز سەربەست، کەمال محێدین، خالید سەعید، بەکر و سەلام سەعدی، مەزهەر و عەبدولکەریم شێخ سەدرەدین و چەندانی دی و لەنێو شاریشدا بەڕێزان کاك عەلی عەبدوڵلا، مامۆستایان محەمەدەمین مەعروف، عەبدولمەجید نوورەدین جەلیزادە، مەسعود محەمەد جەلیزادە، تاهیر سەعید، عوسمان عەونی شاعیر و دادوەر عومەر حەبیبی برای ناسراو بە (عومەرە سوور)، محەمەد شوان، سابیر ئیسماعیل، کەریم تەوفیق، عومەر عەبدولڵا و عوسمان ناسراو بە (مام وەتمان)، عەبدولڕەحمان ئیسماعیل (ناسراو بە مامە رووتە)، ئەحمەدی حەمە مەلا، کاکە زیاد غەفووری، کەمالی حاجی مەجید، دادوەر بەکر ئیسماعیل، مامۆستا کەمال عەبدولقادر، کاکە سوور تاڵەبانی (پارێزەر) و چەندانی دیکە بە رێبوارانی پارتی ناسرابوون و رۆڵی زۆر بەرچاویان هەبوو!

مامۆستا ئاسنگەر دەڵێت:

(پاش ماوەی پاڵێوراویەتی کە نزیکەی دوو ساڵی خایاند، دوو ئەندام پەسندیان

کردم ئەوجا بەشێوەیەکی رەسمی بە (ئەندام)ی پارتی وەرگیرام کە بۆ من ئەو رۆژە جەژنێکی هەرە خۆش و مەزن بوو ئیتر بووم بە ئەندام و مانگانە یەك درهەم (پەنجا فلس) (ئابوونە)م دەدا بە حزب. لەم قۆناغەدا، لە ریزەکانی پارتییەوە شەوانە ماوەیەك لە ماڵی مام جەلال لە تەکییەکەی خۆیاندا و دواتریش لە ماڵی مامۆستا محەمەدەمین مەعروف تا درەنگانی شەو کۆبوونەوەکانی شانەی خۆمان درێژە پێدەدا. هەر لەو ساتەوە لە ساڵی ١٩٤٧ ەوە بەشداری چالاکییە سیاسیەکانم کردووە وەك لە مانگرتنی قوتابخانەکان و خۆپیشاندانەکانی (وەثبەی ١٩٤٨). پۆلی چوارەم و پێنجەمی دواناوەندیم کە ئەوسا لە کۆیە نەبوون، لە هەولێر تەواو کرد لەوێ زیاتر لە تەك برادەرانی سەر بە پارتیی دیارترینیان حەیدەر محەمەدەمین و بەڕێزان هاشم عەبدولڕەحمان، سەعدی محەمەدەمین دزەیی، شەهید خاڵە شەهاب شێخ نووری و جەمیل سلێمان و ئەحمەد عەلی کاکەخان و حەسەن حەمەد و زۆرانی دیکە بوون، دواتر مام جەلالیش هەر هاتە هەولێر (بروانە ووتاری: پارتی قوتابخانەی خەبات و رەوشت بەرزییە).

لە سەربوردەی وێنەیەك و مێژوویێکی دێریندا مامۆستا ئاسنگەر دەگێڕێتەوە کە رۆژێك پارتیەکان و هەوادرانی حزب لە بەهاری ساڵی ١٩٤٧ سەیرانێك بۆ گوندی هەرمۆتەی کۆیە بۆ نێو دار زەیتون و لەسەر لێواری کارێز و رووبارەکەی رێکدەخەن. گوندی هەرمۆتە گوندێکی کریستیان نشینە و دەکەوێتە رۆژئاوای شاری کۆیە و هەندێك باغ و جۆگەلە و کارێزی لە خۆ گرتووە و ئەمڕۆکە بە فراوانبوونی شاری کۆیە گوندی هەرمۆتە، لەبەر نزیکیەکەی، بەتەواوەتی تێکەڵ بە شاری کۆیە بووە. ئەم سەیرانەی پارتیەکان کە بە دوو وێنە تۆمارکراوە و لە ئەرشیفی مامۆستا مەجید ئاسنگەر هەڵگیراوە دەکرێت وەك دۆکۆمێنتێکی مێژوویی بۆ کورد و شاری کۆیە و پارتی سەیر بکرێت کە ئەمڕۆکە لە ساڵی ٢٠٢٣ تەمەنی ئەم وێنانە ٧٦ ساڵ تۆمار دەکات. لە وێنەکاندا چەندین کەسایەتی شاری کۆیە دەردەکەون. لێرەدا بە پێویستی دەزانم وێنەکان و کەسایەتیەکانی نێو وێنەکە بناسێنم:




هەرمۆتە - کۆیە: گەشتی قوتابیانی پۆلی سێی ناوەندی ١٩٤٨

دانیشتوو: جەوادی شەفیق ئاغای حەوێزی (تولە سەگێك لە نێو دەستی دایە). لە راستەوە راوەستاوەکان: عبدولفەتاح حاجی مەلا توفیق، سەمەد محێدین، عبدالرحمن اسماعیل (ناسراو بە مامە رووتە)، مام جەلال تاڵەبانی، قادر ئاغای کاکە زیاد غەفووری (کلیلێکی گەورەی لە دەستە)، مامەی مام جەلالی غەفوری، حوسامەددین تەیب (ناسراو بە شەعب)، مەجید ئاسنگەر، سالح شەمس، وریا عەلی کانی مارانی، جەمال کەریم حەمەد مەلا، واحێد سۆفی نەشئەت (تەنیا بەشێکی لە وێنەکە دەرچووە)

مامۆستا ئاسنگەر دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و هاتنە نێو ریزەکانیەوە وەك ئەندام هەر زوو چالاکانە و نیشتمانپەروەرانە لەسەر ڕێبازی کوردایەتی و بارزانی نەمر چەندین پلەی حیزبی دەبڕێت. لە ساڵی ١٩٥٠ دەبێتە ئەندام کارگێڕی ناوچەی کۆیە و تا لە ساڵی ١٩٥٨ دا دەبێتە ئەندامی کارگێڕی لیژنەی ناوچەی هەولێری پارتی و لە هەمان کاتدا کارگێڕی لقی دوو دەبێت وەك ژمێریاری لق. ئەندامانی کارگێڕی ناوچەی هەولێر بریتی دەبن لە بەڕێزان کەمال عەبدولقادر، شەمسەدین موفتی (پارێزەر)، صالح شێرە، حەسەنی مستەفا، قادر شۆڕش، شێخ لەتیف بەرزنجی وە بەرپرسی لیژنەی ناوچە خوالێخۆشبوو (عاصم حەیدەری) دەبێت. ساڵی ١٩٥٠ وەك نوێنەری کۆیە وەك ئەندامی کۆنگرەی دووەمی پارتی لە بەغدا دەپاڵێورێت کە لە ئاداری ١٩٥١ لە ماڵی (عەلی حەمدی) بەسترا وە هەروەها ساڵی ١٩٥٩ هەمدیسان دەبێتە ئەندام بۆ کۆنگرەی سێهەم کە لە بەغدا بەسترا و دانیشتنەکان لەماڵی خوالێخۆشبوو (نوری شاوێس) لە گەڕەکی وەزیریە بەڕێوە دەچوون (تێبینی: بە پێی هەندێك سەرچاوە، رەنگ بێت ئەم دانیشتنانەی ماڵی نوری شاوەیس پلینیۆم ی ئامادەکاری کۆنگرە بوبێت چونکە کۆنگرەی سێهەم لە کەرکوك بەستراوە (نووسەر)). مامۆستا ئاسنگەر دەربارەی کۆنگرەی دووەمی پارتی کە لە ئاداری ١٩٥١ لە بەغدا ئەنجامدەدرێت دەڵێت:

(خۆم و کاك محەمەد کەریم شوان کە ئەوسا ئەندامی کارگێڕی لیژنەی ناوچەی کۆیەی پارتی بووین بە نوێنەری کۆیە هەڵبژێردراین و نێردراین بۆ بەشداریکردنی کۆنگرە لە بەغدا. ئەوە بوو لە ئوتێل (شط العرب) لە (حافظ القاضی) شەقامی (الرشید) ژوورێکیان بۆ گرتبووین، رۆژانە سەر لە زوو دەیانبردین بۆ ماڵی (عەلی حەمدی) لە گەڕەکێکی میللی نێو بەغدا و لە ژوورێکی سەر کۆشکەکە دادەنیشتین. کەلوپەل و کەرەستەی خواردنەوەیش لە ناوەڕاست ژوورەکەدا ئامادە کرابوو، گوایە ئەگەر لەلایەن



لە راستەوە دانیشتووەکان: مام جەلال تاڵەبانی، مەجید ئاسنگەر، جەواد شەفیق ئاغای حەوێزی (تولە سەگێك لە نێو دەستی دایە)، جەمال کەریم حەمە مەلا. لە راستەوە راوەستاوەکان: حوسامەدین تەیب (ناسراو بە شەعب)، مامەی مام جەلالی غەفوری، واحێد سۆفی نەشئەت، سەمەد محێدین، عبدالرحمن اسماعیل (ناسراو بە مامە رووتە)، عەبدولفەتاح حاجی مەلا توفیق، وریا عەلی کانی مارانی، سالح شەمس، سەمەدی مام توفیق

سیخوڕ و پیاوانی میرییەوە ئاشکرا کراین بڵێین ئەمە داوەتی خواردنەوەیە و هیچی تر. دانیشتنەکان پێش نیوەڕۆ و دوای نیوەڕۆیش بەردەوام دەبوون و نازانم دوو ڕۆژ یان سێ ڕۆژی خایاند! ئەو بەڕێزانەی ئامادەبوون ئەگەر لەبیرم مابێ مامۆستا عەلی عەبدوللا، ئیبراهیم ئەحمەد، نووری شاوەیس و عومەر مستەفا (دەبابە) و عەبدولکەریم تەوفیق، عەلی حەمدی، هەمزە عەبدوڵڵا کە تا ئەو دەم (مۆر)ی پارتی لەلابوو، لەوێ لێی وەرگیرایەوە، هەروەها بەکر ئیسماعیل و جەلال تاڵەبانی و ... بوون).

مامۆستا ئاسنگەر ئەو کاتانەی ئەندام کارگێڕی لقی دووی هەولێر دەبێت بڵاوکراوەیەکی حیزبی دەردەچوێنن بە ناوی (ڕێژنە) و هەر خۆیشی سەرنووسەرەکەی دەبێت.

مامۆستا ئاسنگەر هەمیشە درکی بەوە کردووە کە ناحەزان و دەسەڵاتی میری هەردەم هەوڵیانداوە لە ڕێگەی لێدان و گرتن و دوورخستنەوەی کادیرە چالاك و لێهاتوەکان گورزی خۆیان دەوەشێنن هەر بۆیە دوای ئەوەی پارتی بە فەرمی مۆڵەت وەردەگرێت و بە ئاشکرا دەستدەکات بە چالاکی نواندن ئەوکاتە ئەندامانی کارگێڕی لقی دوو هەڵدەبژێردرێت. دیارە مامۆستا ئاسنگەر دوور دەڕوانێت و بە تێڕوانینێکی تەکتیك ئامێز هەڵسوکەوت دەکات و لەم بارەیەوە بۆ ئەو هەڵبژاردنە دەڵێت:

(لەو هەڵبژاردنەدا من و مامۆستا کەمال عبدالقادر رازی نەبووین ناومان بخرێتە لیستی پاڵێوراوەکانەوە، بڕوامان بەوە بوو هەندێ لە کادیرە چالاك و لێهاتووەکانی حزب بخرێنە پشتی پەردەوە، هەرچی حزب هەیەتی و نییەتی بە پاککراوی نەخرێتە بەردەستی کاربەدەستانی حکومەتەوە).

دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ و سەرکەوتنی زەعیم عبدولکریم قاسم و سەردەمی هەڵکشانی بیری کۆمۆنیستی و لە هەمان کات گەڕانەوەی سەرۆکی نەمر مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت بۆ زێد و خاکی نیشتمان، لەو

کاتـەدا مامۆسـتا ئاسـنگەر ئەندامـی کارگێـڕی لیژنـەی ناوچـەی هەولێـر و ئەندامـی کارگێـڕی لقـی دووی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان دەبێـت. مامۆسـتا ئاسـنگەر لـە نووسـینێکیدا ئـەو یـادە دەگێڕێتـەوە کـە بـارزانی نەمـر لـە سـۆڤیەت دەگەڕێتـەوە و لـە هەولێـر لـە میوانخانەکـەی وێسـتگەی شـەمەندەفەر دەمێنێتـەوە. ئەوسـا مامۆسـتا ئاسـنگەر بـە نوێنەرایـەتی مامۆسـتایانی هەولێـر و پـارتی دەچنـە خزمـەت دیـداری بەڕێزیـان و لـە دانیشـتنێکدا چەندیـن پـرسی گرنـگ گفتوگۆدەکـەن و ئـەم چاوپێکەوتنـە دەبێتـە مایـەی هانـدان و بـرەودان بـە کاری پارتایـەتی و پیشـەیی (بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە وتـارەکانی مامۆسـتا، وتـاری: بـە بۆنـەی ١٤ەمـین سـاڵڕۆژی کۆچـی دوایـی بـارزانی نەمـر: سـەرۆك بـارزانی نەمـر و هەڵوێسـت و دوو یـادگاری زۆر شـیرین).

لـەم سـەردەمەدا هەرچەنـدە ڕێبـازی پارتایـەتی و نەتەوەیـی بـە سـەرۆکایەتی بـارزانی نەمـر بـە بـەراورد بـە چەپـەکان و شـیوعییەت نابەرامبـەر بـوون، بـەڵام بـڕوای پتـەوی مامۆسـتا ئاسـنگەر و هەڤـاڵانی بـە ڕێبـازی کوردایـەتی وای کـرد ئەگـەر بـە ژمـارە کەمیـش بـن بـەڵام نابێـت لـە مەیـدان دابـڕێـن و لـە هەرچـی چـالاکی و بزاڤـی کوردایـەتی هەبـا هەمیشـە لـە ریـزی پێشـەوە دەبیـنرا. مامۆسـتا ئاسـنگەر بـۆ ئێمـەی دەگێڕایـەوە کـە هەڤـاڵانی پـارتی تۆمەتبـار دەکـران کـەوا سـەر بـە بلـۆکی سـەرمایەداری بـن بـە سـەرکردایەتی وڵاتـە یەکگرتـوەکانی ئەمەریـکا و دەیگـوت زۆر جـاران لەلایـەن بـرادەرانی چـەپ و شـیوعییەکان، بـۆ ئیسـتفزاز، بـە دۆلار خـۆرەکان تاوانبـار دەکرایـن، ئەمـەش بـە واتـای ئـەوەی کـە ئـەوان لـە ڕێـگا لادەرن و بـە پشـتیوانی ئەمەریـکا و پاڵپشـتی دارایـی ئەوانـەوە ئـەم ڕێگایەیـان هەڵبـژاردووە! بـەڵام نـە ئـەم پاسـاوانە و نـە هیـچ بەربەسـتێکی تـر نەبوونـە کۆسـپ لەبـەردەم بـرەودان بـە بـیری نیشـتمانپەروەری و کوردایـەتی مامۆسـتا و هەڤـاڵانی.

نووسـەر و کەسـایەتی نـاسراوی شـاری هەولێـر و کوردسـتان بەڕێـز (مومتـاز

حەیـدەری) دەگێڕێتـەوە کـە لـە گردبوونەوەیـەکی جەمـاوەری لـە گۆڕەپـانی کۆتـری سـەلام لەبـەردەم باڵەخانەکـەی شـەریف جامبـازی شـاری هەولێـر (لـە نزیـك شـوێنی کۆتـری سـەلامی ئێسـتا) لـە ١٩٥٩/٠٣/٢٥ یـەك ڕۆژ دوای بڕیـاری دەرچـوونی حکومەتەکـەی عبدالکریـم قاسـم لـە پەیمـانی (سـەنتۆ - (پەیمـانی بەغـدادی پێشـوو)) بـە پێشـڕەوی هـەوادارانی هـەردوو حـزبی شـیوعی (بـە هـەزاران) و لایەنگـرانی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان (بـە سـەدان) بـۆ پاڵپشـتی بڕیارەکـە و خۆشـحاڵی دەربڕیـن لـە گردبوونەوەیەکـدا کـە ئەفسـەری ئیسـتخباراتی عەسـکەری (هـادي السـوادي) بـە نوێنەرایـەتی سـەرۆکی ئەوسـای عێـراق بـە وتـاری ئاگریـن خـرۆشی جەماوەریـان جـۆش دەدا و لایەنگـرانی حـزبی شـیوعی بـە وتـاف لێـدان دژی لایەنگـرانی پـارتی هـەر بـۆ ئیسـتفزاز کـردن کـەشی گردبوونەوەکەیـان ئاڵـۆز دەکـرد تـا ئـەو رادەیـەی کـەوا ئەفسـەرە ئیسـتخباراتەکە دەسـت بـۆ لایەنگـرانی پـارتی درێژبـکات و بڵێـت (هـؤلاء بعثیـن الاکـراد - واتـا بەعسـیە نەتـەوە پەرسـتەکانی کـورد). ئـەو گەڕانـەوەی بارزانـی نەمـر لـە یەکێتـی سـۆڤیەت و دامەزرانـدن و وەرگرتنـی مۆڵەتـی میـری (دەوڵـەت) بـۆ کارکردنـی فەرمـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان سـاکە پـارتی ئەگەرچـی بـە ژمـارە لـە بەرامبـەر حـزبی شـیوعی عیـڕاق لاواز بـوو بـەڵام هەمیشـە لـە کوردسـتان خـۆی بـە پێشـڕەو دەزانی. مامۆسـتا مومتـاز وەك ئەندامێـکی پـارتی و لەژێـر بەرپرسـیارەتی مامۆسـتا ئاسـنگەر کـە ئەوسـا ئەندامـی کارگێـڕی لیژنـەی ناوچـەی هەولێـر دەبێـت بەرامبـەر بـە وتـافی بـرادەرانی شـیوعی وەڵامیـان دەداتـەوە دوای چەنـد جارێـك ئـاگادار کردنـەوەی لەلایـەن مامۆسـتا ئاسـنگەر وەك بەرپـرسی حیـزب کـە دان بەخۆیـدا بگرێـت بـەڵام ئـەو هـەر بـەردەوام دەبێـت تـا ئەوکاتـەی مامۆسـتا ئاسـنگەر (تەوقاتێـك - زللەیـەك) لـە لا روومـەتی مامۆسـتا مومتـاز دەدات بـۆ راگرتنـی لـە پەرچـە کـردار و وەڵامدانـەوەی هـەزاران لـە لایەنگـرانی شـیوعی، لـە ئەنجامـدا مامۆسـتا مومتـاز ڕێـز لـەو کارەی مامۆسـتا ئاسـنگەر دەگرێـت و ئیـتر واز دەهێنێـت لـە کاردانـەوە.

مامۆستا مومتاز حەیدەری لە ووتارێکی دەربارەی مامۆستا ئاسنگەر (کە لەم کۆبەرهەمە بەردەستە) ئەم زللەیەی ناوناوە (زللەیەکی ئاشتیخوازانەی نەتەوەیی...!) و دەڵێت:

(دوای زللەکە، دەستی گرتم بۆ بەشە ناوخۆییەکەی قوتابیانی بردم، لەژوورەکەی خۆی دابنام بۆ ئەوەی مەسەلەکە هێور ببێتەوە... لێرەدا لەمەڕ ئەم زللەیە نابێ بەکارێکی ئاسایی کۆمەڵایەتی تەماشا بکرێ، دەبێ لێکدانەوەی بۆ بکرێ، هەڵبەت مامۆستا ئاسنگەر بەو کارە دەیسەلمێنێ مرۆیەکی ئاشتیخواز و دژی دووبەرەکی بوو، هاوکات لەلایەنی سیاسییەوە دووربین بووە، بۆیە کەئەو (زللەیەی) لەهەڤاڵەکەی خۆی داوە بۆ ئەوەی هەرایەکە زیاتر ئاڵۆز نەبێ، بەهەرحاڵ بۆ منیش بەپێی رۆژگاری خۆی دەرسێکی گەورە بوو، کە لەشەڕی سیاسیدا توندڕەو نەبم. مامۆستا مەجید بێدەنگیەکەی منی، بەرامبەر (زللەکە) کە بەهیچ جۆرێ کاردانەوەم نەبوو، زۆر خۆشحاڵ بوو، بڕوا بفەرموون تا لەژیان بوو، هەموو جارێ دەیفەرموو: (چونکە مومتاز لە- زللە لێدانەکە- رێزی لێگرتم و بێدەنگ بوو، زیاتر خۆشم دەوێ و لەبیری ناکەم)...!

مامۆستا ئاسنگەر لەسەر هەمان بابەت و رووداو دەڵێ:

(هەر لە سەرەتاوە هەستم بە پیلانگێڕیەك دەکرد لە برادەرانی شیوعی و ئەم وتاف و ئیستفزازەیان بۆ ئەوە بوو پەرچەکردارێك لە پارتییەکان بکەنە بیانوو بۆ هێرشکردنە سەرمان و ئیهانە کردنمان. چونکە ئەوان بە ژمارە دەیان ئەوەندەی ئێمە بوون و دەسەڵاتیش هەر لەگەڵ ئەوان بوون بۆیە من هەوڵمدا پیلانەکەیان سەرنەگرێت و بیانوویان نەدەینە دەست بۆ زیان گەیاندن بە هەڤاڵانی پارتیمان، ئەوەبوو گردبونەوەکە بە سەلامەتی و بێ زیان کۆتایی هات و گەڕاینەوە).

ئێمە گەورەبووین و مامۆستا مومتازمان لە نزیکەوە وەك دۆستێکی نزیکی

باوکـمان دەنـاسی، مامۆسـتا ئاسـنگەر هەمیشـە دەیگـووت هەڵوێسـتی مامۆسـتا مومتـاز لـەو رووداوەدا بـەرز دەنرخێنـم و خـۆم بـە قـەرزاری دەزانـم کـە لـە پەیامـی زللەکـەم گەیشـت و پرەنسـیپی حیـزبی و پارتایـەتی قەبـوڵ کـرد کـە مـن ئـەوکات بەرپـرسی بـووم کـە تەنهـا بـۆ پاراسـتنی گیـانی هەڤـاڵان دەبـوو شـتێك بکـەم کـە چیـتر کاردانـەوەی نەبێـت بەرامبـەر بـەو پیلانگێڕیـەی پێشـبینیم دەکـرد. ئەمــەو زۆر رووداو و چــالاکی تــر کــە بوونــە مایــەی ئــەوەی زۆران لــە هاوبــیر و هاوخەبـاتی مامۆسـتا ئاسـنگەر شـایەتی ئـەوە بـدەن کـە کاریگـەری مامۆسـتا ئاسـنگەر و جموجۆڵـی سـیاسی و فیکریـەکانی بەرچـاوو بـووە لـە گۆڕینـی بـیرو ئاراسـتەی چەپـی زۆران لـە خەڵـکی هەولێـر و دەوروبـەری بـە ئاڕاسـتەی بـیری کوردایـەتی و نەتەوایـەتی و پارتایـەتی.

### گەڕانـەوەی بارزانـی نەمـر لـە یەکێتـی سـۆڤیەت و دامەزرانـدن و وەرگرتنـی مۆڵەتـی میـری (دەوڵـەت) بـۆ کارکردنـی فەرمـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان

دوا بـەدوای شۆڕشـی چواردەی گەلاوێـژ (١٤ ی تەمموز) ی ١٩٥٨ و گرتنەدەسـتی دەسـەڵات لەلایـەن زەعیـم عبدالکریـم قاسـم، یەکێـک لـە دەسـتکەوتەکان بـۆ کـورد و کوردسـتانیان، گەڕانـەوەی بارزانـی نەمـر بـوو بـۆ عێـراق. ئـەم دەرفەتـە چەندیـن گۆڕانـکاری بـەدوای خۆیـدا هێنـا و چەندیـن دەسـکەوتی بـۆ گەلانـی عێـراق بـە گشـتی و کوردسـتانیان بـە تایبەتـی بەدەسـت هێنـا. یەکێـک لـە دەسـکەوتە گرنگـەکان پێشکەشـکردنی یاداشـتی داواکاری فەرمـی بـوو لـە وەزیـری ناوخـۆی حکومەتەکـەی قاسـم بـۆ دامەزرانـدن و تۆمارکـردن و وەرگرتنـی مۆڵەتـی کارکردنـی فەرمـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە عێـراق. ئـەم یاداشـتە لـە بەرەبەیانـی رۆژی ٨ی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٦٠ پێشکەشـکراوە. رێکارەکانـی وەرگرتنـی مۆڵەتـی کارکردنـی پارتێکـی سیاسـی بـە فەرمـی پێویسـت بـوو

داواکاری (دە – ١٠) لە ئەندامانی دامەزرێنەر و (پەنجا – ٥٠) ئەندامی پارتەکە ناو و پیشە و واژۆیان دیاری کردبێت بۆ دامەزراندن و وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردنەکە. بێگومان یەکێک لە ئەندامان کە واژۆی داواکاری دامەزراندن و وەرگرتنی مۆڵەتی میری کردووە مامۆستا مەجید ئاسنگەرە کە لە زنجیرەی ئەندامان بە ژمارەی ١٦ ناوی هاتووە. ئەم هەواڵە و دەقی یاداشتەکە و ناوی ئەندامانی دامەزرێنەر لە رۆژنامەی خەبات (النضال) رۆژی یەکشەممە ٩ ی کانوونی دوەمی ١٩٦٠ بڵاوکراوەتەوە (سەیری دۆکۆمێنتی خوارەوە بکەن لە رۆژنامەی خەبات و دەقی هەواڵەکە و داواکاریەکە بە زمانی عەرەبی و ناوەکانی ئەندامانی دامەزرێنەر کە بە خودی ناوی بارزانی نەمر دەست پیدەکات).

لە بەر گرنگی مێژوویی بابەتەکە لە خوارەوە دەقی هەواڵ و داواکاریەکەی بارزانی نەمر بۆ وەزیری ناوخۆ بە کوردی دەنووسینەوە:

رۆژنامەی خەبات – النضال، ژمارە ١٤١ یەکشەممە ٩ ی کانوونی دووەم ١٩٦٠

مەلا مستەفا بارزانی و هەڤاڵەکانی یاداشتێک بۆ بەرێز وەزیری ناوخۆ بۆ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشکەش دەکەن

لە بەرەبەیانی دوێنێ (رۆژی شەممە) تێکۆشەری نیشتمانی ناسراو مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی دەقی داواکاری خوارەوەیان پێشکەش بە بەڕیز وەزیری ناوخۆ کرد:

رێز و سڵاو و دواتر ...

بەڕێز وەزیری ناوخۆ

ئێمە کە لە خوارەوە واژۆمان کردوە، بەڕێزتان ئاگاداردەکەینەوە بۆ دامەزراندنی پارتێکی سیاسی لە لایەن ئێمەوە بە ناوی پارتی دیموکراتی

کوردســتانی عێــڕاق – الحــزب الديمقراطــي لكوردســتان العــراق – کــە بــارەگای ســەرەکی لــە بەغــداد دەبێــت وە بــە هاوپێــچ پەیــڕەو و پرۆگرامــی ناوخــۆی پارتــی ئاماژەپێکــراو لەگــەڵ گشــت زانیارییــە پێویســتەکان بــە پێــی یاســای کۆمەڵــەکان ژمــارە (١) ی ســاڵی ١٩٦٠ پیشــکەش دەکەیــن. لەگــەڵ رێــزی بێپایانمــان ...

مەلا مستەفا بارزانی و هەڤاڵەکانی

ئەندامانی دامەزرێنەر

| | | |
|---|---|---|
| ١. | مەلا مستافا بارزانی | |
| ٢. | ئیبڕاهیم ئەحمەد | |
| ٣. | نوری سدیق شاوەیس | ئەندازیار |
| ٤. | عمر مستەفا | پاریزەر |
| ٥. | عەلی عبدالله | ئەندازیار |
| ٦. | ساڵح عبدالله یوسفی | نووسەر |
| ٧. | مەلا عبدالله ئیسماعیل | جۆتیار |
| ٨. | حلمی عەلی شەریف | رۆژنامەنووس |
| ٩. | ئیسماعیل عارف | کرێکار |
| ١٠. | شمس الدين موفتی | پاریزەر |

ئەندامان

| | ناو و نازناو | پیشە |
|---|---|---|
| ١. | دکتۆر عومەر دزەیی | پزیشک |
| ٢. | دکتۆر دارا ئەحمەد تۆفیق | پزیشک |
| ٣. | یاسین محمد کەریم | فەرمانبەر لە بەڕیوەبەرایتی تاقیگەی کیمیاوی |
| ٤. | محمد حەسەن برزۆ | بازرگان لە شۆریجە |
| ٥. | عبدالحسین عەلی | کاسب |

| | |
|---|---|
| ٦. عبدالله کەریم موراد | کارگوزار لە کۆمپانیای مەوادی بیناکاری |
| ٧. حەبیب محمد کەریم | فەرمانبەر لە بانکی الرهون |
| ٨. عبدولسەمەد محمد | ژمێریار لە کشتوکاڵ |
| ٩. رەشید باجەللان | پاریزەر |
| ١٠. عەزیز پشتیوان | مامۆستای سەرەتایی (معلم) |
| ١١. عەباس حوسێن | مامۆستای سەرەتایی (معلم) |
| ١٢. عەلی حەمدی | یاریدەدەری بەڕیوەبەری تاپۆ |
| ١٣. مەلا ئەحمەد | کرێکار |
| ١٤. عبدالمجید سەید حوسێن | جۆتیار |
| ١٥. کەمال عبدولقادر | مامۆستای دواناوەندی (مدرس) |
| ١٦. مەجید ئەحمەد حداد | مامۆستای دواناوەندی (مدرس) |
| ١٧. ساڵح مشیره | کرێکار |
| ١٨. ئیسماعیل حوسێن | مامۆستای دواناوەندی (مدرس) |
| ١٩. بکۆک عەزیز | مامۆستای سەرەتایی (معلم) |
| ٢٠. ئیبراهیم ئەحمەد لاو | کاسب |
| ٢١. محمد سەعید فەرەج | کرێکار |
| ٢٢. بەکر عوسمان جەرجیس | جۆتیار |
| ٢٣. کەریم عەباس پیرۆت | پەڕەکەر |
| ٢٤. محمد حاجی تاهیر | کاسب |
| ٢٥. وەستا شەفیق | ئاسنکار |
| ٢٦. محمد مامەند | یاریدەدەری پزیشکی ددان |
| ٢٧. جەمال محمد شالی | پاریزەر |
| ٢٨. سەعید شێخ مستەفا | عەتتار |
| ٢٩. جەمال سەعید خەفاف | پینەدۆز |

| | |
|---|---|
| ٣٠. محمد رەشید بەهری | نووسەری یاداشتەکان |
| ٣١. عەلی مام رەزا | کرێکار |
| ٣٢. عبدالله مام ئەحمەد | کاسب |
| ٣٣. تۆفیق سدیق | کاسب |
| ٣٤. شەفیق تاهیر | کاسب |
| ٣٥. صبغة الله ئەمین حەسەن | فەرمانبەر لە خۆراکی موسڵ |
| ٣٦. نوری خەلیل | کرێکار |
| ٣٧. رەمەزان موحسین عەقراوی | فەرمانبەری رووپێو |
| ٣٨. هورمز نیسان هورمز | مامۆستای سەرەتایی |
| ٣٩. ئەسعەد خالد عبدالقادر | مامۆستای سەرەتایی |
| ٤٠. مەعسوم ئەنوەر مائی | مامۆستای سەرەتایی (معلم) |
| ٤١. جەمیل توفیق بارزانی | مامۆستای سەرەتایی (معلم) |
| ٤٢. نوعمان عیسا بارزانی | مامۆستای سەرەتایی (معلم) |
| ٤٣. محمد رەشید | جۆتیار |
| ٤٤. مەلا ساڵح حاجی حەسەن | پیاوی ئایینی |
| ٤٥. شەوکەت حاجی تاهیر | نووسەری لیژنەی کارەبا |
| ٤٦. ئەحمەد عبدالله محمد | مامۆستای دواناوەندی (مدرس) |
| ٤٧. زیا قەستۆ داود | کاسب |
| ٤٨. غەفور ساڵح تەها | کاسب |
| ٤٩. تەها مەلا محمد تەها | جۆتیار |
| ٥٠. عەلی عەسکەر | کرێکار |


الملا مصطفى البارزاني ورفاقه يقدمون اخبار الى سيادة وزير الداخلية عن تأسيس الحزب الديموقراطي لكردستان العراق

خبات النضال

جريدة يومية سياسية

اهمية اجازة الحزب الديموقراطي لكردستان العراق

الزيارات والمقابلات

مقابلة صحفية مع السيد بليكان رئيس اتحاد الطلبة العالي

ملا مصطفى البارزاني ورفاقه يقدمون اخبارا الى سيادة وزير الداخلية عن تأسيس الحزب

رۆژنامەی خەبات – النضال، ژمارە ١٤١ یەکشەممە ٩ ی کانوونی دووەم ١٩٦٠
بە سوپاسەوە لە ئەرشیفی نووسەر عبدالله زەنگەنە وەرگیراوە

ص ٨

## بقية ـ الملا مصطفى ورفاقـــــه

### الاعضاءالمؤسسون

| | |
|---|---|
| ١ ـ ملا مصطفى البارزاني | |
| ٢ ـ ابراهيم احمد | |
| ٣ ـ نوري صديق شاويس | مهندس |
| ٤ ـ عمر مصطفى | محامي |
| ٥ ـ علي عبدالله | مهندس |
| ٦ ـ صالح عبدالله اليوسفي | كاتب |
| ٧ ـ ملا عبدالله اسماعيل | فلاح |
| ٨ ـ حلمي علي شريف | صحفي |
| ٩ ـ اسماعيل عارف | عامل |
| ١٠ ـ شمس الدين المفتي | محامي |

### المـؤيدون

| الاسم واللقب | المهنة |
|---|---|
| ١ ـ دكتور عمر دزەيي | طبيب |
| ٢ ـ دكتور دارا احمد توفيق | طبيب |
| ٣ ـ ياسين محمد كريم | موظف في مـديريـة المختبـر الكيمياوي |
| ٤ ـ محمد حسن برزو | تاجر في شورجة |
| ٥ ـ عبدالحسين علي | كاسب |
| ٦ ـ عبدالله كريم مراد | مستخـدم فـي شركة المـواد البنائية |
| ٧ ـ حبيب محمد كريم | موظف في مصرف الرهون |
| ٨ ـ عبدالصمد محمد | محاسب الزراعة |
| ٩ ـ رشيد باجلان | محامي |
| ١٠ ـ عزيز بشتيوان | معلم |
| ١١ ـ عباس حسين | معلم |
| ١٢ ـ علي حمدي | معاون مدير الطابو |
| ١٣ ـ ملا احمد | عامل |
| ١٤ ـ عبدالمجيد سيد حسين | فلاح |
| ١٥ ـ كمال عبدالقادر | مدرس |
| ١٦ ـ مجيد احمد حداد | مدرس |
| ١٧ ـ صالح مشيره | عامل |
| ١٨ ـ اسماعيل حسين | مدرس |
| ١٩ ـ بكوك عزيز | معلم |
| ٢٠ ـ ابراهيم احمد لاو | كاسب |
| ٢١ ـ محمد سعيد فرج | عامل |
| ٢٢ ـ بكر عثمان جرجيسي | فلاح |
| ٢٣ ـ كريم عباس بيروت | نداف |
| ٢٤ ـ محمد حاج طاهر | كاسب |
| ٢٥ ـ وستا شفيق | براد |
| ٢٦ ـ محمد مامەند | مركب اسنان |
| ٢٧ ـ جمال محمد شالي | محامي |
| ٢٨ ـ سعيد شيخ مصطفى | عطار |
| ٢٩ ـ جمال سعيد خفاف | اسكافي |
| ٣٠ ـ محمد رشيد بەهري | كاتب عرائض |
| ٣١ ـ علي مام رضا | عامل |
| ٣٢ ـ عبدالله مام احمد | كاسب |
| ٣٣ ـ توفيق صدقي | كاسب |
| ٣٤ ـ شفيق طاهر | كاسب |
| ٣٥ ـ صبغة الله امين حسن | موظف في اعاشة موصل |
| ٣٦ ـ نوري خليل | عامل |
| ٣٧ ـ رمضان محسن عقراوي | موظف مساح |
| ٣٨ ـ هرمز نيسان هرمز | معلم |
| ٣٩ ـ اسعد خالد عبدالقادر | معلم |
| ٤٠ ـ معصوم انور مائي | معلم |
| ٤١ ـ جميل توفيق بارزاني | معلم |
| ٤٢ ـ نعمان عيسى بارزاني | معاون كاتب تحرير |
| ٤٣ ـ محمد رشيد | فلاح |
| ٤٤ ـ ملا صالح حاجي حسن | رجل ديني |
| ٤٥ ـ شوكت حاجي طاهر | كاتب لجنة كهرباء |
| ٤٦ ـ احمد عبدالله محمد | مدرس |
| ٤٧ ـ زيا قسطو داود | كاسب |
| ٤٨ ـ غفور صالح طه | كاسب |
| ٤٩ ـ طه ملا محمد طه | فلاح |
| ٥٠ ـ علي عسكر | عامل |

لیستی ناوی ئەندامانی دامەزرێنەر و ئەندامانی پارتی دیمکراتی کوردستان
به سوپاسەوە لە ئەرشیفی نووسەر عبدالله زەنگەنە وەرگیراوە

بــە گرتنــە دەســتی دەســەڵات لەلایــەن زەعیــم عبدالکریــم قاســم ئومێدێــك بــۆ گشــت عێراقیــەکان و بــە تایبەتیــش کــورد درووســت بــوو بــۆ چارەســەری کێشــەکان و دروســتکردنی عێراقێــکی نــوێ. گەڕانــەوەی ســەرکردەی مــەزن بــارزانی لــە یەکێتــی ســۆڤێتەوە بــۆ نیشــتمان و ئــەو پێشــوازیە جەماوەریــەی لــە سەرتاســەری عێــراق لێــی کــرا ئامــاژە بــوون بــە ئاراســتەی ســەقامگیری سیاسی و عێراقێــکی تــازە. دواتــر لــە ســاڵی ١٩٦٠ حکومەتەکــەی قاســم مۆڵــەتی فەرمــی دا بــە کاری ســیاسی و کارکــردنی پــارتی دیموکــراتی کوردســتان. بــەم بۆنەیــەوەش چەندیــن بۆنــە و ئاهەنــگ رێکدەخرێــن و مامۆســتا ئاســنگەر وەك رێکخــەر و کادیــری حیــزبی لــە زۆربــەی بۆنەکانــدا لــە هەولێــر و کۆیــە و شــەقڵاوە بــە ئــەرکی نیشــتمانی و کوردایــەتی و پارتایــەتی هەڵدەســتێت بــۆ رێکخســتن و بەڕێوەچــوونی ئاهەنــگ و بۆنــەکان و پێشــوازیکردن لــە جەمــاوەری تینــووی ئــازادی. مامۆســتا ئاســنگەر وەك سیاســیەك و کادیرێــکی پــارتی و نیشــتمانپەروەرێك هەمیشــە چالاکانــە رۆڵــی خــۆی بینیــوە لــە گێــڕانی بۆنــەکان و رێکخســتن و بەڕێوەچوونیــان تــا ئــەو رادەیــەی کــە بتوانێــت ئــەم بۆنانــە بــبن بــە هەوێنــی قووڵکردنــەوەی گیــانی کوردایــەتی و نیشــتمان پــەروەری لای زۆران.



ئاهەنگی ناوچەی شەقڵاوە بە بۆنەی وەرگرتنی مۆڵەتی میری بۆ بە فەرمی و ئاشکرا کارکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ١٩٦٠/٠٢/١٢

مەجید ئاسنگەر بە قات و ریبات لەسەر مێزەکە وەستاوە و وتار پێشکەش بە جەماوەر و ئەندامان و دۆست و لایەنگرانی پارتی دەکات و دوو بەرێز مایکیان بۆ گرتووە، وە لە وێنەکە دوو پۆلیسی میری بە جلی فەرمی دەردەکەون



لە پشتی ئەم وێنەیە نوسراوە: لەگەڵ هەڤاڵانی پارتیمان لە موصل، یانەی فەرمانبەرانی هەولێر،
١٩٦٠/٠٣/٢١- مەجید ئاسنگەر چوارەم لە لای چەپەوە دانیشتوە

بۆ هەمان بۆنە (وەرگرتنی مۆڵەتی پارتی لە لایەن میریەوە) لە شاری هەولێر پرۆفیسۆر دکتۆر عەلی جوکل، کەسایەتی شاری هەولێر، کە رۆژانێک قوتابی مامۆستا ئاسنگەر بووە لە هەردوو قوتابخانەی دواناوەندی هەولێر و خانەی مامۆستایان و لە تەمەنێکی تازە لاوێتیدا رووداوەکان بە بەردەمیدا تێپەڕیون و دەگێڕێتەوە:

(لە ساڵی ١٩٦٠ لە بینایەی بارەگای خەبات بەرامبەر قەڵای هەولێر لە نزیك (باتا)، کە ئەم شوێنە دواتر بوو بە دەرمانخانەی شیفا، لە حەوشەی نهۆمی زەوی شایی و هەڵپەرکێی خۆشیی بوو و خەڵکانێکیش بۆ پیرۆزبایی روویان لە بارەگاکە کردووە، لە نهۆمی سەرەوەش لە هەیوانەکەی کە بەسەر حەوشەکەوە کراوە دەبێت بەڕێزان کاك عەلی عبداللە و کاك شمس الدین موفتی و مەجید ئاسنگەر بە جلی کوردی و رانکوچۆغەی رەنگ سپیەوە (کە هێمای پارتی بوون بوو) لە پێشوازی و بەخێرهاتن و سڵاوگەیاندن بوون بە جەماوەری شاد و جۆش خواردوو).

مامۆستا ئاسنگەر دەڵێ لە ژێر سایەی وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی کارکردنی پارتی دەرفەتمان وەرگرت چالاکی جۆرار جۆر بنوێنین لەوانە یادکردنەوەی شەهیدانی ١٩ی حوزەیران کە لەو رۆژەدا چوار ئەفسەری نیشتمانپەروەر و رۆڵەی تێکۆشەر و پارێزەرانی کۆمارهی مەهاباد لە سێدارە دران. ئەم تێکۆشەرانە، کە بریتی بوون لە مستەفا خۆشناو و عیزەت عبدالعزیز و خێراللە عبدالکریم و محمد محمود قدسی، لە بەرەبەیانی ١٩ ی حوزەیرنی ساڵی ١٩٤٧ دەسەڵاتی پاشایەتی ئەو سەردەم لە عێراق فەرمانی لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاندن. ئەم تێکۆشەرانەی کورد و کوردستان لە گەڵ دروستبوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد هاوەڵ و پێشمەرگەی بارزانی نەمر بوون بۆ پارێزگاری لە کۆمارە ساواکەی کوردستان.



مامۆستا ئاسنگەر لە شاری کۆیە ساڵی ١٩٦٠: جەماوەر و ئەندامان و دۆست و لایەنگرانی پارتی بە بۆنەی
وەرگرتنی مۆڵەتی میری بۆ بە فەرمی و ئاشکرا کارکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان






مەجید ئاسنگەر: ١٦ی حوزەیرانی ١٩٦٠، یادی چوار ئەفسەرە شەهیدەکەی کۆماری مهاباد لە شاری کۆیە

مامۆستا ئاسنگەر دەڵێت؛ سەرەڕای بەفەرمی وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردنی پارتی بەڵام هەردەم دەسەڵاتی میری لە بەرامبەر لایەنگرانی پارتی لە بیانوو بوو بە تایبەت کادیرە چالاك و نیشتمانپەروەرەکان وە دەڵێت یەکەم ئەندام لە پارێزگای هەولێر کە دەستگیرکرا من بووم. ئەمە بوو رۆژی ١٢/١٠/ ١٩٦٠ لە کاتی وانەوتنەوەدا لەیەك لە پۆلەکانی (دارالمعلمین الابتدائیە - خانەی مامۆستایانی سەرەتایی) دەریانهێنام بە فەرمانی (حاکمی گشتیی سەربازی عێراق) بەتۆمەتی ئەوەوە گوایا بە ئۆتۆمبیلی تایبەتی خۆم (چەك و تەقەمەنیم) بە نهێنی بۆ ناوچەکانی سەرکردایەتی کورد گوێزابێتەوە! وە دەڵێت هەر ئەو ئێوارەیە لە وێستگەی شەمەندەفەر لە هەولێر، جەماوەری پارتیی و بەتایبەتی قوتابیان بە خۆنیشاندانێکی گەورە و پڕ حەماسەتەوە بەرەو گرتووخانەی بەغدا بەڕێیان کردم. مامۆستا ئاسنگەر دەڵێت: بەندیخانەی

بەغدا دەرفەتێك بوو کە بە هاوڕێیەتی تێکۆشەر، سەرکردە، بوێژ و نووسەر و رووناکبیر سەیدا ساڵح یوسفی شاد ببم بەڵام شادمانیەکەم درێژەی نەکێشاو زۆری نەخایاند هەر هەفتەیەك دواتر، بە کەلەپچەکراوی و بەزنجیرێك بە کورسی واگۆنێکەوە بەستراو، بە شەمەندەفەر بەرەو (بەندیخانەی کۆماری لە شاری بەسرا) گوێزرامەوە!

بەندیخانەی بەسرا بۆ مامۆستا ئاسنگەر بوو بە مایەی ناسینی چەند بەندیەکی برا عەرەبەکان کە مامۆستا ئاسنگەر توانیبووی کاریگەری کوردایەتی بەسەریانەوە دروووست بکات و لە وتارێکی دا دەڵێت:

(لە یادی جەژنی نەورۆزدا ئاهەنگێکی قشتیلانەمان سازدا و لەوێدا بەکردەوە دروشمی (برایەتی کورد و عەرەب) بەرجەستە بوو، براعەرەبەکان فێری هەردوو سروودی (ئەی رەقیب و ئەم رۆژی ساڵی تازەیە) کرابوون و لەگەڵ ئێمەدا زۆر بەگەرمی و لەناخەوە دەیانگوتنەوە).

مامۆستا ئاسنگەر کاتێك لە بەندیخانەی بەغداوە دەگوازرێتەوە بەندیخانەی بەسرا، لە نێو شەمەندەفەر لە کاتێکدا هەردوو دەستی بە کەلەپچە بەستراوە و پۆلیسی میریش پاسەوانیەتی، بەدەم رێگاوە ئەم شیعرە بەرزە دەنوسێ:

زنجیری پۆڵاو کەلەبچەی ئاسن
بۆ زامی مەچەك شایەنی باسن
دەماری دەستم ببڕن تا خوێنی
گەشی دێتە جۆش ئەوسا ئەمناسن
ئەم کاروانەی ژین قۆناخی دوورە
کەسێ ئەیگاتێ کە پشت ئەستوورە
بەهێزی گەل و تەنیا پێشەنگی
باوەڕی راست و شۆڕشی سوورە

کــوردە دوژمنــت ســوور بــووە چــاوی
چەپۆکــی چۆتــە چەکــی خوێنــاوی
بــۆ لەناوچوونــت، وەك گورگــی هــارە
تەینــا مەترســە، چــل رۆژە بــاوی
گــەلان ئیمڕۆکــە بــە جــارێ شــادن
سەربەســت، یەکگرتــوو، توانــا و ئــازادن
بەهــۆی ناکۆکــی و حیــزا بەخۆیــی
کــوردی بــێ چــارە دیــل و بەردبــادن
ژینــێ لەســایەی کــۆت و زنجیــر بــێ
بــاری یاســا بــەس لەمــل فەقیــر بــێ
رەنجــی زۆربــەی گــەل بــۆ ئاغــا و میــری
لــە گــەرووی دوژمــن ئــەم ژەهــرە گیــر بێ!



بەندیخانەی بەسرا: ١٩٦١/٠٢/٠٦
(رێکپۆشی و رۆژنامەکەی دەست مامۆستا خۆی لە خۆی دەدوێت)



بەندیخانەی بەسڕا: مەجید ئاسنگەر لە لای ڕاست وەستاوە، ئەوانی تر هاوبەندیەکانی بەندیخانەکەن



بەندیخانەی بەسڕا: مەجید ئاسنگەر

مامۆستا ئاسنگەر هەردەم لە ژێر فشاری رژێمە یەك لەدوای یەکەکاندا بوو. لە نێوان راگواستن بۆ بەندیخانەو گوازەگواز لە نێوان ناوەڕاست و باشوور زۆری پێکراو بەڵام هیچ کات ئەو فشارانە نەبوونەتە سڵکردنەوەی مامۆستا لە بیروباوەڕ و چالاکی نواندن بەڵکو بە پێچەوانەوە زیاتر جۆشی داون بۆ داکۆکی لە مافی رەوای میللەتەکەی و بەندیخانە بۆتە قوتابخانەیەك بۆ لە دایك بوونی چەندین بەرهەمی ئەدەبی مامۆستا چ لە بواری شیعر وە چ لە بواری چیرۆك نمونەش زۆرن وەك چیرۆکەکانی (بۆ پێشەوە، زستان هەر ساردە، لە بەندیخانەوە ... ) لەگەڵ چەندین شیعر کە لە بەندیخانەی بەسرا نووسراون.

بۆ نمونە لە شیعری (من لە بەندیخانەوە) دەڵێت:

من کە رۆڵەی کوردستانم ... پەروەردەی بەفری زستانم

وە لە شیعری (گیانی شیرینم):

گیانی شیرینم یاری نازدارم
بالا بەرزەکەی خوای لەنجە و لارم
خونچەی پشکووتوی زەردی گوڵزارم
من لەدووری تۆ پەست و بێزارم

## مامۆستا ئاسنگەر چۆن لە بەندیخانەی بەسرا ئازاد کرا

لــە ســاڵی ١٩٦١ مامۆســتا ئاســنگەر هێشــتا لــە بەندیخانەیــە و خەریکــە جــەژنی نــەورۆزی کــوردان نزیــك دەبێتــەوە کەچــی لــە بەغــدا و رێــك لــە نێــو کۆشــکی کۆمــاری گفتوگۆیــەك و بەســەرهاتێك روودەدات. بیرمەنــدی گــەورەی کــورد خوالێخۆشــبوو مامۆســتا (مەســعود محەمــەد جەلیــزادە)، کــە دۆســتی نزیــکی مامۆســتا ئاســنگەر بــوو، لــە یاداشــتەکانی بــە نێــوی (گەشــتی ژیانــم) دەگێڕێتــەوە کــەوا زەعیــم عبدولکەریــم قاســم چەنــد رۆژێــك بــەر لــە جــەژنی نــەورۆز پێــی دەڵێــت، کــە ئــەو ســەردەم بەڕێــز مەســعود محەمــەد دۆســتێکی نزیــکی عبدولکەریــم قاســم دەبێــت و ئەندامــی لیژنــەی چاکســازی کشــتوکاڵی دەبێــت، چیــت جەژنانــە بــۆ نــەورۆز پێبــدەم؟ ئەویــش لــە وەڵام، دوور لەهەمــوو داواکاریــەکی کــەسی و بــەدەر لەهــەر دەســکەوتێك، وەك کەسـایەتیەکی گــەورە و خــاوەن پرســێکی نیشــتمانی بــە ئــەرکی خــۆی دەزانێــت و داوای ئازادکــردنی دوو دۆســتی بەندکــراوی نیشــتمانپەروی لێــدەکات کــە یەکێکیــان (مەجیــد ئاســنگەرە) لــە بەندیخانــەی بــەسرا بەندییــەو داوای لێــدەکات ئــازاد بکرێــت و جــەژن لــە نێــو کــەس و کاریــدا بکاتــەوە، ئــەوی تریــش خوالێخۆشــبوو (ئەحمــەد حەمەدەمــین دزەیــی) یــە، زەعیمیــش دەســت و بــرد داواکــەی جێبەجێــدەکات و بروســکە (برقیــە) دەگاتــە بــەسرا و مامۆســتا ئاســنگەر بــە کەلەپچــەی دەســتەوە لــە گــەڵ دوو پۆلیــس بــە شــەمەندەفەر دەیگوێزنــەوە بــۆ بەغــدا بــێ ئــەوەی ئــاگاداری بکــەن بــە ئــازاد بــوون ئینجــا لــە بەغــداد کەلەپچــەی لەدەســت رادەکرێــت و پێــی دەڵێــن تــۆ ئازادکــراوی و نــووسراوی ئازادکردنیــشی پێــدەدەن!! ئاســنگەر دەیگــووت تــا عەیامێــکی زۆر نەمــزانی چــی روویــداوە و چــۆن ئازادکــراوم!! درووود بــۆ گیــانی پــاکی گــەورە بیرمەنــد مەســعود محەمــەد، مرۆڤــە گــەورەکان هەمیشــە لــە پشــت پــەردەوە هەڵوێســتی مــەزن و نیشــتمانپەروەری دەنوێنــن.

مەسعود محەمەد، بیرمەند و نووسەر و سیاسەتمەداری کورد لە شاری کۆیە ساڵی ١٩١٩ لە دایك دەبێت و کوڕی مەلای گەورەی کۆیەیە (مەلا محەمەد عبداللە جەلی زادە)ی خاوەن زانست و ناوبانگ، خاوەن بیرێکی کراوەی نیشتمانپەروەرانە بوو، لە سەردەمی عوسمانیەکان ئەندامی ئەنجومەنی ولایەتی موسڵ دەبێت. مەسعود محەمەد کۆلێژی ماف لە بەغدا تەواو دەکات و پەیوەندی لە گەڵ زەعیم عبدالکریم قاسم نزیك دەبێت و لە هەمان کاتدا ئەندامی لیژنەی چاکسازی کشتوکاڵ دەبێت. لە ساڵی ١٩٦٤ دەبێت بە وەزیری دەولە بۆ کاروباری ئاوەدانکردنەوەی باکور بەڵام لەسەر داوای خۆی لە ساڵی ١٩٦٥ دەست لەم پۆستەی هەڵدەگرێت و پاشان لە چەندین ئەرکی تر خزمەت بە گەلەکەی دەکات. خاوەنی چەندین بەرهەمی بەپێزە، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نووسین و بەرهەمی هەیە وەك نمونە (حاجی قادری کۆیی بە سێ بەرگ، مرۆڤ و دەوروبەر، گەشتی ژیانم ... هتد) و (المجتمع البشري لماذا یشبە مستشفی المجانین، الی غورباتشوف العظیم ... وە هتد). لە ساڵی ٢٠٠٢ کۆچی دوایی دەکات و لە تەك باوکی لە گۆرستانی دەروێش خدر لە کۆیە بەخاك دەسپێردرێت.



مەسعود محەمەد جەلیزادە

بێگومان ئازادکردنەکەی مامۆستا ئاسنگەر بەمەرج دەبێت و وەك مامۆستا ئەگەڕێتەوە کوردستان ئیتر دوای ئازادکردنی و گەڕانەوەی بۆ هەولێر و کۆیە بە ماوەیەکی کەم لە هەمان ساڵ راژەی مامۆستایەتیەکەی بە زۆرەملێ لە هەولێرەوە دەگوازرێتەوە بۆ قوتابخانەی دواناوەندی سوێرەی شارۆچکەی سوێرە لە پارێزگای کوت (صويره - لواء الكوت) لە خوارووی بەغدا بە فەرمانی وەزاری ژمارە ٣٤٨٠٦ لە ١٩٦١/٥/٦ کە بۆ نزیکەی چوار ساڵ نەفی/ دوورخراوە و دەستبەسەر دەبێت تەنها بە مۆڵەت بۆی هەبوو سەردانی کەس و کار و دۆستانی بکاتەوە لە کوردستان. بەڵام هەمدیسان هێزی ئیرادە و بڕوای ئازادیخوازانەی ئاسنگەر لە مەنفاکەیدا دەبێتە هەوێنی چەندین شیعر و شانۆ و چیرۆك و دوواتر بڵاوی کردونەتەوە.



مەجید ئاسنگەر و چەند مامۆستایەك لە ماوەی راگوێزانی بۆ شاروچکەی سوێرە لە خوار بەغدا: (لە راستەوە: مەجید ئاسنگەر، باسم عبدالحميد حمودي، حسين عقراوی، طه ياسين، ... نەناسراوە، عبدالجبار العمر)



مەجید ئاسنگەر لە ماڵی نیشتەجێبونی لە سوێرە، ١٩٦٤/٠٥/١٦

ماموٚستا ئاسنگەر لە دوورخراوەییش ناتوانێت بێ چالاکی و بێ کاریگەری دروستکردن دابنیشێت، لەو بارەیەوە دەڵێت:

(لە سویرە رێکخستنی پارتیمان بەنهێنی دامەزراند و درێژەمان بە چالاکییەکانماندا بەتایبەتی لەگەڵ ئەو ماموٚستا و فەرمانبەر و ژمارە زوٚرەی پوٚلیسە تێکوٚشەرەکانی سەر بە پارتی کە بوٚ ئەوێ گوێزرابوونەوە. پەیوەندیشم بە حزبەوە لە رێگای خوالێخوٚشبوو (مستەفا نەریمان)ەوە بوو کە ئەوکات بەرپرسی پارتی بوو لە (کوت) دانیشتوانی سوێرە بەتایبەتی کوردە فەیلییەکان زوٚر دڵسوٚز و هاوکارمان بوون).

## مامۆستا ئاسنگەر و شاندێکی ئەکادیمیای زانستی براغ - چیکۆسلۆڤاکیا (١٩٦٠)

لە نیسانی ١٩٦٠ شاندێکی ئەکادیمیای زانستی براغ – چیکوسلوڤاکیا سەردانی کوردستان دەکەن. شاندەکە وەك گەڕیدە ئەرکی گەڕان بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهانیان گرتبوە ئەستۆ بۆ مەبەستی ئاشنا بوون بە کەلتوور و سیاسەت و جوگرافیا و ئەدەبی میللەتان. شاندەکە بریتیبوون لە چوار کەس کە دوانیان بە ناوەکانی (زیکمۆند میروسلاڤ و جیری هانزلکا) – (Hanzelka and Miroslav Jiri Zikmund) کە دوو نووسەری بەناوبانگ و ئەندامی ئەکادیمیای زانستی براغ و لە هەمانکاتدا لە ریزی حزبی کۆمۆنیستی چیکوسلوڤاکیا پلەی بەرزیان هەبوو. دوو هاوەڵەکەی تریان یەکێکیان پزیشکی تایبەت بە شاندەکە دەبێت بە ناوی (دکتۆر فیت رۆبێرت) و ئەوی تریان تەکنیکارێکی میکانیکی ئوتومبێل دەبێت بۆ مەبەستی ئاگاداربوون لە ئۆتۆمبێلی شاندەکە و چاکردنەوەی لەهەر ئەگەر و تێکچوونێکدا. ئەم شاندە لە میانەی گەشتەکانیان بە وڵاتانی جیهاندا بە ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی خۆیان لە جۆری تاترا (Tatra)، کە دروستکراوی وڵاتی



ئۆتۆمبێلی Tatra 87 لە گەشتەکەی هانزێلکا و زیکمۆند ی نێوان ساڵانی ١٩٤٧- ١٩٥٠ بۆ ئەفریکاو ئەمریکای لاتین - زیکمۆند میروسلاڤ و جیری هانزلکا لە وێنەکە دەرکەوتوون

چیکوسلوڤاکیای ئەوکات بوو، ئەنجامداوە. ئەم دوو کەسایەتیە و ئەو شاندە دوو کۆمەڵە گەشتی فراوانیان لەسەرتاسەری جیهان ئەنجامداوە. لە گەشتی یەکەمیان کە سێ ساڵ و نیوی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٧ - ١٩٥٠ خایاند بۆ وڵاتانی ئەفریکا و ئەمریکای لاتین تیایدا ٤٤ وڵاتیان سەردان کردوە بە ئۆتۆمبێلەکەیان کە جۆری Tatra ٨٧ بووە، کە تێکڕا ١١٠٠٠ یانزدە هەزار کیلۆمەتر رێگایان لە میانەی گەشتەکەیاندا بڕیوە. شایانی باسە کە کۆمپانیای ئۆتۆمبێلی Tatra ی چیکی سپۆنسەری گەشتەکەیان دەبێت و لە ئێستادا ئەم ئۆتۆمبێلە لە مۆزەخانەی براغ وەك میراتێکی کولتووری و نەتەوەیی پارێزراوە.

گەشتی دووەمی ئەم شاندە پێنج ساڵ و نیوی خایاند لە نێوان ساڵانی ١٩٥٩ بۆ ١٩٦٤ کە ئەوروپای رۆژهەڵات و ئاسیای گرتەوە لە نێویاندا عیراق-کوردستان و ئێرانیشی لەخۆ گرتبوو. بە گەیشتنی شاندەکە بۆ هەولێر لە نیسانی ١٩٦٠ دەبن بە میوانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە لایەن مەکتەبی سیاسی پارتیەوە مامۆستا ئاسنگەر وەك زمانزان و نووسەر و سیاسیەك، کە ئەوکات مامۆستا ئاسنگەر ئەندام کارگێڕی لقی دوو دەبێت، بۆ گەشتە سێ هەفتەییەکەیان لە کوردستان رادەسپێردرێت بۆ هاوەڵیکردنیان وە لە هەمان کات مۆڵەتی پەروەردەی هەولێر وەك مامۆستای زمانی ئینگلیزی بۆ خۆتەرخانکردنی ئەم گەشتەی پێدەدرێت. مامۆستا ئاسنگەر لەم گەشتەدا چەندین لایەنی سیاسی و کولتوری و هونەری جۆراو جۆری کوردستان بە شاندەکە دەناسێنێت و سەردانی زۆر لە دەڤەرەکان دەکەن و لە لایەن کەسایەتی سیاسی و هونەری و پەروەردەیی و کۆمەلایەتی جۆراوجۆر پێشوازی گەرمیان لێدەکرێت.



مەجید ئاسنگەر لە نێوان: لای راست (میرسولاڤ زیکمۆند) و لای چەپ (گێری هانزیلکا) لە سلێمانی، نیسانی ١٩٦٠

**تێبینـی ئـەم وێنـەی سـەرەوە:** لـە وێنەکـە لای دەسـتە راسـتی سـەرەوە تابڵۆیـەك هەڵـواسراوە بـە باکگراوندێـکی رەش بـە عـەرەبی لەسـەری نـوسراوە (أنـا مـن الشـعب والشـعب منـي) کـە وتەیـەکی زەعیـم عبدالکریـم قاسـمە وە لـە لای راسـتی سـەری ئاسـنگەر وێنەیـەکی بچـوکی عبدالکریـم قاسـم بەدیدەکرێـت لەگـەڵ وێنـەی دوو کەسـایەتی کـە یەکێکیـان پێگەیشـتوو و ئەویـتر لاوێکـە کـە لـە وێنەکـە ئاشـکرا نیـە کێنـە).

لە میانەی گەشتەکەیان بۆ شاری سلێمانی سەردانی قوتابخانە خۆبەخشیەکەی کەسایەتی کۆمەڵایەتی ناسراو مامۆستا (نەجمەددین مەلا) دەکەن کە بە ناوی (کەشتی نوح) خەڵکی فێری خوێندەواری دەکرد.




لەبەردەم قوتابخانەی (کەشتی نوح) ی نەجمەددین مەلا (لە ناوەراست بە قاپوتێك و کڵاوێکەوە دەردەکەوێت)، لە لای راستی دواوەی نەجمەددین مەلا (گیری هانزیلکا) و لای چەپی (میرسۆلاڤ زیکمۆند) دەردەکەون، لە دەستی راستی هانزیلکا (مەجید ئاسنگەر) دەردەکەوێت، وە دووەم لە دەستی چەپ پزیشکی شاندەکە (فییت رۆبێرت)ە، ئەوانی تر: ئەنوەر تۆفی و ئیسماعیل عارف و محمد حاجی تاهیر

نەجمەددین مەلا کوڕی مەلا غەفوری کوڕی مەلا عەلی یە لە ساڵی ١٨٩٨ لە سلێمانی لە دایك بووە و لە ساڵی ١٩٦٢ هەر لە سلێمانی کۆچی دوایی دەکات. خوێندنی سەرەتایی لە حوجرە و پاشان دواناوەندی تەواو دەکات. نەجمەددین مەلا شاعیر و نووسەر و رۆشنبیر و نیشتمانپەروەرێکی بە توانای سەردەمی خۆی بوو. زیاتر لە ٩٠ نەوەد چیرۆکی فۆلکلۆری بڵاوکردۆتەوە و



نەجمەددین مەلا

بەدەست و خەتی خۆی بەرهەمەکانی چەندین نووسەر و شاعیری نووسیوەتەوە و پارێزگاری لە فەوتان لێکردوون لەوانە دیوانەکانی حەمدی و مەولەوی و سالم و نالی و کوردی و هی تر. حوجرەکەی خۆی خۆبەخشانە دەکاتە قوتابخانەیەك بە ناوی (کەشتی نوح) و خویندن و خوێندەواری تێدا بڵاودەکاتەوە و هەزاران کەسی تیادا فێری خوێنەواری کردووە. پاشان هەر لە حوجرەکەی خۆی کۆچی دوایی دەکات و لەسەر وەسیەتی خۆی لە سەر چیای ئەزمەر بە خاك دەسپێردرێت.



نەجمەددین مەلا و قوتابخانەکەی لە کاتی وانە وتنەوەدا

ئـەم شـاندە دوای گەڕانەویـان بـۆ چیکوسـلوڤاکیا لـە چەنـد ژمارەیـەکی گۆڤـاری (ڕۆژهــەڵات – الــشرق – The Orient) زۆر بــە درێــژی بــاسی گەشــتەکەیان بــۆ کوردسـتان و هاوەڵەکەیـان مامۆسـتا ئاسـنگەر دەکـەن و دوو ژمـارەش لـەو گۆڤـارە بــە پۆسـت بـۆ مامۆسـتا ئاسـنگەر دەنێـرن کـە بەداخـەوە تـا سـاڵانی نـەوەدەکان پارێـزرا و بـوون بـەڵام دواتـر ئـەم گۆڤارانـە ون بـوون!!! مامۆسـتا ئاسـنگەر لـە وتارێکـدا بــە نێــوی (ســەربوردەی وێنەیــەك) چەنــد لایەنێــکی ئــەم گەشــتەی باســکردوە.



شاندی وڵاتی چیك لە سولێمانی، نیسانی ١٩٦٠- لە راستەوە: مەجید ئاسنگەر، عثمان سعید، فیت رۆبێرت (پزیشکی شاندەکە)، گەلاوێژ صابر، میرۆسلاڤ زیکموند، عائشە عەلی، روناك و کچی ئەخۆلی شاعیر، چەند خوشکێك (ناوەکان دیار نین)، محمد حاجی تاهیر



پێشوازی ئافرەتانی کوردستان و چەند کەسایەتیەکی تری سولێمانی لە شاندی چیکۆسلوڤاکیا، ١٩٦٠/٠٤/١٩، راوەستاوەکان، چوارەم لە لای چەپەوە: ئەنجوم زوهدی لە ئافرەتانی کوردستان – سلێمانی (بە داخەوە ئەوانی تر ناویان لە ئەرشیفی وێنەکە تۆمار نەکراوە)

مامۆستا مومتاز حەیدەری لە وتارێکیدا ئاماژەی بەم شاندە داوە و دەڵێت: (پاش ١٤ی تەمووز شاندێکی گەورەی سیاسی و کلتووری کۆماری چیکۆسلۆڤاکیا سەردانی هەولێریان کرد، لەیانەی نقابەی مامۆستایان بەگەرمی پێشوازیان لێکرا، پێناسی ئاهەنگەکە- عریف الحفل- مامۆستا مەجید ئاسنگەر بوو، برگەکانی ئاهەنگەکەی بەهەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی زۆر بەرەوانی پێشکەش دەکرد، تەنانەت وتاری پارتی دیموکراتی کوردستان، خۆی مامۆستا ئاسنگەر یەکسەر بەزمانی ئینگلیزی بەزارەکی- شفوی- پێشکەش کرد، هاوڕێی کۆچکردوو عادل سلیم بەزمانی کوردی و مامۆستا ست نیلوفەر

بەزمانی عارەبی وتاریان پێشکەش کرد، هاوکات ماموستا مجید بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەریدەگێڕا).

شایەنی باسە هەردوو نووسەر و گەڕیدەی بەناوبانگ لە گەشتەکانیاندا بەردەوام زانیاریەکانیان بە نووسین و بە پەخشی رادیۆیی راستەوخۆ و بە فیلم و دۆکیومێنتاری بڵاودەکردەوە. پەرتووکە بڵاوکراوەکانی هەردوو نووسەر لە ئەوروپای رۆژهەڵات بوون بە پڕ فرۆشترین پەرتووك لە سەدەی بیستەمدا کە زیاتر لە شەش ملیۆن و نیو فرۆشیان هەبووە.



ئۆتۆمبێلی گەشتەکەی شاندی چیکۆسلۆڤاکیا بۆ کوردستان، تاترا ٨٠٥







لە هەردوو وێنە: لای چەپ: زیکمۆند میروسلاڤ، لای ڕاست: جیری هانزلکا

نووسەر (زیکمۆند میروسلاڤ) لە ١٩١٩/٠٢/١٤ لە دایك بووە و لە ٢٠٢١/١٢/٠١ کۆچی دوایی کردووە، وە (جیری هانزلکا) لە ١٩٢٠/١٢/٢٤ لە دایك بووە و لە ٢٠٠٣/٠٢/١٥ کۆچی دوایی کردووە. هەردووك بەیەکەوە بوون بە ئەفسانەیەکی وڵاتەکەیان و ناوبانگێکی لە ڕاددەبەدەریان تۆمار کرد. ئەم وێنانەی خوارەوە بریتیە لە وێنەی کۆتاییەکانی ژیانیان.

## مامۆستا ئاسنگەر بۆچی خویندنی لە ئەمریکا رەتکردەوە

مامۆستا ئاسنگەر لە ساڵی ١٩٦٣ لە کاتێکدا کڵپە و ئاگری شۆڕشی ئەیلول لە جۆش و هەڵکشاندایە و وە خۆیشی لە سوێرەی پارێزگای کوت دوورخراوەتەوە، لە هەمانکاتدا قبوڵی خوێندنی ماستەر و دکتۆرای لە (زانکۆی تێمپڵ) ی ولایەتی فیلادلفیا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (Temple University) بۆدێت و لەلایەن (وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی ئەوسای عێراق - بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیە رۆشەنبیریە گشتیەکان - ناردن/ئەمریکا) (وزارة التربیة والتعلیم/ مدیریة العلاقات الثقافیة العامة – البعثات/ أمریکا) بە نووسراوێك (ژمارە ٢٧٦٧ م لە ١٩٦٣/٠٦/١٨) ئاراستەی خودی خۆی دەکرێت لە شاری سوێرە و ئاگادار دەکرێتەوە بە وەرگیرانی لە خوێندن لە ئەمریکا. پاشان چەندین جار نامەی زانکۆ بۆ مامۆستا ئاسنگەر دێت کە داوا دەکات پەیوەندی بکات و دەست بە خوێندن بکات بەڵام دواجار مامۆستا ئاسنگەر وەڵام دەنێرێت کە ناتوانێت پەیوەندی بکات. کاتێك ئێمە هەراش بووبوین و لێیمان دەپرسی لە هۆکاری لەدەستدان و رەتکردنەوەی خوێندنەکەی لە ئەمریکا دەیگوت: نەدەکرا بڕۆم لە ئەمریکا خەریکی خوێندن و دکتۆرا بم لە کاتێکدا میللەتەکەم کەوتۆتە ژێر ئاگر و ئاسن و گڕی شۆڕشمان لە جۆشەو پێویست دەکات لەوکاتەدا من لەنێو میللەتەکەی خۆمدا بم بۆ هەر ئەگەرێك. بەڵێ، لە ناخی خۆی زۆر خاکیانە بەرامبەر نیشتمان هەستی بە بەرپرسیارەتی دەکرد کە ئەمە خۆی لە خۆیدا خەسڵەتێکی سەرکردەبوونە! ئەمەو دەیاها رووداو و بەسەرهاتی تر.

شایانی وتنە ئەوسا، لە سەروبەندەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، کاتێك سوپای عێراق جوڵەی پێکرا بۆ کوردستان و شەڕ لەگەڵ هێزی پێشمەرگە دەستی پێکردەوە، دەسەڵاتدارانی ئەوسای حکومەتی عێراق، لە زاری وەزیری



الجمهوريه العراقيه

وزاره التربيه والتعليم
مديريه العلاقات الثقافيه العامه
البعثات/ امريكا

العدد ٢٢٦٧/م
التاريخ / /٦/ ٩٦٣

بالبريد المسجل الجوابى

السيد مجيد احمد امين
الصويره ـ الكوت

لقد تم قبولك بجامعه تمبل / فلادليفيا / بنسلفانيا اعتبارا من ٥/ ٩/ ٩٦٣ لدراسه متطلبات الماستر في اللغه الانكليزيه •

يرجى مراجعتنا قبل التاريخ المذكور اعلاه بمده لا تقل عن شهرين لانجاز المعاملات المتعلقه ببعثتك ولتسفيرك الى الجامعه المذكوره في الوقت المناسب •

ع. ومدير العلاقات الثقافيه العام
محمد الغياس

نسخه منه الى ـ/
وزاره الخارجيه
الملحق الثقافي في واشنطن/ كتابكم المرقم ٢٠٢٨ والمؤرخ ٤/ ٦/ ٩٦٣
مديريه البعثات/ للتعقيب
- - / ملفه الكتب الصادره

بەرگرییەوە، ئەم لەشکرکێشیەی سوپای عێراقی ناونا (گەشتێکی سوپا بۆ باکوری وڵات - نزهة للجيش العراقي في شمال الوطن)!

مامۆستا ئاسنگەر دوای ڕێگەپێدانی لە ساڵی ١٩٦٤ بە گەڕانەوەی لە سوێرەوە بۆ کوردستان راژەکەی بە فەرمی دەگوازرێتەوە هەولێر، بە فەرمانی وزاری ژمارە ٤٨٦ لە ١٩٦٤/٠٩/٢٩ دەست لەکارهەڵگرتنی لە ١٩٦٤/١٠/١١ وە دواتر بە نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی لیوای هەولێر ژمارە ١٧٠٢٠ لە ١٩٦٤/١٠/١٢ هەروەك لە دۆکۆمێنتی خوارەوە ئاماژەی پێکراوە، وەك مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەی ناوەندی (جمهوری) هەولێر دەست بەکار دەبێت.



بسم الله الرحمن الرحيم

مديرية تربية لواء اربيل
الذاتية

العدد ١٧٠٢
المحاسب الثانوى

التاريخ ٢/ ١٠/ ١٩٦٤٠
الموضوع/ نقل مدرسين

ادناه صورة الامر الوزارى ٤٨٦٠٠ فى ٢٩/ ٩/ ٩٦٤ بنقل المدرسين المدرجة اسماؤهم بذيل الامر ٠

صورة الى
مديريات المدارس ــ ــ ــ ــ ــ لاعلامنا تاريخ المباشرة ٠
شعبة الذاتية ــ ٣/ ملاك/ علاوات/ ترفيعات٠
الملفة الشخصية ١٠
الموما اليهم ــ ــ ــ ــ

المدير

ــ صورة الامر الوزارى ــ

بناء على ما جاء بكتاب مديرية التربية العامة للدراسة الكوردية ١٥٠ فى ١٩/ ٩/ ٩٦٤ ونظرا لما تقتضيه المصلحة العامة ٠٠ تقرر نقل المدرسين المبينة اسماؤهم وعناوينهم فى القائمة المرفقة طيا (ادناه) الى المدارس المؤشرة ازاء اسم كل منهم اعتبارا من تاريخه اعلاه ٠٠

| الاسم | الاختصاص | المدرسة واللواء المنقول منه | | المدرسة واللواء المنقول اليه | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ــ صديق صادق | الاجتماعيات | ثانوية قلعه سكر | الناصرية | ثانوية شقلاوة للبنين | اربيل |
| ٢ــ احمد عبدالكريم | العربية | دار المعلمين | " | " " | " |
| ٣ــ ابراهيم الملا محمد | " | اعدادية الشطرة | " | " رواندوز | " |
| ٤ــ حسين عزيز رشوانى | " | ثانوية الديوانية | الديوانية | متوسطة اربيل " | " |
| ٥ــ محمد عارف رؤوف | الانكليزية | ثانوية الزبير | البصرة | ثانوية رواندوز | " |
| ٦ــ مجيد احمد حداد | " | الصويرة " | الكوت | متوسطة الجمهورية " | " |
| ٧ــ نورالدين مصطفى | " | اعدادية الشطرة | الناصرية | ثانوية شقلاوة " | " |
| ٨ــ برهان الدين نجم الدين | " | دار المعلمين | الديوانية | متوسطة اربيل " | " |
| ٩ــ جمال عزيز عمر | الرياضيات | ثانوية قلعة صالح | العمارة | اعدادية اربيل | " |
| ١٠ــ محمد حسين محمد | العربية | متوسطة الجزائر | الناصرية | متوسطة ديبكة | " |

ــ ــ ــ ــ ــ ــ

م ا/ رفعت ١١



- ٦ -

الوظائف التي تقلدها الموظف لدى الحكومة

| نوع الوظيفة | التاريخ من | الى | الراتب | المخصصات | رقم الامر وتاريخه | التوقيع رئيس الدائرة |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مدرس ثانوية الصويرة | ٦١/٥/٦ | ٦١/١١/٢٥ | ٢٨ --- | ٢٤٨٠٦ | ٦١/٥/٦ | نقل |
| = | ٦١/١١/٢٥ | ٦٢/١١/٢٥ | ٢٩ --- | ٢٧٦٢١ | ٦٢/١٢/٢٧ | علاوة |
| = | ٦٢/١١/٢٥ | ٦٣/١١/٢٥ | ٤٠ --- | ٢٤٧٢٢ | ٦٤/١١/١١ | = |
| = | ٦٣/١١/٢٥ | ٦٤/١١/٢٥ | ٤١ --- | ٢٢٦٧٤ | ٦٣/١١/١ | = |
| = | ٦٤/١١/٢٥ | | ٤٢ --- | ٢٢٨٤٠ | ٦٤/١١/١ | = |

تقرر نقله الى مديرية التربية لواء اربيل بالامر الوزاري المرقم ---٤٨٦ والمؤرخ في ٢٩/٩/٩٦٤ انفك من وظيفته اعتبارا من ١١/١٠/٩٦٤ ...

| نوع الوظيفة | التاريخ من | الى | الراتب | المخصصات | رقم الامر وتاريخه | التوقيع رئيس الدائرة |
|---|---|---|---|---|---|---|
| م. متوسط الجمهورية | ٦٤/١٠/١٧ | | ٤٢ --- | ٤٣٣١٧ | ٦٤/١٢/٤ | المباشرة |
| = | ٦٥/٢/٨ | | ٥٠ --- | ١٠٧٤٨ | ٦٥/٢/١٢ | الترفيع |
| = | ٦٥/٤/٢٨ | ٦٥/٤/١١ بدلا من | ٥٠ --- | ١٤٢٧١ | ٦٥/٤/٤ | تأريخ بدلا من [illegible] |
| = | ٦٦/٢/٢٨ | | ٥٢ --- | ٢٩٩٧ | ٦٦/٢/١٤ | العلاوة |
| م. دار المعلمين | ٦٦/١/٦ | | ٥٢ --- | ١٥٨٠١ | ٦٦/١/٦ | نقل |
| | | | | ١٦٨٩١ | ٦٦/٥/١٠ | = |

عادل مصطفى
م. مدير التربية والتعليم
اربيل

ابراهيم [illegible]

لاپەڕە ٦ ی پەڕاوی ڕاژەی مامۆستا ئاسنگەر

## مامۆستا ئاسنگەر دەگەڕێتەوە هەولێر

دوابـەدوای دوورخسـتنەوەی مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر بـۆ شـارۆچکەی سـوێرە لـە پارێـزگای کـوت وە گەڕانـەوەی و گواسـتنەوەی راژەکـەی بـۆ هەولێـر، لـە قوتابخانـەی ناوەنـدی (جمهـوری) هەولێـر وەك مامۆسـتای زمـانی ئینگلیـزی دەسـت بـەکار دەبێـت. بەڕێـز پرۆفیسـۆر دکتـۆر عـەلی جـوکل لـە یادەوەریـەکانی بـۆ مامۆسـتا ئاسـنگەر، کـە ئـەوکات لـە ناوەنـدی جمهـوری هەولێـر قوتـابی دەبێـت، دەگێڕێتـەوە و دەڵێـت:

(بـە هاتنـی مامۆسـتا ئاسـنگەر بـۆ قوتابخانەکەمـان، ئێمـەی قوتابـی بەتایبەتـی ئـەو قوتابیانـەی کـە زیاتـر بەشـداری کاری رێکخسـتنەکانی بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی کوردمـان کردبـوو زۆر پێـمان خۆشـبوو لەبـەر دوو هـۆ، یەکەمیـان دەمانـزانی کـە مامۆسـتا ئاسـنگەر نیشـتمانپەروەر و خەباتگێڕ و نووسـەر و شـاعیرە و ئومێـدی دڵسـۆزی و پێشـکەوتنمان بـەدی کـرد وە دووەمیـان لەبـەر ئـەوە بـوو ناوەندییەکەمـان دوای کۆچکردنـی مامۆسـتای ئینگلیـزی خوالێخۆشـبوو مامۆسـتا (کەمـال صدیـق) مامۆسـتای ئینگلیـزی تەنیـا مامۆسـتا باکـووری مابـۆوە و کەلێنێـکی گـەورەی پێویسـتی مامۆسـتای زمـانی ئینگلیـزی قوتابخانەکـەی پڕکـردەوە). هەروەهـا دکتـۆر عـەلی جـوکل دەڵێـت: (دەمانزانـی کـە مامۆسـتا ئاسـنگەر زۆر نیـە لـە بەندیخانـە ئازادکـراوە و لـە دوورخراوەیـی (نفـي) گەڕاوەتـەوە کـە لەسـەر پارتایەتـی و نیشـتمانپەروەری گیرابـوو پاشـانیش دوورخرابـۆوە بـۆ سـوێرە (صویـرە) لـە پارێـزگای کـوت. هەروەهـا ئەوەشـمان زانـی بـوو کـە ئـەو مامۆسـتا بەڕێـزە وەرزش دۆسـت و یاریزانێکـی زۆر چاکـە لـە تۆپـی پـێ و تۆپـی بالـە دا).

لـە شـوێنێکی تـردا دکتـۆر عـەلی جـوکل دەڵێـت: (مامۆسـتا ئاسـنگەر ئێمـە و قوتابیـەکانی بـە گیانـی نەتەوەیـی و شۆڕشـی ئەیلوولـی مـەزن پـەروەردەی دەکردیـن. رۆژێکیـان قوتابییـەکان زۆر مشـەوەش و پەشـێو بـوون، هۆیەکەشـی

ئـەوە بـوو کـە یەکێـك لـە پیاوانـی دەزگا ئەمنییەکانـی ئەوسـا هاتـن مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەریان لەگـەڵ خۆیـان بـرد، بـەڵام خـوا کـردی هەریـەك دوو سـەعاتی پێچـوو گەڕایـەوە). هەروەهـا دکتـۆر عـەلی جـوکل بـاس لـەو مامۆسـتایانە دەکات کـە ئـەوکات لـە قوتابخانـەی ناوەنـدی جمهـوری مامۆسـتا بـوون کـە بریتـی بـوون لـەم بەڕێزانـە:

(مامۆسـتا عەبدولمەجیـد و مامۆسـتا فـازڵ شـەوکەت و مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر و مامۆسـتا حوسـێن رەشـوانی و مامۆسـتا عەبدولـڕەزاق محەمـەد حـەداد و مامۆسـتا عەبدولکەریـم محەمەدەمیـن مەنتـك و مامۆسـتا عەبدولـڵا سـەعید ...). دکتـۆر جـوکل دەڵێـت لەسـەر دەسـتی ئـەم مامۆستا دڵسـۆزانە چەندیـن دکتـۆر و ئەندازیـار و خەباتگێـڕ و ئەدیـب و نووسـەر... هتـد پێڕاگەیشـتن.

مامۆسـتا ئاسـنگەر دوای سـێ سـاڵ مامۆسـتایەتی لـە ناوەنـدی جمهـوری هەولێـر، لەبـەر لێهاتوویـی و دڵسـۆزی و کەسـایەتیەکەی، لـە تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٦٦ دەگوازرێتـەوە بـۆ خانـەی مامۆسـتایانی سـەرەتایی هەولێـر (دار المعلمـین الأبتدائیـە) و پاشـان دەکرێـت بـە بەڕێوەبـەری خانەکـە.

پێویسـتە ئامـاژە بدەیـن کـە مامۆسـتا ئاسـنگەر دوای گەڕانـەوەی لـە سـوێرە بـۆ هەولێـر لـە سـاڵی ١٩٦٤ و دەسـتبەکار بـوونی لـە قوتابخانـەی ناوەنـدی جمهـوری هەولێـر هەمـان سـاڵ لـە گـەڵ مامۆستا خاتـوو (پەرژیـن عـەونی)، کـە وەك پیشـە مامۆسـتا بـوو وە کچـی شـاعیری گـەورە و نەمـری کـورد (عوسـمان عـەونی) بـوو، ژیـانی هاوسـەرگیری پێـك دەهێنێـت و ماڵێـك لـە هەولێـر دادەنێـن.

## مامۆستا ئاسنگەر
## بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایانە لە هەولێر ١٩٦٦ - ١٩٧١

مامۆستا ئاسنگەر لەبەر لێهاتوویی و ئەزمون بە فەرمانی کارگێڕی ژمارە ١٥٨٠١ بەرواری ١٩٦٦/١٠/٦ لە قوتابخانەی ناوەندی جمهوری هەولێر بۆ خانەی مامۆستایان دەگوازرێتەوە، پاشان بە فەرمانی کارگێڕی ژمارە ٨١٩ لە ١٩٦٦/١٢/٣١ وەك بەڕێوەبەری خانە دەستبەکار دەبێت. سەرتا فەرمانی مامۆستا وەك بەڕێوەبەر بە وەکالەت دەبێت بەڵام دوای نزیکەی دوو ساڵ بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەغداد/ئامادەکردنی مامۆستایان ژمارە ٣٣٥٣ لە ١٩٦٩/٠٩/٢٢ و فەرمانێکی کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و فێرکردنی لیوای هەولێر، بە ئیمزای بەڕێوەبەری پەروەردە مامۆستا نەشئەت محمد سەفوەت، فەرمانی جێگیرکردنی وەك بەڕێوەبەر بە ژمارە ٢٢٧٣٤ لە ١٩٦٩/١٠/٥ بۆ دەردەچێت (بڕوانە پەڕاوی راژەی مامۆستا لەگەڵ فەرمانی کارگێڕی خوارەوە). مامۆستا ئاسنگەر بۆ ماوەی چوار ساڵ وەك بەڕێوەبەرێکی کارامە و دڵسۆز و کوردپەروەرانە خزمەت بە پێگەیاندنی مامۆستایان لە رۆڵەکانی کوردستان دەکات. خانەی مامۆستایان لە هەولێر قوتابیانی زۆربەی دەڤەرەکانی کوردستان (هەولێر و کۆیە و رواندز و دهۆك و ئاکرێ و ئامێدی و ... هتد) تیایدا دەیانخوێند جگە لە قوتابیانی سلێمانی. دەکرێت بگوترێت کەوا خانەی مامۆستایانی هەولێر بۆ هەلومەرج و سەردەمی خۆی کاریگەری و کەسایەتی مەعنەوی وەك زانکۆ و زیاتریش هەبوو کە بە بەرزترین دەزگای زانستی و فێرکردن ئەژمار دەکرا لە کوردستان چونکە تا ئەوکات لە شارە کوردستانییەکان هیچ زانکۆیەك نەبوو.



نموذج عام (١٨)

مجيد احمد امين حداد

٢٤ ٣

دفتر الخدمة

بەرگی یەکەمی پەڕاوی ڕاژەی فەرمانبەریەتی مەجید ئاسنگەر
کە تیایدا زۆربەی شوێن و قوتابخانە و ئەرکەکانی مامۆستا ئاسنگەر تۆمارکراوە بە ژمارە و بەرواری فەرمانەکانیشەوە



- ١ -

- ترجمة الحال -

١ - الاسم مجيد

٢ - اسم الاب احمد امين حداد

٣ - اسم الام زهوه

٤ - الديانة مسلم

٥ - محل وتاريخ الولادة كوي سنجق

٦ - التحصيل دار المعلمين العالية

٧ - اللغات التي يحسنها الانكليزية، العربية، الكردية، التركية

٨ - توقيع الموظف

لواء الموصل

لاپەڕەی زانیاری مەجید ئاسنگەر لە پەڕاوی راژە



- ٧ -

العراقية والادارة الملكية

شدالخدمة موضوع ايلار

| نوع الوظيفة | التاريخ | الراتب | المخصصات | رقم الامر وتاريخه | توقيع رئيس الدائرة |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ٣٠- دار المعلمين | ٦٦/١٠/١٦ | ... ٥٤ | ٢٣٩ | ٩٦٦/١٠/١٦ | الحيا ستره |
| كذا | | | | | |

انفك من وظيفة مدرس متوسط الجمهورية في ٩٦٦/١٠/١٥ بعد استلام نقل الى دار المعلمين بالامر الاداري ١٥٨ في ٩٦٦/١٠/١٦ ترشح لادارة دار المعلمين الابتدائية بأمرنا المرقم ٨١٩ في ٩٦٦/١٢/٢١

| نوع الوظيفة | التاريخ | الراتب | المخصصات | رقم الامر وتاريخه | توقيع رئيس الدائرة |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| مدير دار المعلمين الابتدائية | ٦٧/٢/٢٨ | ... ٥٤ | ١٥٩١ | ٩٦٧/١/٢٩ | العلاوة السنوية |
| كذا | ٦٨/٢/٢٨ | ... ٥٦ | ١٧٩٤ | ٦٨/١/٢٥ | العلاوة |
| كذا | ٦٩/٢/٢٨ | ... ٥٨ | ٢٨٠٥ | ٦٩/١/٢٩ | العلاوة |
| كذا | ٦٩/٢/٤ | ... ٧٠ | ٢٣٩٠٢ | ٦٩/٤/١٨ | الترفيع |
| كذا | ٩٦٩/٩/٢ | ... ٧٠ | ٢٢٥٢ | ٩٦٩/٩/٢٠ | التشبيه بادارة مدرسة |
| كذا | ٩٧٠/٢/٤ | ... ٧٢ | ٤٨٨ | ٩٧٠/٢/٢٤ | العلاوة |

عادل مصطفى
م. مدير التربية والتعليم
اربيل

ابراهيم محمد امين

لاپەڕە ٧ ی پەڕاوی راژەی مەجید ئاسنگەر
فەرمان و رۆژی گواستنەوە و جێگیرکردنی وەك بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایان نیشاندراوە



((بسم الله الرحمن الرحيم))
الجمهورية العراقية

مديرية التربيةوالتعليم للواء اربيل — العدد / ٢٢٧٢٤
الذاتيـــة — التاريخ / ٥ / ١٠/ ١٩٦١

—— امر اداري ——

م/ تثبيت مدير مدرسة

بناء على ماجاء بكتاب مديرية التعليم العامة / اعداد المعلمين المرقم س/ ٣٢٥٢/ [illegible] في ٢٢/ ٩/ ١٩٦١ تقرر تثبيت السيد مجيد احمد حداد وكيل مدير مدرسة دار المعلمين الابتدائية في لوائنا بادارة المدرسة المذكورة اعتبارا من تاريخه اعلاه

نسخة منه الي :ـ

رئاسة مجلس الخدمة العامة
مديرية المحاسبات العامة
مفتشية التربية العامة
مديرية التعليم العامة/ اعداد المعلمين
مديرية خزينة لواء اربيل
نقابة المعلمين ـ فرع اربيل
ادارة دار المعلمين الابتدائية للبنين ـ لاعلامنا بتاريخ المباشرة
المحاسب الثانوي
الطفة الشخصيه ـ مع الاوليات
الموما اليه

نشأة محمد صفوة
مدير التربيةوالتعليم للواء اربيل

موولود / ٥/ ١٠

فەرمانی کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و فێرکردنی لیوای (پارێزگای) هەولێر
تایبەت بە جێگیرکردنی مەجید ئاسنگەر لە ئەرکی بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایان

نووسەری گەورەی کورد مامۆستا حەمەکریم هەورامی کە مامۆستای بواری سایکۆلۆژی دەبێت لە خانەی مامۆستایان دەڵێت:

(ساڵی ١٩٦٧ بوو، بەڕێوەبەری خانە (مامۆستا مستەفا حسین شعبان) بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەولێر گوێزرایەوە و بەڕێوەبەرێکی نوێی بۆ دانرا، من تا ئەو دەمەی بەڕێوەبەرە تازەکە دەستی بەکار کرد نەمناسیبوو، بەڵام گوێم لەناوی بوو، کە ناوی (مەجید حەداد- ئاسنگەر)ە، کە دیم بۆم دەرکەوت تا بڵێی کەسێکی پڕ نەزاکەت و بێلاف بوو، خانەی مامۆستایان بەڕێوەبەرێکی وەهای پێویست بوو بۆ ئەوەی ببێ بە پێشەنگی مامۆستایان و قوتابی و دەست و پەیوەندی خانە، کە دەزگایەکی پەروەردەیی بوو. بەڕاستی ئەو بەڕێوەبەرە (مەجید ئاسنگەر) بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەو قوتابخانەیە کەسێکی گونجاو و هەڵکەوتە بوو بەدرێژایی سێ تا چوار ساڵ کە بەڕێوەبەر بوو هیچ گرفتێك چ لە ناو مامۆستایاندا یان لە نێو قوتابیاندا رووی نەدا. کە ئەمە بەڵگەی سەرکەوتوویی و ژیری بەڕێوەبەر و دەستەی بەڕێوەبەرایەتی دەگەیەنێ).


حەمەکریم هەورامی



ڤیستیڤاڵی وەرزشی و موسیقای ساڵانەی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی هەولێر ١٩٦٧/٤/٢٧- لە راستەوە: سەعید زەینی (وەکیلی پارێزگاری هەولێر)، مەجید ئاسنگەر (بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایان)، عەزیز مەولود (سەرپەرشتیاری چالاکی وەرزشی)



راوەستاوەکان لەلای راستی وێنەکەوە: جەلال غەریب، ناسر یوسف، مەجید ئاسنگەر (بەڕێوەبەر)، غانم محەمەد، فوئاد شێخ جەمال و ئەویتر نەناسراوە. دانیشتووەکان قوتابین.



راوەستاوەکان: مەجید ئاسنگەر (دووەم لە لای چەپ)



لە ئەرشیفی مامۆستا حاجی محي الدین غەفوری وەرگیراوە : ١٩٦٧/٠٣/٢٢ گەشتێك لە دەشتی شارەزوور: لە دەستی چەپی وێنەکەوە: خالید سەعید غەفوری، مامۆستا مەجید ئاسنگەر، مامۆستا معتصم مەلا مجید موفتی، مامۆستا حاجی محي الدین غەفوری، مامۆستا مشیر سەعید غەفوری، محمد علي گچکە (شوفێر بوو لە گەشتەکە)، پارێزەر کمال محي الدین غەفوری.



له رۆژی دووشه‌مه رێکه‌وتی ٢٢/٣/١٩٦٧ له ده‌شتی شاره‌زوور وه‌رگیراوه

له چه‌پەوه: ١- د. خالید سه‌عید غه‌فووری

٢- م. مجید احمد ئاسنگه‌ر

٣- م. معتصم ملا مجید مفتی

٤- م. حاجی محی‌الدین غه‌فووری

٥- م. مشیر سه‌عید غه‌فووری

٦- محمد علی گچکه سائق بوو لەگەڵمان

٧- پارێزه‌ر کمال محی‌الدین غه‌فووری



ڤیستیڤاڵی وەرزشی و موسیقای ساڵانەی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی هەولێر ١٩٦٨/٤/٩

دانیشتوە لە راستەوە: مامۆستا مەعروف عبدالله (سەرپەرشتیار) مامۆستا نەشئەت محمد سەفوەت (بەڕێوەبەری پەروەردە)
دانیشتوە نزیکەکان لە راستەوە: مەجید ئاسنگەر (بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایان)، مامۆستا عزالدین فەیزی (سەرپەرشتیار)، مامۆستا خدر مەولود (بەڕێوەبەری ئەربیلی ئولا)، مامۆستا کمال عبدالقادر نەشئەت جەلی زادە (یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئەربیل)، منداڵەکە بەهمەن خدر مەولود (قوتابی سەرەتایی لەگەڵ باوکی ئامادە بووە)



ڤیستیڤاڵی وەرزشی و موسیقای ساڵانەی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی هەولێر ١٩٦٨/٤/٩

لە راستەوە: عادل مستەفا (یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەروەردە)، نەشئەت محمد سەفوەت (بەڕێوەبەری پەروەردە)، خدر حسێن دزەیی (یاریدەدەری بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایان)، مەجید ئاسنگەر (بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایان و پەیمانگەی مامۆستایان)



ڤیستیڤاڵی ساڵانەی خانەی مامۆستایان لە هەولێر، سێشەممە ١٩٦٨/٤/٩

دانیشتوان لە راستەوە: مەجید ئاسنگەر (بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایان)، عزالدین فەیزی (سەرپەرشتی یەکەمی پەروەردەیی)، خدر مەولود (بەڕێوەبەری قوتابخانەی یەکەمی سەرەتایی)، کەمال عبدوالقادر (یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەی یەکەمی سەرەتایی)، خدر حسێن دزەیی (یاریدەدەری بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایان)، ... (ناوی نەناسراوەتەوە)، عبداللە عەزۆ مەرعی عەزیز (مامۆستا لە خانەی مامۆستایان)، د.موحسین محەمەد حەمرا (مامۆستا لە خانەی مامۆستایان وە دواتر بوو بە مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین)، کەمال حسێن غەمبار (مامۆستا لە خانەی مامۆستایان)

مامۆستا حەمەکەریم هەورامی لە بەردەوامی یادەوەریەکانی دەڵێت:

(لەیادمە یەکدوو مامۆستای کەمتەرخەم هەبوون، هەندێ لە وانەکاندا دوادەکەوتن، یان لەگەڵ قوتابییەکاندا گێچەڵیان دەنایەوە، بەڵام بەرلەوەی لە قوتابخانە دەنگ بداتەوە، یان بگاتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەولێر، یان تەشەنە بکات گیروگرفتەکە بەشێوەیەکی پەروەردەیی چارەسەر دەکرا. (نە شیش دەسووتا و نە کەباب) ئەمە بەڵگە و نیشانەی سەرکەوتنی بەڕێوەبەری دەگەیاند کە بەڕێز مامۆستا (مەجید ئاسنگەر) بوو، بڕواناکەم خانەی مامۆستایان لە هەولێر بەڕێوەبەری وەك ئەوی هەبووبێ).

پرۆفیسۆر دکتۆر عەلی جوکل کە رۆژانێك خۆیشی قوتابی و دەرچووی خانەی مامۆستایانە دەڵێت:

(ئەوکاتەی کە ئێمە چووینە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی کە ئەوکات بەڕێوەبەرەکەی مامۆستا مستەفا حوسێن شەعبان بوو کە خەڵکی ئامێدی بوو گوازرایەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر و کرا بە سەرپەرشتیار و مامۆستا مەجید ئاسنگەر کرایە بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایان، بەتایبەتی ساڵی ١٩٦٧- ١٩٦٨ هەر ئەو ساڵە پۆلێکیان کردەوە بەناوی ئامۆژگای (پەیمانگەی) مامۆستایان کە ئەوکات قوتابیانی دەرچووی پێنجەمی ئامادەییان وەرگرت، ئەوکات خوێندنی دواناوەندی و ئامادەیی تا ساڵی ١٩٦٨- ١٩٦٩ هەتا پێنج بوو پاشان بوو بە شەش ساڵ واتە پۆلی شەشەمیش زیادبوو).

مامۆستا ئاسنگەر وەك بەڕێوەبەری خانەو کارگێڕێکی سەرکەوتووی خاوەن کەسایەتی و کارێزما توانیبووی، سەرەڕای ململانێی سیاسی نێوان لایەنەکانی ئەو سەردەمەی سەر بە باڵە جیاوازەکان، توانیبووی پارسەنگ و تەرازووی نێوانیان وەك کەسێکی نیشتمانپەروەر و دادپەروەر و سەرکەوتوو لە ئەرکە پەروەردەییەکە بپارێزێت. هەمدیسان دکتۆر عەلی جوکل دەڵێت:

(هەرچەندە ئەوکات لە رووی سیاسییەوە ململانێکی زۆر هەبوو لە نێوان

باڵی مەکتەبی سیاسی (جەلالیەکان) و سەرکردایەتی شۆڕش (مەلاییەکان) بەڵام لەبەر ئەوەی مامۆستا مەجید ئاسنگەر کەسایەتییەك بوو لە بەر خەباتی رابردووی وەك سەرکردەیەکی خەباتگێڕی ئەو سەردەمە سەیر دەکرا، هەر دوو لا ریزیان لێدەنا، ئەویش وەك کارگێریەك و بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بێ لایەنی خۆی پاراستبوو، لە راستیدا هەردوولا هەڤاڵ و هاوڕێی مامۆستا بوون). دکتۆر عەلی جوکل دەڵێت لەسەردەمی مامۆستا مەجید زۆرترین بایەخ درا بە بوارەکانی ژیاری و هونەری و ئەدەب و مۆسیقا و شانۆ و چەندین چالاکی پێشکەش دەکران و دەبونە مایەی هاندانی زیاتر بۆ قوتابیان. زۆربەی کار و چالاکییە هزری و رۆشەنبیریەکان بە هاندانی مامۆستایان مەجید ئاسنگەر و دکتۆر موحسین محەمەد حمرا و مامۆستا حەمەکەریم هەورامی و دکتۆر بەدرخان سندی بوون و زۆر لە قوتابیانیش بەم هاندانە جگە لە خوێندن لە بوارە رۆشەنبیری و فکری و هونەریەکان پێشەنگ بوون لەوانە: نووری ئیسماعیل نانەکەلی و مامۆستا سەعد عبداللە و جەمیل رەنجبەر و عبدولمەجید بدل و عبداللە پەشێو و سۆران عزالدین فەیزی و داود شرۆل و حسام بەرزنجی و کاکل (بەهرام) محەمەد تاهیر و ئازاد دڵزار و دکتۆر عەلائەدین محەمەد رەشید و دکتۆر ئیبراهیم ئەحمەد شوان وە لە بواری شانۆ قوتابیان سەمیر عەبدولسەتار و صابر عبدالرحمن و وریا احمد و چەندانی دی ...).

مامۆستا حەمەکریم هەورامی باس لە رۆڵی خانە و مامۆستا و بەڕێوەبەرە دڵسۆزەکەی دەکات لە هاندان و پێگەیاندنی کەسایەتی سەرکەوتوو، نەك هەر وەك پێگەیاندنی مامۆستا بەڵکو لە رووە رۆشنبیری و هونەری و نیشتمانپەروەییەکەشیەوە. بەڕێوەبەر و دەستەی مامۆستایان باوەڕیان وابوو کەوا پێگەیاندنی مامۆستای سەرکەوتوو بەبێ پێگەیاندنی لایەنی نیشتمانپەروەری و رۆشنبیری جۆراوجۆر ناتوانێت ئامانجی خۆی بەدی بهێنێت. مامۆستا

حەمەکریـم هەورامـی دەڵێـت:

(خانـەی مامۆسـتایان گەلـێ مامۆسـتای سـەرکەوتوو و نووسـەر و شـاعیری پێگەیانـدن، بـۆ نمونـە: عەزیـز گـەردی، جەمیـل ڕەنجبـەر، محەمـەد کەریـم شـەریف).

مامۆسـتا حەمەکریـم هەورامـی بـەردەوام دەبێـت و دەڵێـت: (هـەر ئـەو دەمـەی کـە مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر بەڕێوەبـەر بـوو، دەورەیەکـی پەروەردەیـی بـۆ ئـەو دەرچوانـەی شەشـی ئامادەیـی کرایـەوە، بـۆ ئەوانـەی ئارەزوویـان هەبـوو ببـن بـە مامۆسـتای سـەرەتایی، دەورەکـە شـەش مانـگ بـوو، یەکێـك لـەو قوتابیانـەی دەورەکـە (عەبدوڵـڵا پەشـێو) بـوو، ئـەو دەورەش بەسەرپەرشـتیاری بەڕێوەبـەری خانـەی مامۆسـتایان مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر بـوو).

مامۆسـتا مەغدیـد حاجـی لـە گێڕانـەوەی یادەوەریـەك دەربـارەی ڕۆڵـی مامۆسـتا ئاسـنگەر لـە خانـەی مامۆسـتایانی هەولێـر، کـە وەك مامۆسـتا و ڕۆشـنبیر و کەسـایەتی نیشـتمانپەروەر نـاوی دەبـات، دەڵێـت:

(یەکێـك لـەو مەڵبەندانـەی شـاری هەولێـر لـە سـاڵانی شەسـتەکان تاکـو ڕاگەیانـدنی ڕێککەوتننامـەی ١١ ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠ خانـەی مامۆسـتایانی هەولێـر بـوو، کـە مامۆسـتا و قوتابیـەکانی ڕۆڵـی بەرچاویـان هەبـوو لـە پشـتگیری و هاوسـۆزی بـۆ بزووتنـەوەی کوردایـەتی و چینایـەتی کـە هـەردوو حیـزبی خەباتـکار پـارتی دیموکـراتی کـورد و حیـزبی شـیوعی ئێـراق بەیەکـەوە بەشـداری کارایـان تێـدا هەبـوو. لـەو کاتـەدا کـە مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر بەڕێوەبـەری خانـەی مامۆسـتایان بـوو، ژمارەیـەك مامۆسـتای دڵسـۆز و نیشـتمانپەروەریش وەکـو د.موحسـین محەمـەد حوسـێن و د.بدرخـان سـندی و جـەلال غەریـب و جـەواد ڕەسـول ناجـی و حەمەکریـم هەورامـی و جەلیـل عەبدوڵـڵا و نـاسر یوسـف ... هتـد، ڕۆڵـی بەرچاویـان دەبینـی لـە گۆشـکردنی قوتابیـان بـە هەسـتی کوردایـەتی و نیشـتمانپەروەری، جگـە لـە ڕاپەڕانـدنی ئـەرکی زانسـتی و پەروەردەیـی سەرشـانیان.

مامۆستا مەجید ئاسنگەر، جگە لەوەی بەڕێوەبەرێکی لێهاتوو بوو، لای زۆرینەی قوتابیان خۆشەویست بوو، رۆشنبیر و پەروەردکارێکی سەرکەوتوو بوو، وتارەکانی رۆژانی پێنجشەممە، کە بە دەنگ و هەست و سۆزێکی کاریگەر پێشکەش بە کۆی قوتابیانی دەکرد، هەموو زۆر بە پەرۆشەوە گوێمان لێی دەگرت و پەند و ئامۆژگاری و رێنمایی دروستمان تیایاندا بەدی دەکرد).

خانەی مامۆستایان بۆ یەکەمجار لەسەردەمی مامۆستا مەجید ئاسنگەر لە ساڵی ١٩٦٩ ژمارە (١)ی گۆڤاری (تیشك) ی دەرچوواند کە مامۆستا حەمەکەریم هەورامی و قوتابیان شەهید نووری ئیسماعیل نانەکەلی و دکتۆر عەلائەدین محەمەد رەشید رۆڵی سەرەکییان لە ئامادەکردن و نووسین و دەرهێنانی بینی و مامۆستایان و قوتابیان بە شیعر و نووسین و چیرۆك بەشداریان تێدا کرد وە ساڵی دواتریش لە ١٩٧٠ ژمارەی دووەمی دەرچوو. لە یادگاریەکانی مامۆستا و نووسەر حەمەکریم هەورامی دەربارەی ئەم گۆڤارە دەڵێت:

(ساڵی ١٩٦٨ بوو نیازمان هاتە سەر ئەوە گۆڤارێك دەربکەین، گۆڤارەکە مامۆستا و قوتابیانی (دارالمعلمین الابتدائیة) لە هەولێر دەری بکەین، کە پرسمان بە بەڕێوەبەر مامۆستا مەجید کرد، راستەوخۆ رەزامەندی پێشاندا، ئەویشمان بە سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەر دانا و گۆڤارەکەمان ناونا «تیشك» ژمارە (یەك) و (دووی) لێ دەرچوو، دەستەی نووسەری گۆڤارەکە بریتی بوون لە: مەجید ئاسنگەر، حەمەکەریم هەورامی، فاتح محەمەد، وە لە قوتابیان (نوری نانەکەلی)).


( Kovarî Tîşik )

( Hewlêr )

(( گۆڤاری تیشك سالّی ١٩٧٠ ))

قوتابیانی قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی کوڕان

لە هەولێر دەری ئەکەن

2582 K. (1970)

Nirxî [75] Fils


– ١ –

سالّی یەکەم ١٩٦٩ ز

ژمارە ١ ٢٥٨١ ك

تیشك گۆڤاریکی پەروەردەیی سالانەیە ، قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی و ئاموزگاری ئامادەکردنی مامۆستایان لە هەولێر دەری ئەکات ،

( دەستەی نوسەران )

١– مامۆستا مەجید ئاسنگەر – بەڕیوەبەری قوتابخانە ،
٢– = حەمە کەریم رەمەزان – مامۆستای پەروەردەو زانستی دەروونی ،
٣– = فاتح موحەممەد – مامۆستای زمانی کوردی ،
٤– لیژنەی
أ – پەروەردەو زانستی دەروونی ،
ب – زمانی کوردی ،
٥– سکرتیری لیژنەی زمانی کوردی – نوری ئیسماعیل ئانەکەلی ،

دانەی – بە ٧٠ فلسە

مامۆستا حەمەکەریم ناوی مامۆستاکانی خانەی مامۆستایان دەهێنێت و دەڵێت بریتی بوون لەم بەڕێزانە:

(خالص جواد یاریدەدەری بەڕێوەبەر، حەمەکەریم هەورامی مامۆستای سایکۆلۆژی، بدرخان سندی مامۆستای سایکۆلۆژی، هاشم حسن عەقراوی مامۆستای کۆمەڵایەتی، جەلال غەریب مامۆستای عەرەبی، ضیا القصاب مامۆستای مۆسیقا، شێخ بورهان بەرزنجی مامۆستای ئینگلیزی، فوئاد شێخ جەمال مامۆستای بایۆلۆجی، جواد رەسول مامۆستای هونەر، ... هی تریش).

لە هەمان کات دکتۆر عەلی جوکل لە باسی مامۆستایانی خانە ئەو بەڕێزانەمان بۆ باس دەکات:

(مامۆستاکانی ئەو کات خوالێخۆشبوو مامۆستا خدر حوسێن کە مامۆستای فیزیا بوو و لە هەمان کات یاریدەدەری بەڕێوبەریش بوو، مامۆستا فوئاد شێخ جەمال مامۆستای زیندەوەر زانی بوو، مامۆستایان متی درمان خمو و مامۆستا عەبدولمەجید مامۆستایانی ئینگلیزی بوون، مامۆستا نەجیب و مامۆستا جەلال علی شا مامۆستایانی بیرکاری بوون، مامۆستا فاتح و مامۆستا عمر رحمان مامۆستایانی زمانی کوردی بوون، مامۆستا غازی محەمەد ئیسماعیل مامۆستای کشتوکاڵ بوو. ئەم مامۆستا بەڕێزانە هەمووان بەیەکەوە لەگەڵ بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوبەر ستافێکی سەرکەوتوویان پێکهێنابوو. وە پێویستە بگوترێت کە بەڕێز مامۆستا غانم کە پسپۆری زانستە کۆمەڵایەتیەکان بووەوە خەڵکی شاری موسڵ بوو بە هەمان شێوە خاوەن رێز و کەسایەتی خۆی بوو دڵسۆزانە کاری دەکرد).

شایەنی باسە بگوترێت کە مامۆستا غانم پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی نزیکیشی لەگەڵ مامۆستا ئاسنگەر پێکهێنابوو وە مامۆستا ئاسنگەر رێزی زۆری لێدەگرت وەك میوانێك لەم شارە تا ئەورادەیە لە خۆشەویستی و کاریگەری مامۆستا ئاسنگەر لەسەر مامۆستا غانم دوای گەڕانەوی بۆ موسڵ و ئەنجامدانی

هاوسـەرگیری کچێـکی دەبێـت و لـە خۆشەویسـتی و وەفـای بـۆ مامۆسـتا ئاسـنگەر نـاوی کچەکـەی بـە نـاوی کچەکـەی مامۆسـتا ئاسـنگەرەوە دەنێـت بـە نێـوی (رۆژان). پاشـانیش لـە هەشـتاکان تـا ماوەیـەکی زۆر سـەردان و هامـۆشی خێـزانی لـە نیوانیـان بـەردەوام دەبێـت.

مامۆسـتا حەمـە کەریـم هەورامـی دەربـارەی چارەنـوسی خانـەی مامۆسـتایان دەڵێـت:

(پـاش بەیاننامـەی ١١ ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠ خانەکانـی مامۆسـتایانی سـەرەتایی لــە هەمــوو پارێزگاکانــدا بــە فەرمانــی حکومــەت داخــران. ئێمــە دەســتەی مامۆســتایان و بەڕێوەبــەر دوای دەرچووانــی دوا وەجبــەی قوتابیــان ماینــەوە، هەریــەك لــە چاوەڕوانــی ئــەوە دابوویــن بەســەر قوتابخانەکانــدا دابەشــمان بکــەن. تەگبیــر هاتــە ســەر ئــەوە بڕۆیــن بــۆ لای پارێــزگاری ئــەو کاتــەی هەولێــر کــە عبدالوهــاب ئەتروشــی بــوو کــە دوای بەیاننامــەی ١١ ی ئــادار بــە پێشـنیاری مەکتەبـی سیاسـی کـورد و خوالێخۆشـبوو سـەرۆك بارزانـی دانرابـوو، بەڕێــز مامۆســتا مەجیــد ئاســنگەر وەك بەڕێوەبــەری خانــە لەگــەڵ دەســتەیەك لــە مامۆســتایان پێشــمان کــەوت و چوینــە لای پارێــزگار عبدالوهــاب ئەتروشــی و تێمانگەیانــد کــە هــەوڵ بــدات خانــەی مامۆســتایان بکرێتــەوە، چونکــە هــەژاران ناتوانــن منداڵــی خۆیــان بنێرنــە بەغــدا خوێنــدن تــەواو بکــەن، لــە هەمــان کاتــدا لــە رۆژنامــە بڵاوکرابــوەوە کــە حکومــەت دەیەوێــت لــە جیاتــی خانەکانــی مامۆسـتایان (پەیمانگـەی ئامادەکردنـی مامۆسـتایان) بکاتـەوە! داوامـان لـە پارێـزگار کــرد هــەوڵ بــدات یــان خانەکــەی جــاران لــە کوردســتاندا بکرێتــەوە یــان ئــەو پەیمانگەیـە کـە نیـاز وایـە لـە بەغـدا بکرتێـەوە بـۆ پێڕاگەیاندنـی مامۆسـتایان لـە هەولێــر بکرێتــەوە. ئەوەمــان بــە پارێــزگار راگەیانــد، بــەڵام لــەوە دڵنیــا نەبوویــن عەبدولوەهــاب لــەوەی ئێمــە دەمانویســت حاڵــی بووبــێ، ئێمــە لــە خەمــی ئــەوە دابوویــن منداڵــی ئــەو کوردەواریــەی خۆمــان دوای نەمانــی خانــەی مامۆســتایان

بۆ کوێ بچن؟ بوون بە مامۆستای سەرەتایی هەم سامان بوو هەم پایە بۆ منداڵانی کوردەواری).

مامۆستا حەمەکەریم هەورامی دەڵێت:

(کە گەڕاینەوە تەگبیرمان هاتە سەر ئەوە دوو مامۆستا بنێرین بۆ (ناوپردان) بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئەوەی داوایان لێ بکات ئەو پەیمانگەیە کە نیازە لە بەغدا بۆ ئامادەکردنی مامۆستایان بکرێتەوە بێتە هەولێر، دوو مامۆستا چوون داخوازییەکیان لە بەڕێوەبەر و دەستەی مامۆستایانەوە برد و ئەو داخوازیەی تێدا باسکرابوو، هەر ئەوکات مەکتەبی سیاسی شۆڕش داوای لە حکومەت کردبوو ئەو پەیمانگەیە لەهەولێر بکرێتەوە، حکومەت رەزامەندی نواندبوو، ئەوە بوو پەیمانگەکە لە هەولێر لەساڵی (١٩٧١) کرایەوە، مامۆستا شێخ خالص جواد کرا بە بەڕێوەبەری پەیمانگەکە، بەندە چونکە مامۆستای سایکۆلۆژی بووم خرامە سەر میلاکی پەیمانگەکە کە لەوکاتەدا پەیمانگەکە کەوتە ژێر هەژموونی حیزبی بەعس).

بۆ مامۆستا مەجید ئاسنگەر هەلومەرجەکان وای دەخواست بگەڕێتەوە بۆ شاری کۆیە و بە فەرمانی کارگێڕی ژمارە ٣٥٢٣٥ لە ١٩٧٠/١١/٠٤ دەگوازرێتەوە و دەکرێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندی کۆیەی کوڕان (مدیر متوسطة کویسنجق للبنین).




کۆیە: بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانەی ناوەندی کۆیە (کۆیسنجق)ی کوڕان، مامۆستا ئاسنگەر بەڕێوەبەری قوتابخانە: دانیشتوی چوارەم لە لای راستەوە، ١٩٧٢/٠٢/٢٨



- ٨ -

الوظائف التي تقلدها الموظف لدى الحكومة

| نوع الوظيفة | التاريخ من | التاريخ الى | الراتب | المخصصات | رقم الامر وتاريخه | توقيع رئيس الدائرة |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مدير كويسنجق | | | ٧٢ ... | ٢٥٢٢٥ ٤-٩٢٣ | ١٩٧/١١/٤ ٧٣/٩/٢٢ | النقل بناء الامر |

مديرية التعليم العامة/اعدادية

عادل مصطفى
م. مديرية التعليم
لواء اربيل

گواستنەوەی مامۆستا لە خانەی مامۆستایان بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەی کۆیەی کوڕان لە پەڕاوی راژەی (دفتر الخدمە) مامۆستا ئاسنگەر لاپەڕە ٨

هەر هەمان ساڵ لە ١٩٧١ وەزارەتی پەروەردەی بەغدا داوا لە مامۆستا ئاسنگەر و چەند مامۆستایەکی تری بە ئەزموون دەکەن بە هاوبەشی چەند کتێبێك بۆ پڕۆگرامەکانی خوێندنی کوردی، کە بەرهەمی دوای ڕێککەوتنامەی ئاداری ١٩٧٠ بوو، ئامادە بکەن بۆ خوێندنی قوتابخانەکانی سنووری دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی کوردستان و پڕۆژەکە بە ئەنجام گەیەندرا، کە بریتی بوون لەم کتێبانە:

- پەروەردەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بۆ پۆلی پێنجەم (وەرگێڕان بە هاوبەشی)، بەغدا، ١٩٧١، ١٧٥ لاپەڕە.
- مێژووی چاخە کۆنەکان بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی (وەرگێڕان بە هاوبەشی)، بەغدا، ١٩٧١ ، ٢٣٩ لاپەڕە.

ئیتر تا پاشگەزبوونەوەی حکومەتەکەی احمد حسن بەکر و جێگرەکەی سەددام حوسێن لە بەڵێنەکانیان بەرامبەر بە کورد و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش و شەڕ لە نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە رابەرایەتی مستەفا بارزانی، مامۆستا ئاسنگەر بەڕێوەبەری قوتابخانە دەبێت لە کۆیە و لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش دەکات و دەبێت بە پێشمەرگە.

## مامۆستا ئاسنگەر و هەردوو یەکێتیەکەی مامۆستایان و نووسەرانی کوردستان

مامۆستا ئاسنگەر رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە دامەزراندنی هەردوو (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان) و (یەکێتی نووسەرانی کورد). ئەو تا کۆتایی ژیانی لە سەردانکردن و بەشدار بوون لە چالاکیەکانی هەردوو لا دانەبڕا و بە بیر و ئەزموون و بە نووسین خزمەتی پێشکێش کردوون. مامۆستا ئاسنگەر ئەندامێکی چالاکی کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد دەبێت کە لە بەغدا لە هۆڵی (الخلد) بەسترا وە هەروەها دەبێتە نوێنەری پارێزگای هەولێر لە کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورد لە حوزەیرانی ١٩٧٠ و پاشانیش لە گشت کۆنگرەکانی لقی هەولێر بەشدار دەبێت وە هەروەها لە دوای راپەڕین ئەندامی کۆنگرەی (ڕاپەڕین) دەبێت کە بۆ دووبارە رێکخستنەوەی یەکێتی نووسەران لە شەقڵاوە ساڵی ١٩٩١ بەسترا.



کۆنفرانسی یەکەمی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر ١٩٧١/٠١/١٥- لە راستەوە: مامۆستا محەمەد اسماعیل، مامۆستا مەجید ئاسنگەر، جەودەت ئەحمەد ناجی. ریزی دووەم، لە راستەوە: مامۆستا عبدالخالق علاءالدین دووەم کەس دانیشتووە



هۆڵی میدیا، هەولێر، لە (٣٠)یەمینساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد، ٢٠٠٠/٠٢/١٠

سەبارەت بە مێژووی یەکێتی مامۆستایان، کە مامۆستا ئاسنگەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە رۆڵی بەرچاوی بینیوە، بەم شێوەیە تێپەڕیوە: لە سەردەمی پاشایەتی و پێش شۆرشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ کاروباری مامۆستایان لە عێراق لە رێگەی (جمعیة المعلمین - کۆمەڵەی مامۆستایان) رێکخرابوو کە تیایدا مامۆستا ئاسنگەر بە نهێنی ئەندام و نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت لەو کۆمەڵەیەدا وە دواتر پاش شۆرشی ١٤ی تەمموز ئەم کۆمەڵەیە بوو بە (نیقابەی مامۆستایانی عێراق) وە لە یەکەم دامەزراندنی لقی هەولێری نیقابەکە مامۆستا ئاسنگەر، وەك نوێنەری پارتی و ئەندامی دامەزرێنەر، لەگەڵ مامۆستایانی تری ئەندام لە حیزبی شیوعی عێراق بە شێوەی بەرەیی رۆڵی گێڕاوە و بەتەنیا لەو لقەی نیقابە بە نوێنەرایەتی پارتی بوو بە جێگری سەرۆکی لقی هەولێر. پاشانیش لە یەکەمین کۆنگرەی نیقابەی مامۆستایان لە بەغدا لە ٢٢ ی شوباتی ١٩٥٩ بە نوێنەرایەتی هەولێر و پارتی بەشدار دەبێت و چالاکانە و شێلگیرانە بێ جیاوازی داکۆکی لە مافەکانی سەرجەم مامۆستایانی کوردستان دەکەن.



یەکەم کۆنگرەی مامۆستایان (مؤتمر المعلمين الأول): هۆتێل سمیر أمیس – بغداد، شوباتی ١٩٥٩
مەجید ئاسنگەر (راوەستاو: سێهەم لە لای چەپ) لەگەڵ موددەعی سەربازی گشتی عەقید روکن ماجد محمد أمین



یەکەم کۆنگرەی مامۆستایان (مؤتمر المعلمين الأول): لۆبی ئەمانەی پایتەخت – بغداد، ١٩٥٩/٠٢/٠٤- مەجید ئاسنگەر دانیشتوی دووەم لە لای چەپ (ریزی پێشەوە)



یەکەم کۆنگرەی مامۆستایان: باخچەی هۆڵی گەل - بغداد، شوباتی ١٩٥٩
مەجید ئاسنگەر (یەکەم لە لای ڕاست) لە کاتی چوونە ژوورەوە بۆ نێو هۆڵ

تێبینی: لە نوسراوێکدا بە ژمارە ٧ لە ١٩٦٠/٠٥/١٥، کە لە ئەرشیفی مامۆستا ئاسنگەر بەردەستە، تیایدا مامۆستا ئاسنگەر و چەند بەڕێزێکی تر دەبن بە (لیژنەی بڵاوکردنەوە و ڕۆژنامەوانی) لقی هەولێری نیقابەی مامۆستایان و بۆ بەغداد بەرزدەکرێتەوە. ئەم لیژنەیە پێکهێنراوە بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی چالاکی و دەستکەوتەکانی لقی هەولێری نیقابەی مامۆستایان کە ئەندامانی بریتی بوون لەم مامۆستا بەڕێزانە:

(مەجید ئاسنگەر، عزالدین فەیزی، عمر ساقی، أنور طاهر، عبدالقادر بکر، سامیة شاکر، کالی عبدالرحمن)



فرع نقابة المعلمين — نەقابەی ماموستایان — ئاموون ٣٢

في اربيل — لق هەولیر

العدد / ٧٦

التاريخ ١٩٦٠/٥/١٥

إلى نقابة المعلمين في الجمهورية العراقية ـ بغداد

الموضوع / لجنة النشر والدعاية

قررت اللجنة الادارية لفرعنا بجلستها التاسعة المنعقدة بتاريخ ١٩٦٠/٥/١٤ تشكيل لجنة النشر والدعاية والصحافة لفرعنا من الزملاء المدرجة اسمائهم ادناه وذلك للقيام بنشر منجزات ونشاطات النقابة عن طريق اصدار نشرة غير دورية باسم فرعنا ونرجو الاجتماع في مقر النقابة للتداول في شؤون اللجنة المذكورة واعلامنا بقراراتكم واقتراحاتكم بهذا الصدد ونشكركم .

الرئيس

جلال شريف

١ـ مجيد احمد حداد — مدرس دار المعلمين الابتدائية

٢ـ عزالدين فيضي — مفتش المعارف

٣ـ عمر ساقي — مدير مدرسة هەلکورد

٤ـ انور طاهر — مدرس متوسطة اربيل

٥ـ عبدالقادر بكر — معلم مدرسة الخالدية

٦ـ سامية شاكر — معلمة مدرسة سفين

٧ـ كالي عبدالرحمن — معلمة مدرسة صلاح الدين

X

ويكون امين سر الفرع مشرفا ووسيطا بين اللجنة وفرع النقابة

لـە مـاوەی کۆنگـرە لـە بەغـدا فورسـەتی دیـداری هـەردوو سـەرکردە بـارزانی نەمـر و زەعیـم عبدالکریـم قاسـم ڕێکدەکەوێـت و زۆر بـە جـددی و بـە وردی دۆخـی قوتابخانـە و خوێنـدن و مامۆسـتایانی کوردسـتان بـۆ هـەردوو سـەرۆك دەخەنـە ڕوو. سـاڵی دواتریـش لـە ٢٣ ی شـوباتی ١٩٦٠ بـە هەمـان شـێوە لـە کۆنگـرەی دووەمـی نەقابـە بەشـدار دەبێـت. پاشـان لەسـەر هەمـان بنەڕەتـدا بـە تەبایـی و لایەنگـیری پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان و حـزبی شـیوعی عێـراق لـە پێنـاو دامەزرانـدنی (یەکێتـی مامۆسـتایانی کوردسـتان) دوو (کۆنگـرەی مامۆسـتایانی کـورد) یـان لـە شـەقڵاوە ساز کـرد یەکەمیـان لـە ئەیلولی ١٩٥٩ و دووەمیـان لـە ئـابی ١٩٦٠ کـە تیایـدا چالاکانـە، لـە تـەك هاوەڵـەکانی، مامۆسـتا ئاسـنگەر ئەندامێـکی کارای کۆنگـرە دەبێـت و لـە زۆربـەی لیژنـەکان ڕۆڵـی گێـڕاو ڕۆڵـی لـە دەرکـردنی بڕیـار و ڕاسـپاردە مێژوویـەکان دەبێـت و سـەرەڕای ئـەوەی لـە هـەردوو کۆنگرەکەشـدا (عەریـف حەفـل) دەبێـت. زۆران بـاس لـە بایەخـی مێژوویـی ئـەم کۆنگرەیـە دەکـەن و مامۆسـتا ئاسـنگەر خۆیـشی بـە نووسـین زۆر لایـەنی ئـەم کۆنگرەیـەی تۆمارکـردووە و بـڵاوی کردۆتـەوە و لـەم کۆبەرهەمـەش تۆمارکـراوە.



کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە - ئەیلولی ١٩٥٩- لە راستەوە: أ.ب. هەوری، ئیبراهیم ئەحمەد (بلە)، دکتور سدیق ئەتروشی، مەجید ئاسنگەر،مامۆستا ئەحمەد عبداللە ئامێدی، ... ؟، ... ؟، ... ؟، مستەفا حسن شعبان

لەم کۆنگریەی شەقڵاوەدا چەندین کەسایەتی و روناکبیر و ئەدیب وەك میوان بانگهێشت کرابوون وەك ئیبراهیم ئەحمەد (بلە) و عەونی شاعیر و گۆرانی شاعیر و ئەحمەد دڵزاری شاعیر و هەروەها عبدولرەحمان قاسملۆ بە ناوی (عەباسی ئەنوەری) سەرەڕای میوان و کەسایەتی تر لە شارەکانی عێراقەوە. شایانە بووترێت، بە وتەی مامۆستا ئاسنگەر، کە ئەم کۆنگرەیە بوو بە بناغەی دامەزراندنی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان. ئەوەبوو بە هەوڵ و پاڵپشتی پارتی و لایەنگرانی لە مامۆستایان لە ئایار (مایس) ی ١٩٦٢ یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دامەزرێندرا و مامۆستا ئاسنگەر وەك ئەندامی دامەزرێنەری ئەم یەکێتیە رۆڵی گێڕا (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە وتاری مامۆستا ئاسنگەر بە ناوی: کورتەیەك لە مێژووی پڕ شکۆی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان).




کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە - ١٧ی ئابی ١٩٦٠

لە راستەوە، مامۆستایان: کمال عبدالقادر، ئیبراهیم ئەحمەد، عبدالوهاب سراج، مەجید ئاسنگەر



میوان و روناکبیرانی کورد لە کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە ساڵی ١٩٦٠
لە راستەوە: عەونی شاعیر، گۆرانی شاعیر، ئەحەد دڵزاری شاعیر، ...

گرنگە بگوترێت کە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە دوای رێککەوتننامەی ١١ ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لە سایەی کەش و هەوای ئازادی و رێککەوتنی سەرکردایەتی پارتی و شۆڕشی ئەیلول و سەرکۆماری ئەوسای عێراق (ئەحمەد حەسەن بەکر) لە پایتەختی شۆڕش و خۆڕاگری و بەرخودان لە ژێر ساباتێکی ئامادەکراو لە (ناوپردان) لە رۆخ چەمەکەیەوە ئەنجامدرا. مامۆستا ئاسنگەر ئەندام کۆنگرە دەبێت و هەر خۆیشی (عەریف حەفل) دەبێت، جگە لە پرۆگرامی کۆنگرە، بەردەوام بە شیعر و وتاف کۆنگرەکەی پڕ بایەخ تر کردووە. ئەوەی کە مایەی ئاماژە پێدانە کە بگوترێت ئەم کۆنگرەیە لە ژێر چاودێری و بە ئامادەبوونی خودی سەرۆك مستەفا بارزانی

نەمـر بەڕێـوە چـوو وە بـە وتارێـكی گرنـگ و ئامـۆژگار ئامێـز لـە رۆژی یەكەمـی كردنـەوەی كۆنگـرەدا بەشـداری كـرد. جگـە لـە مامۆسـتایانی كوردسـتان لـە سـنوری ئۆتۆنۆمـی، نوێنـەری مامۆسـتایانی كـورد لـە موسـڵ و بەغـداو دیـالا و كـوت ...هتـد بەشـداری كۆنگرەكـە بـوون. مۆسـتا ئاسـنگەر لـە ژێـر كاریگـەری جـۆش و خـرۆشی كۆنگـرە هـەر لـەوێ ئـەم كۆپڵـە چوارینـە شـیعرە دەنوسـێت و دەیخوێنێتـەوە كـە دەڵێـت:

جــەژنی شــادیمان ١١ ی ئــادارە
خاكـمان ئـازادو، گـەل بەختیـارە
لـە مێژووی كورد پێشـمەرگە و پارتی
(بـارزانی) هێنـای ئـەم یـادگارە!

كۆنگـرە بـە سـەركەوتوویی تـەواو دەبێـت و دەسـتەیەكی كارگێـڕی نـوێ هەڵدەبژێردرێـت.



مەجید ئاسنگەر ئەندام و بێژەری کۆنگرە: لە ناوپردان لە ژێر ساباتەکەی کۆنگرە
کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ١٩٧٠/٠٨/٠٥

## مامۆستا ئاسنگەر: نووسین و ئەزموون، تەعقیب و بەدواداچوون

لە نووسینەکانی مامۆستا ئاسنگەر رۆح پاکی و نیشتمانپەروەری دەتکێ. بە دڵێکی ساف و بێگەرد و خاکیانە هاواری خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ کار و پیشە لە پێناو دروستکردنی نەتەوە و نیشتمانێکی تۆکمە دەکات. مامۆستا ئاسنگەر بێ ئاگا نەژیاوە، گوێنەدەر نەبوو، خۆی لە ئاستی کەسێکی ئاسایی نەبینیوە، بەڵکو بەرپرسانە هەڵسوکەوتی کردووە و خۆڕسکانە خۆی بە خاوەن پرسە جۆراوجۆرەکان داناوە. هەر بۆیە لە سۆنگەی دڵسۆزی و خۆ بەخاوەن زانین هەمیشە چاوێکی کراوە بووە و بە هەستێکی نیشتمانی بەرز، لەهەر بستێکی ئەم نیشتمانە دیاردەیەك یان بابەتێك هەبوبێت یان درکی بە کەم و کوڕییەك کردبێت یان پێشنیازێك یان بابەتێك پێویستی بە لەسەر نووسین هەبوایە، سەرەڕای هەڵوێست، هزر و گیانی لێکردۆتەوە و پەنجە و لای خامەکەی (قەڵەمەکەی) خستۆتە گەڕ و بۆچوون و سەرنج و پێشنیار و رەخنەی خۆی داڕشتووە و بابەتێکی بۆ جۆش داوە.

مامۆستا ئاسنگەر لە زۆر رووەوە دەکرێت وەك پەنجەرەیەك بۆ سەر رووداوەکانی هاوچەرخی تەمەنی خۆی سەیر بکرێت. کەم رووداوی سیاسی و جوڵانەوە و کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکی ئەدەبی و یادەکانی نەورۆز و بابەتی پەروەردەیی هەیە کەوا بە قەڵەمەکەی تۆماری نەکردبێت. تەنانەت جاروبار زیاتر گەڕاوەتەوە رووداوەکانی پێش تەمەنی خۆیشیەوە، بە پشت بەستن بەسەرچاوەکان و زانیارییەکانی خۆی، باسی لە زۆران کردووە. لە زۆربەی نووسینەکانیدا ئەکادیمیانە نووسینەکانی دادەڕێژێت و هەر تەنها پشت بە هزر و توانا و بۆچوونەکانی خۆی نابەستێت، بەڵکو ئاماژە بە چەندین سەرچاوە دەدات و تێکستی بەرهەمدار بۆ دەوڵەمەندی نووسینەکەی دەخاتەڕوو. لە هەمانکاتدا، شیکردنەوە و تێڕوانینی خۆیشی لەسەر بونیاد دەنێت. لە

نووسـینەکانی دەربـارەی دڵـدار و دڵـزار و ....هتـد بـە روونـی دیـارن. هەمیشـە درشـت و وردی دەوروبـەری خـۆی خوێندۆتـەوە و پـڕ بـە شایسـتەی بابەتەکـە یـان رووداوەکـە وشـەی بەسـەردا هەڵڕشـتوون. وەلـێ، هەرچەنـد ئەگـەر ئـەو بـوارە لایەنـی پسـپۆری و شـارەزایی خۆیشـی نەبووبێـت، بـەڵام لـە روانگـەی رۆحێکـی کوردانـەوە تیشـکی خسـتۆتە سـەر و بەرچاورروونـی داوە بـە خەڵـك و خوێنـەر و لایەنـە پەیوەنـدارەکان.

لـە نووسـینەکانی مامۆسـتا ئاسـنگەر روون و ئاشـکرا دەردەکـەون کـە هەمیشـە خـۆی بـە خـاوەن پرسـەکان زانیـوە، چالاکـی ئەدەبـی و رۆشـنبیری و ژیـاری بووبێـت یـان پەروەردەیـی و سیاسـی، لـە نزیـك بووێـت یـان دوور، بەشـدار بووبێـت یـان تەماشـاکەر و چاودێـر، ئـەوا بـە نووسـین و پێشـنیاز و وتـار پەیامـی خـۆی لـە روانگەیەکـی نیشـتمانی و کوردسـتانییەوە گەیانـدووە.

نووسـینەکانی بـۆ بڵاوکردنـەوە سـنووریان نەبـوو جـا لەهـەر کوێیـەك بـا، لای مامۆسـتا ئاسـنگەر گرنـگ ئـەوە بـوو کـە بگاتـە بەرچـاوی خوێنـەری کـورد. بـەڵام هەنـدێ جـار سـنوور بـۆ نووسـینەکانی دادەنـرا. تـا ئەوپـەڕی بـاوەڕی بـە یـەك ماڵـی کـورد هەبـوو، هەمیشـە دەیگـوت گـەر یـەك بیـن، یـەك دەسـت بیـن، کـورد بـە ئاواتەکانـی دەگات.

مامۆسـتا ئاسـنگەر لـە تەمەنـی هـەرزەکاری و لاویـەوە، واتـا لـە ناوەڕاسـتی سـاڵانی چلـەکانی سـەدەی رابـردوو، هـەر زوو درك بـە کێشـە نیشـتمانی و کوردسـتانیەکان دەکات. خوێندنـەوەی ئەدەبیـات و مێـژووی وڵاتـان و گەلەکـەی و شۆرشـەکانی کـورد لـە پێنـاو میللەتێـکی ئـازاد کاریگـەری لەسـەر درووسـت دەکـەن. لـە هەمـان کاتـدا هەلومەرجـی کۆمەڵایـەتی و بـوونی کۆمەڵگایـەکی کـوردی رۆژهـەڵاتی داخـراو و نەبـوونی ئـازادی سیاسی و کۆمەڵایـەتی و ئـازادی تاکـە کـەسی، ئـازارەکان دەکـەن بـە گـەوارە و بـە نـاخ و بیرکردنـەوەی مـەودا دوور و قووڵـی مامۆسـتا ئاسـنگەر رۆ دەچـن. پێویسـتە بگوترێـت کـە لـەو سـەردەمەدا ئەدەبیاتی

چـەپ و مارکسی و لینینـی و هەڵکشـانی ئـەم بـیرە لـە نێـو کۆمەڵـگای عێراقیـدا، بـە کوردستانیشـەوە، بـووە مایـەی سـەرهەڵدانی جموجوڵـی سـیاسی و کاریگـەری هەمەجـۆر و فـرە ڕەهەنـدی لەلایـەن زۆر لـە رۆشـنبیران و خوێنـدەوارەکان درووسـت کردبـوو. لـە لایـەکی تـرەوە جموجوڵـە سیاسـیە نەتەوەییـەکان و شۆڕشـەکانی کـورد و دامەزرانـدنی پارتێـکی سـیاسی کوردسـتانی وەك پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان زیاتـر کار و چالاکییـە کۆمەڵایـەتی و ئـەدەبی و پیشـەییەکانی بـۆ قۆنـاغ و ئاسـتێکی جیـاواز بـرد. دەکرێـت ئامـاژە بدەیـن کـە لـە ژێـر کاریگـەری ئـەم هۆکارانـە و خـەون و خولیـاکانی مامۆسـتا بـۆ پێشـکەوتنی کۆمەڵگـە دەسـتی بـۆ قەڵـەم بردبێـت تاوەکـو پەیامـەکانی خـۆی لـە گشـت رووییـکـەوە بـە کۆمەڵگاکـەی بگەیەنێـت و کاریگەریـان لەسـەر درووسـت بـکات. مامۆسـتا ئاسـنگەر بـێ گومـان بـاوەری وابـووە کـەوا پێشـکەوتنەکان و رەهەنـدە فکریـەکان نابێـت تەنهـا لای ئـەو بوەسـتن بەڵکـو دەبێـت لـە رێـگای قەڵـەم و نووسـینەوە بـگات بـە بازنەیـەکی فراوانـتر و نـەوە لـەدوای نـەوەی پـێ جـۆش بکرێـت! هـەر بۆیـە تـا دوا سـاتەکانی ژیـانی قەڵەمەکـەی مانـدوو نەبـوو لـە سـەرکەوتن و گـوزەر کـردن بـە هـەوراز و نشـێوەکانی ژیـان.

ئەزموونـی جۆراوجـۆری قەڵەمـی مامۆسـتا ئاسـنگەر خەرمانێکـە بـۆ گشـت چـین و لایەنـەکانی ژیـان، پـڕن لـە بەهـای مرۆڤدۆسـتی و خۆشەویسـتی. بـە کـورتی دەڵێـم کـەوا ئاسـنگەر خـاوەن کۆمەڵـە نوسـینێکە کـە هـەرە زۆریـان هەڵقـوڵاوی ناخـی نیشـتمانپەروەری و خزمەتگەیاندنـە بـە گـەل و نیشـتمانەکەی، دەکرێـت نووسـینەکانی پۆلێـن بکرێـن بـۆ بـوارەکانی:

ئـەدەبی، سـیاسی، پەروەردەیـی، یـادو یـادەوەری، کەسـایەتیەکان، شـیعر، شـانۆ، چـیرۆك، بەدواداچـوون و هەلسـەنگاندن، زمانـەوانی، بابـەتی گشـتی و ژیـاری، وەرگێـڕانی وتـار و چـیرۆك و شـانۆ لـە هەمـان کاتـدا نووسـین بـە زمـانی عـەرەبی.

ئـەم فـراوانی رووبـەری نووسـین و ئەزموونـەی مامۆسـتا ئاسـنگەر هـەر خـۆی

لـە خۆیـدا دەدوێـت و شایسـتەی هەڵوەسـتە کردنـە بەرامبـەر ئـەم زاتـە، حەقـی خۆیـەتی بپرسـین و لێبکۆڵینـەوە کـە ئایـا چ هاندەرێـك لـە پشـتی ئاسـنگەر بـووە وا بـكات لـە ژیـان نەوسـتێت و پشـوویێك نـەدات ئەگـەر لـە بۆتەقـەی خزمـەتی قەڵـەم و نووسـین و نیشـتمان نەبێـت!!! خوێنـەر و ئەکادیمێسـت و پـەروەردکار و نیشـتمانپەروەر و نووسـەران بـە خوێندنـەوەی چەپکـەی کۆبەرهەمـی مامۆسـتا بـا خۆیـان بدوێـن و بڕیـار بـدەن.

مامۆسـتا ئاسـنگەر زۆری دەخوێنـدەوە، خوێندەوارێـکی بـە سـەلیقە بـوو، زۆران ڕۆژ لەسـەر لا کورسـیەك یـان قەنەفەیـەك هـەر لـە بەیـانی زووەوە ڕێـك دوای قاوەڵتـی دەسـتی دەکـرد بـە خوێندنـەوەی ئـەو کتێبـەی لەبـەر دەستیەتی بـە یـەك هەناسـە تـا نیـوەڕۆ و بانگکـردنی بـۆ سـەر سـفرەی نیـوەڕۆ و نانخـواردن دەسـتی هەڵنەدەگـرت. زۆر جـار ئەگـەر بابەتێـك بـۆ ئێمـە و دایکـم جێـی بایـەخ بـا و لێـوەی نزیـك بایـن دەیگـوت گـوێ بگـرن ئیـتر ئـەو چەنـد لاپەڕەیـەی بەدەنـگ دەخوێنـدەوە تـا مەبەسـت و پەیامەکەمـان پێڕابگەیەنێـت! مامۆسـتا ئاسـنگەر کەسێك بـوو نووسین و بڵاوکراوەکانـی هەرکەسێك و هـەر نووسـەرێکی لا گرنـگ بـوون. بابەتێـك نووسـەرەکەی نـاسراو بـا یـان نەنـاسراو بـە وردی و بـە قووڵـی دەیخوێنـدەوە و زۆرجـار هەڵوەسـتە و سـەرنج و تێبینـی لەسـەر دروسـتکردوون. لەسـەر بابەتـی گرنـگ و پرسـی پەیوەسـت بـە ژیـاری و نیشـتمانی و ئەدەبـی بەدواداچـوون  و زیـادەی پێشـکەش بـە نووسـەر دەکـرد و تەنانـەت بڵاویشـی دەکـردەوە و هەندێـك جاریـش وەڵامـی بـە نووسـین بـۆ بڵاودەکـردەوە! ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنـێ کـە مامۆسـتا ئاسـنگەر خوێنەرێکـی بـاش و بـە سـەلیقە بـووە و بایەخـی بـە هـزر و تێڕوانینـی بەرامبـەری داوە.

## سەرتای نووسینی شیعر و سروود

بــە پێــی ئەرشــیف و ئــەو دەستنووســانەی لامــان دەســتدەکەوێت دەردەکەوێــت کــە ســەرەتای نووســینی شــیعر لــەلای مامۆســتا ئاســنگەر بــۆ ســالی ١٩٤٩ - ١٩٥٠ دەگەڕێتــەوە کاتێــك تەمەنــی ١٧ ســاڵە و لــە هەولێــرە قوتابــی پــۆلی چــواری دواناوەندیــە و بیــری (کۆیــە)ی مەفتــەن و خــزم و خوێــی دەکات و ئــەو کاتــە شــیعرێکی ســۆز ئامێــز دەنووســێت بەنێــوی (بیــری مەفتــەن):

چەنــدی بیــر ئەکــەم لــە دووری ئێــوە
کــەس بەرچــاو نابێ لــە پشــت ئــەم کێوە
خــزم و کــەس و گــەل پێکــەوە هەمــوو
لێــم دوورن چــاوم فرمێســکی پێــوە
تەنیــا دووریتــان هــەر بــە دیمەنــە
گــەر بــەدڵ بایــە ئەمــرد لــە جێــوە
لام وایــە ئێــوەش وەك مــن تــێ ئەگــەن
بــۆ گەڕانــەوەم چاوتــان لەڕێــوە

(بڕوانە بەرگی بەرهەمی شیعرەکان)

مامۆســتا ئاســنگەر لــە وتارێکیــدا بــە نێــوی (ســەرەتا چــۆن سروود و شــیعری گۆرانیــم نــووسی) دەڵێــت کــەوا تــا ســاڵانی پەنجــاکانی ســەدەی رابــردوو زۆربــەی زۆری هونەرمەنــدان پشــتیان بــە فۆلکلــۆر بەســتووە و گۆرانیەکانیــان دووبــارە و ســێ بــارە بــووە. لێــرەوە مامۆســتا ئاســنگەر درك دەکات بــە بــوونی کەلێنێــك لــەم بــوارە! لەلایــەکی تــرەوە دەرکەوتنــی هەندێــك هونەرمەنــد کــە بــە گوتنــەوەی شــیعر و قەســیدە غەزەلــەکانی شــاعیرە بــەرزەکانی ئــەو ســەردەمی وەك ســافی،

عەونـی، دڵـدار، حوسـەینی، سـامی عـەوداڵ، ئیبراهیـم ئەحمـەد (بلـە) و هەروەهـا قەسـیدە ئاودارەکانـی نالـی، حاجـی قـادر و شـاعیرە کـوردە کلاسـیکییەکانی تـر بـوون بەمایـەی بەخشـینی ئیلهـام و گرتنـە بـەری ئـەم ڕێچکەیـە لـە کۆتایـی چلـەکانی سـەدەی ڕابـردوو، وەك سـەرەتا، چەنـد دەقێـك دەنووسـێت. پەیدابـوونی ڕادیـۆ لـە کۆیـە زیاتـر خولیـای نووسـینی شـیعر و سرووود لای مامۆسـتا ئاسـنگەر جـۆش دەدات بـە تایبـەت کاتێـك مامۆسـتای هونەرمەنـد و دەنـگ خـۆش (باکـوری) داوای لێـدەکات هۆنـراوەی چەنـد گۆرانیـەکی بـۆ بنووسـێت، ئەویـش داواکـەی جێبەجـێ دەکات، پاشـان مامۆسـتا باکـوری بـە ئـاوازی تایبـەت تۆماریـان دەکات و لـە ڕادیـۆ پەخـش دەکرێـت. ئـەم شـیعرانەی بـە گـۆرانی بریتـی بـوون لـە: (چـاوکاڵ، ڕۆژبـاش کۆتـرە دەنـووك سـوور، گـوڵ و بولبـول، نازەکـەم چاوبازەکـەم، بـێ وەفایـی، سکاڵای دولبـەر) و هـی تـر، سـەرەڕای چەنـد دەقێـکی وەرگێـڕدراو لـە زمـانی ئینگلیزیـەوە وەك (وەرە لام بـژی خۆشەویسـتم بـە) لـە نووسـینی (کریسـتۆفەر ماولـۆ).

مامۆستا مەجید ئاسنگەر و شیعری گۆرانی

دوابـەدوای قووڵبونـەوەی مامۆسـتا ئاسـنگەر لـە دونیـای شـیعر و گەیانـدنی پەیامـە نیشـتمانی و کۆمەڵایەتیـەکان بـە گوێچکـەی خەڵکـدا، بـۆ بەرچـاوی خوێنـەران، زیاتـر لـە لایـەن هونەرمەنـدە گۆرانیبێـژە ڕەسـەنەکانی ئـەو سـەردەم، لـە ڕووی کاری هونـەری و ئەدەبیـەوە نزیـك دەبوونـەوە. مامۆسـتا ئاسـنگەر سـەرەڕای هاوڕێتـی و برایـەتی نزیـکی لەگـەڵ هونەرمەنـد فـواد ئەحمـەد، بـەڵام هەسـتی ناسـك و شـیعرە جۆشـخواردوەکانی زیاتـر وایانکـرد کـە هونەرمەنـد فـواد ئەحمـەد چەندیـن دەقـی شـیعری مامۆسـتا ئاسـنگەر بکاتـە گـۆرانی و سرووود. شـیعر و گـۆرانی (ئەمیرەکـەم) بـە یەکێـك لـە شـاکارەکانی ئـەدەب و هونـەری کـوردی دەژمێردرێـت کـە لـە سـاڵانی هەفتـاکانی سـەدەی ڕابـردوو لـە تەلەفزیـۆنی

کوردی بەغدا تۆمارکرا و لە سەرتاپای کوردستان دەنگی دایەوە تاکو ئێستاش لەلایەن هونەرمەندان و هونەردۆستان بە زیندوویی ماوەتەوە و خەڵك گوێی لێ دەگرێت. هەر ئەوەبوو وایکرد هونەرمەندی رۆژهەڵاتی کوردستان (محەمەدی دانش) بە دەنگە زوڵاڵەکەی ئەم شیعرە، دووبارە بە گۆرانی، لەسەر ئاوازێکی تایبەت تۆمار بکاتەوە.

مامۆستا ئاسنگەر ئەم شاکارەی (شیعری ئەمیرەکەم) لە قۆناغەکانی کۆتایی کۆلێژ لە بەغدا لە ساڵی ١٩٥٥ نووسیوە. دەربارەی ئەم شیعرە دەیگوت مەبەست لە (ئەمیرەکەم) دەلالەت و ئاماژەیە بۆ (کوردستان) کە وەك شۆخێکی چاوجوان و لەپ شیرین، لە دوورەوە (لە بەغداوە)، بۆ یاد و بیری شۆخ و شەنگی و هەوای خاك و نیشتمانەکەی هەست و نەستی خۆی بۆ دەربڕیوە. شایەنی وتنە لە دیاردەیەکی هاوشێوەدا لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو، شاعیری ناسراوی عێراقی (کریم العراقی) شعرێك بۆ (بەغداد) دەنوسێت، هەر لەسەرەتای شیعرەکە تا کۆتایی، شاری بەغداد بە شۆخێکی جوان دەچوێنێت و وەك عاشقێك بۆی دەسوتێت و پاشانیش ئەم شیعرە لەلایەن هونەرمەندی دیار و ناسراوی عێراق (کاظم الساهر) بە ئاوازێکی پڕ خرۆش کراوە بە گۆرانی.

**ئەمیرەکەم ...**

ئەمیرەکەم دڵگیرەکەم، بەهارت لێ شەرمەزارە
گوڵی گیانە یەخسیرەکەم، تیرت لەدڵ سەد هەزارە
چاوی مەستت گەلاوێژن کوڵمەکانت قەندی شیرین
موژە و ئەبرۆت تیرهاوێژن لەپت خونچەی گوڵی رەنگین
ئەمیرەکەم دڵگیرەکەم، بەهارت لێ شەرمەزارە
هیوای گیانە یەخسیرەکەم، عاشق وا لەخۆی بێزارە

مەڕەنجێنـــە، مەمفۆتێنـــە، کاتـــی خەنـــدە و پێکەنینـــە
پەڕوباڵـــم مەســـووتێنە گـــڕی دڵداریـــم بەتینـــە
ئەمیرەکـــەم دڵگیرەکـــەم، بەهـــارت لـــێ شـــەرمەزارە
پرســـە گیانـــە یەخســـیرەکەم، بـــۆ دەکا ئـــەم شـــین و زارە!
تـۆ لـە دووریـت، مـن لـە دوورم بەمجـۆرە خۆشـە دڵداریـی
ناچـار لـە ئەشـکم ئەبـوورم بـێ گریـن بۆشـە دڵـداری
ئەمیرەکـــەم دڵگیرەکـــەم، بەهـــارت لـــێ شـــەرمەزارە
کابـەی گیانـە یەخسـیرەکەم (تـۆ)ی نرخـت نایـێ بـە پـارە!

فـواد ئەحمـەدی هونەرمەنـدی گـەورە شـیعرێکی تـری مامۆسـتا، کـە لـە ئـابی ١٩٦٠ نووسـیویەتی، دەکات بـە گۆرانیـەکی نایـاب و بـە ئاوازێـکی نـاوازە و جیـاواز لـە تەلەفزیـۆنی بەغـداد تۆمـاری دەکات. ئـەم شـیعرە بـە نـاوی (نامەکـەت!)، فـواد ئەحمـەد هـەر لـە سـەرتای شـیعرەکە تـا کۆتایـی بـە یـەك هەناسـە و بـێ تـرازانی دەنگـی شـیعرەکە بـە ئـاوازە ناوازەکـە دەچڕێـت. شـیعرەکە بـاس لـە خۆشەویسـتی و نامـەی دڵدارێـکی زەنگـین دەکات بـۆ هەژارێـکی دڵسـوتاو.
شیعرەکە دەڵیت:

نامەکـــەت گەیشـــت یـــاری وەفـــادار
لـــە دڵـــما نەیهێشـــت بریـــن و ئـــازار
خۆشـــی زوبانـــی بەنـــد کـــردم لـــە زار
فرمێسـکی شـادیم بـە گـوڕ هاتـە خـوار
وا ئەبـێ «نامـەی» زەنگیـن بـۆ هـەژار!
وشـەی (گیانەکـەت) گیانـی مەسـت کـردم
باسـی (دڵسـۆزیت) ژێردەسـتی کـردم

(سوپاسـی گەرمـت) پـڕ هەسـتی کـردم
(کۆت و بەندەکـەت) ژیـن پەسـتی کردم
وەرگـەڕێ تەختـی گەردوونـی بـەدکار
گیانـە رۆژ و شـەو (تـۆ)م لەبیـر ناچـێ
گـەر لـە ئەگەریجـە و رووت پەچـە لاچێ
مـوژگان و ئەبـرۆش لـە چـاوم راچـێ
ئەوسا پێشـکەش بـێ «ژینم بـۆ «ماچێ“
چونکـە هەرزانـە (مـردن) لای دڵـدار!!

ئـەم شـیعرانە و هـی تریـش لـە شـیعرەکانی مامۆسـتا ئاسـنگەر کـراون بـە گـۆرانی و سروود کـە لـەم پێشـەکییە لەگـەڵ بۆنـەی نوسـینی شـیعرەکان ئاماژەیـان پێکـراوە.



هونەرمەند فواد ئەحمەد

## مامۆستا ئاسنگەر، گۆڤاری هەتاو لەگەڵ مامۆستا گیو موکریانی

مامۆستا ئاسنگەر لەسەرەتای دەستپێکی نوسینی بە (مجید الحداد) ناوبانگ دەردەکات و نوسینەکانی بەو نازناوە دەگاتە خوێنەران. لە تەمەنی (گۆڤاری هەتاو) لە نێوان ساڵانی ١٩٥٤- ١٩٦٠ ی سەدەی رابردوو کاتێك مامۆستا ئاسنگەر نوسینەکانی بۆ ئەم گۆڤارەی مامۆستا (گیو موکریانی) دەنێرێت مامۆستا موکریانی داوای لێدەکات کە نازناوەکەی بکاتە کوردی ئەگینا بەرهەمەکانی بڵاوناکرێتەوە! ئەمە خۆی لە خۆیدا باوەڕی بەتینی کوردبوونی مامۆستا گیو دەردەخات بە تایبەت لە روانگەی زمان و نووسین و ئەدەبەوە. ئا لەوێوە نازناوەکەی مامۆستا مەجید لەسەر لاپەرە پڕشەنگدارەکانی گۆڤاری هەتاو دەبێت بە (مەجید ئاسنگەر) و بە درێژایی خەرمانی پڕ بەرەکەتی (هەتاو) دەیان نوسین و بابەتی تێدا بلاو دەکاتەوە.

پێویستە بگوترێت، سەرەڕای چەندین نووسینی بە پێزی مامۆستا ئاسنگەر لە گۆڤاری هەتاو، دەکرێت تایبەتمەندیەك بدرێت بە دوو بڵاوکراوەی وەرگێردراوی مامۆستا لەم گۆڤارە بە نێوەکانی (کارەساتی بارزان چۆن دەستی پێکرد و چۆن کۆتایی هات: کە لە زاری سەرکردەی نەمر سەرۆك مستەفا بارزانی گێردراوەتەوە و بە زمانی عەرەبی لە ژمارە یەکی ساڵی یەکەمی گۆڤاری (العراق) بڵاوکراوەتەوە و مامۆستا ئاسنگەر بۆ مێژوو وە بۆ گەیاندنی هەمان پەیام بە کوردستانیان بە زمانی کوردی لەگۆڤاری هەتاو بە (٨) هەشت زنجیرە لە ساڵی ١٩٥٩ دا بڵاوی کردونەتەوە، تیایدا زانیاری گرنگ و مێژوویی تۆمار دەکات و شایستەی ئاشنابوون و خوێندنەوەن! بڵاوەکراوەی دووەم کە بریتیە لە دکتۆرانامەی (سەید عەزیزی شەمزینی: س.ع. شەمزینی) کەوەك سەرچاوەیەك پێشکەش بە ئەکادیمیای علومی سۆڤیاتی کراوە لە لینینگراد بە نێوی (بزووتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی کورد و تەگەرەی) کە مامۆستا ئاسنگەر

لە بەر گرنگی و سوودی دکتۆرانامەکە چەند لایەنێکی بە (٨) هەشت زنجیرە بە زمانی کوردی لە ساڵی ١٩٥٩ لە گۆڤاری هەتاو بڵاودەکاتەوە.

هەر لەم سۆنگەیەوە مامۆستا ئاسنگەر ئاشنایەتیەکی نزیك و ئەدەب دۆستانە و کوردپەروەرانە لە گەڵ خاوەنی چاپخانە مێژوییەکەی (گیو موکریانی) و گۆڤارە ڕەنگینەکەی (هەتاو) پەیدا دەکات. لە کانونی یەکەمی ١٩٥٩، بە بۆنەی کڕین و بەگەڕخستنی ماکینەی تازە بۆ چاپخانەی کوردستان لەلایەن خاوەنەکەی مامۆستا گیو، مامۆستا ئاسنگەر لە خۆشیا وە لەبەر گرنگی بوونی چاپخانە و بڵاوکراوەی کوردی لە بزاڤی سیاسی و رۆشنبیری کوردستان نامەیەك بۆ بەڕێز گیو دەنێرێت و پیرۆزبایی لە خودی خۆی و لە بەڕێز گیو و نووسەر و تەواوی خەڵکی کوردستان دەکات و هانی نووسەر و خوێندەوارانی کوردستان دەدات کە بەشدار بن بە نووسین لە پاڵپشتی گۆڤاری هەتاو، لە وەڵامدا مامۆستا گیو وەك نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز دەڕوانێتە مامۆستا ئاسنگەر و ئاماژە دەکات کە بە قەرزی بانك ئەم چاپخانەی کڕیوە لە بەرامبەر دانانی خانووی منداڵەکانی لە گرەوی بانك (رهن). هەردوو نامەکە لە ژمارە ١٦٨ ی ٣١ ی کانونی یەکەمی ١٩٥٩ ی گۆڤاری هەتاو بڵاوکراونەتەوە. شایانی باسە ژمارەی بابەتە بڵاوکراوەکانی مامۆستا ئاسنگەر لە گۆڤاری هەتاو دەگاتە ٢٢ بابەت کە هەندێکیان بە زنجیرە بڵاوکراونەتەوە.



مامۆستا گیو موکریانی




کۆڤارێکی ئەدەبی [ادبي] هەفتەیی کوردییە جاری هەر لە ١٥ رۆژاندا جارێکی لە هەولێر لەچاپخانەی کوردستاندا بەخش دەکرێت

Jimare 166 s 6 2 şeme sermawez 2571 Kurdî « Madî

ژمارە: ١٦٦ سالی ٦ دوشەممە سەرماوەز [٣٠ تشرینی دوەم] ١٩٥٩

Nawerok

١ - گەلی کوردو عەرەب ئارزوو مەندی دیداری پێشەوان
٣ ـ کوێخای نەیاوە ذانی خوێ نەخوا نامرێ رۆستەم — هەولێر
٥ ـ تیپی لاتینی کوردی بادینان سەیدا ش . م .
٨ ـ من و کێلەشین محمد شیخ رشید — هەولێر
١٠ ـ وەلام بۆکاك کوێ نەدەری دڵسۆز گ . م
١١ .. باخچەی بوێژان
١٥ ـ نامەی ئازادی بەپێنووسی رۆف بێگەرد سلیمانی
١٨ ـ جەژنەو ئاهەنگە لەکوردستان
٢١ ـ زەنگی راپەڕین محمد احمد آسنگەر — هەولێر

٤٩٤٥

خاوەنی إمتیاز
وە سەرنووسەر
گیوموکریانی

سەرنووسیار
ئەنیسی متقاعد
جلال قادر

گۆڤاری
هەتاو
KOVARI HETAW

گۆڤارێکی وێژەیی هەفتەیی کوردی یەجارێ لە ١٥ ڕۆژاندا چاپ ئەکرێ بەخش دەکرێ

ژمارە : ١٦٨ ساڵی ٦ پێنج شەمە سەرماوەز (٣١ کانونی اول) ١٩٥٩

## بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی کورد و بە گەورەی

دۆکتۆر س . شەمزینی
وەرگێر : مجید احمد آسنگەر

ڕۆژ نامەی خەبات پێشە کیە بەنرخەکەی نامیلکەی ( بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی کوردو تەگەرەی ) بڵاو کردەوە کە دوکتۆر س ع . شەمزینی پێشکەشی بە آکادیمیەی علومی سۆڤیاتی لە لینینگراد کرد. وە وەشەهادەتنامەی دۆکتۆرای پێ وەرگرتووە لەبەر گرنگیو سوود و کەڵکی منیش وا بە کوردی لەسەر لاپەڕە کانی گۆڤاری هەتاوی خۆشەویستدا پێش کەشی خویندەوارانی کوردستانی ئەکەم وآواتە خوازم کە لەبەریکی فراوان لە نامەخانەی کوردی دا بگریتەوە .

هەولێر . م . أ . آسنگەر

### پێشەکی

هەرچەندە کەلەبارەی کاروباری کوردانەوە بەگەلێ زوبانی جیاواز شتێکی زۆر نووسراوەتەوە ئەمەی جێگەی پەرۆش بی ئەمەتا کەژمارەیکی ایجگار کەم لەرۆژ هەڵتناس وتەنانەت شارەزاکانیش لە کاروباری کورد هەیە کەکەم یازۆر وەلەبەر تیشکی ڕووداوێکی ڕاستا لەبەسەرهاتی میللەتی کوردیان کۆلیبێتەوە وە بەجۆرێکی دادپەروەر ئەم کەلەیان کردبی بۆپیشاندانی ڕووی نیشتمانی خەباتی درێژی ئەم نەتەوەیە لەپێناوی سەربەخۆیی ورزگاری دا یاخۆ بونی تەگەرەی کوردی وەکەتەگەرەی

## مامۆستا ئاسنگەر و میهرەجانی یادی شاعیری گەورەی کورد حاجی قادری کۆیی لە ١٩٧١/٠٦/٢٤ و پەردە لادان لەسەر پەیکەرەکەی لە ١٩٧٣/١١/٢٩

کۆمەڵێك بوێژ و نووسەر و کەسایەتی شاری کۆیە لە رۆژی ١٩٧١/٠٦/٢٤، بە ئامادەبوونی دەیان نووسەر و بوێژ و کەسایەتی کوردی و عێراقی لە گشت نەتەوە جیاوازەکان، بە پێویستیان زانی یادی شاعیری گەورەی پێشەنگ لە بیری نەتەوایەتی حاجی قادری کۆیی بەرز رابگرن. لە روانگەی هەستکردن بەم بەرپرسیارەتیە و خۆ بە خاوەنزانین، لە رۆژی ١٩٧١/٠٤/٠٩ دەستەیەك لە نووسەر و کەسایەتیەکانی شاری کۆیە خۆبەخشانە کۆبونەویەکیان لە هۆڵی کتێبخانەی سەلاحەدین لە کۆیە سازکردوە و پێشنیاری ئەم یادە مەزنەیان کردووە. بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکیان پێکهێناوە بۆ ئامادەکاری و سەرپەرشتی و بەجێگەیاندنی گشت ئەرکەکانی ئەنجامدانی ئەم یادە. مامۆستا ئاسنگەر زۆر چالاکانە ئەندامی ئەم لیژنەیە دەبێت و هەرخۆشی دەبێت بە سکرتێری لیژنەکە و گشت نوسراو و ئاگاداریەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی هەر خۆی ئامادەیان دەکات و رۆژی ئاهەنگیش هەر خۆی لەسەر ستەیج بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەبێت بە پێشکەشکار. لیژنەکە بریتی بوو لەم بەڕێزانە:

عوسمان عەونی (شاعیر)، مەجید ئاسنگەر (نووسەر و شاعیر)، تاهیر ئەحمەد حەوێزی (نووسەر و مێژوونووس)، نافیع عبدالفتاح (رۆستەم) ی شاعیر، مەلا مستەفای عاصي (شاعیر)، عبدالمجید نورالدین جەلیزادە (مامۆستا و نووسەر)، جەلال سعید جۆبار (شاعیر)، سەلاح حوسێن (مامۆستا و نووسەر)، محەمەد امین معروف کامەلا (مامۆستا و نووسەر)، تاهیر سەعید (مامۆستا و رۆشنبیر)، مەلا عەلی مەلا تۆفیق (خەتیب و ئیمامی مزگەوتی گەورەی کۆیە)

ئامادەکاریەکان بەرهەمی دەیان کۆبونەوەی خۆبەخشانە و دڵسۆزانەی لیژنەکە بوون. قائمقامی دڵسۆز و خۆشەویست لە لای کۆییەکان لەوسادا

بەڕێـز (علـی سـلیمان البهـار) بـووە.. قائمقـام هـاوکاری بـاشی لیژنەکـە دەکات بـۆ وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی پارێـزگاری هەولێـر و نـاردنی بروسـکە و نـوسراوەکان بـۆ هەولێـر و بەغـدا کـە لـە بـڕی لیژنـە لایـەن مامۆسـتا ئاسـنگەر بـە کـوردی و بـە عـەرەبی ئامـادە دەکـران. شـایانی گوتنـە لـە ڕۆژی ئاهەنـگ، بـە نوێنەرایـەتی بـارزانی نەمـر، بەڕێـز محەمـەدی مـەلا قـادر ئامـادەی میهرجانەکـە بـووە و سـەرۆك بـارزانی ٢٠٠ دینـار هـاوکاری ئەنجامـدانی میهرەجانەکـە پێشـکەش دەکات. لـە ئاهەنگەکـەدا، سـەرەڕای بەشـداری دەیـان نووسـەر و کەسایەتی عێراقـی، شـاندێکی وەزارەتی ڕاگەیانـدنی عێـراق و تەلەفزیـۆنی بەغـدا بـە یـاوەری هـەردوو شـاعیری عێراقـی (محمـد جمیـل شـلش و خالـد علـي مصطفـی) ئامـادە دەبـن.

ئەگـەر سـەیری مێـژووی ئـەم یـادە بکەیـن دەبینـین دەکەوێتـە سـاڵێك دوای ڕێککەوتنـی مێژوویـی ١١ ی ئـاداری ١٩٧٠ کـە خـۆی لـە خۆیـدا ئەنجامـدانی ئـەم بۆنەیـە دەرفەتێـك و ئەنجامێـکی ئـەم ڕێککەتنـە بـوو کـە تـا ڕاددەیـەك دەرگاکانی ئـازادی لـە هەنـدێ بـواردا واڵاکـرد بـۆ نوانـدنی ئەرکـە نیشـتمانی و مێژوویـەکان. ئـەم دەسـتەیەی شـاری کۆیـە توانیـان ئـەم هەلـە لـە ژێـر سایەی ئـەم ئازادیـەدا بقۆزنـەوە و مێژویـەکی تـازە تۆمـار بکـەن و دووبـارە نرخـی لەبـن نەهاتـووی بـیری نیشـتمانی و نەتەوایـەتی شـاعیری مـەزن «حاجـی قـادری کۆیـی» بـۆ هەموولایـەك زینـدوو ڕابگـرن.

مامۆسـتا ئاسـنگەر گشـت وردەکاریـەکانی ئـەم یادەوەریـەی لـە ئەرشـیفی خـۆی تۆمارکـردوە و هەڵگرتـوە و لـە وتارێـکی شایسـتەدا بڵاویکردۆتـەوە و لـەم کۆبەرهەمـە بەردەسـتکراوە بـە ناونیشـانی (شـاری کۆیـە یـادی حاجـی قـادری کۆیـی) دەکاتـەوە.

یەکێـك لـە دۆکۆمێنتـەکان، کـە نـووسراوی قائمقامیـەتی کۆیەیـە و بـە ئیمـزای خـودی قائمقـام علـی بەهـار، چەنـد ڕۆژێـك بـەر لـە دەسـتپێکی یادەکـە بـۆ ئیـدارەی قوتابخانـەی سـەرباغی سـەرەتایی (شـوێنی ئەنجامـدانی یادەکـە) لـە بـەرواری ١٩٧١/٠٦/١٧ نێـردراوە:

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

قائمقامية قضاء كويسنجق

التحرير

العدد/ ١٠/ ٧٢٤

التاريخ / ٦/ ١٩٧١

١٧

الى /

ادارة مدرسة سوباغ الابتدائية للبنين

م/ احتفال

نظرا لقرب حلول موعد الاحتفال الجماهيري العام بذكرى شاعرنا الكبير حاجي قادر كويي يوم ١٩٧١/٦/٢٤ نرجو اجراء ما يلزم لاعداد بناية مدرستكم وعلى الاخص ساحاتها لاقامة المهرجان المذكور فيها قبل الموعد المحدد بوقت كاف .

علي سلمان البصار

قائمقام قضاء كويسنجق

صورة منه الى /

ادارة مدرسة حاجي قادر كويي / لاجراء ما يلزم لاعداد غرف الطابق الثاني من مدرستكم والمرافق الصحية فيها لتكون جاهزة وصالحة لمبيت الوفود والضيوف فيها ليلا وقبل الموعد المحدد اعلاه بوقت كاف رجاء .

ادارات مدارس القضاء كافة ........... للسماح بنقل كراسي ومقاعد ورايات مدارسكم الى محل المهرجان عند الحاجة رجاء .

مديرية شرطة كويسنجق / لتأمين عدد كاف من افراد الشرطة لحماية الامن والنظام وحراسة مراكز الاحتفال رجاء .

مقر الحزب الديمقراطي الكردستاني في كويسنجق / لنفس الغرض بارسال عدد كاف من افراد البيشمركة للغرض اعلاه رجاء .

مديرية بلدية كويسنجق / يرجى اذاعة بيان على اهالي كويسنجق كافة وخاصة اصحاب المطاعم والفنادق والمقاهي والمحلات الاخرى بلزوم الاهتمام بالنظافة وحسن معاملة الضيوف وذلك عن طريق ميكروفون الجامع الكبير بهذه المناسبة وكذلك الايعاز الى مستخدمي بلديتكم وكناسيها لتنظيف البلدة واظهارها بشكل لائق بهذه المناسبة رجاء .

ادارة متوسطة كويسنجق للبنين / السيد مجيد حداد / مذكرتكم في ١٩٧١/٦/١٧ للعلم والتعقيب رجاء .

اجري اللازم
يحفظ
المرز
مجيد اسنكر

حنا ٦/١٧

دوای دوو ساڵ، هەمدیسان لە سەردەمی قائمقام علي سليمان البهار، دەستەیەك لە کەسایەتیەکانی شاری کۆیە بە فەرمانی قائمقامیەتی کۆیە و بە سەرۆکایەتی خودی قائمقام خۆی بە فەرمی هەڵدەستن بە ئامادەکاریەکانی ئاهەنگی لادانی پەردە لەسەر پەیکەری شاعیری گەورە حاجی قادری کۆیی کە لە رۆژی ١٩٧٣/١١/٢٢ ئەنجامدرا. لیژنەکە مانگێك بەر لە رۆژی ئاهەنگ پێکهات و لە ئەرشیفی مامۆستا ئاسنگەر ئەم فەرمانەی قائمقامیەت بۆ پێکهێنانی لیژنەکە پارێزراوە و ئەندامانی بریتی بوون لە:

محمد علي نورالدين، مەلا غريب محمد، طاهر سعيد، عبدالمجيد نورالدين، علي حوێز، مجيد حداد (مامۆستا ئاسنگەر)، عەونی حبيب (عەونی شاعیر)، عبدالله سليم، علي مولود، فاروق فتح الله، ئازاد کاکە رەش، ناسکە صالح.


جمال بابان

مامۆستا ئاسنگەر بۆ ئەو مەبەستە لە سەرەتای پاییزی ١٩٧٣ سەردانی شاری بەغداد دەکات تا لە وەزارەتی رۆشنبیری کارەکانی پەردە لادان لەسەر پەیکەری حاجی قادری کۆیی رایی بکات و رەزامەندی بەدەست بهێنێت. بۆ ئەو مەبەستە هاوکاری نووسەر و کەسایەتی ناودار بەڕێز جمال بابان بەدەست دەهێنێت و دواتر ئەم بەڕێزە، لەلایەن مامۆستا ئاسنگەر، بانگهێشتی ئاهەنگەکە دەکرێت. «جمال بابان» ئەوکاتە بەڕێوەبەری گشتی خانەی رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەبێت لە دیوانی وەزارەتی رۆشنبیری بەغدا کە هەر خۆیشی دامەزرێنەری ئەم بەڕێوەبەرایەتیەی خانەی رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیەی بەغدایە. مامۆستا ئاسنگەر ئەو یادگاریەی لە نامەیەکیدا بۆ نووسەر و کەسایەتی ناودار جمال بابان ئاماژە پێداوە. شایەنی وتنە بەڕێز جمال بابان یەکەم سەرۆکی یەکێتی ئەدیبانی کورد بوو.

شـــایەنی وتنـــە، لـــەم یـــاد و ڤیســـیڤاڵە نەتەوەیـــی و نیشـــتمانیەدا چەندیـــن کەســـایەتی کوردســـتانی و عێراقـــی لـــە شـــارەکانی عێـــراق بەشـــدار بـــوون وەك عـــلی عبداللـــە، عزالدیـــن مســـتەفا رەســـول، مســـعود محمـــد و ســـەرەڕای ئامـــادە بـــوونی هـــەردوو شـــاعیری گـــەورەی رۆژهـــەڵاتی کوردســـتان هـــەژار و هێمـــن موکریـــانی وە بەشـــداریان بـــە خوێندنـــەوەی شـــیعر. لـــەم ڤیســـتیڤاڵەدا شـــاعیری گـــەورە هێمـــن لـــە خوێندنـــەوەی شـــیعرە بەناوبانگەکـــەی کـــە لـــە کۆپلەیـــەکی شـــیعریدا لەســـەر حـــەزرەتی حاجـــی قـــادری کۆیـــی فەرموویـــەتی:

چلـۆن بـۆ سـورمە نابـێ خـاکی شـارێك
کـە حاجـی پێـی لەسـەر دانابـێ جارێـك

پێویســـتە بگوترێـــت کـــەوا ســـەرەتا بریاربـــووە، هـــەروەك نـــووسراوەکان ئامـــاژە دەدەن، کـــە ڤیســـتیڤاڵی پـــەردە لادان لەســـەر پەیکەرەکـــەی حـــەزرەتی حاجـــی لـــە رۆژی ١٩٧٣/١١/٢٢ ئەنجامبدرێـــت بـــەڵام بەهـــۆی پێویســـتی ئامادەکاریـــەکان دواخـــراوە و لـــە ١٩٧٣/١١/٢٩ ئەنجامـــدراوە.



مديرية بلدية كويسنجق

العدد / ———

التاريخ / / ١٠ / ١٩٧٣ (( بيـــــان ))

بمناسبة الاحتفال بازاحة الستار عن هيكل الشاعر الكردي المشهور حاجي قادر كويي الذي سيجري في يوم ٢٢ / ١١ / ١٩٧٣ قررنا تشكيل لجنة من البلدية والادباء والاهلين برئاسة السيد علي سليمان البهار قائمقام قضاء كويسنجق ووكيل مدير بلديتنا وعضوية السادة المدرجة اسمائهم ادناه للقيام بتهيئة وادارة الاحتفالات التي ستقام بهذه المناسبة في اليوم المعين .

علي سليمان البهار
و. مدير بلدية كويسنجق

اعضاء اللجنـــة

١ـ السيد محمد علي نورالدين
٢ـ = ملا غريب محمد
٣ـ = طاهر ســعيد
٤ـ = عبدالمجيد نورالدين
٥ـ = علي جوهـــر
٦ـ = مجيد حــــداد
٧ـ = عوني حبيـــب
٨ـ = عبدالله سليم
٩ـ = علي مولـــود
١٠ـ = فاروق فتح اللــــه
١١ـ = ازاد كاكه رەش
١٢ـ الانسة ناسكه صالح

صورة منه الى /ـ
السادة اعضاء اللجنة ( للقيام باجراء اللازم رجاء .



مديرية بلدية كويسنجق

العدد / ــــــــــ

التاريخ / / ١٠ / ١٩٧٣ (( بيـــــــان ))

بمناسبة الاحتفال بازاحة الستار عن هيكل الشاعر الكردي المشهور حاجي قادر كويي الذي سيجري في يوم ٢٢ / ١١ / ١٩٧٣ قررنا تشكيل لجنة من البلدية والادباء والاهليين برئاسة السيد علي سليمان البهار قائمقام قضاء كويسنجق ووكيل مدير بلديتنا وعضوية السادة المدرجة اسماءهم ادناه للقيــام بتهيئة وادارة الاحتفالات التي ستقام بهذه المناسبة في اليوم المعين .

علي سليمان البهار
ر . مدير بلدية كويسنجق

اعضاء اللجنـــة

١ـ السيد محمد علي نورالدين
٢ـ = ملا غريب محمد
٣ـ = طاهر ســعيد
٤ـ = عبدالمجيد نورالدين
٥ـ = علي جوهــز
٦ـ = مجيد حـــداد
٧ـ = عوني حبيـــب
٨ـ = عبدالله سليم
٩ـ = علي مولـــود
١٠ـ = فاروق فتح اللــــه
١١ـ = ازاد كاكه رش
١٢ـ الانسة ناسكه صالح

صورة منه الى /ـ
السادة اعضاء اللجنة ( للقيام باجراء اللازم رجاء .





کۆیە: ڕۆژی پەردە لادان لەسەر پەیکەری شاعیری بیری نەتەوایەتی حاجی قادری کۆیی،
١٩٧٣/١١/٢٩- (لە ئەرشیفی شاعیر کاك ئازاد دڵزار وەرگیراوە)



کۆیە: جەماوەری ئەدەب دۆستی شاری کۆیە رۆژی پەردە لادان لەسەر پەیکەری شاعیری بیری نەتەوایەتی حاجی قادری کۆیی، ١٩٧٣/١١/٢٩، (لە ئەرشیفی شاعیر کاک ئازاد دلزار وەرگیراوە)

هــەر بــۆ مێــژوو، وێنەیــەکی یــادگاری لــە ئەرشــیفی کەســایەتی و مامۆســتای قــەدر گــرانی شــاری کۆیــە مامۆســتا حاجــی محــي الدیــن أســعد أغــا غفــوری پێشکەشــمان کــراوە، لــە گــەڵ شــاعیری مــەزن هێمــن موکریــانی لــە هەمــان رۆژی پــەردە لادان لەســەر پەیکــەری حاجــی قــادری کۆیــی وەرگــیراوە و بــۆ خوێنــەری بەڕێــز دەیخەینــە بەرچــاو.



لـە لای راسـتەوە: مامۆسـتا حاجـی محـي الديـن أسـعد أغـا غفـوری، شـاعیری مـەزن هێمـن موکریـانی، رۆژی پـەردە لادان لەسـەر پەیکـەری شـاعیری نەتەوەیـی کـورد حاجـی قـادری کۆیـی، کۆیـە ١٩٧٣/١١/٢٩ (لـە ئەرشـیفی مامۆسـتا حاجـی محـي الديـن غەفـوری وەرگـیراوە)

قائمقـام عـلی سـلیمان بەهـار؛ لـە سـاڵی ١٩٢٤ لـە گونـدی تەیـراوەی سـەر بـە قـەزای حەمدانیـە لـە پارێـزگای نەینـەوا لـە دایـك دەبێـت. لـە سـاڵی ١٩٥٥ کۆلێـژی مـاف لـە بەغـدا تـەواو دەکات و دوای کودەتاکـەی عبدالکریـم قاسـم لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٥٨ - ١٩٦١دەبێتـە بەرێوەبـەری ناحیـەی باتوفـە. دوای هەڵگیرسـانی شـۆرشی ئەیلـولی ١٩٦١ و بەهـۆی پەیوەنـدی عـەلی بەهـار بـە شـۆڕش بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ (١٩٦١ - ١٩٦٣) دەسـتگیر دەکرێـت. بـە هاتنـی بەعسـیەکان لـە سـاڵی ١٩٦٣ ئـازاد دەکرێـت و پەیوەنـدی بـە شـۆڕشی ئەیلـول دەکاتـەوە. دوای رێککەوتنـی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ دەکرێـت بـە قائمقامـی شـاری کۆیـە. خەڵـکی کۆیـە سـوپاس گـوزاری خزمـەت و دڵسـۆزی و دادپـەروەری و دەسـتپاکی و نیشـتمانپەروەری عـلی سـلیمان بەهـارن. لـە خزمـەتی شـاری کۆیـە بـەردەوام دەبێـت و دار و درەختـە کالیپتـۆزەکانی دەروازەی کۆیـە لـە ئاراسـتەی هەولێـر لـە سـەردەم و بـە بڕیـاری ئـەو چێنـدراون و جوانکـراوە و هـەر بۆیـە بـۆ یـاد و وەفـای ئـەم دڵسـۆزیەی ئـەم شـاقامە ئەمرۆکـە بەنـاوی (شـەقامی عـەلی بەهـار) نێونـراوە. بـۆ یەکـەم جـار کۆڵانـەکانی گەڕەکـەکانی شـار لەسـەر دەسـتی ئـەو کۆنکرێـت رێـژ کـراون. بایەخـی بـە هونـەر و ئـەدەب و رۆشـنبیری و لایـەنی کۆمەڵایـەتی داوە. تـا ئێسـتاش یـاد و کارەکانی ئـەم بەڕێـزە لـە کـۆڕ و کۆبونـەوەکان بـاس دەکرێـت. لەگـەڵ هەلگیرسـانەوەی شـۆڕش لـە سـاڵی ١٩٧٤ پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە دەکات و پـاش نسـکۆ دەگەڕێتـەوە و خانەنشـین دەبێـت. لـە شـاری بەغـدا ماوەیـەك کاری پارێـزەری دەکات تـا بـۆ دواجـار لـە ١٩٧٩/١٢/١٢ کۆچـی دوایـی دەکات و لـە زێـدی باپـیرانی، لـە گونـدی تەیـراوەی قـەزای حەمدانیـە، بـە خـاك دەسـپێردرێت.



علی سلیمان بەهار

## مامۆستا ئاسنگەر نیشتمانپەروەرێکی هەستیار

مامۆستا ئاسنگەر لە تەمەنێکی زوو هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە بە هۆکاری ژینگە و دەوروبەر و قوتابخانە و مامۆستاکانیەوە هەستی نیشتمانپەروەری لای چەکەرە دەکات و خێرا گەشە دەکات. زوو دەچێتە دونیای خوێندنەوە و ئەدەبیات و ئەدەبیاتی سیاسیەوە و رۆچوون بە ئاراستەی کاری سیاسی لە ناخیدا قوول دەبێتەوە. ئاشکرایە ئەدەبیات و نووسین هۆکارێکی سەرەکی گەیاندنی پەیامە جۆراوجۆرەکانە و هۆکارێکیشە بۆ کاریگەری دروستکرن لەسەر خەڵکانێکی تر و رۆشنکردنەوەی بیر و هزر بۆ مەبەستی جۆشدان و هەڵوێست دروستکردن. بە رای من، هەروەك پێشووتر ئاماژەمان داوە، بۆی هەیە مامۆستا ئاسنگەر دەستی بۆ قەڵەم و نووسین و ئەدەبیات درێژ کردبێت تا بتوانێت وەك هۆکارێك پەیام و وانەی رۆشنفکری و نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی بە زۆرترین خەڵك بگەیەنێت، بۆیە لە کۆتا، لە رووی نووسینەوە بووە بە خاوەن ئەو کۆبەرهەمەی ئێستا لەبەردەستاندایە!

مامۆستا ئاسنگەر لە زۆر چالاکیە سیاسیەکاندا رۆڵی چالاکی تێدا دەبینی تەنانەت خۆیشی سەرپەرشتی کردووە و لەسەر ستەیج وەك بێژەر (عەریف حەفل) ئامادە بووە. یەکێك لە یادەوەرییە مێژوویەکان ئاهەنگ گێڕانی خەڵکی شاری هەولێر و دەوروبەریەتی بۆ یادکردنەوەی یەکەم جەژنی نەورۆزی دوای رێکەوتنامەی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ لە دارەتوو سازکرا. پارتی دیموکراتی کوردستان لە مامۆستا ئاسنگەر داوا دەکات بەشداری ئامادەکردنی ئاهەنگەکە بکات و ببێتە عەریف حەفل و لە هەمان کاتدا ئەرکی وەرگێڕانی ئەو وتارانەی کە بە زمانی عەرەبی پێشکەشدەکران بۆ سەر زمانی کوردی لە ئەستۆ بگرێت. شایەنی باسە بۆ برگەکان بە زمانی عەرەبی، وەك عەریف حەفل، مامۆستا و هاوڕێی ئاسنگەر؛ بەدرخان سندی بووە. ئەوکات مامۆستا ئاسنگەر بەڕێوەبەری خانەی

مامۆستایان دەبێت لە هەولێر و مامۆستا بەدرخانیش مامۆستای هەمان خانە دەبێت. ئەو نەورۆزە، وەك مامۆستا ئاسنگەر دەگێڕێتەوە، یەکێك بووە لە گەورەترین و پڕجۆشترین ئاهەنگ و یادگاری و گردبوونەوەی جەماوەری بە هەستێکی پڕ جۆش و خرۆشی نیشتمانپەروەرانە بە تایبەتی کە عێراق و کوردستان، دوای رێککەوتنامەکە، لە ژێر بارێکی دەروونی ئارام و پڕ ئاسایش بوون. یەکەم جار بوو لە مێژوو، کورد و کوردستان بە فەرمی بگات بە شێوەیەك لە مافە نەتەوەییەکانی. سەرتاپای ئەم یادەوەریە مامۆستا ئاسنگەر لە وتارێکیدا لە ژێر ناوی: (دوو شار، دوو سەردەم، دوو نەورۆز) بڵاوی کردۆتەوە. مامۆستا ئاسنگەر جگە لە نەورۆزەکەی دارەتوو لە وتارەکەیدا باس لە نەورۆزێکی شاری کۆیە دەکات کە لە ساڵی ١٩٤٦ ی سەردەمی پاشایەتی لەو شوێنەی پێی دەوترێت (شاخە مشکە) کە بە فەرمی هەردوو پارتی سیاسی، پارتی دیموکراتی کورد بە لێپرسراویەتی کاك عەلی عەبداللە لە سنووری کۆیە و حیزبی شیوعی عێراقی، مۆڵەت لە میری وەردەگرن بۆ ئەنجامدانی ئاهەنگەکەی نەورۆز. دەتوانم بڵێم ئەم ئاهەنگ و یادەوەریانە، بە تایبەتی بۆ تازە گەنجێکی تەمەن ١٤ ساڵانی وەك ئاسنگەر (لە ساڵی ١٩٤٦)، خۆی لە خۆیدا هەوێنی چەکەڵە کردن و جۆشدانی بیری نیشتمان پەروەری بووە بۆ دروستکردنی کەسایەتی و بیری تاکی خودی مامۆستا ئاسنگەر.

جگە لەم ئاهەنگ و یادەوەریانەی نەورۆز کە باسمانکردن، پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئادرای ساڵی ١٩٦٠، ئاهەنگێکی گەورە بۆ یادی نەورۆز و دەستکەوتەکانی کوردستان لە هەولێر ساز دەکات. ئەم نەورۆزە دوای ئەوە هات کە لەسەرەتای هەمان ساڵی ١٩٦٠ پارتی دیموکراتی کوردستان، بە رابەرایەتی بارزانی نەمر، بە فەرمی مۆڵەتی میری لە حکومەتەکەی زەعیم عبدالکریم قاسم وەردەگرێت. جەماوەری شاری هەولێر و ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و خەلکێکی زۆری شار و دەوروبەری

شـار لـەم ئاهەنگـە بـە جـۆش و خرۆشـەوە، بـە دڵێـکی پـڕ هیـوا بـۆ دواڕۆژ، بەشـداری ئاهەنگەکـە دەبـن. هـەر بـۆ مێـژوو چەنـد وێنەیـەك لـە ئەرشـیفی مامۆسـتا ئاسـنگەر دەخەینـە بەرچـاو کـە بریتـین لـە ئاهەنـگ و گردبوونـەوەی جەمـاوەری شـاری هەولێـری تینـووی ئـازادی لـە نـەورۆزی سـاڵی ١٩٦٠ لەگـەڵ چەنـد چالاکییـەکی بارزانییـەکان. لـە وێنـەی یەکـەم ئاپـۆڕای خەڵـك بـەرەو شـوێنی ئاهەنــگ و گردبوونــەوەی جەمــاوەری بەڕێــوەن. وێنــەی دووەم جەمــاوەر لــە شـوێنی ئاهەنـگ گردبوونەتـەوە و بـە لافیتەکانیـان وەسـتاون. بەنـدە توانیـم بـە وردبـین (زەرەبـین) نووسـینی سـەر چەنـد لافیتەیـەك بخوێنمـەوە کـە بـەم شـێوەیە بـوو:

لافیتـەی یەکـەم دەسـتە راسـت بـە زمـانی عـەرەبی نـووسراوە: (الشـعوب ضـد الاسـتعمار مـن أجـل الحريـة والديمقراطيـة والسـلام)

لافیتـەی سـێهەم بـە پـەڕۆکی رەنـگ تـۆخ بـە کـوردی نـوسراوە: (جوتیـارانی ...... پیرۆزبایـی جـەژنی نـەورۆز ئـەکات)

لافیتـەی چـوارەم (ناوەڕاسـت): (بـژی پێشـەوای کۆمـاری کـورد و عـەرەب کاك عبدالکریـم قاسـم)

لافیتەی پێنجەم: (نەقابەی ...... پیرۆزبایی جەژنی نەورۆزی نەمر ئەکات)



بەرەو شوێنی ئاهەنگ: ئاپۆڕای جەماوەری جۆشخواردوی هەولێر
(نەورۆزی پارتی دیموکراتی کوردستان: هەولێر، ٢١ ی ئاداری ١٩٦٠)



لە ئەرشیفی مامۆستا ئاسنگەر: نەورۆزی هەولێر لە ٢١ ی ئاداری ١٩٦٠



شایی بارزانییەکان: نەورۆزی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر، ١٩٦٠/٠٣/٢١



شایی بارزانییەکان: نەورۆزی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر، ١٩٦٠/٠٣/٢١

## بەرەوپێشچوونی قۆناغە سیاسیەکان و هارمۆنیەتی شیعرە نیشتمانیەکانی ئاسنگەر

مامۆستا ئاسنگەر لەسەر کاری سیاسی چەندین جار تووشی لێپرسینەوە و زیندان و دوورخستنەوە دەبێت. زۆر وریایانە لە روداوە سیاسیەکاندا یان بەشدار دەبێت یان لە نزیکیەوە گوزەر دەکات و پاشان دیمەنەکانی رووداوەکەی بە شیعر یان نووسین تۆمار کردووە و هەستی خۆی دەربڕیوە و لێکدانەوە و شیکاری و را و سەرنجی خۆیشی لەسەر داناوە. مامۆستا ئاسنگەر رۆژی ١٤ ی تەمووزی ١٩٥٨ لەگەڵ کودەتاکەی عبدالكريم قاسم لە نێو گەرمەی رووداوەکان دەبێت لە بەغدا و ئەو باسەمان بە شێوازی جۆراو جۆر بە زمانی کوردی و عەرەبی لە چەند وتارێکدا بۆ دەگێڕێتەوە. دواتر مامۆستا ئاسنگەر گەڕانەوەی سەرکردەی نەمر (بارزانی) لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بۆ عێراق و کوردستان ساڵی ١٩٥٨ دەکاتە (موژدە)یەك و لە شیعرێکی پانۆڕامیك دیمەندا، کە ئەوسا لە رۆژنامەی (پێشکەوتن) بڵاوی کردۆتەوە، بۆ دەنووسێت و دەڵێت (سەیری بەرگی شیعرەکانی مامۆستا ئاسنگەر بکە):

**موژدە**

مزگێنی بێ لەخاك و گەل
وا رۆژی گەش هەڵهات لەکەل
زەمین خۆی وەك بووك دەنوێنێ
گەردوون بە خەندە ئەدوێنێ
بە ئاوازی نەرم و شیرین
بانگ ئەکاتە تیشکی زێرین
بخشە بەسەر داروبەردا
لە دەشت و کێوا، لە هەردا

پاشان لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

پەیامێ بدرێت بە خەزان
تا دوا خات گەڵا رێزان
هەوری پاییز بگری بەتاو
رووی کوردستان تەڕکات بە ئاو
زۆر لەسەرخۆ نەرمە باران
بپڕوشێنێ لە هەواران
گوڵ و کانی پڕکاتەوە
بەهاری چووی سەرباتەوە

پاشان لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

ئەسرینی شادی بڕێژن
حەیران و لاوك ببێژن
لەهەر شوێنێ کوردی لێ بێت
گرمەی شایی و زرمەی پێ بێت
چۆپی سازدەن هی رەشبەڵەك
بلەرزێنن چەرخی فەلەك

پاشان دەڵێت:

پردێ دروستکەن زۆر مەزن
بەردێ لەنێر بێت، یەك لە ژن
هەر لە (بەغدا) تاکو (بارزان)
بەردەباز بن (باڵابەرزان)!

تا لە کۆتاییدا دەڵێت:

ولات ئیمڕۆ لە جەژنایە
جەژنی (مەلامستەفا)یە
جەژنی هەموو تیر و هۆزە
لەخاك و گەلمان پیرۆزە

دوا بەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١، ڕۆژ دوای ڕۆژ گڕی شۆرش بەتین تر دەبوو لە هەمان کات ناخی ئاسنگەر بە بڵێسەی شۆرشەکە بە تاو تر دەبوو، ئەوکاتە بوو ئاسنگەر ڕەتی کردەوە بۆ خوێندن بچێتە ئەمریکا نەوەکا میللەتەکەی لە دوای خۆی لە چارەنوسێکی نادیار بەجێبهێڵێت، لە جیاتی سەنگەر چۆڵکردن، خۆشەویستی خۆی بۆ پێشمەرگەکانی داینەمۆی شۆڕشەکە لە سروودێکی پڕ هەستی کوردایەتی دەکاتە سوێندێك و بە گەردنی پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی کوردستان هەڵیدەواسێت. چامە بەناوبانگەکەی مامۆستا ئاسنگەر بە نێوی (سوێندی پێشمەرگە) لەساڵی ١٩٦٣ دەنووسێت و پاشانیش لە شاخ هونەرمەندی نەمر (فواد ئەحمەد) دەیکات بە سروود و تۆماری دەکات. ئەم سرووده بە ئاوازێکی زۆر سەرنج راکێش و کاریگەر تۆمار دەکرێت و بەردەوام ئەم سرووده بە دەنگە رەسەنەکەی هونەرمەند فواد ئەحمەد لە ئێزگەی دەنگی کوردستان پەخش کراوە و چەندین نەوە یادگاری شۆڕشگێڕییان لە شاخ و لە شار لەگەڵیدا هەیە. لێرەدا بە پێویست و شایستەی دەزانم کە بڵێم ئەم سرووده پێویست دەکات دووبارە بە فۆرم و دابەشکردنێکی میوزیکی تازە، بە هەمان ئاوازەوە، تۆمار بکرێتەوە و خەڵك و نەوە تازەکانی نیشتمانی پێ ئاشنا بکرێت و لە هەمان کات شایەنی ئەوەیە بکرێتە مارشی پێشمەرگە. لەم چامەیەدا مامۆستا ئاسنگەر لە زاری پێشمەرگە قارەمانەکانەوە سوێند بە گشت پیرۆزیەکانی کوردستان

دەخۆن: سوێند دەخۆن بە لوتکەی کێوی بارزان، سوێند دەخۆن بە داستانی چەمی رەزان، سوێند دەخۆن بە قاسپەی کەوی کوردستان، بە رازی بووك و زاوا، بە شین و رۆڕۆی دایکانی جگەر سوتاو، بە بۆردومانی دوژمنی دڵرەق، سوێند دەخۆن بە خاکی لەت لەت کراوی چواربەشەی نیشتمان، بە رۆڵەکانی گشت شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بە بادینی و بە سۆرانی، سوێند دەخۆن بە خوێنی شەهیدی سەرکردە (مەحمود کاوانی) و گشت شەهیدانی رێباز، سوێند دەخۆن بە پێشڕەوی شۆڕش و سەرکردە (بارزانی) ...... لە پێناو ئامانجە مەزنەکان پێشمەرگەکان سوێند بەو پیرۆزیانە دەخۆن و تێکڕا هاوار دەکەن: یا کوردستان یاخود نەمان ...

## سوێندی پێشمەرگە
## (یا کوردستان... یا نەمان)

بۆ گەلی کوردی قارەمان
سوێندم بە خاکی نیشتمان
بەسەر لوتکەی کێوی «بارزان»
بە ئەشکەوت و جێی نەبەزان
لە بێتواتە و «چەمی رێزان»
**«یاکوردستان، یاخود نەمان!»**
سوێند بە خەندە و بزەی ساوا
قاسپەی کەوی نەترساوا
شەماڵ و خونچەی گەشاوا
راز و هیوای بووك و زاوا
سوێندم بە ئاوازی کەمان
**«یا کوردستان، یاخود نەمان!»**

بــە چەنگاڵــی مــەرگ و شــیوەن
بــەو دایکانــەی قــوڕ دەپێــون
بــەو بۆمبانــەی کــە تەقیــون
شــار و لادێــی پــێ تەپیــون
ســوێند بــە جەنگــی بــێ ئەمــان
**«یــا کوردســتان یاخــود نەمــان!»**
ســوێندم بــە رۆژێ کــە رەشــە
بــەم جۆگــەی خوێنــاوە گەشــە
بــەو ســەلك و پلــە بــێ لەشــە
بــەم نیشــتمانە چــوار بەشــە
ســوێندم بــە کاوەی نەمرمــان
**«یا کوردستان یا خـود نەمـان!»**
بــە پارتــی و پێشــمەرگەکانی
«ئاخجەلــەر» و شــێرەکانی
«هەولێــر و کــۆ و ســلێمانی»
بــە مانــگ و رۆژی «کاوانــی»
بــە کرمانجــی و بــە ســۆرانی...
**سوێند بە (بارزانی) پێشڕەومان**
**«یـا کوردسـتان یاخـود نەمـان»**
**«یـا کوردسـتان یاخـود نەمـان»**



لە لای راستەوە: د. جۆشان مەجید ئاسنگەر، فواد ئەحمەد، مەجید ئاسنگەر

شاکارێکی تری شیعری مامۆستا ئاسنگەر، کە وێنای سەرکەوتنێکی مەزن لە داستانی هەندرێن دەکێشێت، ئەویش دوابەدوای ئەوەی کە پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی شۆڕشی ئەیلول ساڵی ١٩٦٦ لە رووبەروو بونەوەیەکی مێژوویدا لە چیای هەندرێن بەرامبەر بە سوپای عێراق داستانێکی بێ وێنە تۆمار دەکەن و شکست بە هێرشی سوپا دەهێنن و سەردەکەون. لەم خۆشیەدا مامۆستا ئاسنگەر شیعرێك بە ناوی (هەندرێن) بۆ ئەم داستانە دەنوسێت و لە چەند کۆپلەیەکیدا بەم شێوەیە دەدوێت:

**هەندرێن**

هەندرێن بەرزی، شیاوی نازی
گەلی کورد ئیمڕۆ بە تۆ دەنازی
...

هــەر تیکــە شــاخ و هــەر پەنــا بــەردێ
لانــەی شــێرێ بــوو ســەنگەری مــەردێ
هــەر بســتێ خــاك و هــەر لــق و پۆپــە
هەنجــــراوی بۆمبـــا و پێکــــراوی تۆپـــە
وە لە کۆپلەی کۆتا دەڵێت:
ســـا دڵنیابـــە ئــەی شــاخی پیــرۆز
کـە یـادت ئەکەیـن وەك رۆژی نـەورۆز

دواتــر چەخماخــەی شــۆڕش دەگاتــە ئــەو پــەڕی نەبــەردی و ســەرکەوتن لــە دوای ســەرکەوتن تۆمــار دەکات و مامۆســتا ئومێدێــکی گــەورەی لا دروســت دەبێت. سروشــتی مــرۆڤ وایــە کاتێــك نزیــك دەبێتــەوە لــە ئامانــج تــرس و دڵەڕاوکــێ بــۆت دەهێنێــت لــە تــرسی لەدەســتدانی دەســکەوت و لادان لەڕێــگای ســەرکەوتن بــە تایبــەت بــە فیــت و پیــلانی ناحــەز و دوژمنــان. لــەم کاتــەدا دەبێــت لــە ســاڵی ١٩٦٧ شــیعرێك دەنوسێت بــە نێــوی (کــوردە ئــەم هەلــە) کــە دواتــر هونەرمەنــدی گــەل (تایــەر تۆفیــق) لــە مەقامێکــدا تۆمــاری دەکات:

**کوردە ئەم هەلە**

کــوردە ئــەم هەلــەی مێــژوو داویــە پێــت
لــە دەســتی نەدەیت، لانــەدەی لــە رێت
هەلێکـــە و ئەشــــێ روو نەداتـــەوە
مـــەردە ئـــەو گەلـــەی (گـــۆ) ئەباتـــەوە
خوێـــن تـــا لەجۆشـــە و بـــێ داد رژاوە
ســـاڕێژی نەکەیـــت (لانـــەت) هـــەژاوە

پاشان دەڵێت:

زۆر جار (هەڵە)یەك لە كۆڕی خەبات
گەلی خستۆتە ڕێ ی هات و نەهات
سا تۆیش وریابە لە قسەی ئەم و ئەو
گوێ مەگرە ڕۆژت لێ نەكرێ بە شەو
تەكانی ماوە بۆ لوتكەی تەلان
بیدە و ئەگەیتە (كاروان)ی گەلان

تا كۆتایی شیعرەكە

خەونەكانی ئاسنگەر و كوردستانیان تا ڕاددەیەك لە ڕێككەوتنی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ هاتەدی و بەری خەبات و شۆڕش كەوتنە دەست. لە شیعرێكیدا بە بۆنەی ڕێككەوتنامەكە وەك دەستكەوتێكی خەبات و تێكۆشانی كوردان دەنووسێت:

**بەری خەبات**

خەباتم كرد.. خەباتم كرد
لە گوێرەی شوێن و كاتم كرد
بەدەست و بیر هۆشمەند و ژیر
خۆم قوربانی وڵاتم كرد
لە ڕۆژێكا شەوە زەنگ بوو
دوژمن تینووی خوێن و جەنگ بوو
ئەم پڕ چەك بوو
هار و بەتەر، لە دەشت و دەر
زرێی پۆڵایی لە چەك بوو
من دەربەدەر یا دەستبەسەر
كوتەكم هێزی مەچەك بوو

لە بەشێکی شیعرەکەدا رۆژگارە سەخت و تاڵەکان وێنا دەکات و دەڵێت:

لاشەم سەرتاپای برین بوو
بەشم رەشپۆشی و گرین بوو
«لانە»م هەژاو خانەم رووخاو
«بەرهەم» دزراو «خەرمان» سووتاو
«رۆڵە»م «کوژراو» بست بە بستی خاکم
بە بۆمبا و تۆپ ئەنجن کراو
کەچی گەردوون، گەردوونێکی چەپگەردی دوون
تووشی هێنام بە دەردێکی ئێجگار بە سام
بیور لەخۆم پوواز و کلکی پێکهانی
ئەوسا توانی بە ئاسانی
ئەو «کونجۆکەی» بە «فرمێسك» و «خوێنی جگەر»
هەڵم نابوو
دەس درێژ کات.. بۆ تێکدانی!

دوای قوڵبونەوەیـەکی تـر لـە ناسـۆری و ژانی گـەل و نیشـتمانەکەی، لـە ئاسـۆی ژیـن ئومێدێـك بـەدی دەکاو دەبێتـە هەوێنـی هێـز و بەرخـودان؛ تـا لـە کۆپڵەیـەکی تـردا بڵێـت:

سۆز و جۆشی کڵپەی دەروون
لە تەك نرکەی پێویستی بوون
هێندە بەتاو لەم گێژاوە تانووتی دام
شێرە پڵنگی مەکۆی بارزان
چریکاندی و گیانی پێدام
لەجیاتی چاوی کوێر بووما

هەموو جەستەی کردم بە چاو
لە بن هەوری تاریکی دا بینیم هەتاو
نەما ترس و شێوان لەلام
لە بڕی نەمان
ئاڵای بەرزی تێکۆشانی
«یا کوردستان، یا خود نەمان»
بوو بە سروودی نیشتمانی

ئەنجا لە کۆتایی شیعرەکەیدا مژدەکەی بە گوێی گێتیدا رادەگەیەنێ کە سەرکەوتنەکان بەرهەمی خەبات و ناسۆر چەشتنی گەلەکەیەتی و دەڵێت:

مزگێنی بێ ... مزگێنی بێ
لە کوردستان ... جەژنم داهات
بۆ جەژنانە ... «ئۆتۆنۆمی» ی
«بوو بە نوخشە و بەری خەبات»!!

ئەم خۆشیەی مامۆستا ئاسنگەر و نیشتمانیانی کوردستان درێژەی نەکێشا و هەنگاو بە هەنگاو بە پیلانێکی (نێودەوڵەتی، ئیقلیمی، ناوخۆیی!!!!) حکومەتی ئەوسای عێراق بە سەرۆکایەتی (ئەحمەد حەسەن بەکر) و جێگرە باڵا دەستەکەی (سەددام حوسێن) کەوتنە پەڵپە و بیانوو گرتن بۆ دووبارە دەستگرتنەوەی دەسەڵات بەسەر ناوچەکانی سنووری ئۆتۆنۆمی و لە بڕی جێبەجێکردنی بڕگە هەڵپەسێردراوەکانی رێککەوتنامەکە حکومەت دەستی کرد بە سەندنەوەی مافەکان کە درابوون و بە فەرمی ئەو لێکترازانەی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و حکومەتی ناوەند بوو بە ئەمری واقیع

و دووبـاره شـۆڕش و شـەڕ هەڵگیرسـایەوە و چیـاکانی کوردسـتان بوونـەوە بـە سـەنگەری بەرخـودان. مامۆسـتا ئاسـنگەر دوای پاشـگەزبوونەوەی حکومەتـی ئەوسـای عێـراق لەلایـەن حیزبـی بەعسـەوە لـە بەڵێنەکانـی و کشـانەوەی لـە رێککەوتننامەکـە، ئەویـش وەك زۆرانـی تـر دەسـت لـە پلـە و بەرژوەنـد و وەزیفـە و مووچـە و خێـزان و شـار هەڵدەگرێـت و ساڵی ١٩٧٤ روو لـە ناوچـە ئازادکراوەکانـی شـۆڕش دەکات و دەبێتـە پێشـمەرگە.

هـەر زوو سـەرکردایەتی شـۆڕش، بـە پشـت بەسـتن بـە ئەزمـوون و توانـای



مەجید ئاسنگەر لە پێشمەرگایەتی: شۆڕشی ئەیلول، دەربەندی رایات، ١٩٧٥/٠١/٢٩



مەجید ئاسنگەر لە پێشمەرگایەتی: شۆڕشی ئەیلول، لە دەربەندی رایات ساڵی ١٩٧٤



مەجید ئاسنگەر لە پێشمەرگایەتی: لە ناوپردان و دەربەندی رایات ساڵی ١٩٧٤



شۆڕشی ئەیلول، خۆشکان – سەکڕان، زستانی ١٩٧٥- لە راستەوە: مەجید ئاسنگەر، فەرهاد عەونی، جەمال قادر، نەژاد عەونی



بـارەگای بەڕێوەبەرایـەتی رۆشـنبیری و راگەیانـدن و لاوان لـە ناوچـە ئازادکـراوەکانی ژێـر دەسـەڵاتی شـۆڕشی ئەیلـول، دەربەنـدی رایـات، ٢٩/٠١/١٩٧٥- لـە لای راسـتەوە: سـیروان عبداللـە سـعید، یوسـف مولـود قصـاب، نـەژاد عـەونی، زرار مولـود قصـاب - لـە پێشـەوە بـە جامادانیـەوە: مەجیـد ئاسـنگەر

ئاسـنگەر، دەیکـەن بـە سەرپەرشـتیاری پەروەردەیـی قوتابخانەکانـی ژێـر ئیـدارە و دەسـەڵاتی شـۆڕش لەگشـت ناوچـە ئازادکـراوەکان. لـەم نێوەنـدەدا مامۆسـتا ئاسـنگەر مێژوویەکـی سـەربەرزانە تۆمـار دەکات و چەندیـن بابەتـی یادگارییەکانـی ئـەم رۆژانـەی تۆمـار کـردوون و بـە وتـاری جۆراوجـۆر بـڵاوی کردۆتـەوە. لـە شـیعرێکیدا لـە ناوجەرگـەی خەبـات و مەڵبەنـدی شـێران لـە ناوپردان و دەربەنـدی رایـات شـیعرێك بـۆ ئـازادی تێکـەڵ بـە سـۆزو ئەشـق و دووری لـە کـەس و کاری دەنوسـێت و دەڵێـت:

یـاران گـوێ بگـرن لـەو گفتوگۆیـە
بـۆ ئازیزانـە دڵ پـڕ لـە سـۆیە
تـاڵاوی مەرگـە زیندەگـی دووریم
مـن لـە تـاران بـم، ئـەوان لـە کۆیە
دە مانگـە دوور و وێڵـی شـارانم
کوشـتەی بێ نـازی و مەیلـی یارانم

بەردەوام دەبێت تا لە کۆتایی شیعرەکە دەڵێت:

سـوێند بـێ تـا لـەوەی پێـی گرفتـارم
پاکنەکەمـەوە دێهـات و شـارم
بـە دیاریش نەیبـەم گوڵـی سەربەسـتی
نەگەڕێمـەوە باوەشـی یـارم!



مەجید ئاسنگەر، شۆڕشی ئەیلول، مەهاباد، ١٩٧٤/٠٧/٢٤

## مامۆستا مەجید ئاسنگەر لە ساڵی ١٩٧٤ و کاریگەری بەسەر لاوانی مەهابادەوە

هاشـمی نانـەوازادە؛ خانەوادەیـەکی نیشـتمانپەروەر و ئـەدەب دۆسـتی نـاسراوی شــاری مەهابــادی رۆژهــەڵاتی کوردســتانن. شــاعیرێکی بەســەلیقەی جواندۆســتی شـارەزان و زۆر لـە شیعرەکانی لەلایـەن گـۆرانی بێژانـەوە کـراون بـە گـۆرانی. یەکێـك لـە گۆرانیـە نـاسراو و بـە هەسـت و سـۆزەکانی هونەرمەنـدی گـەورە (مامڵـێ) بـە نێـوی (لالـە بەدەسـتان)، لـە شـیعری هاشـمی نانەوازادەیـە و لـە کۆپڵەیەکیـدا دەڵێـت:

**لالە بەدەستان**

عیشــقت بــێ چــارەی کــردووم دڵ ســوتاوە لەوێــدا
زوڵفــت بــا دەیژاکێنــێ بــە کوێســتان و بەوێــدا
دەنگــی بولبــول و قومــری دێ لــە نیــوەی شــەوێدا
دڵ بــە لێــو ئاڵــێ بەنــدە بۆیــە شــێت بــووە لەوێــدا
کاغـەز دەنووسـم بـۆ لەیـلا بـە دڵێکـی پـڕ بـە خوێنـەوە
دەنگی قورینـگان دێ لـە هـەوای، دەڵێی کوێستان چی دێنەوە
شــەو داوەتیــان تێکــڕا دەکــرد لالــە بەدەســتان
چەنــد جــوان و پــاك و شــیرینە کیــژی کوردســتان

مامۆســتا ئاســنگەر کاتێــك لــە ســاڵی ١٩٧٤ دەکەوێتــە مەهابــاد، ئاشــنایەتی و دۆســتایەتی لــە گــەڵ ئــەم خانــەوادە بەڕێــزەدا پەیــدا دەکات و لــە ڕێــگای کاك پــۆڵای کــوری کاك هاشــم و کاك هۆشــیاری پــورزای لەگــەڵ چەندیــن لاوی ئـەم شـارە نزیـك بوونـەوە درووسـت دەبێـت. نزیکبوونەوەیـەك کـە هەسـتی نیشــتمانپەروەری و کوردایــەتی و ئــەدەب دۆســتی پاڵنــەر و بزوێنــەری دەبێــت. زۆرێــك لــەم لاوە خوێنگــەرم و دڵســۆزانە دواتــر خوێنــی گەشــیان دەکــەن بــە



هاشمی نانەوازادەی مەهابادی

قوربـانی خـاك و نیشـتمان و شـەهید دەبـن وەك (سـولەیمان، جەمـال، تەهـا، مەمـان، رەحیـم ...). کاك پـۆڵا نانـەوازادە دواتـر خۆیـشی دەبێتـە خـاوەن سـەلیقەیەکی بـەرزی شـیعر و ئـەدەب و جۆشـدراوی زامـە سـارێژنەکراوەکانی ئـازادی کوردسـتان، وە دوای چەندیـن سـاڵ پێشـمەرگایەتی و ئاوارەیـی و ناسـۆری ژیـان، ئێسـتا لـە وڵاتی سـوێد نیشـتەجێیە. کاك پـۆڵا چەندیـن شـیعری بـەرزی بـۆ ئـازادی کوردسـتان و ئـازاری میللەتەکـەی چڕیـوە، لـە شـیعرێکی بـەرزی کوردانـە، بـە نـاوی (مەهابـاد)، کـە وەك سـیمبولێك بـەکاری هێنـاوە و مەبەسـت لێـی کوردسـتانە و بەهۆیـەوە ئـازار و بەرخـۆدان و قوربانیـەکانی نەتەوەکـەی و هیـوای بـە دواڕۆژێـکی ئـازاد لـەم شـیعرەدا بەرجەسـتە دەکات. لـە کۆپلـەی سـەرتا دەسـتپێدەکات و دەڵـێ:

**مەهاباد**

دڵـە هـاوڕێ، وەرە ئـەی هاوژینـم
کۆنـە یـار، هاودەمـی شـایی و ژینـم
وەکی بیسـتوومە دەڕۆی بـۆ دووری
هەمـە ئەرکێـکی گرنـگ، دەمبـووری
سـەفەرێکم هەیـە هـەر بـۆم ناکـرێ
زۆر لەمێـژە بەتەمـام سـەرناگرێ
سـەفەری شـاری مەهابـادی جـوان
گوڵـی سـەرتۆپی وڵاتی کـوردان

تــۆش دەزانــم وەکــو مــن مەســتانە
ئــارەزووت دیتنــی کوردســتانە
وەرە بــا پێکــەوە ســەر هەڵگریــن
روو بــە ئاسـۆی گـەشی ئـاوات بفڕیـن
خــۆ لــە ئامێــزی خەیــاڵان باوێــین
دەرد و ئــازار و خەمــان دەرهاوێــین
هەڵفڕیــن، شــەققە لــە شــاباڵ بێنــین
مــەلی ئــاواتی خەیــاڵ راژێنــین

تا کۆتایی شیعرە بەرزەکە

کاك پــۆلا نانــەوازادە لــە وتارێکیــدا بــە نــاوی (لــە یــادی مامۆســتا مەجیــد ئاسـنگەردا) کـە لـە سـاڵیادی یەکەمـی کۆچـی مامۆسـتا ئاسـنگەر ئامـادەی کردبـوو و لەســەر گلکۆکەیــدا لەبــەردەم دۆســت و کــەس و کاریــدا خوێندیــەوە، کــە لــەم کۆبەرهەمــە بەردەســتە بــۆ خوێنــەر، بــاس لــەو دەرفەتــە دەکات کــە لــە ســاڵی ١٩٧٤ لــە ناســینی مامۆســتا ئاســنگەر بــۆ لاوانی مەهابــاد رەخســا بــوو دەڵــێ:

(شــاعیرێکی نیشــتمانپەروەری خەڵکــی کۆیــەن، بەنــاوی مەجیــد ئاســنگەر کــە مــن بــۆ یەکەمجــار لــە مەهابــاد، لــە گەڕەکــی خــڕێ، لەماڵــە پــوورم، شــانازی ناسـینی ئـەم پیـاوە گـەورەی کـوردم پـێ بـڕا. کاك مەجیـد سـاڵی ١٩٧٤ لەگـەڵ شۆڕشــی ئەیلــوول پــەرەوازەی رۆژهەڵاتــی کوردســتان ببــوو، کاك هوشــیاری پــوورزام ژوورێکــی لــە ماڵــی خۆیــان هــەروا پێدابــوو. دەیزانــی کــە ئینســانی ئــاوا ئەدیــب، شــارەزا و سیاســی بەدەگمــەن وەگیــر دەکــەوێ کــە دەریایــەك بــێ لــە زانســت و ئــەدەب و هونــەر. خوێنــدەوار، شــاعیر، پێشــمەرگە، رووناکبیــر، کوردیــزان، زمانــەوان و لەبــەردڵان و ئەوەنــدەش بــە رووح ســووکیی مــەودات بــدا شــتی لــێ فێــر بــی).

کاك پـۆلا دەربـارەی کاریگـەری هونـەر و سروود و مەقـام و شـیعری نەتەوایـەتی لەســەر هەســتی نیشــتمانپەروەری و شــیعرێکی مامۆســتا ئاســنگەر دەڵێــت:

(لـەو سـەردەمەدا لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، بەراشـکاوی دەتوانـم بڵێـم، هانـدەری سـەرەکی هەسـتی کوردایەتـی لاوەکانـی هاوتەمەنـی مـن مامۆسـتا تاهیـر تۆفیـق بـوو کـە بـە دەنگـە خـۆش و بەسـۆزەکەی شـیعری نیشـتمانی و نەتەوایەتـی دەچـڕی و بیـری کوردایەتـی دە دڵ و دەروونـی ئێمـەدا دەهەژانـد. کـەس نەبـوو لـە ئێمـە چەنـد گۆرانـی ئـەم دەنگبێـژە هونەرمەنـدەی لەبـەر نەبـێ. یەکێـك لـە مەقامـە خۆشـەکانی مامۆسـتا تایـەر تۆفیـق کـە شـیعرەکەی ئـی کاك مەجیـد ئاسـنگەر بـوو ئەمـە بـوو:

کـوردە ئـەم هەلـەی مێـژوو داویـە پێـت
لەدەسـتی نـەدەی لانـەدەی لـە ڕێـت
هەلێکــە و دەشــێ ڕوو نەداتــەوە
مــەردە ئــەو گەلــەی گــۆ دەباتــەوە

کاك پۆلا دەربارەی مامۆستا ئاسنگەر زیاتر دەڵێت:

(کاك مەجیـد شـۆڕشـی دیبـوو، زینـدان و دوورخسـتنەوە و دەربـەدەری و ئاوارەیـی چێشـتبوو و دەریایـەك بـوو لـە ئەزمـوون هـەر بۆیـە لـە دانیشـتن لەگەڵـی تێـر نەدەبوویـن. کاك مەجیـد ئەهلـی قەڵـەم بـوو وە خـۆی لـە سـەرکەوتنی کۆنگرەکانـی مامۆسـتایانی کۆمـاری عێراقـدا، لـەدەورەی عەبدولکەریـم قاسـم کـە لەسـەر بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی خوێندنـی کـوردی گیرابـوون، دەسـتی بـاڵای هەبـوو وەك نوێنـەری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ژێـر ڕێککەوتنەکانـی واژۆ (ئیمـزا) کردبـوو).

وە دەڵێت:

(کاك مەجیـد مامۆسـتا و ئەدیبێکـی گـەورە بـوو دەریایـەك بـوو لەهەسـت و خۆشەویسـتی و زانسـت و کوردایەتـی. ئـەو مـاوەی لـە مەهابـاد و تـاران لەخزمـەت کاك مەجیـددا بـۆ ئێمـە وەك قوتابخانەیـەك وابـوو، مامۆسـتایەکی بـە ئەزمووەمـان

وەگیـر کەوتبـوو دەرسـی ژیـان و خەبـات و کوردایەتـی لـێ فێـر دەبوویـن).

بەڵـی، ئـەوە هەمیشـە هەڵوێسـتی سروشـتی و خاکییانـەی مامۆسـتا ئاسـنگەر بـوو! ئـەو هەرگیـز چاوەڕێـی دەرفـەتی نەدەکـرد بەڵکـو هەمـوو سـاتێك بـۆ ئـەو دەرفـەت بـوو تـا پەیامـی دڵسـۆزانە و کوردانـە و هەڵوێسـتە نیشـتمانپەروەریەکانی خۆڕسـکانە ببەشـێتەوە! لـە سـاڵی ١٩٧٤ و دواتـر شـۆرشی کـورد بـە رابەرایـەتی بـارزانی نەمر دوای چەندیـن قوربـانی و بەرخـۆدان و شکسـت و سـەرکەوتن خەریـك بـوو چـۆك بـە رژێـم و دەسـەڵاتی ئەوسـای عێـراق دابنێـت، بـەڵام خیانـەت و بەرژەوەنـدی وڵاتـانی زلهێـز و هاوکێشـە ئیقلیمیـەکان و تەنـازول کـردن و فرۆشـتنی خـاك لەلایـەن رژێمـی ئەوسـای عێـراق بـە بێگانـە لەبـەدل پێشـوازیکردن لـە داواکاری شـۆرشی کوردسـتان، بـووە هـۆی نسـکۆی شـۆڕش و خـەونی ملیۆنـان کوردسـتانیانی بـە بـا کـرد!! رێککەوتنامـەی جەزائـیر بەسەرپەرشـتی سـەرۆکی جەزائـیر (هـەواری بۆمیدیـان) بـۆ نێوەندگـیری و رێککەوتـن لـە نێـوان سـەددام حوسـێن ی جێگـری سـەرۆکی عێـراق و محەمـەد رەزا شـای ئێـران لـە سـاڵی ١٩٧٤ بـووە هـۆی هەڵگەڕانـەوەی رژێمـی شـای ئێـران لـە شـۆرشی کـورد وە چـەك دانـان بـە شۆرشـەکە لـە هەمـان کات عێـراق بەشـێکی زۆری خاکەکـەی تەسـلیم بـە دەوڵـەتی ئێـران کـرد سـەرەڕای نیـوەی (شـەتی عـەرەب - شـط العـرب)! ئەوەبـوو پێشـمەرگە و خانـەوادە ئاوارەبـووەکان تـا رادەیـەك پەرتـەوازە بـوون و ئـەوەی مایـەوە لـە ئێـران و ئـەوەی گەڕایـەوە عێـراق کەوتـە بـەر رەحمـەتی لێبـوردنی گشـتی مـیری.

لـە بیرمـە ئـەو ماوەیـەی کـە مامۆسـتا ئاسـنگەر پێشـمەرگە بـوو؛ ئێمـە: دایکـمان و سـێ خوشـك و بـرا ژیانمـان لـە ماڵـی باپیرمـان (عـەونی شـاعیر) بەسـەر دەبـرد لـە کۆیـە. زۆر جـار سـەربازەکانی سـوپای عێـراق بـە چەکـەوە بـە ژوور دەکەوتـن و هەڵمـەتی پشـکنینیان لـە نـاو مـاڵ و دەوروبـەری ئەنجامـدەدا کـە بـۆ ئێمـەی منـداڵ دیمەنێـکی نەخـوازراو و ترسـناك بـوو!



رابەری شۆڕش: بارزانی نەمر

مامۆستا ئاسنگەر دوای نسکۆ دەگەڕێتەوە کۆیە. ئیتر ئەو رۆژەی دەگەڕێتەوە دەرفەت نەدرا منی تامەزرۆ بە ئامێز و دیداری باوکە دڵشکاوەکەم شاد ببم! تا رۆژ و نیوێك من هەر لە چاوەڕوانی فریادڕەسێك بووم شەرمم بشکێنێ و نەریت بەلاوە بنێ و بمبات بۆ لای! هۆکارەکەشی ئەوەبوو هەر بەگەڕانەوەی ژووری دانیشتن و دیوەخانەکەی ماڵی عەونی پڕ بوون لە خزم و کەس و کار و پیاو ماقوڵانی شار و هەر هەمووشیان تاساوباری نسکۆی شۆڕشەکەی ئومێدی کوردان بوون! ئەوەندەی خەریکی شیکردنەوە و لێکدانەوە و باسی شۆڕش بوون ئەوەندە بۆ ئێمە بوار نەبوو بە سۆزی باوکایەتی باوکمان شاد ببینەوە. لۆ بەیانیەکەی دواتر بە زۆر دایکم و پلك و خارەکان منیان بردە لای و هەستێکی یەکجار خۆش بوو! بەڵام زۆری نەبرد چووە دەرەوەی ژوورەکە و لە فریزی باخچەکەی سەر دەرگاکەی بەر رێگای حەمامۆك بەدەم پیاسە و روخسارێکی پڕ خەفەت رادیۆکەی هەڵکرد و میلی کەناڵەکانی دەگۆڕی و گوێ ی بۆ هەواڵەکان هەڵدەخست وەك بڵێی بەدوای هەواڵێکی وێڵ عەوداڵ بێت!! منیش هەر ئەوندەم پێدەکرا لەگەڵ هەنگاوەکانی ئەو بێم و بچم و پرسیار بارانی بکەم، بەڵام هەستم دەکرد بێسوودە چونکە هەست و هۆشی پێنەدەچوو لای من بێت بەقەدەر ئەوەندەی بەدوای هەواڵێك دەگەڕا!

حکومەت، لە دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕانەوەی ئەو پێشمەرگانەی بە (عائدین الی الصف الوطني - گەڕاوەکان بۆ ریزی نیشتمانی) ناوزەد کرد و لێبوردنی بۆ دەرکردن و ئەوانەی پێشووتر کار و وەزیفەی حکومەتیان هەبوو گەڕێندرانەوە سەر ئەرك. مامۆستا ئاسنگەر هەرچەند ماڵی لە کۆیە دەبێت بەڵام بە فەرمانێك بۆ (العائدین) لە ١٩٧٥/٠٣/٢٧ وەك مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە دواناوەندی سەلاحەددینی کوڕان (ثانویە صلاح الدین للبنین) لە هەولێر دەست بەکار دەبێتەوە (بنواڕە دۆکۆمێنتی خوارەوە) کە یەکەم ناو ناوی مامۆستا ئاسنگەرە (مجید أحمد أمین حداد) کە بە لیستێك لە

ژێـر نـاوی (الموظفـين العائديـن الى الصـف الوطنـي) فەرمانەکانیـان بـۆ دەرکـراوە.

پـاش ماوەیـەك لـەم گەڕاندنەوەیـە و لەسـەر داواکاری مامۆسـتا ئاسـنگەر راژەی مامۆسـتایەتیەکەی لـە هەولێـرەوە دەگوازرێتـەوە کۆیـە بـۆ قوتابخانـەی ناوەنـدی کۆیـەی کـوڕان بـە فەرمـانی بەڕێوەبەرایـەتی پـەروەردەی هەولێـر ژمـارە ٣١٧٦٨ لـە ١٩٧٥/١٠/٥،(بنـواڕە دۆکۆمێنتـی خـوارەوە).

قائمة باسماء الموظفين العائدين الي الصف الوطني في مديرية تربية محافظة اربيــــل المعاد تعينهم

| ت | الاســــــم | اختصاصه | راتبه الاسمي قبل | تاريخ التحاقه قبل الظهر | المدرسةالمعين فيها |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ١ | مجيد احمد امين حداد | الانكليزية | ١٠٠ | ٩٧٥/٣/٢٧ | مدرس ثانوية صلاح الدين للبنين |
| ٢ــ | مجيد فقي صالح | الكردية | ٣٦ | كـــــذا | ثانوية كويسنجق للبنين |
| ٣ــ | الياس حنتوش سلطان | الفيزياء | ٢٨ | ٩٧٥/٣/٣٠ | متوسطة ميركهسور مع وضعه تحت التجربة لمدة سنة واحدة في خدمة فعليه اعتبارا من تاريخ مباشرته الوظيفة بموجب المادة ١٥ من قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لسنة ٩٦٠ من قانون الخدمة |
| ٤ــ | عبد الوهاب عبد الله قاسم | الجغرافية | ٢٨ | ٩٧٥/٣/٢٩ | مدرس متوسطة ديانه مع وضعه تحت التجربة لمدة سنة واحدة في خدمة فعليه اعتبارا من تاريخ مباشرته الوظيفه بموجب المادة ١٥ من قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لسنة ٩٦٠ |
| ٥ـ | مجيد ابراهيم اسلام | الجغرافية | ٣٦ | ٧٥/٣/٣٠ | مدرس متوسطة ميركه سور |
| ٦ــ | جتو شفيق عبد الله | الانكليزية | ٢٨ | ٧٥/٣/٣٠ | مدرس ثانوية رواندوز مع وضعه تحت التجربة لمدة سنة واحدة في الخدمة فعلية اعتبارا من تاريخ مباشرته الوظيفة بموجب المادة ١٥ من قانون الخدمة المدنية ٢٤ لسنة ٩٦٠ |
| ٧ــ | احمد طاهر احمد نقشبندى | الكردية | ٣٩ | ٩٧٥/٣/٢٩ | مدرس متوسطة سيداوه للبنين |
| ٨ــ | جلال حسين احمد | الرياضيات | ٥٦ | ٩٧٥/٣/٢٧ | مدرس اعدادية شقلاوه للبنين |
| ٩ــ | جواد محمد عبد الله شيرواني | الكردية | ٣٦ | ٩٧٥/٣/٢٦ | مدرس متوسطة ميركه سور |
| ١٠ | قسيم حسن محمد امين | - | ٣٧ | ٩٧٥/٣/٢٦ | مدرس ثانوية مخمور |
| ١١ | خورشيد اسماعيل احمد | الرياضيات | ٢٨ | ٧٥/٣/٢١ | مدرس متوسطة ديانه للبنين مع وضعه تحت التجربة لمدة سنة واحدة في الخدمة فعلية اعتبارا من تاريخ مباشرته الوظيفه بموجب المادة ١٥ من قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لسنة ٩٦٠ |
| ١٢ | عبد الحميد احمد علي الدوسكي | الكيمياء | ٢٨ | ٩٧٥/٣/٢١ | مدرس اعدادية شقلاوه مع وضعه تحت التجربة لمدة سنة واحدة في خدمة فعلية اعتبارا من تاريخ مباشرته الوظيفة بموجب المادة ١٥ من قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لسنة ٩٦٠ |
| ١٣ | عبد الهادى رحمن سليمان | الرياضيات | ٤٨ | ٩٧٥/٤/٢ | مدرس متوسطة بارزان مع وضعه تحت التجربة لمدة سنة واحدة في خدمة فعلية اعتبارا من تاريخ مباشرته الوظيفة بموجب المادة ١٥ من قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لسنة ٩٦٠ |
| ١٤ | محمد امين عبد الرحمن سليمان | الجغرافية | ٣٨ | ٩٧٥/٣/٢١ | مدرس ثانوية رواندوز للبنين |
| ١٥ | بروين محمد رؤوف شالي | الكردية | ٣٩ | ٩٧٥/٣/٣٠ | مدرسة ثانوية عينكاوه للبنات |
| ١٦ | اوزا يوسف يحي النقشبندى | الانكليزية | ٤٠ | ٩٧٥/٣/٢٥ | مدرسة ثانوية الخنساء لبنات |
| ١٧ | عبد الكريم عبد الرزاق حبيب | - | ٧٠ | ٩٧٥/٣/٢٧ | مشرف تربوى في اربيل |
| ١٨ | محمد علي مصطفى حسن | | ٥٦ | ٩٧٥/٣/٢٩ | - - قضاء جومان |
| ١٩ | صديق صادق احمد | الاجتماعيات | ٧٦ | ٩٧٥/٣/٢٧ | مدرس متوسطة طلعت التكميليه |
| ٢٠ | قة حمه كريم رمضان احمد | التربية وعلم النفس | ٥٤ | ٩٧٥/٣/٣٠ | مدرس دار المعلمين الابتدائية في دهوك |
| ٢١ | سيف الدين عبد المجيد صالح | الكردية | ٥٠ | ٩٧٥/٣/٢٩ | مدرس متوسطة كويسنجق |

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

مديرية تربية محافظة اربيـــل
ذاتية ـ الثانوي

العدد / ٢١٧٦٨
التاريخ / ٥ / ١٠ / ٩٧٥

ـ امر اداري ـ

١ـ استنادا الي الصلاحية المخولة لنا بكتاب المديرية العامة للتعليم الثانوي المرقم ٢٢٩٠٢ والمؤرخ في ١٤/٤/٩٧٥ الواردة ذكرها في الصفحة الثانية ( رابعا ) تقرر اجراء التنقلات التالية بين المدرسين والمدرسات داخل المحافظة تنظيما لملاك التعليم الثانوي من تاريخه اعلاه وعلى نفقتهم الخاصة

٢ـ بناء على طلب المديرية العامة للتعليم المهني النسوي بكتابها المرقم ٥٢١٥٤ والمؤرخ في ٢٨/٨/٩٧٥ بدمج الصف المتبقي من اعدادية الفنون البيتية بدار المعلمات تقرر نقل مدرسات هذه الاعدادية الي المدارس المؤشرة ازاء اسم كل واحدة منهن من تاريخه اعلاه وعلى نفقتهن الخاصة .

٣ـ بالنظر لما جاء بالفقرة ( ٢ ) اعلاه واستنادا الي الصلاحية المخولة لنا بكتاب المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية ( الذاتية ) المرقم ٤٧٦١ في ٣/١١/٩٦٥ تقرر تنسيب السيدة فوزية هاوار ابراهيم كاتبة القسم الداخلي الي دار المعلمات موقتا اعتبارا من تاريخ الانفكاك والمباشرة

٤ـ استنادا الي الصلاحية المخولة لنا بكتاب المديرية العامة للتربية الرياضية ( الادارة والذاتية ) المرقم ٢/٣/٢١٦٥ والمؤرخ في ٩/٩/٩٧٥ تقرر اجراء التنقلات بين مدرسي التربية الرياضية المدونة اسماؤهم في القائمة المرفقة طيا من والي المدارس المؤشرة ازاء اسم كل واحد منهم من تاريخه اعلاه وعلى نفقتهم الخاصة

المرفق / قائمة

برهان احمد وحيد
مدير تربية محافظة اربيـــل

صورة منه الي /ـ

الامانة العامة للتربية والتعليم العالي لمنطقة الحكم الذاتي ـ للتفضل بالعلم
المديرية العامة للتعليم الثانوي ـ ٨٥
= = = المهني ـ النسوي ـ ١٠
المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية ـ الذاتية
مدير اعداد المعلمين بوزارة التربية
= = السجل الشخصي
المديرية العامة للتربية الرياضية ـ الادارة والذاتية ـ ١٢ ـ للتفضل بالعلم
المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية
دائرة الاشراف التربوي الاختصاصي في اربيل ـ ٢٠
معاوني المديرية ـ ٤
نقابة معلمي كوردستان ـ فرع اربيل
مدير النشاط الرياضي والكشفي في المديرية
مديرية خزينة المحافظة
ادارات المدارس المعنية .............. ـ يرجى اعلامنا تاريخي الانفكاك والمباشرة
ذاتية العمال والمستخدمين ـ لنقل مستخدمي الفنون البيتية الي دار المعلمين والمعلمات واصدار
شعبة الاعلام في المديرية الامر الاداري اللازم بذلك
ذاتية التعليم الثانوي الملاك / الترفيعات / العلاوات / الاحصاء / المخزن الثانوي ـ ٦
الامتحانات / الشهادات / المحاسب الثانوي ـ ١٥
الملفة الشخصية ـ ٩٠
السيد / السيدة ............ ـ ٩٠

ص ـ ٤ ـ

| الاسم | مدرستها الحالية | الاختصاص | المدرسة المنقول اليها |
|---|---|---|---|
| ٨١ ـ فاروق توفيق مصطفى | ثانوية الاخوة العربية الكردية منسب ثانوية صلاح الدين | الرياضة | متوسطة خه بات للبنين |
| ٨٢ ـ علي صدين محمد | ثانوية روانه وز للبنين | الرياضة | ثانوية الاخوة العربية الكردية للبنين |
| ٨٣ ـ انور محمد شكر جي | اعدادية الزراعة منسب متوسطة خه بات | = | متوسطة هه‌لمه‌ت |
| ٨٤ ـ صلاح حسن خسرو | متوسطة هه‌لمه‌ت | = | ثانوية صلاح الدين |
| ٨٥ ـ نبيل عطا روفي زبيدي | ثانوية بيرمام منسب ثانوية عينكاوه | = | متوسطة برايي للبنين |
| ٨٦ ـ سهام بلال عباس | متوسطة كارة للبنات | الكردية | ثانوية عينكاوة للبنات ـ بالتبادل |
| ٨٧ ـ خليل مصطفى قادر | ثانوية ازادى للبنين | العربية | دار المعلمين الابتدائية |
| ٨٨ ـ بثينه طالب بركات | ثانوية صلاح الدين للبنات | الاثار | ثانوية الخنساء |
| ٨٩ ـ شفيق توفيق طاهر | متوسطة كويسنجق للبنين | الفيزياء | ثانوية كويسنجق للبنين |
| ٩٠ ـ كاكه صالح محمد العسكري | ثانوية كويسنجق للبنين | = | متوسطة كويسنجق للبنين |
| ٩١ ـ مجيد احمد الحداد | ثانوية صلاح الدين للبنين | الانكليزية | متوسطة كويسنجق للبنين |
| ٩٢ ـ عمر عبدالله عزيز | ثانوية كويسنجق للبنين | = | ثانوية صلاح الدين للبنين |

تابع الامر الاداري
٣١٧٦٨
٥/١٠/٧٥

مولود / س

## مامۆستا ئاسنگەر چی وای لێکرد زۆر زوو خانەنشین بێت؟

دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٤ و گەڕانەوەی مامۆستا ئاسنگەر بۆ وەزیفە (العائدون) و دەستبەکاربوونەوەی وەك مامۆستا لە قوتابخانەی ناوەندی کۆیەی کوڕان، لە هەشتاکان دەکرێت بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندی حاجی قادری کۆیی (متوسطة حاجی قادر کویی للبنین). ساڵانی هەشتاکان، وەك روونە لە گشت لایەك، شەڕێکی هەشت ساڵەی خوێناوی و وێرانکەر لە نێوان عێراق و ئێران درێژەی کێشا (١٩٨٠ - ١٩٨٨) و هەلومەرجە سیاسیە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکان ئاراستەیان جیاواز بوون. چاوەکان زیاتر لەسەر رێچکەی شەڕەکە و درێژەپێدانی بوو وەك لەسەر کێشەی کورد چ لە ئاستی ناوەخۆی عێراق چ لە ئاستی نێودەوڵەتی. خوێنێکی بێ ئەندازە و بێ ئاکام لە خەڵکی هەردوو وڵاتی شەڕکەر بەفیڕۆ چوو، ئابووری هەردوو وڵاتی داتەپاند، ئەو شەڕە هاوکێشە خێزانیە کۆمەڵایەتیەکانی گۆڕی بەوەی بە هەردوو لا زیاتر لە یەك ملیۆن کوژراو و چەندین ملیۆن کەم ئەندام بوون. سەدان هەزار ژن بێ پیاو مانەوە و منداڵەکان بێ باوك بوون و دایك و باوکان جەرگ سوتاو بوون وە چەندین شار و شارۆچکە و گوند و ئاوایی بە تەواوەتی خاپوور بوون و چۆڵکران بە تایبەت نزیك سنووری هەردوو وڵات. لەم ماوەیەدا چالاکی راستەوخۆی سیاسی لە سەرتاپای کوردستان روو لە کپی بوو، ئەگەر چی چالاکی سەربازی پێشمەرگە لێرە و لەوێ جوڵەی هەبوو بەڵام کاریگەر نەبوون تا حکومەتی ئەوسای عێراق بە سەرۆکایەتی (سەددام حوسێن) رابچڵەکێنێ و ملکەچی هێرشەکان ببێت. هێزی سەربازی عێراق، کە هێزێکی زەبەللاحی مەشق پێکراو بوو، بە درێژایی سنووری عێراق ئێران بوونیان هەبوو بە گشت جۆرە چەکێکی قورس و سووك و پاڵپشت بە هێزی ئاسمانی و یەدەگ. سەربازگەکانی رژێم لە گشت شار و شارۆچکەکان خاوەن

دەسەڵاتی رەها بوون بە کوردستانیشەوە. هێزە ئەمنیە داپڵۆسێنەرەکانی ئەمن و ئیستخبارات و موخابەرات (هەواڵگری) لە ئەوپەڕی چاوکراوەیی و هێز دابوون. حکومەتی عێراق سەرەڕای ئەم هەموو هێزە فەرمیە سەدان هێزی لە کوردانی هاوسۆزی حکومەت (ئەگەر لای هەندێکیان بە رواڵەتیش بووبێت) بە ناوی فەوجە سووکەکان (الأفواج الخفیفە)، کە لە نێو کۆمەلانی خەڵك بە (جاشەکان) ناسرابوون، پێکهێنابوو. ئەم هێزانە بۆ هەندێك مەبەستی ئاشکرا و شاراوە بەکاری دەهێنان و لە هەمان کات بۆ پاراستنی ناوچە کوردیەکان و هەندێك جاریش بۆ چاوسوورکردنەوە و بێزارکردنی خەڵك دەستکراوە بوون.

ئەم هۆکارانە و زۆری تریش وایکرد زۆر لە چالاکوانان نەتوانن هەڵوێستی سیاسی راستەوخۆ بنوێنن ئەوەی مابۆوە تەنها هەڵوێست وەرگرتن بوو بەرامبەر بە رژێمی بەعس لە لایەن نیشتمانپەروەران و ئەوانەی چاونەترس و بێباك بوون. لە ساتە وەختی گەرمەی شەڕی عێراق-ئێران مامۆستا ئاسنگەر تووشی بەسەرهاتێك دەبێت و پەرچە کردارێکی بوێرانە بەرامبەر بە رژێمی بەعس دەنوینێت. رووداوەکە لەلایەن دکتۆر جۆشان ئاسنگەر، کوڕی گەورەی مامۆستا ئاسنگەر، ئەم بەسەرهات و هەڵوێستەی مامۆستا ئاسنگەرمان لۆ دەگێڕێتەوە:

(ناوەڕاستی ساڵی هەشتاکان بوو گەرمەی شەڕی نێوان عێراق و ئێران بوو خەڵکیان بەزۆری ڕاپێچی بەرەکانی جەنگ دەکرد لەڕێگای ڕەشبگیری و خەڵک بەزۆر کردنە جەیشی شەعبی یان لەڕێگای گەڕان لە دامو دەزگاکانی حکومی بۆ کۆکردنەوەی زۆرەملێیانە لە خەڵکی فەرمانبەر و مامۆستا لەژێر ناوی خۆبەخشی و بونە جەیشی شەعبی بەمەبەستی ڕاپێچکردنیان بۆ بەرەکانی جەنگێکی نەخوازراو و نەویستراو و ڕەتکراوە لەلایەن خەڵکی عێراق بەگشتی و خەڵکی کوردستانیش بەتایبەتی، ئەوکات باوکم بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندی حاجی قادر بوو لە کۆیە، وەک هەر فەرمانگە و قوتابخانەکانی

تر ئەو کاتی شاری کۆیە ڕەفیق حیزبیەکان بە بەرنامە سەردانی هەموو شوێنێکیان دەکرد بۆ کۆکردنەوە و بەجەیشی شەعبی کردنی مامۆستا و فەرمانبەران ئەویش لەڕێگای پێدانی فۆڕمێک بوو کە دەبوایە هەرئەوکات فەرمانبەر یان مامۆستا فۆڕمەکەی پڕبکردابوایەوە و بیگەڕاندبایەوە بە ڕەفیق حیزبیەکان جا بەشێکی هەرە گرنگی فۆڕمەکە لێی نوسرابوو: [....] (أتطوع و أدافع عن الوطن – واتا: خۆبەخشانە دێمە ڕیزی سوپا و بەرگری لە نیشتمان دەکەم) کە دەبوایە لەو چوار گۆشەیەی پێش نوسراوەکە یان بنوسی [نعم] واتا تەتەوع دەکەم و بەرگری لە عێراق دەکەم یان دەبوایە بنوسی [ لا ] کە هەموو کەس ئەو بوێریەی نەبوو واتا تەتەوع ناکەم وە بەرگری لە عێراقیش ناکەم! جا دوای ئەوەی کە ڕەفیق حزبیەکان سەردانی قوتابخانەکەی باوکمیان کردبوو فۆڕماکانیان بەسەر هەموو مامۆستاکان و بەڕێوبەر دابەش کردبوو لەدوای خوێندنەوەی ناوەرۆکی فۆڕمەکە لەلایەن مامۆستاکانەوە هەموویان سەیری یەکتریان کردبوو و بە زمانی جەستە بە یەکتریان گوتبوو ئەرێ دەکرێ چی بنوسین؟ دوای ماوەیەکی کورت لە مشت و مڕی نێوان مامۆستاکان پێشنیاری ئەوەیان کردبوو کە بزانن ڕای بەڕێوەبەرەکەیان چیە؟ تا ئەوانیش هەمان ڕایان هەبێت! چونکە دەیانزانی ڕای بەڕێوبەرەکەیان بەجۆرێک دەبێت کە لەدوا ڕۆژ شەرمەزاریان ناکات، دوای ئەوەی باوکم زانیبوی تازە تۆپەکە لەساحەی ئەوە و دەبێت بڕیارێک بدات پڕ بەپێستی خەبات و تێکۆشان و هەڵوێستی کوردایەتی خۆی و مامۆستا دڵسۆزەکان بێت، بۆیە بێ دوو دڵێ دەڵێ هەرچەندە هەمووتان ئازادن لە ڕای خۆتان بەڵام وامن دەنوسم (لا اتطوع و لا ادافع عن الوطن)! بەدڵنیاییەوە ئەو وەڵامەی چاوەڕوانکراو بوو لەلایەن مامۆستاکانیش بۆیە ئەوانیش بەتێکڕا دەنوسن (لا اتطوع ولا ادافع عن الوطن). دوای ئەوەی ئەنجامی فۆڕمەکان دەدەنەوە بە ڕەفیق حیزبیەکان، ڕەفیقەکان توشی شۆک دێن و هیچ ناڵێن تەنها ئەوە

دەڵێـن کـە ئـەو وەڵامانـە باجەکـەی قـورس دەبێـت! ئەوەنـدە تێناپەڕێـت بەسـەر ئـەو ڕووداوە، شـەوێک بەدەسـتی ئەنقەسـتی ئەمنـەکان و جاشـەکان ئـەو ڕەبایـەی کـە جاشـەکان لەسـەر بانـی قوتابخانـەی حاجـی قـادر دایـان نابـوو دەسـوتێنرێت وەک پیلانێـك بەرامبـەر بـە هەڵوێسـتی بەڕێوەبـەر و مامۆسـتاکانی ئـەو قوتابخانەیـە کـە نواندبوویـان. ئـەوە بـوو هەمـان ڕۆژ بەڕێـوەر (مامۆسـتا ئاسـنگەر) و هەندێـک لـە مامۆسـتا و کارمەندانـی قوتابخانەکـە تۆمەتبـار دەکرێـن بـەوەی کـە گوایـە دەسـتیان هەبووبێـت لـە سـوتاندنی ڕەبایەکـە! بـۆ بەیانـی بـە فەرمانـی دادوەر ( ن... ) باوکـم و چەنـد مامۆسـتایەک و چەنـد کارمەندێـک دەسـتگیر دەکرێـن و لەبەندیخانـەی سـەرای کۆیـە بۆمـاوەی نـۆ ڕۆژ بەنـد دەکرێـن. ئـەو ئێوارەیـەی کـە باوکـم بەنـد کـرا مـن یاتاغـم بـۆ بـردە بەندیخانـە، بەدەسـت خـۆم نەبـوو کاتێـک ئەوانـم بینـی دامـە پڕمـەی گریـان ... دوای ئـەو ماوەیـە بەکەفالـەت ئـازاد کـران).

ڕژێمـی بەعـس بەهەمـان شـێوەی سـەردەمی پاشـایەتی و دواتـر عبدالکریـم قاسـم و دەسـەڵاتدارانی تـر، ئـەوەی دەزانی کـەوا مامۆسـتا ئاسـنگەر خـاوەن کەسـایەتیەکی کاریگـەر و کوردانەیـە هـەر بۆیـە، بـە ئاشـکرا یـان بـە نهێنـی، کێشـمە و سەرئێشـەی بـۆ درووسـتدەکرد و بـە بیانـووی نـاڕەوا لـە کونجـی بەندیخانـە دەنـرا تەنهـا بـۆ شکسـت و لێـدانی کەسـایەتیەکەی. ئەوەبـوو دواجـار لـە هەشـتاکانی سـەدەی رابـردوو کاتێـك بەڕیوەبـەری قوتابخانـەی ناوەنـدی حاجـی قـادر دەبێـت لەکۆیـە، ڕێـك دوای دروسـتکردنی ئـەو کێشـەیەی لەسـەرەوە باسـمان کـرد بـۆی و گرتنـی لـە بەندیخانـە، بـە ماوەیـەکی کـەم و کـورت بڕیـاری خـۆ خانەنشـینکردن دەدات بـۆ خـۆ جیاکردنـەوە لـە بەریـەك کەوتـن لەگـەڵ دەسـەڵاتی ئەوسـای بەعـس و پیـاوەکانی لەوسـەردەمەدا. مامۆسـتا ئاسـنگەر لـە ساڵی ١٩٨٥ بـە واسـتە لـە وەزیفـە دەردەچێـت و خـۆی خانەنشـین دەکات لـە کاتێکـدا تەمـەنی هێشـتا ٥٣ سـاڵ بـوو!! لەبـەر هەمـان هـۆکار مامۆسـتا پەرژیـن

ی خێزانیشی لە ساڵی ١٩٨٨ لە تەمەنی ٤٨ ساڵیدا، کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ژیان ی کچان بوو لە کۆیە، خۆی خانەنشین دەکات.

دوای راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ مامۆستا پەرژین، وەك ئارەزوویەك لۆ خزمەتی نیشتمان و لە ژێر دەسەڵاتی کوردان، دووبارە گەڕایەوە خزمەت چونکە هێشتا تەمەنی خانەنشینی زۆری بەبەرەوە مابوو! وە مامۆستا ئاسنگەریش وەك خەونێکی مەزن لە پەڕلەمانی کوردستان دەست بەکار دەبێت وەك بەرپرسی پڕۆتۆکۆلەکان و ئەرشیفی پەڕلەمان وە دواتر دەکرێت بە راوێژکاری میدیایی پەڕلەمان.

## مامۆستا ئاسنگەر: کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لە دایك بوونی بارزانی ی نەمر

بە پێویستی دەزانم باس لەو کۆنگریەش بکەین کە تایبەت بوو بە ژیان و بەرخۆدان و قوربانی و شۆرشەکان و ئاوارەیی و نەبەردیەکان و سەرکەوتن و ئامانجەکانی سەرکردە و باوکی رۆحی کورد بارزانی نەمر و بارزانیەکان کە لە ژێر ناونیشانی: (کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لە دایك بوونی بارزانی ی نەمر) لە هاوینە هەواری پیرمام لە نیوان ١٤-١٩٩٣/٠٩/١٧ بەسترا. سەرەتا پێشنیاری یادێکی لەم شێوەیە لەلایەن بەڕێز مومتاز حەیدەری دەکرێت و رەزامەندی جەنابی کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەکتەبی سیاسی پارتی بەدەست دەهێنێت. دواتر ئامادەکاریەکانی ئەم کۆنگرەیە بە گشت ئەرك و وردەکاریەکانیەوە لەلایەن لیژنەیەکەوە ئامادەکاری بۆ دەکرێت و ئەنجام دەدرێت. مامۆستا ئاسنگەر ئەندامێکی ئەم لیژنەیە دەبێت و چەندین مانگ تا بەستنی کۆنگرەکە و سەرخستنی بەردەوام کاردەکەن. ئەم کۆنگرەیە دەکرێت بە یەکێك لە یادەوەریە نەتەوەییە گرنگەکانی مێژووی خەباتی کوردایەتی و کوردستانی سەیر بکرێت کە بووە مایەی هەرچی رووداوگەلی پەیوەست بە بارزانی نەمرەوە هەبێت وەك دۆکۆمێنت بە شێوازێکی زانستی و ئەکادیمیانە تۆمار بکرێت. کۆنگرە بە سەرکەوتوویی لە ژێر سەرپەرشتی بەرێز مەسعود بارزانی ئەنجامدرا. لیژنەی کۆنگرە بریتی بوون لەم بەڕێزانە:

فەلەکەدین کاکەیی، مومتاز حەیدەری، مەجید ئاسنگەر، حەمە کەریم هەورامی، د.شوکریە رەسول، د. خەلیل ئیسماعیل، مامۆستا عوسمان حەسەن رەسول.

بەشداربووانی چوار رۆژی کۆنگرە لە گشت شار و شارۆچکەکانی کوردستان هاتبوون و هەرچی پەیوەست بوبێت بە شۆرشەکانی بارزان و بارزانیەکان و خودی بارزانی نەمر بە چەندین وتار و لێکۆڵینەوە و شیعر و هەڵسەنگاندن



هاوینەهەواری پیرمام: کۆنگرەی یادی لەدایك بوونی ٩٠ ساڵەی بارزانی نەمر، هۆتێلی سەدیر، ١٩٩٣/٠٩/١٥- لە راستەوە: تاریق جامباز، ...، کەریم شارەزا، د. أحمد عثمان، عەزیزی مەلای رەش (بە جامانە و چاوێلکەوە لە دواوە دەردەکەوێت)، مەدحەت بێخەو، سەرۆك مەسعود بارزانی، مەجید ئاسنگەر، کمال عبدالقادر (بە چاوێلکەوە لە دواوە دەردەکەوێت)، عمر علی ئەمین

پێشکێش کران و گفتوگۆ و راگۆڕینەویان لەسەر کرا. پاشانیش کۆی بابەتەکانی کۆنگرە لە دووتوێ ی کتیبێکدا چاپکرا.

مامۆستا مومتاز حەیدەری دەڵێت:

(شایانی باسە، بۆ یەکەم جار لە مێژووی سیاسی و رزگاریخوازی گەلی کوردستان کۆنگرەیەکی نەتەوەیی - زانستی - زۆر سەرکەوتووانە ئەنجامدرا، جێی ئاماژەیە، مامۆستا مەجید ئاسنگەر، وەك ئەندام هاوکات وەرگێڕ و نووسەر، هەروەها پێداچوونەوەی بابەتەکانی کۆنگرە دەورێکی بەرچاوی بینی).

دواتر دووبارە مامۆستا ئاسنگەر لە کۆنگرەی (یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر) بەشدار دەبێت و بە نووسین و بە گفتوگۆ لەسەر تەوەرەکان و

باسەکان یادەکە دەوڵەمەند دەکات. لیژنەی باڵای ئەم یادەوەریە، بە نووسین، سوپاس و ستایش پێشکەش بە مامۆستا ئاسنگەر دەکات.

لیژنەی باڵای یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانیی نەمر

The Higher Committee of the Immortal Barzani's Centenary Commemoration
1903 – 2003

اللجنة العليا لأحياء الذكرى المئوية لميلاد البارزاني الخالد

ژمارە : ٥٧
رۆژی : ٧ / ١٢ / ٢٠٠٣

بەڕێز کاک مەجید ئاسنگەر

سڵاوێکی کوردانە ..

**خۆشی و سەرکەوتنتان ، هەردەم بەئاوات دەخوازین ..**

لێژنەی باڵای یادی سەد ساڵەی بارزانی ، بە سوپاس و پێزانینەوە ، بەشداریتان بە قەڵەمەنەتەوەییەکەتان لە یادی سەد ساڵەی لەدایک بوونی سەرکردەی نەتەوەیی کوردستان مستەفا بارزانی بەرز هەڵدەسەنگێنێ ..

دیارە ، ڕێزگرتن لە یادی سەد ساڵە ، ڕێزگرتنە لە ڕەوتی سەد ساڵەی خەباتی پڕشکۆی جووڵانەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردستان ، کە بارزانی شوێن و پایەیەکی دیار لەو ڕەوتە پیرۆزەدا ، بەگیان فیدایی و کوردانەی خۆی وەدەست هێناوە .

بەم بۆنەیەوە ، ئەم دیارییە بچکۆلانە پێشکەشە .

دووبارە لەگەڵ ڕێز و سوپاس دا .

وێنەیەک :
١- ئەندامانی لیژنەی باڵا / لەگەڵ ڕێزدا .
٢- ئەرشیف .

سکرتاریەتی
لیژنەی باڵا

✉ : barzaniyadi100sala@maktoob.com
✉ : barzaniyadi100sala@yahoo.com
☎ : 2243114
☎ : 2243112

Kurdistan - Erbil
هەولێر ـ کوردستان

## مامۆستا ئاسنگەر و هاوبیرەکانی: بۆچی هەوڵی خۆسوتاندنیاندا؟

بەهاری ساڵی ١٩٩١ ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری لە کوردستان دژ بە دەسەڵاتی ئەوسای حکومەتی عێراق بووە مایەی ئازادکردنی کوردستان و لە ئاکامدا لە پرۆسەیەکی دیموکراسی و ئازادانەی هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا لە ١٩٩٢/٠٥/١٥ کابینەی یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە کە لە ١٩٩٢/٠٧/٠٤ دامەزرا. دەسەڵاتەکانی ئەم کابینەیە، بە سەرۆکایەتی دکتۆر فوئاد معصوم، بە ڕێژەی پەنجا بە پەنجا لە نێوان هەردوو حیزبی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دابەشکرا. دوای کەمتر لە دوو ساڵی تەمەنی ئەم حکومەتە گرژی و ئاڵۆزی بە هۆکاری نەزانراو و ناوخۆیی لەلایەك و بە هۆکاری ئیقلیمی و دەستوەردانی دەرەکی لەلایەکی ترەوە لێکەوتەوە. دۆخی هەرێمەکەی کوردان بە ئاراستەیەکی نەخوازراو گوزەری دەکرد سەرەڕای کە هێشتا سەرۆکی ئەوسای عێراق (سەدام حوسێن) لە دەسەڵات بوو! گرژی تا ئەو ڕادەیە پەرەی سەند کە بۆنی پێکدادانی سەربازی و چاو سوورکردنەوە لە یەکدی و هێز کۆکردنەوە بەرامبەر یەکتر لە نێوان هەردوو حزبی هاوبەش لە دەسەڵات بە زەقی لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەستی پێدەکرا و ببوو بە مەترسی لەبارچوونی ئەزمونەکەی حوکمڕانی کوردان.

دیارە هەندێ دیاردە و جوڵە و هەڵس و کەوتی بێ پاساو لە نێو هەواداران و پێشمەرگەی هەردوو حیزبی خاوەن دەسەڵات لە حکومەتە پەنجا بە پەنجاکە و زیادبوونی دیاردەی چەکداری لە شەقامەکان بووەتە مایەی نیگەرانی و لێدانی زەنگی مەترسی. لەم گۆشە نیگایەوە هەریەك لە بەڕێزان: (مومتاز حەیدەری و مەجید ئاسنگەر و حەمە کریم هەورامی و تاریق جامباز و عەزیزی مەلای ڕەش) بانگەوازێك دەدەن بە سەرۆکی هەردوو حیزب و تیایدا دڵەراوکێ و مەترسیەکانی پەرەسەندنی دۆخەکە شیتەڵ دەکەن و داوای زوو ڕێگریکردن لە هەر دۆخێکی نەخوازراو دەکەن (بە داخەوە دەستنووسی ئەم بانگەوازە بەردەست نیە). لە وڵامی بەڕیز مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئەم بانگەوازخوازانە لە ١٩٩٤/٠٢/٢٢ دەڵێت:

**پارتی دیموکراتی کوردستان**
**سەرۆک**

برایانی بەڕێز /

کاك مومتاز حەیدەری / ڕۆژنامەنووس

کاك مجید ئەحمد ئاسنگەر/ نووسەروشاعیر

کاك حمەکەریم هەورامی / نووسەر

کاك طارق جامباز / نووسەر

کاك عزیز مەلای ڕەش / چیرۆك نووس

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە

بانگەوازەکەتانم بەوردی خوێندەوە، سوپاسی هەستی بەرزتان دەکەم و هەست کردنتان بەمسئولیەت جێگای شانازیە.. لەراستیدا ئەوەی ئامازەتان بۆکردبوو چ راو بۆچوونتان یاپێشنیارەکانتان زۆر نزیکن لەراقیعی ئیمرۆی گەلە بوێرو شکەنجەدیدەکەمان و بارودۆخی کوردستانی خۆشەویستان ... بێگومان هەروەکوو روون‌و ئاشکرایە ئێمە بەرامبەر بەم قەیران و گیروگرفتانەی باستان کردبوون هەرگیز دەستەو ئەژنۆ نەوەستاوین و ناشوەستین هەمیشەهەوڵ و کۆششمان بۆلابردنی ئەم چەقینەوەیەو قەلاچۆ کردنی ئەم دیاردە دزێوانە بێ‌سڵەمینەوەبەردەوامە، بەلام ئەوەی جێی وەبیرخستنەوەیەو حەزدەکەم بیزانن ئێمە وێڕای ئەم هەموو کۆشش و تەقەلایە جاری سەرکەوتنێکی ئەوتۆمان وەدەست نەهێناوەبەلام ئومیدمان زۆرە لەکۆتاییدا هەرسەردەکەوین و لێشمان روونە کەرلەبنەرەتەوە چارەسەر نەکرێن ئەوا مەترسییێکی یەگجار سامناك دیتە پێش ئەم هەموو دەسکەوتە مێژوویی‌یانەی گەلی کوردمان وزیان بەسەر جەم بزاڤی گەلەکەمان دەگەیێنێت دیارە پاراستنی گیانی تەبایی و هاوڕازی و هاوسەنگەری لەسەرووی هەموویانەوەیە .. دووبارە سوپاستان دەکەم .

لەگەڵ ڕێزماندا ........

براتان

**مسعود بارزانی**

١٩٦٤/٢/٢٢

سەرەڕای هەڵوێستە دەستە جەمعیەکەی سەرەوە، مامۆستا ئاسنگەر لەلایەن خۆیەوە کە خۆی بە نزیکی سەرکردەی هەردوو حزبەکان زانیوە نامەیەکی کراوە بۆ هەردوو بەڕێزان (مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی) دەنێرێت و تیایدا ئاماژە بە واقیعی شەقام و گرژی و هەڵکشانەکانی شەقام و میدیاکانی سەر بەهەردوو حیزب دەکات وە ئاماژە بە مێژووی خەبات و یادگاریەکانی خۆی لەگەڵ هەردوو سەرکردە دەکات و تکا دەکات هەرچی زووە و دەکرێت ئەنجامی بدەن بۆ راستکردنەوەی بارەکە و هێورکردنەوەی گرژیەکان. بە داخەوە، ئەو نامانە تەنها باسیان لێوە کراوە و وەك دۆکۆمێنت بەردەست نەبوون.

بەردەوامی ئەو دۆخە ئاڵۆز و تەمومژاویە و مەترسیەکان بۆ ئایندەی کوردستان تا ئاستی بەریەککەوتن و کوشتار و خوێن رشتن پەرەی سەند. ئەم دۆخە نەخوازراوە لای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووە مایەی زیاتر جوڵانی هەست و لەبەرچاوگرتنی دۆخەکە بە ئەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسیارەتی مێژوویی لەلایەن مامۆستا ئاسنگەر و کۆمەڵێك لە هاوبیر و هاوهەڵوێست بەرامبەر بە نیشتمان و لەدەست نەدانی ئەزمونەکە. دیارە ئەم ئاڵۆزی و مەترسیانە بووەتە مایەی فراوانکردنی بازنەی دەستەی روناکبیر و دڵسۆزانی کوردستان. هەر بۆیە لە سۆنگەی نیشتمانپەروەری و مەترسی دۆخەکە بۆ هەمووان ئەم جارە دەستەیەکی فراوانتر لەوەی پێشوو لە رۆشنبیر و نووسەر و هونەرمەند و کەسایەتی لە شاری هەولێر بەیەکەوە لە ١٩٩٤/٠٥/٠٦ یاداشتێك بە سەرکردایەتی هەردوو حیزب دەدەن، وێنەیەکیش بۆ گشت حیزبەکانی تری کوردستان دەنێرن، بۆ هەرچی زووە بە راگرتنی شەڕ و رێگریکردن لە هەر هۆکارێك کە ببێتە رشتنی خوێنی براکوژی. ئەو کەسایەتیانەی کە واژۆیان لەسەر یادەشتەکە کرد بریتی بوون لەم بەڕێزانە:

(کەریم شارەزا، ممتاز حەیدەری، مەجید ئاسنگەر، لەطیف شاکر، عبدالخالق علاءالدین، مدحت بێخەو، مەولود قادر بێخاڵی، حەمە کەریم هەورامی، طارق جامباز، کمال عبدالقادر)

دەقی یاداشتەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:



بۆ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان؟ گرنگ و

بە ناوی شۆڕشی ئازادی خوازی نەتەوەیی کورد و بە ناوی هەموو خاوەن ویژدانێکی پاک و دڵسۆزی کوردایەتی. بە ناوی ئەو ١٨٢ هەزار ئەنفالکراوە و قوربانییەکانی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید. بە ناوی ئەو هەشت هەزار بارزانییەی بێ سەروشوێن کران و لەناوبران. ئێمەی کۆمەڵێک لە نووسەر و رووناکبیری دڵسۆزی کوردستان لە شاری دێرینە خۆڕاگرەکەی هەولێر. داوا دەکەین بە زووترین کات هەموو جۆرە داپردەیەکی چەکداری و کوشتار لە ناو کوردستانی باشووری ئازادکراودا نەهێڵن. چونکە ئێستاکە وڵاتەکەمان بە قۆناغێکی زۆر ناسکدا تێدەپەڕێ و رژێمی فاشی بەعزا و هەموو دوژمنانی کورد با زیاتر پێمان خۆش نەبن و لە کەلێنی رێزەکانی هێزە نیشتمانییەکانەوە نەیەنە ژوورەوەی کوردستانی ئازادکراو داگیرنەکەن. ئێستاش دەمانەوێ بە کردەوە ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام بدەن:

١- ئەوەی ئاگری براکوژی لە ناو میللەتدا هەڵدەگیرسێنێ، دوژمنی هەرە گەورەی کوردە و دەبێ ریسوا بکرێ.

٢- ماوە نەدەن کەس بیر لە تۆڵەسەندنەوە بکات، چونکە کارەساتی گەورەتری بەدوا دادێت.

٣- ئەوانەی بوونەتە هۆی هەڵگیرسانی ئەم فیتنە و کوشتارە بە رێگایێکی یاسایی بدرێنە دادگا و بە سزای خۆیان بگەن.

لە کۆتاییدا دەڵێین هەموومان ئێستاکە لە بەردەم لێپرسینەوەیەکی مێژوویی داین و مێژووش رەحم بەو کەس ناکات دڵۆپێکی خوێنی کوردیش لە ئەستۆی ئەودایە.

کەریم شارەزا . مستاز حەیدەری . مجید ئاسنگەر . لطیف شاکر . عبدالخالق علاءالدین

مدحت بێخەو . مولود قادر بێخاڵی . حەمەکەریم ئەورامی . طارق جامباز . کمال عبدالقادر

هەولێر ١٩٩٢/٥/٦

وێنەیەک بۆ/

- هێزە تێکۆشەرەکانی بەرەی کوردستانی و دەرەوەی بەرەی کوردستانی.
- رۆژنامەکانی کوردستانی ئازادکراو
- ئێستگەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی هێزە کوردستانییەکان و رادیۆی هەرێم.

ئاڵۆزیەکان بەردەوام دەبن و سنووری شەڕە ماڵوێرانکەرەکە لە فراوانبوونە و ئەزمونە بە ئامانجگیراوەکەی کوردستانیش بەرەو هەڵدێر ڕێگای گرتووە و هەوڵە هەمەلایەنەکانیش، چ ناوەخۆ چ دەرەکی، بۆ ڕاگرتنی شەڕ بەردەوامە. بەردەوامی ئەم دۆخە وا لە مامۆستا ئاسنگەر و هاوەڵەکانی دەکات دیسانەکە بێنەوە سەر هەڵوێستی دژبەشەڕ و هەوڵەکانیان دەخەنەوە گەڕ. لە ١٩٩٥/٠١/٢٠ بیرخەرەوەیەك لە لایەن کۆمەڵێك کەسایەتی ناسراوی شاری هەولێر دەدرێت بە هەردوو بەڕێزان مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و مەکتەبی سیاسی حیزبەکانیان کە بریتی بوون لەم بەڕێزانە هەر وەك لە بیرخەرەوەکەی خوارەوە هاتووە:

(کمال غمبار، غفور مخموری، تاریق جامباز، کریم شارەزا، سلیمان شاکر، عمر شیخ اللە دەشتەکی، کمال سعدی مصطفی، عبدالرحمن پیرداود، مدحەت بیخەو، محمد اسماعیل، سۆزان مامە، گۆران جلال، فریدون سامان، عبدالکریم سەرکەش، بێکەس حمد قادر، ادریس شەیداهۆ، تحسین محسن، سرکوت رسول، د.شکریە رسول، هەردی حسین، نهاد جامی محمد، لاوکۆ احمد، د.فرهاد پیربال، فیصل دێهاتی، فریاد حسن هیرانی، خالد عثمان، رابەر رشید، خالد حلاق، پەروەر اسعد، انور سلیمان، مولود بێخاڵی، مهداوی رشید، ئاسۆ حسن، حمە کریم هەورامی، صباح رەنجدەر، مجید ئاسنگەر، فریدون حسن، ماردین حسین، جمیل سنجاوی، سربست عمر، خالد کۆچەر، تحسین فائق، خاڵە حمرین، ئازاد مجید صالح، یوسف عثمان، غازی حسن)

وە وێنەیەکیش دەدرێت بە UNو حیزبە کوردستانیەکان و کۆنگەی نیشتمانی عێراقی INC و دەزگاکانی ڕاگەیاندن.



بیرخەرەوەیەك

بەڕێزان: مام جەلال و مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

بەڕێزان: کاك مەسعود و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتوو

ئێمەی کۆمەڵێك ڕووناکبیر و هونەرمەندانی هەولێر کە لە خوارەوە ئیمزامان کردووە ڕۆژی هەینی ١٩٩٥/١/٢٠ لە کۆبوونەوەی خۆماندا لە بارەگای ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی بڕیارماندا کتوا ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٥/١/٢٤ کاتژمێر (٢) دووی پاش نیوەڕۆ لەبەردەم گۆڕەپانی پارێزگای هەولێر بەکۆمەڵ خۆمان بسوتێنین ئەگەر ئەم داخوازیانەمان تا کاتی دیاریکراو جێبەجێ نەکەن :

١- ڕاگرتنی شەڕ بەیەکجاری لەسەرتاسەری کوردستان .

٢- دانیشتنی هەردوولاتان و گرتنەبەری ڕێگەی ئاشتیخوازانەو گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان .

٣- ڕەچاو کردن و پێڕەو کردنی بەندەکانی مافی مرۆڤ وەك چۆن لە جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤدا هاتووە ، هەر هەمووی لە کوردستاندا [illegible] کراوە .

٤- ڕاگرتنی ئەنفال کوردی لەلایەن هەردوو لاتان بەرامبەر یەکتری بەرامبەر خەڵك .

٥- بەهەندگرتنی هاتنی هەردوولاتان بۆ داخوازیەکانی حزبە کوردستانیەکان و ئاشتیخوازان .

٦- دەست تێکەڵ نەکردن لەگەڵ ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان و بەتایبەتیش ڕژێمی بەغدای دیکتاتۆر ، کە ئێستا بە نیازە خۆی بخزێنێتە [illegible] کێشەکانەوە .

٧- ئیلتیزام کردن بە پرۆژەی ٩ و ١٩٩٥/١/١٣ .

٨- ئیلتیزام کردن بە ڕێککەوتنامەی پاریس .

چاوەڕوانی وەڵامی بەپەلەتانین

لەگەڵ ڕێزماندا

ئەوانەی ئیمزایان کردووە :

کمال شبار - غفور مخموری - طارق جامباز - کریم شارەزا - سلیمان شاکر - عمر شیخ اللە دەشتەکی - کمال سعدی مصطفی - عبدالرحمن پیرداود - مدحت بیخەو - محمد اسماعیل - سوزان مامە - گوران جلال - فریدون سامان - عبدالکریم سەرکەش - بیکەس حمد قادر - ادریس شەیداهۆ - حسین محسن - سرکوت رسول - د.شکریە رسول - هەردی حسین - نهاد جامی محمد - لاوکۆ احمد - د.فرهاد پیربال - فیصل دیهاتی - فرهاد حسن هیرانی - خالد عثمان - ڕابەر رشید - خالد حلاق - پەروەر اسعد - انور سلیمان - مولود بیخال - مهداوی رشید - آسو حسن - حمە کریم هەورامی - سباح ڕەنجدەر - مجید ئاسنگەر - فریدون حسن - ماردین حسین - جمیل سنجاوی - سربست عمر - خالد کوچەر - تحسین فائق - خالە حزین - ازاد [illegible] صالح - یوسف عثمان - غازی حسن .

وێنەیەك بۆ :

١- UN

٢- MCC

٣- نوێنەری حزبە کوردستانیەکان

٤- [illegible] ڕێکخراوە بیانیەکان

٥- INC

٦- دەزگاکانی ڕاگەیاندن

دیــاره ئــه‌م بیرخه‌ره‌وه‌یــه‌ وه‌ڵامێــکی خێــرا، دوای ته‌نهــا ســێ ڕۆژ، لــه‌ به‌ڕێــز مه‌ســعود بــارزانی لــه‌ ١٩٩٥/٠١/٢٣ وه‌رده‌گرێــت. وه‌ڵامه‌کــه‌ وێنه‌یــه‌کی لــه‌ ئه‌رشــیفی مامۆســتا ئاســنگه‌ر به‌رده‌ســته‌، ئه‌مــه‌ش ده‌قه‌که‌یــه‌تی:

١/٢٩

بۆ / برایانی بەڕێز و ڕوناکبیر و هونەرمەندانی هەولێر
لە / مسعود بارزانی

سلاوێکی گەرمی بیرخەرەوەی بەڕێزتانم بە دەست گەیشت
دیارە ئێوەش ئاگاداری ئەوەن هیچ وەختێک لەگەڵ شەڕدا
نەبووینە وە هەمیشە ئەوەی کرابێ لەم پێناوەدا دریغی
لێ نەکراوە لە لایەن ئێمەوە بەڵام هیوادارم بەڕێزتان
لەوەش ئاگادار بن کە:

١- ئێمە لەشکرکێشیمان نەکردوە بۆ نێو شارەکانی هەولێر
بەو چەشنەی کە بە چاوی خۆتان دەیبینن داگیر بکەین.
بە پێچەوانەوە هێرشمان بۆ کراوە و بەرگریمان لە خۆمان
کردوە

٢- دڵنیاتان دەکەینەوە ئەگەر هێرشمان بۆ نەکرێ لە هەڵوێستی
بەرگری زیاتر وەرناگرین.

٣- لەگەڵ ڕێز و پێزانینمان لە ئاستی هەڵوێستی نیشتمانی
بەرزی ئێوەدا. ئێمە پێمان وایە کە کلیلی
ئاشتی لە کشانەوەی بێ قەید و شەرتی هێزەکانی
ناو شاری هەولێر و گەڕانەوەی شار بۆ دۆخی
ئاسایشدا.

لەگەڵ ڕێزماندا

ئـەم هەوڵانـە گشـتیان بـێ سـوود بـوون و ڕۆژ دوای ڕۆژ کـورد بـە کـورد زیاتـر خوێنـی دەڕژا، هەورێـکی تاریـك ئاسمانی کوردسـتانی گرتبـوو، هەمـوو شـتێك تەمـاوی بـوو. دڵـی مامۆسـتا ئاسـنگەر گـەرم بـوو، پـڕ حـەسرەت بـوو لـەوەی چـۆن ماندوو بـوون و خەبـات و زینـدان و سـەرکوتکردنەکانی ڕژێمـە یـەك لـەدوای یەکـەکان و خـۆ ڕاگـری خەڵـکی کوردسـتان و خوێنـی گـەشی پێشـمەرگە چـۆن ئـاوا بـە سـانایی بـە فیـڕۆ بـڕوات!! لێـرەدا مامۆسـتا ئاسـنگەر و هاوەڵـەکانی بیریـان لـە شـێوازێکی تـری هەڵوێسـت وەرگرتـن کـردەوە کـە ئەگـەر بێتـوو ئـەم دوو حیزبـە دەسـت لـە شـەڕ و خوێنـی یەکـتر هەڵنەگـرن بریـار دەدەن لـە ناوەڕاسـتی شـەقامی باتـا لـە هەولێـر خۆیـان بسـوتێنن. بەڵـێ، هەندێـك لـەو بەڕێزانـەی کـە هەوڵـی خۆسـوتاندنیاندا بریتـی بـوون لـە: مامۆسـتا و نووسـەر حەمەکەریـم هەورامـی، مامۆسـتا ئاسـنگەر، مامۆسـتا و نووسـەر کەمـال غەمبـار، مامۆسـتای زانکـۆ و نووسـەر دکتـۆر فەرهـاد پیربـاڵ و زۆری تریـش کـە ناوەکانمـان بەردەسـت نەمـاون.

ڕۆژەکـە هـات، شـەڕ بەردەوامـە و کـورد کـورد دەکوژێـت، ئەزموونەکەمـان زیاتـر بـەرەو هەڵدێـر نزیکبۆتـەوە. دەسـتەی نووسـەران و کەسـایەتیەکان لـە شـوێنی دیاریکـراو بـە خۆیـان و دەببـەی نـەوت و بەنزیـن ئامادەباشـیان کـردوە. قەڵـەم و بەرهـەم و کتێـب و نووسـینەکانیان لـە نێـو دەسـتەو نـزا دەکـەن کـە بـۆ خاتـری قەڵەمەکانیـان شـەڕ بوەسـتێنن! ئاپـۆڕەی خەڵـك و نوێنـەرانی لایـەنی حزبـەکان و میدیـاکان دەوریـان گرتـوون و لـە هەوڵـی هێورکردنـەوە و پاشـگەزکردنەوەی ئـەم دەسـتەیەن لـە بڕیـاری خـۆ سـوتاندن! دوای چەندیـن هـاوار و بانگـەواز و حەماسـەتی ئـەم دەسـتەیە و خەڵکەکـە، لـە کۆتایـی دەسـتەکە ڕازی دەکرێـن لـە بـڕی خۆسـوتاندن بەرهەمـی قەڵـەم و کتێبەکانیـان، وەك ئامـاژە و پەرچەکردارێـك لـە هەڵوێسـتی دژ بـە شـەڕی کـورد کـوژە، بسـوتێنن. بەڵـی هـەر ئـەو ڕۆژە بـوو قەڵـەم و نووسـین و کتێبەکانیـان تـوڕ فڕێدایـە سـەر شـەقام و نەوتیـان بەسـەر

داکـرد و ئاگریانـدا.

ئەمـە هەڵوێسـتە پەیامیـکی راسـتەوخۆی ئەوپـەڕی تووڕەیـی بـوو لـە خزمـەت کۆتایـی هێنـان بـە شـەڕ و خۆشەویسـتی نیشـتمان بـەڵام هەمدیسـان شـوێنی خـۆی نەگـرت و ئەنجامـی راسـتەوخۆی نەبـوو!

دواتـر واقیعـی خـۆ سـەپێنەری شـەڕەکە، کـە درێـژەی کێشـا تـا سـاڵی ١٩٩٨، چەندیـن لێکەوتـەی دژ بـە بەرژەوەنـدی گـەلی کوردسـتان و ئەزمونەکـەی لێکەوتـەوە و سـەدان پێشـمەرگە و تەنانـەت خەڵـکی سـڤیلیش بوونـە سـووتوی شـەڕە ماڵوێرانکەرەکـە. دواتـر و پـاش هەوڵێـکی زۆر بـە سەرپەرشـتی وڵاتـە یەکگرتـوەکانی ئەمریـکا و لەسـەر دەسـتی وەزیـری دەرەوەی ئـەم وڵاتـە (مادلـین وڵبرایـت) هـەردوو سـەرکردەی حزبـەکان لـە ١٧ ی سـێپتێمبەری سـاڵی ١٩٩٨ رێککەوتنامـەی ئاشـتیان لـە واشـنتۆن (رێککەوتنامـەی واشـنتۆن ) مۆرکـرد و شـەڕ و بەریەککەوتـن کۆتایـی هـات.

## مامۆستا ئاسنگەر: پەڕلەمانی کوردستان و سەرگوزشتەی پڕۆتۆکۆلەکان

لەگەڵ دامەزراندنی یەکەم پەڕلەمانی کوردستان و لەسەر داواکاری و خەمخۆری و بەهاناوە چوونی بەڕێز جەوهەر نامق سالم، یەکەم سەرۆکی هەڵبژێردراوی پەڕلەمانی کوردستان، بۆ مەبەستی میدیایی و ئەرشیفکردن و دۆکۆمێنتکردنی دانیشتن و پڕۆتۆکۆڵەکانی کوردستان، لە ئەیلولی ساڵی ١٩٩٣، مامۆستا ئاسنگەر و چەند کەسایەتی و نووسەرێکی تر کە بریتی بوون لە بەڕێزان (سەرۆ قادر) و (کەریم شارەزا) بانگهێشتی پەڕلەمانی کوردستان کران. دواتر مامۆستا ئاسنگەر وەك بەرپرس و سەرپەرشتیاری ئەم پڕۆژەیە دەستبەکار بوو. کارێکی قورس بوو، دەبوایە هەرچی کاغەزی نووسراو و کاسێتی تۆمارکراوی دانیشتنەکانی پەڕلەمان و گفتوو گۆ و قسەی ئەم و ئەو هەیە بە پێی زنجیرە و بەرواری دانیشتن و رووداوەکان بنووسرێنەوە و تۆمار بکرێن. سەلیقە و ئەزموون و لەخۆبردوویی دەویست لەوەش گرنگتر باوەڕێکی تۆکمە و دڵسۆزانەی نیشتمانپەروەری پێویست بوو کە هەست بە بەرپرسیاریەتی بە ئەنجام گەیاندنی پڕۆژەکە بکەیت. پڕۆژەکە جگە لە توانای کەسانی تر کاتێکی زۆریشی پێویست بوو. ئەوەبوو دواتر هەر یەك لە بەڕێزان مامۆستا کەمال عبدالقادر و ئازاد دڵزار و زاهیر رۆژبەیانی و یەحیا جاف و چەند بەڕێزێکی تریش بوون بە بەشێك لە پڕۆژەکە. پڕۆژەکە بەردەوام بوو تەنانەت لە هەردوو قۆناغی سەردەمی پێش و پاش شەڕی نەگریسی براکوژی، توانیان ئەم دۆکۆمێنتانە لەهەر ئەگەرێکی لەناوچوون رزگار بکەن و گشت وەقائیعی دانیشتنەکانی کوردستان و یاساکان و گشت پڕۆتۆکۆلەکان دۆکومێنت بکەن و پاشان لە دوو تویی ١٧ بەرگدا چاپ بکرێن و لە ون بوون و پەرش و بڵاوی رزگار کران. مامۆستا ئاسنگەر لەبەر پڕ بایەخی ئەم قۆناغە و ئەم پڕۆژەیە وتارێکی تایبەتی بە ناونیشانی: (سەرگوزشتەی پڕۆتۆکۆڵەکانی پەڕلەمانی




باڵەخانەی پەڕلەمانی کوردستان لەگەڵ ڕێزدار جوهەر نامق سالم (یەکەم سەرۆکی هەڵبژێردراو و هەڵکەوتووی پەڕلەمانی کوردستان)

کوردستان) بڵاوکردووەتەوە و بە وردی تەگەرە و قۆناغەکانی ئەم پڕۆژەیەی باس کردووە. مامۆستا ئاسنگەر ئەم پڕۆژەیە وەك (مێژووی پڕ سەروەریی گەلەکەمان) ناودەبات و دەڵێت: بەڕێز جەوهەر نامق زۆر لە خەمی بە چاپگەیاندنی دابوو. دوای تەواوبوونی پڕۆژەکە و بە چاپ گەیاندنیان بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان بەڕێز (جەوهەر نامیق سالم) لە وتەیەکی سوپاسگوزاردا، کە لە پێشەکی بەرگی ١٦ی پرۆتۆڵەکان لە لاپەڕە (٥ و ٦)دا بەناوی «وتەیەکی پێویست» چاپکراوە، دەڵێت:

(ناکرێت لێرەدا ڕەنج و بە تەنگەوە هاتنی بەڕێز مامۆستا مەجید ئاسنگەر و مامۆستا کەمال عەبدولقادر لەبیر کەین، چونکە ئەگەر پێشبینی و حیرسی ئەوان نەبوایە لەوە بوو زۆر لەم پرۆتۆکۆلانە ئێستا وەها بە ئاسانی لەبەردەستی خوێنەرانی بەڕێزدا نەبوایە).



پەرلەمانی کوردستان: مەجید ئاسنگەر لە پێشوازی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی



پەرلەمانی کوردستان، لە پێشوازی: سەرۆك مەسعود بارزانی ٢٠٠٠/١٢/٤



پەرلەمانی کوردستان، لە پێشوازی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی ٢٠٠٠/٠٩/١٠



لە لای راستەوە: د. رۆژ نوری شاوەیس، مەجید ئاسنگەر



لە لای راستەوە: فەرهاد عەونی، د. رۆژ نوری شاوەیس، د.ناصح غەفور، مەجید ئاسنگەر



بەردەم باڵەخانەی پەرلەمان: لای راست) مەجید ئاسنگەر، لای چەپ) مامۆستا کەمال عبدالقادر جلیزادە




پەرلەمانی کوردستان: وێنەی لای راست) لەگەڵ رێزدار عەلی قازی محەمەد، وێنەی لای چەپ) لە پێشوازی وەکیلی مەشیخەی ئەزهەری شەریف لە میسر دکتور محمود عبدالغني عاشور (لە وینەکە بەرێزان نیزامەددین گلی بەرپرسی لقی ٤ ی پارتی و شیخ عدنان نقشبندی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی دەرکەوتوون)




پەرلەمانی کوردستان، لە پێشوازی: وێنەی لای راست) هونەرمەند نەجمەدین غولامی، تەمموزی ٢٠٠٢، وێنەی لای چەپ) ئەندامانی لیستی سەوز لە پەرلەمان ٢٠٠٢/١٠/٠٤



پەرلەمانی کوردستان: چالاکی جۆراوجۆر

مامۆستا ئاسنگەر، لەبەر رابردووی پڕ ئەزموون و سەروەری و هەڵوێستە نیشتمانپەروەریەکانی، لەلایەن گشت سەرۆك پەڕلەمانەکان رێزی تایبەتی لێدەگیرا و خاوەن کەسایەتی خۆی بوو. دڵسۆزانە کاری دەکرد و گشت لایەك دەیانزانی مامۆستا ئاسنگەر خاوەن هەڵوێست و رابردوویەکی کوردایەتی رەسەنە. هەرکات بەڕێزان سەرۆك مەسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی و چەندان سەرکردە و کەسایەتی تر سەردانی پەڕلەمانی کوردستانیان کردبا و چاویان بە ئاسنگەر کەوتبا زۆر بەگەرمی لێی نزیکدەبونەوە و لای گشتیان دۆست و ناسراو و دڵسۆز و نیشتمانپەروەرێکی بە ئەمەك بوو.

مامۆستا ئاسنگەر بەردەوام بوو لە کارکردن وەك راوێژکار و لە گەڵ سەرۆك پەڕلەمانەکان بەڕێزان جەوهەر نامق سالم و دکتۆر ئەرسلان بایز و دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس و کاك عەدنان موفتی و دکتۆر کەمال کەرکوکی



پەرلەمانی کوردستان: رۆژی خانەنشین بوون و بەڕێکردنی مامۆستا ئاسنگەر لە پەرلەمان، ٢٠١٠/٠٢/٠٢
لە چەپەوە: دکتۆر کەمال کەرکوکی (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان)، مەجید ئاسنگەر (راوێژکاری پەرلەمان)، کاك فەرسەت ئەحمەد عبدالله (سکرتێری پەرلەمان)

کاری کردووە و رێزی تایبەت لە کەسایەتیەکەی و لە رابردووی پڕ دڵسۆزی و نیشتمان پەروەرانەی دەگیرا. لەم ماوەیەدا لەبەر خۆشەویستی مامۆستا ئاسنگەر بۆ نیشتمان و بۆ دەزگا شەرعیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای هەڵکشانی تەمەنی، بەڵام بە گوڕ و خوێنێکی زۆر گەنجانە و بە خۆشەویستییەوە کارەکانی خۆی وەك دڵسۆزێك جێبەجێکردوە. تا دواتر لە ٢٠١٠/٠٢/٠٢ لەو کاتەی بەریز دکتۆر کەمال کەرکوکی سەرۆکی پەڕلەمان بوو، بە یەکجارەکی داوای خانەنشین بوون دەکات و رەزامەندی پێ دەدرێت.

## مامۆستا ئاسنگەر پیاوێکی بە ئەمەك و کۆمەڵایەتی

مامۆستا ئاسنگەر مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی بە ئەمەك بوو، زۆر لە کەسایەتییە ناودارەکان چ ئەوانەی ناسراوی هاوتەمەنی بوون یان لەسەردەمی تر و تەمەنی جیاوازی خۆیدا ناسیوینی بەسەری کردوونەتەوە و نووسینی دەربارەیان بڵاوکردۆتەوە، وەك نموونە (محەمەدەمین مەعروف کامەلا) کە وێنەی مامۆستای بە ئەمەك و کوردپەری بەرجەستە دەکات کە لە دوو خولی یەك لە دوای یەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، وە (خاتوو بەهیە مەعروف بەرزنجی) کە لە سەرتای شەستەکانی سەدەی رابردوو ئەندامێکی چالاکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەبێت و لە سلێمانی هاوکار و چاوساغی مامۆستا ئاسنگەر دەبێت کاتێك لەسەر راسپاردەی فەرمی پارتی بە یاوەری شاندێکی چیکوسلۆڤاکی سەردانی شاری سلێمانی دەکەن وە پاشان لە ساڵی ١٩٧٤، لە قوتابخانەکانی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و شاری ورمێی رۆژهەڵاتی کوردستان، وەك مامۆستا خزمەت بە منداڵانی کوردستان دەکات. وە مامۆستا (تاهیر سەعید کۆیی) و مامۆستا (فەرهاد حەسەن حوسنی) کە خەڵکی قەڵا و هەولێرە وەك نمونەی مامۆستای سەرکەوتوو و خوێندەوار و رۆشنبیر و هەڵوێست نەگۆر بەرامبەر ئازار و راگوێزان و سەرکوتکردن و وەك نمونەی کوردی نیشتمانپەروەری رەسەن باسیان لێوە دەکات. هەروەها هونەرمەندانیش لە نووسینەکانی مامۆستا ئاسنگەر پشکیی وەفا و یادەوری و شەنەوبای هەڵوێستیان بەرکەوتووە وەك مامۆستا تایەر تۆفیق و مامۆستا فواد ئەحمەد. وە شاعیرانیش وەك دڵدار و دڵزار هەڵوەستە و لێکدانەوەی شیعریان بۆ کراوە.



کۆیە: هۆتێلی کۆیە پالاس – ڤیستیڤاڵی حاجی قادری کۆیی، ٢٠٠٤/١٠/٠٧
لای ڕاست مامۆستا ئەحمەد دڵزاری شاعیر، لای چەپ مەجید ئاسنگەر



شەقڵاوە، ٢٠٠١/٠٧/٠٥ - (لە ئەرشیفی شاعیر کاك ئازاد دڵزار وەرگیراوە)

مامۆستا ئاسنگەر هەردەم لە خەمی ناساندن و یادکردنەوەی ئەم کەسایەتییە لە خۆبردوو و بێ فیز و دڵسۆزانەدا بووە کە دوور لە چاوی کۆمەڵگا ژیانی خۆیان تەرخان کردووە بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەیان (وەك نموونە، یادی صالحە خان عبدالمناف ی سابڵاخی - خێزانی شەهیدی نەمر خەیروڵلا عەبدولکەریم) کە بەر لە کەوتنی کۆماری مهاباد هاوسەرگیری دەکەن و تەنها شەش مانگ بەیەکەوە دەبن و پاشان، بە بڕیاری لێبوردنە ساختە ئامێزەکەی حکومەتی عێراق، شەهیدی نەمر خەیروڵلا عەبدولکەریم دەگەڕێتەوە کوردستانی باشور و ئیتر لە سێدارە دەدرێت! مامۆستا ئاسنگەر خۆڕاگری و سەبر و ویژدان و وەفا و چاوەڕوانی و کوردایەتی و دووره شاری ئەو شێره ژنە سابڵاخیە دەکاتە نمونەی ئافرەتێکی سەربەرز و رووسوور کە دواتر لە ساڵی ٢٠٠١ لە شاری هەولێر ماڵئاوایی دەکات و لە دونیای نەمریدا بە هاوسەره شەش مانگیە خێر لەخۆ نەدیوەکەی دەگاتەوە. مامۆستا ئاسنگەر تەنانەت سەربوردە و ژیانی ئەوانەشی گێڕاوەتەوە کە سەر بە میللەتانی ترن و کەسایەتیی مرۆڤدۆست و هەڵوێستی مرۆڤانەیان تۆمارکردووە و ناسراون و مێژوو بە نەمری باسیان لێوە دەکات. چیرۆکی ژیانی ئەم نەمرانەی لە زمانەکانی ئینگلیزیەوە کردووە بە کوردی بۆ گەیاندنی پەیامی مرۆڤدۆستی و قووڵکردنەوەی ئەم جۆره هەڵوێستانە لە نێو کەلتوری مرۆڤدۆستانەی کۆمەڵگەی کوردستانیدا. نمونەی چیرۆکی کەسایەتیەکانی وەك (ئەلیزابێس فرای: خانمی چاکسازی هەره مەزن) و (فلۆرەنس نایتینگیل: خانمە لالە بەدەستەکە) لە وتارەکانیدا گێڕایتەوە.

مامۆستا ئاسنگەر هەمیشە دۆست و کەسایەتیە کاریگەرەکانی سەردەمی لاوێتی لەبیر نەدەکرد. زۆرانی بە سەردان یان تەلیفۆن یان نامە بەسەردەکردەوە و وەڵامیشی لێیان وەردەگرتەوە. پەیوەندیەکانی لێواو لێو پڕ بوون لە رێزگرتن و خۆشەویستی و وەفا و دڵسۆزی. بنەمای پەیوەندیەکانیش،

ئـەوکات؛ لەسـەر هەڵوێسـتە نیشـتمانپەروەریەکان یـان ئـەدەب و رۆشـنبیری یـان دڵسـۆزی بـۆ کار و پیشـە سـەرچاوەی دەگـرت. مامۆسـتا ئاسـنگەر دوای ئـەوەی لـە رێـگای خزمێکـەوە ئـەدرەسی هاوڕێـی دێرینـی نووسـەر و بیرمەنـدی کـورد (جەمـال نەبـەز) لـە ئەڵمانیـا دەزانێـت دەسـت و بـرد نامەیـەك دەنوسـێت و بـۆی دەنێرێـت و دەڵێـت (درافتێکی/رەشـنووسی نامەکـە لـە نێـو ئەرشـیفی مامۆسـتا ئاسـنگەر دەسـکەوتووە):

برای زێدە خۆشەویستم دکتۆر جەمال نەبەزی بەڕێز

هەموو کاتێکتان شاد

سڵاوێکی گەرم و بۆنخۆشەی کوردانەی برایەکی دێرینی دڵسۆزت بۆ دەنێرم.

کاکە نەبەز گیان،

گەرچـی عومرێـکی درێـژە لێـك دابڕاویـن وەلـێ هـەر بەجەسـتەیە، ئەگینـا بـە رۆح، بـە بـیر و بـاوەڕ، بـە رێبـاز، بـە هەڵوێسـت و بـە گیـان هەمیشـە لەگـەڵ یەکدایـن، هیـچ نەبـێ بـەلای منـەوە. بـەردەوام ئـاگاداری جموجـۆڵ و چالاکییـە بەنرخەکانتـم، لـە هەنـدەران و شانازیشـیان پێـوە دەکـەم. هیـوای بەردەوامـی و سـەرکەوتن و تەمـەن درێژیـت بـۆ دەخـوازم.

ئێمـە باشـین، دووریتـان ئازارمـان دەدات، جێگاتـان چۆڵـە، کوردسـتان چـاوەڕوانی دیدارتانـە.

ئەمـە دەرفەتێـکی لەباربـوو بـۆم رەخسـا ئـەم چەنـد وشـە سـاکارانە بـە پەرۆشـەوە یادێـکی شـیرینی رۆژگارێـکی چـل سـاڵ بـەر لـە ئێسـتا بکەمـەوە. یـادەوەری برایـەکی زێـدە ئازیـزی دوورە وڵاتـم زینـدوو بکەمـەوە بـەو هیوایـەی لەبیرتـان نەکردبـین.

ریزو سڵاومان بۆ سەرجەم دۆست و ناسیاوان

هەربژین بۆ کوردو بۆ برای دڵسۆزتان، مەجید ئاسنگەر (٢٠٠١/٠٦/١١)

تێبینـی: ئـەم نامەیـە تەنهـا رەشنوسـەکەیە و دەقـە نێردراوەکـە رۆشـتووە وە

نازانرێت ئایا لـە نامەکـە هیـچ گۆڕانکاریـەك هەبـووە یـان نـا! وە نامـەی وەڵامـی دکتـۆر جەمـال لـە ئەرشـیف مامۆسـتا ئاسـنگەر، بەداخـەوە بەردەسـت نەبـوو. مامۆسـتا ئاسـنگەر لـە سـەردانێکیدا بـۆ وڵاتی ئەڵمانیـا لـە رێـگای کـوڕی پوریـەوە، ئاسـۆ کۆیـی، دەتوانێـت پەیوەنـدی تەلەفـۆنی لەگـەڵ دکتـۆر جەمـال ئەنجـام بـدات بـەڵام لەبـەر ئـەوەی کـە بەڕێزیـان تەندروسـتی بـاش نەبـووە نەگونجـاوە لـە ماڵـەوە سـەردانی بـکات. (لـە خـوارەوە وێنـەی رەشنوسـەکە ببینـە)



١١/٦/٢٠٠١

برای زێدە خۆشەویستم دکتۆر جەمال نەبەزی بەڕێز
هەموو کاتێکتان شاد
سڵاوێکی گەرم و بۆنخۆشەی کوردانەی برایەکی دێرینی دڵسۆزت بۆ دەنێرم.
کاکە نەبەزیگیان،
گەرچی عومرێکی درێژە لێک دابڕاوین و وڵات هەر بە جەستەیە،
ئەگینا بە رۆح، بە بیروباوەڕ، بە رێباز، بە هەڵوێست و بە گیان
هەمیشە لەگەڵ یەکداین، هیچ نەبێ بەلای منەوە. بەردەوام ئاگاداری
دەکەم. هیوای [illegible] و سەرکەوتنی و تەمەن درێژیت بۆ دەخوازم
ئێوە باشین. دووریتان ئازارمان دەدات [illegible] جێگاکان چۆڵە،
کوردستان چاوەڕوانی دیدارتانە.
ئەمە دەرفەتێکی لەبار بوو بۆم رەخسا [illegible] چەند وشەیەک
[illegible] یادێکی [illegible] شیرینی [illegible] چل ساڵێک بەر لە ئێستا
[illegible]
[illegible]
هەر بژی بۆ کورد و بۆ برادەرە دڵسۆزەکان
[illegible]



دکتۆر جەمال نەبەز

دکتـــۆر جەمـــال نەبـــەز نووســـەر و بیرمەندێـکی گـەورەی کـوردە لـە سـلێمانی سـاڵی ١٩٣٣ لـە دایـك بـووە و لـە تەمـەنی لاوییـەوە چۆتـە ئەوروپـا. چەندیـن زمـانی زانیـوە و ٨٦ بەرهەمـی کتێبـی جـۆراو جـۆری بـە زمانـە جیـاوازەکان بڵاوکردۆتـەوە؛ وەك رۆمـانی لالـۆ کەریـم، پاڵتـۆ (وەرگێـڕان)، زمـانی یەکگرتـوی کـوردی، نووسـینی کـوردی بـە لاتینـی و زۆری تـر. دوایـین بەرهەمـی دکتـۆر جەمـال نەبـەز بریتیـە لـە یـادەوەری و ژیننامـەی خـۆی بـە نێـوی (بیرەوەریینامـەی ئـەو رۆژانـەی جارێـکی تـر ناگەڕێنـەوە). دواجـار لـە تەمـەنی ٨٥ سـاڵیدا لـە سـاڵی ٢٠١٨ لـە ئەڵمانیـا کۆچـی دوایـی دەکات.

مامۆسـتا ئاسـنگەر ئـەو سـەردەمەی لـە سـاڵی ١٩٧٤ پێشـمەرگە دەبێـت، هـەروەك پێشـووتر ئاماژەمـان داوە، لـە مەهابـاد ئاشـنایەتی و پەیوەنـدی نیشـتمانپەروەری و خۆشەویسـتی لەگـەڵ خانـەوادەی شـاعیر هاشـمی نانـەوازادە پەیـدا دەکات و لـە گـەڵ لاوە خوێنگەرمـەکان وانـەی کوردایـەتی دەبەشـێتەوە بەسـەریان، رۆژگار وەك چەرخـی فەلـەك دەسـوڕێتەوە و کاك پـۆلا نانـەوازادەی خوێنگـەرم و دۆسـتی ئاسـنگەر لـە سـاڵانی هەشـتاکان لـە گـەڵ (مەریـەم خـان) ی خێـزانی ئـاوارە و پەرتـەوازەی کوردسـتانی باشـوور دەبێـت. رۆژگارێـکی سـەختە و شـەڕی عێـراق و ئێـران لەوپـەڕی تونـدی دایـە. لـە بیرمانـە کاتێـك باوکـم (مەجیـد ئاسـنگەر) بـەوە دەزانێـت کـە کاك پـۆلا لـە یەکێـك لـە ئـۆردوگاکانی سـنووری عێـراق - ئێـران گیرسـاوەتەوە، هـەر زوو دەکەوێتـە خـۆ و لەگـەڵ دایکـم بـە ئۆتۆمبێلەکەیـان، لـە جـۆری داتسـن – نیسـان مۆدێـل ١٩٨٠ بـوو، بـەرە و سـۆراخی

کاك پـۆڵا دەچـن تـا هەرچـی بکرێـت بـۆی بکـەن. کاك پـۆڵا لـە وتارێکیـدا لـەم پرسـە دەڵێـت:

(نەمانـزانی ئـەو مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەرە کـە چـۆن و کـەی و لـە کـوێ دە فریـام هـات و سـەلماندی کـە جگـە لـە شـاعیر و ئەدیـب و مامۆسـتا، پیاوێکـی ئەمـەگ نـاس و مرۆڤێکـی بەوەفـاش بـوو، ئێمـە دە نێـو زاری هەژدیهـادا بـەڕەڵا کرابوویـن، لـە هەلومەرجێـك دابوویـن کـە نـە ڕێـگای پاشـمان هەبـوو نـە ڕێـگای پێـش، هەموومـان بـۆ ئێـران نـاسراو بوویـن ئەگـەر وەگیـر حکومـەت کەوتبایـن ئەنجـن ئەنجـن دەکرایـن).

پاشـان مامۆسـتا ئاسـنگەر ڕێـگا پێدانیـان بـۆ وەردەگرێـت کـە وەك مۆڵەتێـك لـە ئـۆردوگا دەربچـن و بێنـە کۆیـە و بـبن بـە میـوانی ماڵـی مامۆسـتا ئاسـنگەر، لـەم بارەیـەوە کاك پـۆڵا دەڵێـت:

(ئـەو چەنـد ڕۆژەی کۆیـە کـە میوانـی ماڵـە کاك مەجیـد و کاك نـەژاد و مامۆسـتا عوسـمان عەونـی بوویـن لەخۆشـترین ڕۆژەکانـی ژیانـی منـن. هومێـدی ژینـمان هاتـەوە بـەر. بنەماڵەیەکـی بەڕێـز و بـە قـەدر و ئیحـترام و خوێنـدەوار و ئینسـانی بـاش و زانـا و تێگەیشـتوو بـوون. مامۆسـتا عەونـی دەیزانـی ئەمـن زۆرم حـەز لـە شـیعری کوردییـە بۆیـە بەسـەعات دادەنیشـت و شـیعرەکانی خـۆی بـۆ دەخوێندمـەوە).



کاك پۆڵا هاشمی نانەوازادەی مهابادی شاعیرو نیشتمانپەروەر



لە لای راستەوە: بۆتان ئاسنگەر، مەجید ئاسنگەر، پۆڵا نانەوازادە- هەولێر، کاتی نەخۆشی مەجید ئاسنگەر پێش ماڵئاوایی یەکجارەکی، ئاداری ٢٠١٢

کاك پــۆلا زۆر بــە وردی لــە راســتگۆیی هەڵوێســتە نیشــتمانپەروەریەکانی ئاســنگەر قــووڵ ببــۆوە و درکی بــەوە کردبــوو کــە کەســایەتیەکی نۆرمــاڵ نیــە هــەر بۆیــە دەڵێــت:

(کاك مەجیــد هەتــا ئاخریــن رۆژەکانــی تەمەنــی پــڕ لــە شــانازی خــۆی خزمەتــی زمــان و ئــەدەب و سیاســەت و بەختەوەریــی میللەتەکــەی کــرد، بۆیــە بــە حــەق داوا کــراوە لــە حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان کــە پەیکــەری لــێ ســاز بکــەن و قوتابخانــە و شــەقامی بەنــاو بکــرێ).

کاك پــۆلا، دوای راپەڕینــە مەزنەکــەی بەهــاری ســاڵی ١٩٩١، لــە ســوێدەوە نامەیــەك لــە ١٩٩٣/٨/٣ بــۆ مامۆســتا ئاســنگەر دەنێرێــت بــۆ هــەواڵ پرســین و پەرۆشــیان بــۆ ئــەم دەرفەتــەی کــوردان کــە لــە باشــوور هاتۆتــە کایــەوە، لــە هەمــان کات زانیبــووی کــە باپیرمــان (عــەونی) کۆچــی دوایــی کــردووە و مەبەســتی بــوو ســەرەخۆشی خــۆی بگەیەنێــت بــە هــەردوو خانــەوادەی ئاســنگەر و عــەونی کۆچکــردوو. لــە خــوارەوە دەقــی نامەکــە دەخەینــە روو:



کاک مەجید گیان سەلام

سڵاوێکی گەرم و گوڕ لە قووڵایی دڵمەوە. هیوام ساغی و سڵامەتی و سەرکەوتنە لە هەموو کات و ساتێکی ژیانت دا. سڵاوی تایبەتیم هەیە بۆ خوشکە پەرژین و دۆزان و کاکە جۆشان و بۆتان. بە خەبەری ناخۆشی کۆچی دوایی مامۆستا کەمال عەونی هەر ئەوەندە ناڕەحەت و پەرۆش بووم ئەگەر باوکی عەزیزی خۆم بوایە. بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە خوشکە پەرژین و هەموو بنەماڵە بەڕێزەکەیان دەکەم و داوای سەربووری و عومری درێژ بۆ ماوەکان دەکەم. نازانم باوەڕم پێ دەکەن یان نا بەڵام بە ڕاستی خۆم بە کوڕی ئێوە و بە بنەماڵەی ئێوە دەزانم وە هەر ئێستا کە ئەو نامەیە دەنووسم چاوم پڕە لە فرمێسک بۆ مامۆستا عەونی، پڕ بە دڵ خۆشم دەویست و وەک باوکی خۆم پێی هەروەتر بووم. هیوادارم جێی ئاخری بەهەشتان بێ.

کاک مەجید گیان دوو نامەتم بەدەست گەیشتووە و بەپێی ئەو نامانە دەبێ نامەیەکی دیکەشت نووسیبێ کە بەداخەوە بەدەستم نەگەیشتووە بە هەرحاڵ داوای لێبووردن دەکەم لەوەی کە نەمتوانیوە زوو زوو نامەت بۆ بنووسم و ئەم پەیوەندییەمان لە لایەن منەوە کز بوو. کار و گوێرەوەری زۆر و نەبوونی پۆست و ئیمکاناتی پێویست بۆ ناردنی نامە هۆی ئەم کزییە بوون کە هیوادارم بە گەورەیی خۆت ئەم برا چووکەی خۆت ببووری.

کاک مەجید گیان خوا کوڕێکی جوان و خشیلانەی داوینی و ناوم ناوە «مەردان» بەم هیوایە کە لە ژیانی دا مەرد بێ و دژی نامەردان بوەستێ و هەروەها ناوناوی کوڕێکی ڕەفیق و خۆشەویستم بووە کە بەدەست جەللادەکانی ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ئیعدام کرا.

کاکە مەجیدگیان ئێمە وەزعمان باشە و لێرە ژیان بێ ترە و شەڕ و گرفتە دەچینە
پێش بەڵام ماوەیەکە هەزار کوردت لەدەس بێ ترەیەو بێ گرفتە ترێن هەروڵات، خاک و
دەتەنی خۆیان لێرە خۆشتر ئەگەر بە دەست داگیرکەرانی کەلەکەیان خاپوورش بێ. هەمیشە
بیر لە کوردستان دەکەمەوە ئاواتم گەڕانەوە و ژیان لەنێو نەتەوەی خۆم دایە. ئێرە بەس
بۆ ئەوەی باشە لاوەکانمان بێن بخوێنن، لە عیلم و فەرهەنگ و زانستی پێشکەوتووی
ئێرە کەلک وەرگرن، فێری بن و بیبەنەوە کوردستان بەکاری بێنن و کوردستانی پێ
وەپێش بخەن.

کاکە مەجیدگیان ئەمن قەولم دابوو پاسپۆرت جووت کەم بۆ خۆشکان و بۆتان و بۆیان
بەڕێ بکەمەوە. ئەمن هەر لەسەر قەول و قەراری خۆم هەم بەڵام بەداخەوە ئەو کابرا پۆلیسە
سوێدییەی کە پاسپورتەکانی دەفرۆشت لەلایەن پۆلیسی سوێدەوە گیراوە و ئێستا بەداخەوە کەسی
دیکەیم نەدیوەتەوە کە ئەو کارە بکا و بتوانم قەولەکەی خۆم بەرمە سەر. ماوەیەکە هۆی هەرە
زیاتری تەئخیری نامەکەشم هەر ئەوە بوو دەمگوت با ئەو کارەی چی بە چێ بکەم دەیشان
نامەی بنووسم بەڵام بەداخەوە تا ئێستا بۆم چی بە چێ نەبوو. لەوانەیە ئەو تێگەیانە لەوی لەلای
ری
ئێوە زیاتر بێ قەدەرشتی دابەبوو و وەگیر کەوت بێ تەعارف ئەمن حەتمەن خەرج دەخارکە
وەگۆرە دەگرم. ئەگەر کوڕەکان دەیانەوێ لە ڕێگای تورکیاوە و ڕێگەی یوونانەوە بێن گرتوویانەوە
بێن، بەخێریان بێن ئەوە ماڵەی کە لە تورکیا دەمێننەوە ئەمن قەولدەدەم ئەوەڵم تێ پارەیان بۆ
چوونی براکانی خۆم هێنا ئەوانیش ئاوا بێنم. بە هەرحاڵ کابرای پاسپۆرتی دەفرۆشت گیراوە و
هەر کارێکی دیکە کە ئێوە پێم بڵێن ئەمن ئامادەم بە جێی بێنم.

کاکە مەجیدگیان من زۆر ئارەزووی بینینی ئێوەی هەیە و زۆرتان سڵاو دەگەیەنێ و ئەوەیش سەرەخۆشی دەکا لە ئێوە و خوشکە بەڕێزەکەتان و بنەماڵە بەڕێزەکەتان و داوای لێبووری دەکەیش بێ خەیاڵ تۆرەکا .

کاکە مەجیدگیان ئاوارەیی ئێوەم را بە خەوەشی نازانم تا ئێستا نامەی تۆ نووسیویان یان نا ؟ ئەوەیش لە بەرلین سەری بە دووکانەکەیەوە گەرمە و خەریکی ژن و منداڵ بەخێوکردنە ، کاک ئەمیر بۆ ئەوەیشتی هاتوو بۆ ئاگاتان ، حاڵێک لە مەهاباد سەکتەی دڵی کردووە و هاتبوو هەتا مەعالەجەی بکا و دوکتۆرەکان دەڵێن دەبێ عەمەلی جەڕاحی بکرێ دەنا دەمرێ و ئێستا چۆتەوە مەهاباد بەڵام قەرارە بگەڕێتەوە و عەمەلی بکەن .

کاکە مەجیدگیان دۆخی کوردستان هەرکە سەری بە جۆرێک دەگیرێتەوە لە نامەیەکدا وەزعیەتی کوردستان و خەڵک و حکوومەتم بۆ باس بکە و هەروەها وەزعیەتی خۆتان و باڵی کاک نەژادە ئێمە دەستت ماچ دەکەم و لای ئێوەم خۆش و تا نامەیەکی دیکە بە خوداتان دەسپێرم

برای بچووکت پۆلا
٩٣,٨,٣

## محەلەکەی عەونی باپرم: مەڵبەندێکی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی لە کۆیە

کۆتایی هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو، لە یادمە من وەك کوری بچوکی ئاسنگەر، باپیرمان (باوکی دایکم)- عەونی شاعیر، لە کۆیە و لە چەقی بازار شوێنێکی دانیشتنی هەبوو لە نێو خەڵکی شاری کۆیە دەگوترا (محەلی کاك عەونی – واتا شوێنی دانیشتنی عەونی شاعیر). عەونی، سەرەڕای کە سەرمایەدارێکی شارەکەی دەبێت، خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز بوو. لای هەمووکەس رێزی لێدەگیرا و کاریزمایەکی تایبەت بوو، نیشتمانپەروەرێکی سەرسەخت بوو، زۆر لە پەرۆشی کوردان و خاك و نیشتمان و ئازادی گەلەکەی دابوو. عەونی شاعیرێکی بەرز و ناسراو و زمانزانێکی بە ئەزموون بوو. لە بزوتنەوە و رێکخراو و حیزبە کوردستانیە نیشتمانیەکان ئەندام بووە و رۆڵی کاریگەری هەبووە. شیعرەکانی چ نیشتمانپەروەری چ سۆزداری لە لوتکەی داهێنان و جوانیدان و گەلێك لەم شیعرانەی لەلایەن هونەرمەندی گەل (تاهیر تۆفیق) کراون بە مەقام و گۆرانی. لە کۆپلەیەکی شیعری (ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم) عەونی دەڵێت:

من لە رێگای سەربەخۆیی خاك و رزگاری گەلم
گیانی خۆم و قەوم و خوێشانم هەمووی قوربان دەکەم
چیم بە ئاشوور کرد لە کاتی خۆی بەڵێن بێ هەروەها
تەخت و بەختی دوژمانی کورد بە خاك یەکسان دەکەم
هەرکەسێك بێتو لەهەر لا خوێنی کوردی رشتبێ
خۆم بە شوێنی دا دەڕۆم خانەی بەسەر وێران دەکەم

عەونی مەزن، لە دایك بووی ساڵی ١٩١٤، هاو تەمەن و هاو شاعیر و هاوشار و دۆستی نزیکی دڵداری شاعیر (لە دایك بووی ١٩١٨) دەبێت، لە




شاعیری گەورەی کورد: عەونی

شـیعرێکی دڵـداری ئامێـزدا بەیەکـەوە ئـەم شـاکارە دەنووسـن بـە نـاوی (دڵ):

دڵ لەبەینـی تەڵعـەتی روو و زووڵفەکـەی دەیجوورتـە
گاهـێ مەیـلی شـەو ئـەکات و گاهـێ مەیـلی نوورتـە
بەحـری عومـانی سروشـکم وا بـەدەم گریانـەوە
پڕ لـە دانـەی گەوهـەرە هـەم لەعـلی وێنـەی سـوورتە
بادەکـەت پڕ ژەهـری مـار بێ، بیـدە پێـم نۆشی دەکەم
چونکـە طەبعـم هێنـد موطیعـە بەندەیـی مەیسـوورتە
سـا ئـەزانی چەنـد پەشـێوە ئـەو دڵـەی بیـماری مـن
پـەی کـراوی تـیری غەمـزەی چاوەکـەی مەخمـوورتـە!
ئاسـمانی حوسـنی روخسـارت لـە ئەبـڕۆ و چەرخـی روو
تاقـی ئەبـڕۆت دوو هیـلال و چەرخـی کوڵمـەی خۆرتـە
خونچەکـەی نەشـکفتەیی لێـوت لـە باخـی مەقصـەدم
تـا دەمـی پشـکوتنی دڵ بولبـولی مەنظورتـە!
ئـارەزووی ئـەم شیعرە (دڵـدار) تـۆ لە (عـەونی) بـۆ دەکەی
چونکـە ئـەم غەمبـارە دایـم بـۆ وەتـەن مەجبوورتـە!

عەونی شاعیری مەزن جگە لە نووسین و شاعیر بوون لە هەمان کات، بەتایبەتی لە کاتی لاوێتی، بازرگانێکی ناسراو و بە سەلیقەی دەڤەری کۆیە و بتوێن و پشدەر و تەق تەق دەبێت. بەردەوام دەبێت لە کاری بازرگانی تا ئەوکاتەی نەخۆشی پەی پێ دەبات و ئیتر دادەنیشێت و دواتر لەم محەلە-شوێنە لەگەڵ کەسایەتی و پیاوماقوڵان و رۆشنبیرانی شار، رۆژانە بۆ دیدار و گفتوگۆ و هەواڵ پرسین هەروەها بۆ باسی سیاسەت و ئەدەب، کات تیایدا بەسەر دەبات. ئەم شوێنەی عەونی نەمر وەك نوسینگەیەك وابوو کە تاخمێك قەنەفەی لە دار درووستکراوی تێدا بوو، رووی محەلەکە جامخانەیەکی لە دار دروستکراوی شوشەبەند بوو بە ئاسانی دەرەوە ژوورەوەی دەبینی و دانیشتوانی ژوورەوەش پیادەی بەردەم محەلەکەیان دەبینی. زۆران لە دۆست و خەڵکی شار لەگەڵ گوزەرکردنیان سەرێکیان بە ژووردا دەکرد و سڵاوێك و رۆژباشێکیان لە عەونی و دانیشتوانی محەلەکە دەکرد. عادەتێکی دانەبڕاو بوو کەوا عەونی هەموو رۆژێك جگە لە رۆژانی هەینی لە کاتژمێر ٨ ی بەیانیەوە تا کاتی نیوەڕۆ لەو شوێنە دادەنیشت. رۆژانە هەرچی کەسایەتی و شاعیر و نووسەر و مێژوونوس و شوێنەوار ناس و نیشتمانپەروەر و کەسایەتی و ریش سپی و پیاوماقوڵ و خەڵکی سادە و کاسبکار و خزم و خوێش بەپێی کات و رۆژ کاتێکیان لێ بەسەردەبرد و گفتگۆی ئەدەبی و سیاسی و نیشتمانپەروەریان، بەدەم چایەکی شیرین و خەستی (وەستا عومەری چایەچی کە جیرانی محەلەکەی عەونی بوو)، دەکرد و باس و خواسی رۆژانەی وڵات گفتوگۆی لێوەدەکرا. لەو کەسایەتیانە؛ دەتوانم بڵێم کاك جەوادی شەفیق اغا، مامۆستا حەمە عەلی شێخ نووری، مامۆستا مەجید جەلی زادە، کاك عبدالرحمن (ناسراو بە رووتە)، رۆستەمی شاعیر، مێژوونووس کاك تایەر حەوێزی، عبدولرەحمان (ناسراو بە شێتە)، کاکە سوور غەفوری، وەستا عەبدەی ئاسنگەر، مامەند ئاغای کۆیە، قادر ئاغا، رەفیقی مال مدیر، کاك مەلا فەتاح رۆژبەیانی .... زۆرانی تر. مامۆستا

ئاسـنگەر لـە زۆربـەی کاتـەکان چ لـە رۆژانی پشـوو یـان لـە هاویـن یـان دوای خانەنشـین بـوون زۆر لـە کاتی لـەم شـوێنە دەبـردە سـەر و لەگـەڵ چەندیـن خەڵـك و کەسـایەتی دیـدار و دیـد و بۆچونیـان ئاڵوگـۆر دەکـرد و کاتێـکی خـۆش و بەسـوود دەبـردرا سـەر. زۆر لـە کەسـایەتیەکان و خەڵـك کـە لـە شـارەکانی تـرەوە بەسـەردان داهاتنـە کۆیـە بەشـێك لـە کات و بەرنامـەی سـەردانەکەیان بـۆ دیـداری عـەونی و هاوەڵـەکانی محەلەکـەی تەرخاندەکـرد. لـە یادمـە نووسـەرو شـوێنەوار دۆسـت (عبـدول رەقیـب یوسـف) کـە لـە هەولێـرەوە بەسـەردان دەهاتـە کۆیـە دەبوایـە بەشـێکی سـەردانەکەی لـە شـوێنی عـەونی شـاعیر بباتـە سـەر و لەگـەڵ مامۆسـتا ئاسـنگەر و کەسـایەتیەکانی دیکـە چەندیـن دیـدگا و خەمخۆریـان بـۆ شـوێنەوار و پـرسی تـری ژیـاری بـاس لێوەدەکـرد. شـایەنی وتنـە کـە (عبـدول رەقیـب یوسـف) خەمخـۆری شـوێنەوارەکانی کوردسـتان بـوو، چەندیـن شـوێنەوارەکانی کوردسـتانی دۆکۆمێنـت کـردووە و بـە کتێـب بـڵاوی کردونەتـەوە. زۆربـەی جـاران مەبەسـتی سـەردانی بـۆ کۆیـە بەمەبەسـتی دۆکۆمێنتـکاری شـوێنەوارەکانی کۆیـە دەهـات و سـوودیشی لـە عـەونی و ئاسـنگەر و کەسـایەتیەکانی تـر وەردەگـرت.

جموجـۆڵ و گـەرم و گـوڕی محەلەکـەی عـەونی بـەردەوام دەبێـت تـا سـەرەتای سـاڵانی نـەوەدەکان ئەوکاتـەی نەخـۆشی زیاتـر پـەی پـێ دەبـات کـە نەتوانێـت چیـتر رۆشـنبیرانی شـار لـە نیـو ماڵـە خنجیلانەکـەی (محەلەکـەی) نێوەنـدی شـار کۆبکاتـەوە. دواتـر عـەونی مـەزن لـە ١٩٩٢/٠٧/٢٠ ماڵئاوایـی یەکجـارەکی لـە ژیـان دەکات و لەگـەڵ خـۆی چـرای محەلەکـەش کوژایـەوە.

## مامۆستا ئاسنگەر و دۆست و هاوڕێیەتی و گەشت و سەیران

لە یادمە، لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو، زۆر لە هاوبیر و ئەدیب و هاو پیشە و کەسایەتیەکان لە هەولێرەوە دەهاتن و لە ماڵەوە سەردانی مامۆستا ئاسنگەریان دەکرد و ئەویش سەردانی دەکردنەوە. مامۆستا د.عەزیز گەردی، مامۆستا کەریم شارەزا و مامۆستا مومتاز حەیدەری و زۆرانی تر ...

مامۆستا ئاسنگەر پەیوەندیەکی دۆستانە و نزیك و نیشتمانپەروەرانەی لە گەڵ زۆر لە گەڵ سەرکردە و کەسایەتیە سیاسیەکانی زۆربەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان هەبوو. هەندێك لەوانە هاوبیر و نیشتمانپەروەری کۆی کردبوونەوە، یان رۆژگارێك بەیەکەوە چالاکیان نواندووە وەك عەلی عبداللە، کەریم ئەحمەد (سکرتێری حزبی شیوعی عێراق/کوردستان) و مام جەلال تاڵەبانی و محسن دزەیی و فەرەنسۆ حەریری و عمر دەبابە و فاتح رەسول و ... زۆری تر. وە زۆرن ئەو کەسایەتی و نووزسەر و سیاسی و سەرکردانەی رۆژانێك قوتابی ئەو بوونە و هەمیشە خۆیان بە قەرزاری مامۆستایەتی و پەروەردەی کوردایەتی سەر دەستی ئەو زانیوە.

کەسایەتی سیاسی و ئەدەبی و ئیعلامی عێراقی (مفید محمد جواد الجزائري - ناسراو بە مفيد الجزائري) دۆستی دێرینی دەبێت، لە ساڵی ٢٠٠٣ دەبێت بە وەزیری رۆشەنبیری حکومەتی فیدڕاڵی عێراق. مفيد الجزائري خەڵکی پارێزگای بابلە و سەرکردەیەکی باڵای حزبی شیوعی عیراقی بووە و نووسەر و رۆشنبیرێکی نیشتمانپەروەری عێراقیە. کاتێك دەبێت بە وەزیر، مامۆستا ئاسنگەر بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ دەکات و دەڵێت:

السيد وزير الثقافة

الأستاذ مفيد محمد جواد الجزائري المحترم / بغداد

**بعد التحية والسلام**

كان اختيار شخصكم الكريم بالذات وزيراً للثقافة خطوة صائبة جداً. نهنئكم من الأعماق ونرجو لكم الموفقية والنجاح في هذه المهام الوطنية الملقاة على عاتقكم، آملين أن تزدهر لعراقنا على يديكم ثقافة ديمقراطية تقدمية ومتفتحة تليق بشعبنا المناضل و المتعطش أبداً للحرية والتآخي والسلام حيث تعيد لتراثنا الوطني الخالد وجهه الناصع و أمجاده الإنسانية ودمتم لأخيكم المخلص......

**مەجید ئاسنگەر**

**هەولێر**

11/9/2003

لــە ٢٠٠١/٠٧/٢٢ مفیــد الجزائــري لــە هەولێــر دەبێــت و ئــەو نامەیــە بــۆ مامۆســـتا ئاســـنگەر دەنێرێـــت:



اربيل - عصر الاحد
٢٠٠١/٧/٢٢

استاذي العزيز
ماموستا مجيد
تحيتي واحترامي
حاولت ملاقاتك هذا اليوم، فلم أفلح،
رفيقي زيرەك لا يعرف الطريق الى بيتكم،
وفوق ذلك أخبرني انك تكون عادة،
في ساعات العصر، في جريدة برايەتی.
وقد اتصلنا تلفونيا بالجريدة، فأخبرونا
انك غير موجود.
لذلك لم يبق أمامي سوى كتابة هذه السطور
اليك.
استاذي العزيز
في عصر ٣١ تموز الجاري سنُقيم في مقرنا

٤

في شقلاوة احتفالاً على شرف مئوية
مؤسس حزبنا الرفيق يوسف سلمان -فهد.
وطبيعي انك في الطليعة بين من نعتز
بدعوتهم لحضور هذا الاحتفال. لكننا
نطمح في ما هو اكثر من مجرد الحضور،
ويسعدنا كثيراً ان تساهم بكلمة في
هذه المناسبة، ونترك لك اختيار
موضوعها (جانب معين من شخصية
فهد أو فكره أو نشاطه السياسي او
نضاله او استشهاده او موقفه -مثلاً-
من قضية الشعب الكردي) وشكلها
(كأن تكون خاطرة أو مقالاً.. الخ)


٣

وطوله (٥ أو ١٠ أو حتى ١٥ دقيقة).

اسمح لنفسي بطلب ذلك منك راجياً
الا أسبب أي إحراج. واذا وجدت
ان من الصعب تلبية الطلب، فأرجوك
إهماله، وسيسرنا ان نستقبلك
بحرارة في كل الاحوال، ويكفينا مجرد
حضورك.

وفي كل الاحوال ابعث اليك نسخة من
كتابات الرفيق محمد، آملاً ان تفيدك
في حال قررت كتابة شيء لالقائه في
الكفل. مع صادق ودي وتقديري

المخلص
مفيد الجزائري

پێویستە بگوترێت کە مفید الجزائري کەسێکی پاك و دڵسۆز بووە و بە پێی سەرچاوەکان یەکێکە لەو کەسایەتیە عێراقیانەی هیچ مەلەفێکی گەندەڵی لەسەر تۆمار نەکراوە.



لای ڕاست: مفید الجزائري، لای چەپ: مەجید ئاسنگەر، ٢٠٠١/٠٨/١٤- لە دواوە دەستە ڕاست: دڵزاری شاعیر دەردەکەوێت



ئازاد شەوقی

مامۆستا ئاسنگەر لە بەسەرکردنەوەیەکیدا، بۆ دۆستی دێرین و هەیشەیی و پێشمەرگە و مامۆستای شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٤، هونەرمەندی شێوەکاری گەورەی کورد (ئازاد شەوقی) نامەیەك دەنێرێت. دیارە ئەو نامانە بۆ ئەو نوسراون و لە ئەرشیفی مامۆستا ئاسنگەر بەردەست نیە چونکە نێردراون، بەڵام وەڵامی جوان و ڕەنگین و پڕ هەستی نیشتمانپەروەری و بە دەست و خەتە پڕ هونەریەکەی کاك ئازاد شەوقی بۆ مێژوو دەخەینە بەردەست خوێنەرانی بەڕێز:



هەروەها لە نامەیەکی تری هونەرمەند ئازاد شەوقی بۆ مامۆستا ئاسنگەر دەنوسێت:

سولەیمانە

ئەی برای لە ئەوی پێشووی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و خەباتی کاک مجید ئاسنگەر

سڵاو

لەمەودوا بە دەستە نامەیەکم بۆ ئاسەواری خۆشت بە حەقیقەت دەنێرم

بێت مامۆستا معتمد الجزائری [illegible] لە هەموو نامەکانی دەنێرم،

هەستم پێکرد. خەباتی لە [illegible] خەباتی قامڵەی

زۆرتر و هیوادارم لە [illegible] بە دوو [illegible] رۆشنی داری

ژیان سەرکردایەتی دەکەن [illegible] ئاواتی [illegible] ئاشتی ئەیا [illegible] رۆژانە

مرۆڤایەتی بێ. [illegible] بە ئامێری [illegible] نەک ئامێری هەڵوو لە شێوەو

نەهێ [illegible] چارەیان دەبێت [illegible] پاشەڕۆژ [illegible] دەدە

زۆر رۆژی خوێندەوە. شیعرە [illegible] بەرهەمەکانی

زۆر رۆژی هەستی [illegible] بە [illegible] بەرهەمەکانی

ئالۆزی بلاوبێت [illegible] خۆی بە [illegible] لە دەمێک [illegible]

کوردەو کوردستان بە ئاڵای [illegible] بە ئاشتی بە (تعدد و رقة) لە

قەڵەم و [illegible] خانە وارەی کورد (پەرلمانی [illegible]) نەتەوە جێگای خۆی

بگاتە دەبە ئامانج.

مامۆستا گەورە [illegible] زۆر زۆر پیری [illegible] حەوزی خەرمان

دەکەم هەوڵ [illegible] شکور چالاک چارەکانی [illegible]

[illegible] هەتا [illegible] نووسینی کوردستان بۆی

دڵسۆزم و [illegible] کردەوە [illegible]

بە لە [illegible] دەستخۆشانەو [illegible] بۆ

بۆ جەنابی برام کاک [illegible] خۆشحاڵ [illegible] دڵسۆزی چاکە

ئەنسانیە. سڵاوی گەرم ئاراستە دەکەم عبدالخالق حەوزی [illegible]

ئیتر هەر [illegible]

جوولەکان

[illegible] ٦٠

[illegible]

بەڵام بەداخەوە دواتر لە بڕی نامە و هەواڵ پرسین، مامۆستا ئاسنگەر بۆ کۆچی دوایی ئەو هونەرمەندە گەورەیە بروسکەی ماتەمینی ئاڕاستەی خانەوادەکەیان دەکات:

پرسەنامە

ـ سلێمانی ـ

بەڕێز خانەوادەی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو ماموستا ئازاد مەحمود شەوقی

بەڕێزان بنەماڵە و کەسوکاری کاکە ئازاد شەوقی

بە داخ و خەم و پەژارەیەکی ئێگجار زۆرەوە هەواڵی جەرگبڕی ماڵئاوایی برای گەورە و مامۆستای رۆح شیرین و دۆستی ئازیزم هونەرمەندی شێوەکاری هەرە مەزن و پایەبەرز و ناسراوی کورد کاکە (ئازاد )ی خوالێخۆشبووم پێگەیشت و، کۆچی دوایی ئەو کەڵە مێرد و گەورە پیاوە لە ناخەوە هەژاندمی .. هەرچەندە ئەم جۆرە پیاوانە مردنیان بۆ نییە و هەمیشە لە ویژدانی گەل و لە یادەوەریی دڵسۆزانیان دا هەر زیندوون و بە نەمری دەمێننەوە .

بەم بۆنە دڵتەزێنەوە ، لە ناخەوە هاوبەشی خەم و ناخۆشیتانم و، پرسە و سەرە خۆشی لەخۆم و لە ئێوەی بەڕێز و لە گەلی کورد دەکەم . لە یەزدانی مەزن و دلۆڤان دەخوازم ئەمە دوا کۆست و ناخۆشیی بنەماڵە کوردپەروەرەکەتان بێت و ، گیانی پاک و بەرزەفڕی رەحمەتیش لە بەهەشتی بەرین ئارام بگرێت .

انا لله و انا الیه راجعون

دڵسۆزتان و هاوبەشی خەمتان

مەجید ئاسنگەر

هەولێر/ گەڕەکی موفتی

ت/ ٢٢٢٣٠٧٢

لە ئێستادا لە شاری سلێمانی گەلەریەك بە ناوی ئەم هونەرمەندە مەزنە نێونراوە.

لـــە رووی پەیوەندیـــە کۆمەڵایەتیـــەکانی مامۆســـتا ئاســـنگەر دەتوانـــین بڵێـــین رووبەرێـــکی فـــراوانی ژیـــانی تەرخانکردبـــوو بـــۆ دۆســـت و هـــاورێ و هاوپیشـــە و هاوبـــیران و خـــزم و خوێـــش. کـــەم بۆنـــە و پرســـە و لێپرســـین هەبـــووە کـــە ئامـــادە نەبوبێـــت. کـــەس و کاری بەســـەر دەکـــردەوە و پیاوێـــکی رووخـــۆش بـــوو. رووخـــۆش بـــوو لەگـــەڵ منـــداڵ و تەنانـــەت بـــە نـــاوی رووت بانگـــی نەدەکـــردن و هـــەردەم بـــە (کاك) نـــاوی دەهێنـــان، لەگـــەڵ گەنـــج هانـــدەر و لەگـــەڵ هاوتەمـــەن و بەســـاڵاچوانیش قســـەو بـــاس لای ئـــەو کۆتایـــی نەدەهـــات. هەمـــوو لـــە دڵـــەوە خۆشـــیان دەویســـت، رێ پیشـــاندەری قوتابیـــانی بـــووە هـــەم لـــە رووی زانســـت و فێربـــوون هـــەم لـــە رووی هـــزر و نیشـــتمان پـــەروەری. نەمبیســـت رۆژێـــك یەکێـــك نـــاوی مامۆســـتا ئاســـنگەر بهێنێـــت و بـــە ئـــاخ و حەسرەتـــەوە لـــە رەوشـــت و کوردایـــەتی و کەســـایەتی و پـــەروەردەکاری و رەوشـــنبیری ئـــەو زاتـــە نەدوێـــت! بـــۆ ئێمـــەی کـــوڕ و کـــچ و خانەوادەکـــەی مایـــەی ســـەر بڵنـــدی و لەهەمـــان کات پێشـــەنگمان بـــووە تـــا بـــە شـــوێن پـــێ ی ئـــەودا گـــوزەر بکەیـــن و خەونـــەکانی ئـــەو و حـــەزەکانی ئـــەو بدۆزینـــەوە. لەبیرمـــە تـــازە گەنـــج بوویـــن لـــە هەشـــتاکانی ســـەدەی رابـــردوو کاتێـــك وەك ئـــەرك هـــەر پرســـەیەکی بەســـەر دەکـــردەوە لـــە کۆتایـــی پرســـەکە و بـــەر لـــە هەڵســـان بـــۆ ئامادەبـــوان دەســـتی دەکـــرد بـــە قســـەو بـــاس. هەندێـــك لـــە قســـەکان دڵنەوایـــی خـــاوەن پرســـە دەبـــوون و هەندێکیـــش دەربـــارەی هەندێـــك نەریـــت کـــە زەرەر و زیـــان دەبەخشـــێت بەتایبـــەتی لـــە بۆنـــە و پرســـەکان. ئـــەو ســـەردەمە وا بـــاو بـــوو خـــاوەن پرســـە بـــۆ چەندیـــن رۆژ خـــواردنی ئامـــادە نەدەکـــرد بەڵکـــو دۆســـت و خـــزم و دراوســـێ بـــە زیـــادەوە خواردنیـــان بـــۆ ماڵـــی خـــاوەن پرســـە ئامـــادە دەکـــرد بـــۆ هـــەردوو لای پیـــاوان لـــە مزگـــەوت و ژنـــان لـــە مـــاڵ. ئـــەم نەریتـــە لـــە شـــاری کۆیـــە پـــێ ی دەگوتـــرا ناردنـــەوەی (ســـفرە) بـــۆ خـــاوەن مـــردوو و خـــاوەن ســـفرەکەش لەگـــەڵ خـــاوەن پرســـە بەشـــداری نـــان خواردنەکەیـــان دەکـــرد لەلایـــەك بـــۆ بـــار ســـووکی و لـــە لایـــەکی تـــرەوە بـــۆ هاوبـــەشی خـــەم و لەتـــەك یـــەك

وەستان لە ناخۆشیەکان. ئیتر لەبەر زۆری خواردنەکە و زۆرجاران کەمخواردن لەلایەن ئامادەبووانەوە، رەنگبێت لەبەر شەرمی پرسە و خواردن، خواردنێکی زۆر دەمایەوە و پاشان فرێ دەدرا! ئەم دیمەنانە سەرنجی مامۆستا ئاسنگەری رادەکێشا و بە جورئەتەوە قسەی لەسەر دەکرد و داوای دەکرد خواردن بە ئەندازەیەکی کەمتر ئامادە بکرێت و وە میوانانیش بە سەر و دڵەوە دوور لە نەریتی شەرمی پرسە بە سکێکی تێرەوە هەڵسن و دوای گەڕانەویان بۆ ماڵەوە دووبارە نان نەخۆنەوە!

مامۆستا ئاسنگەر لە ساڵی ١٩٦٠ و لە لایەن هاوڕێیەکی نزیکیەوە نامە و وێنەی بۆ دێت بە ناوی بەڕێز (دارا کاکە حەمە) کە خەڵکی شاری سولێمانیە و پێدەچێت وەك بیر و بۆچوون و ئایدیا، هەروەك لە پشتی وێنەکە نوسراوە، سەر بە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووبێت. بەڵام لە ئەرشیفی مامۆستا ئاسنگەر دۆکۆمێنتی تر لەسەر ئەم بەڕێزە بەردەست نەبوو. بەڵاو لەم دواییە و بە هاوکاری هەندێك دۆست توانیم ناونیشانی بەڕێزیان بزانین و سۆراخی بکەین. بەرێزیان ئێستا وەك راوێژکاری باڵای سەرۆکی هەرێم خانەنشینە و نووسەرێکی ناسراوە بە ناوی (دارا عەطار) و چەندین بەرهەم و بڵاوکراوەی هەیە. هەر بۆ مێژوو و وەفادرای و وێنەی ئەرشیفی کاك دارای هاوڕێی ئاسنگەر لەگەڵ نوسینی پشتی وێنەکە دەخەینە بەردەست:

مامۆستا ئاسنگەر حەزی بە گەشت و سەیران و سروشت دەکرد. لەگەڵ دۆست و لەگەڵ خانەوادە هەردەم چالاك بوو بۆ گەشت و سەیران و هەوڵی دەدا گەشت بکاتە هۆکارێك بۆ حەسانەوەی رۆح و بۆ زاخاوی مێشك. لە گەشت حەزی دەکرد (چا) بە دار و چیلکە ئامادە بکات و بەزەوقەوە چای دەخواردەوە. تا ئەوکاتەی لە ساڵی ١٩٨٣ جگەرەی بە یەکجارەکی جێهێڵا بە نەشئەوە قومی لە جگەرە داوە و دوکەڵەکەی بەبا کردووە. ئەو زیاتر لە ٣٠ ساڵ جگەرە کێشێکی سەرسەخت بووە. دۆست و ناسیاوەکان دەیانگوت



لە راستەوە: دارا کاکە حەمە (دارا عەطار)، مەجید ئاسنگەر
لە پشتی وێنەی لای راست نوسراوە: ئەم وێنەیە پێشکەش بە هەڤاڵی خۆشەویستم کاکە مەجید بێت بۆ یادگار. هیوام وایە هەمیشە بەختیار بیت بە خۆشی سەری کاکە مستەفا بارزانی و پارتیمان، ١٩٦٠/٤/٢٠
برات/ دارا کاکە حەمە، سلێمانی

بە گەنجی جگەرەی بە جگەرە پێکردووە، هەردەم بەدەم خوێندنەوەوە جگەرەیەکیشی بەدەمەوە بوو. بەڵام ئێمەی منداڵەکانی کاتێک گەورە بوو بوین رۆژانە تەنها یەك پاکەتی دەکێشا تا دواتر لەبەر باری تەندروستی و فشاری ئێمەی خێزانەکەی بۆ بەرژەوەندی ئەو و دەورووبەری توانی بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە ئەو بڕیارە بدات کە لە پڕ شەوی ١٩٨٣/١٢/٣١ دوا چرکەی کاتژمێر ١٢ ی شەو بە یەکجارەکی جگەرە جێبهێڵێت و بۆی نەگەڕێتەوە. لەبیرمە کات ١٢ ی ئەو شەوە بوو پێی گوتین: کوڕینە ئەوە

دواجگـەرەی ژیانمـە ئیـتر بڕیارمـداوە! بـۆ ئێمـە مایـەی سـەر سـوڕمان بـوو چـۆن دوای زیاتـر لـە ٣٠ سـاڵ وا لەنـاکاو دەتوانێـت ئـەم کارە بـکات بـێ ئـەوەی کـەم کەمـە کەمـی بکاتـەوە؟ بـەڵام لـە راسـتیدا ئـەو هەمیشـە و بـۆ هەمـوو پرسـێك خـاوەن ئیرادەیـەکی بەهێـز بـوو وە کـردی! جـار جـارە دوای وازهێنـانی لـە جگـەرە دەیگـووت: لەخەومـا ئەمشـەو جگـەرەم دەکێشـا.



سابیر عەتتار و مەجید ئاسنگەر لە دوبس (لە ساڵانی پەنجاکان)



چنارۆك، کۆیە، ئاداری ساڵی ١٩٦١



دۆڵی ئەصحابان، باکوری کۆیە لە پاڵ چیای باواجی، ١٩٥١/٠٥/٠١- لە چەپەوە: مەجید ئاسنگەر، کەمال ئاغا، حسام الدین طیب (ناسراو بە شعب)، عبدالرحمن رسول (پاشان لەگەڵ مامۆستا ئاسنگەر بوون بە هاوەڵ زاوا)، صلاح سعید، بکر سعدی



دۆڵی ئەصحابان، باکوری کۆیە لە پاڵ چیای باواجی، ١٩٥١/٠٥/٠١
مامۆستا ئاسنگەر: دانیشتووی ناوەڕاست بە چەکەوە لە ریزی یەکەم، عزالدین، مەجید ئاسنگەر (بە چەکەوە دانیشتوە)، محمد صادق، محمد علي، کمال، صلاح، فتاح، مظهر، حسام الدین طیب (شعب)، یابە کریم، خالد واحد، باقي، فواد، عمر سعد، عزیز، صدیق، عبدە کریم، جمال طاهر، عبدالرزاق رسول، عبدالرحمن رسول، عمر صدر، فاروق، کریم محمود، بکر سعدي، کمال قادر، مەلا خضر (رانیەیی)



لایەنی کۆمەڵایەتی و گەشت لەگەڵ هاوڕێیان (مەجید ئاسنگەر: دووەم لەلای راست لە هەوڵی هاویشتنی کەستەک و بەرد دایە)، تێبینی: شوێن و کات و ناوی هاوڕێیان نەنوسراوە لە وێنەکە



لە ئەرشیفی مامۆستا حاجی محي الدین غەفوری وەرگیراوە : ١٩٦٧/٠٣/٢٢ گەشتێك لە دەشتی شارەزوور: لە دەستی چەپی وێنەکەوە: خالید سەعید غەفوری، مامۆستا مەجید ئاسنگەر، مامۆستا معتصم مەلا مجید موفتی، مامۆستا حاجی محي الدین غەفوری، مامۆستا مشیر سەعید غەفوری، محمد علي گچکە (شوفێر بوو لە گەشتەکە)، پارێزەر کمال محي الدین غەفوری.



سابیر عەتتار (راوەستاوی یەکەم لەلای راست) و مەجید ئاسنگەر (راوەستاوی لای چەپ بە تفەنگی سەرشانەوە) لە سالآنی پەنجاکان



لایەنی کۆمەڵایەتی و گەشت و سەیران لەگەڵ هاوڕێیان (مەجید ئاسنگەر: ڕاوەستاوی یەکەم لەلای ڕاست)
تێبینی: شوێن و کات و ناوی هاوڕێیان نەنوسراوە لە وێنەکە



لایەنی کۆمەڵایەتی و گەشت و سەیران لەگەڵ هاوڕێیان (مەجید ئاسنگەر: ڕاوەستاوی یەکەم لەلای ڕاست)
تێبینی: شوێن و کات و ناوی هاوڕێیان نەنوسراوە لە وێنەکە



لە لای چەپەوە: مەجید ئاسنگەر، فەرهاد عەونی، د.عبدالرحمن رسول
تێبینی: شوێن و کات نەنوسراوە لە وێنەکە



چنارۆك، کۆیە، ساڵی ١٩٧٢، مەجید ئاسنگەر رۆژنامە دەخوێنێتەوە



شیخان، نیسانی ١٩٥٦، مەجید ئاسنگەر دانیشتوی لای چەپ



لە لای راستەوە: د.عبدالرحمن رسول، فەرهاد عەونی، مەجید ئاسنگەر.



راوەستاوەکان لە لای چەپەوە: د.عبدالرحمن رسول، فەرهاد عەونی، بەهرام عبدالله، مەجید ئاسنگەر، حەمید خۆشەوی، ئەندازیار مجید عمر، ....



کۆلوسیۆمی رۆما، ئیتاڵیا – ١٩٥٩



ئەکرۆپۆلسی ئەسینا، یۆنان – ئابی ساڵی ١٩٥٩



مەجید ئاسنگەر

کاتێك من بۆ خوێندنی دکتۆرا لە بەریتانیا دەمخوێند (٢٠٠٧ - ٢٠١١) دوو جار بانگهێشتم بۆ باوکم کرد و لەگەڵ دایکم سەردانی کردم. مامۆستا ئاسنگەر، لەم گەشتەیدا بۆ بەریتانیا، سەردانی ئەو شوێنانە خواستی بوون کە ئەو تێر دەکاتن لە رووی ئەدەبی و فیکری و سیاسیەوە. رۆژێك پێشنیارم بۆ کرد سەردانی شار و شوێنی لە دایك بوونی شاعیر و نووسەری گەورەی ئینگلیز (ولیام شکسپیر) بکەین هەر زوو رەزامەندی داو بەحەزێکی زۆرەوە چووین. شارەکە بە ناوی (ستراتفۆرد ئەپۆن ئەیڤن - Stratford Upon Avon ) بوو. لەو شارە سەردانی ئەو خانووەمان کرد کە نووسەری گەورە (شکسپیر) تیایدا لە دایك بووە. لە هەمان شار، سەردانی باڵەخانەی شانۆمان کرد کە رۆژانە چەندین جار شانۆ لە نووسینەکانی شکسپیر تیایدا نمایش دەکرێت. شایەنی وتنە کە ئەو شارە چەند باڵەخانەیەکی تایبەت بە نمایشی شانۆیی تێدایە جگە لە شانۆی کراوە کە لە گۆڕەپانێکی تایبەت شانۆی تێدا نمایش دەکرێت و زۆربەی هەرە زۆری شانۆکانیش تایبەتن بە شانۆنامەکانی شکسپر. بەناوبانگترین و سەرەکی ترین دوو شانۆی ئەم شارە بریتین لە باڵەخانەکانی شانۆ بە نێوی (شانۆی شکسپیری شاهانە - The Royal Shakespeare Theatre) و (شانۆی مەل/مراوی - The Swan Theatre) وە هەروەها لەو شارەدا چەندین پەیکەر دروستکراون کە بریتین لە کەسایەتیەکانی ناو شانۆکانی شکسپیر.



شانۆی شکسپیری شاهانە - The Royal Shakespeare Theatre



شانۆی مەل/مراوی - The Swan Theatre

ئـەم شـارە رووبارێـکی بـە نێـو گـوزەر دەکات نـاوی (ئەیڤـن - Avon) ەو نـاوی شـارەکەش هـەر لـەوە هاتـوە بـە واتـای (سـتراتفۆرد لەسـەر روبـاری ئەیڤـن). شـایەنی گوتنـە ئـەم شـارە کـە شـارۆچکەیەکی بچووکـە و ژمـارەی دانیشـتوانەکەی نزیکـەی ٣١٠٠٠ کەسـە، بـەڵام تەنهـا بەهـۆی ئـەوەی کەکـراوە بـە شـارێکی گەشـتیاری لەبـەر بـوونی خانـووی شـوێنی لەدایکبـوونی شکسـپیر و شـانۆکەی و بـوونی رووبارێـك تیایـدا، سـاڵانە زیاتـر لـە ٢,٧ ملیـۆن گەشـتیار سـەردانی دەکـەن و داهـاتی ئـەم شـارە لـە رووی گەشـتیاریەوە دەیـان ملیـۆن پاوەنـدی بەریتانیـە (پاوەنـدی ئیسـتەرلینی).



ولیام شکسپیر

ولیـام شکسـپیر لـە دایکبـووی وڵاتی ئینگەڵتەڕایـە (١٥٦٤- ١٦١٦) نـاسراوە بـە شیعر و شـانۆ بەناوبانگـەکانی و لەهەمـان کاتـدا نوانـدنی کـردوە و ئەکتەریـش بـووە وە تـا ئێسـتا بـە بەناوبانگتریـن نووسـەری زمـان ئینگلیـز ئەژماردەکرێـت لـە هەمـوو دونیـا.



شوێنی لە دایك بوونی شاعیر و نووسەری بەریتانی ولیام شکسپیر لە شاری ستراتفۆرد لەسەر ئەیڤن



مەجید ئاسنگەر و بەندە لەبەردەم ماڵ و شوێنی لە دایك بوونی شاعیر و نووسەری بەریتانی ولیام شکسپیر لە شاری ستراتفۆرد لەسەر ئەیڤن، بەریتانیا - ٢٠٠٩/٠٨/٠٨




مەجید ئاسنگەر لەبەردەم پەیکەری هاملێت (کاراکتەری سەرەکی شانۆی هاملێت ی شکسپیر) لە ٢٠٠٩/٠٨/٠٨

ڕۆژێکیان مامۆستا ئاسنگەر باسی کرد کەوا شاعیرێکی بەریتانی ناودار هەیە و یەکێك بووە لە خانەوادە لۆردەکانی بەریتانیا بەناوی (لۆرد جۆرج گۆردن بایرۆن) ناسراو بە (لۆرد بایرۆن – Lord Byron)! داوای کرد ئەگەر شتێك هەبێت پەیوەست بەم شاعیرە لۆردە نزیکی بکەوینەوە. دیار بوو لە ئەزموون و زاکرەی مامۆستا ئاسنگەر بایەخێکی ئەدەبی هەبوو هەر بۆیە ئەو داوایەی کرد. منیش دوای گەڕانم دەرکەوت کۆشك و تەلار و باغە گەورە و دڵڕفێنەکەی شاعیر لۆرد بایرۆن لەو شوێنەیە کە پێی دەوترێت (نیوستێد ئابێ – Newstead Abbey) وە تەنها نزیکەی نیو کاتژمێرێك لە شوێنی نیشتەجێی من، کە شاری نۆتینگهام بوو، دوورە. خۆمان ئامادەکرد و سەردانێکی ئەم شوێنەشمان کرد. شایەنی باسە لۆرد بایرۆن بە یەکێك لە ناودارترین



کۆشك و باڵەخانەکەی شاعیری بەریتانی لۆرد بایرۆن



شاعیری بەریتانی لۆرد بایرۆن

شاعیرەکانی بەریتانیا هەژمار دەکرێت و لە نێوان ١٧٨٨ تا ١٨٢٤ ژیا (٣٦ ساڵ). لۆرد بایڕۆن دەچێتە پاڵ شەری سەربەخۆیی یۆنانیەکان بەرامبەر بە دەوڵەتی عوسمانی و پاش ماوەیەك لەم شەڕە و لە هەڵمەتێکی لۆرد بایرۆن توشی تاو بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی دەبێت و کۆچی دوایی دەکات.





مەجید ئاسنگەر لە کۆشك و باغەکەی شاعیری بەریتانی لۆرد بایرۆن، نیوستێد ئابێ، بەریتانیا ٢٠٠٩/٠٨/٢٧



مەجید ئاسنگەر لە نێو هۆڵی پەرلەمانی سکۆتلاند، لە ئەدەێنبەرە ی پایتەخت

مامۆمستا ئاسنگەر هەر لە ماوەی مانەوەکەیدا لەلام لە وڵاتی بەریتانیا، کە نزیکەی ٣ مانگ مایەوە، پشوییێکی خوێندنەکەم بە هەل زانی و سەردانی هەرێمی سکۆتلاند و پایتەختەکەی شاری ئەدێنبەرا مان کرد (Scotland, Edinburgh). لەوێ بە پێویستمان زانی سەردانی باڵەخانەی پەڕلەمانی سکۆتلاند بکەین و زانیاری لەسەر کۆبکاتەوە وە دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان بە پشت بەستن بە هەندێك سەرچاوە کە لە پەڕلەمانی سکۆتلاندە دەستی کەوتبوون چەند وتارێکی بۆ سوودی گشتی بڵاوکردەوە. شایەنی باسە سکۆتلاندیەکان لەم باڵەخانەیەی پەڕلەمان بڕیاری ریفراندۆمی سەربەخۆییان لە بەریتانیا دەرکرد بەڵام ئەنجامەکە زۆرینەی خەڵکی سکۆتلەندا، لە ١٨ ی سێپتێمبەری ٢٠١٤، بە نەخێر دەنگیاندا. سکۆتلاندیەکان خاوەن مێژوو و زمان و کەڵتوری تایبەت بە خۆیانن و شانشینێکی سەربەخۆ بوون. لە ساڵی ١٧٠٧ ەوە لەگەڵ ئینگلیزەکان بەریتانیای عوزمایان پێکهێنا (Great Britain). سکۆتلاندیەکان لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بەردەوامن کەوا دووبارە نیمچە سەربەخۆیی یان سەربەخۆیی تەواو بەدەست بهێننەوە. دەکرێت ئاماژە بدەین کە جگە لە خەڵکە نیمچە بەتەمەن و بەساڵاچووەکان رێژەیەکی کەم لە نەوەی نوێ و گەنجەکان زمانی رەسەنی سکۆتلاندی دەزانن!



هۆڵی پەرلەمانی سکۆتلاند، لە ئەدەنبەرە ی پایتەخت



مەجید ئاسنگەر لە سەر قەڵای مێژوویی پاشایەتی ئەدەنبەرە لە سکۆتلاند - لە دەستی راست: بۆتان مەجید ئاسنگەر و (ساوە) ی کچی



مەجید ئاسنگەر لە سەر قەڵای ئەدەیْنبەرە لە سکۆتلاند



مەجید ئاسنگەر لە بەردەم باڵەخانەی پەرلەمانی سکۆتلاند، لە ئەدەیْنبەرە ی پایتەخت

## مامۆستا ئاسنگەر: زمانزانی و ئەدەبیاتی وەرگێڕان

مامۆستا ئاسنگەر نووسەر بوو، شاعیر، چیرۆك نووس، رۆمان نووس، شانۆ نووس، لە هەمان کاتدا، لە نێوان زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزیدا، وەرگێڕێکی بەتوانا و بە سەلیقە بوو. نووسەر گرنگە لە رووی زمانزانییەوە شارەزا بێت. مامۆستا ئاسنگەر زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی زۆر بە باشی و بە قوڵی دەزانی و بە رێزمان و فەلەسەفە و پەند و شێوەزارەکان و زمانی نووسینی ئەو میللەتانە ئاشنا بوو. هەروەها ئاشنا بوو بە کەلتوور و ژیانی رۆژانە و زمانی ئاخاوتنی رۆژانە (Slang Language) ی ئەم میللەتانە کە ئەمە هۆکارێکی بەهێزە بۆ سەرکەوتوویی پرسی وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر. هەروەها کەمێك لە گەڵ زمانەکانی فەرەنسی و تورکی و فارسی سەری دەردەکرد. جگە لە نووسین بە زمانی کوردی، بە زمانی عەرەبیش وتار و بڵاوکردنەوەی هەیە (بڕوانە بەشی نووسین بە زمانی عەرەبی ئەو کۆبەرهەمەی مامۆستا). مامۆستا ئاسنگەر لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا بە هەرسێ زمان لەسەر ستەیج وتاری خوێندۆتەوە و راستەوخۆ وەرگێڕانی لە نێوان زمانەکان ئەنجامداوە. مامۆستا مومتاز حەیدەری دەگێڕێتەوە کەوا لە پێشوازی شاندێکی گەورەی سیاسی و کەلتووری کۆماری چیکۆسلوفاکیا لە دوای شۆڕشی ١٤ ی تەمووزی ١٩٥٨ بۆ هەولێر لە یانەی نیقابەی مامۆستایان لە ئاهەنگی پێشوازیکردن لێیان مامۆستا ئاسنگەر، جگە لە بڕگەکانی ئاهەنگ بە هەرسێ زمان، تەنانەت وتاری پارتی دیموکراتی کوردستان هەر خۆی بە زارەکی و راستەوخۆ (شفوي-ارتجالي) بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش کرد.

مامۆستا ئاسنگەر زۆر نووسین و بابەت و شیعر و شانۆ و چیرۆکی لە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیەوە سەرکەوتوانە وەرگێراوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی. وەرگێڕان لە بواری شیعردا کارێکی زەحمەتە بەڵام مامۆستا ئاسنگەر

چەند شیعرێك، لە ئەدەبی شوانکاریی، بە ناوی (وەرە لام بژی) لە نووسینی (کریستۆفەر ماولۆ) و (ئاە ناجان) لە نووسینی (سۆمەرسێت مۆم) وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی:

**وەرە لام بژی**

وەرەلام بژی خۆشەویستم بە
جا شادیی بۆ دڵ جێبەجێ دەکەین
گرد و شێو دۆڵ و بەراو و زەمەند
کێوە بەرزەکان ملیان کەچ دەکەین

مامۆستا ئاسنگەر جگە لە خوێندنەوە بە زمانی کوردی و عەرەبی، بەرهەمە سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتیەکانی گەلانی جیهانی بە زمانی ئینگلیزی زۆر دەخوێندەوە. خولیای مامۆستا بۆ خوێندنەوە بە زمانە بیانییەکان بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی، لەلایەك وەك خولیای رۆشنبیر و ئەدیب و سیاسەتوانێك، بە پیشە و ئەرکی خۆی دەزانی بۆ ئاشنا بوون بە ئەدەبیات و فیکری گەلان وە لەلایەکی تریشەوە بۆ دەوڵەمەندکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی زمانزانی خۆیشی سوودی لێ بینیوە. رەنگ بێت ئەمە هۆکارێك بووبێت بۆ بەهێزبوونی زمانی ئاخاوتن و وەرگێڕان. توانستی بەرزی مامۆستا ئاسنگەر لە زمانی ئینگلیزی بۆ هۆکاری تریش دەگەڕێتەوە لەوانە لەسەردەمی ئەوان لە زانکۆ و لە کاتی خوێندنی لە بەشی زمانە بیانیەکانی خانەی مامۆستایانی باڵا لە بەغدا زۆربەی هەرە زۆری پرۆفیسۆر و مامۆستاکانیان خەڵکی وڵاتانی بەریتانیا و ئەمریکا بوون و زۆر بە قووڵی دەربارەی لایەنەکانی زمان خوێندنیان ئەنجامداوە و خۆیشی وەك قوتابیەکی زانکۆ بە توانا و بە سەلیقە بووە و بە پلەی یەکەم دەردەچێت. هەروەها لەبەر بارودۆخی ئەوسای عێراق و کەمی ژمارەی مامۆستای بواری زمانی ئینگلیزی بۆ قوتابخانەکان لە سەرتاپای عێراق هەلومەرجێکی وا رەخسێندرابوو کە وابکات دەسەڵات و میری (حکومەت) بە هاوکاری رێکخراو و دەزگا نێودەوڵەتیەکان (ئەنجومەنی بەریتانی

وەك نمونە – British Council) بایەخی تایبەت بدات بە پێگەیاندنی مامۆستایانی پسپۆری زمانەکان و هاونیشتمانیان و پێگەیاندنیان بە ئاستێکی بەرز. حکومەتەکانی ئەوسای عێراق، لە سەردەمی پاشایەتی و لە سەردەمی دوای پاشایەتی، هەوڵی جددیان هەبووە بۆ پەرەپێدانی مامۆستایانی زمان. لەسەردەمی پاشایەتی تەنانەت دوای دەرچوونی قوتابیان لە زانکۆ بەردەوام خولی راهێنان و بەرزکردنەوەی ئاست و توانستی زمانەوانیان بۆ ئەنجامدراوە کە لەلایەن دەزگا ناوداره جیهانیەکان رێکدەخران. ئەوتا لە سەردەمی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٥٦ خولی تایبەت بە مامۆستایانی پسپۆری زمانی ئینگلیزی لە سەرتاپای عێراق لە شەقڵاوە ئەنجام دەدرێت. هەروەها، رێك چەند مانگێك پێش کودەتاکەی زەعیم عبدالکریم قاسم لە شوباتی ١٩٥٨، مامۆستا ئاسنگەر لە شاری بەغدا بەشداری کۆرسێکی تری بەهێزکردنی ئاستی زمانی ئینگلیزی دەبێت کە لەلایەن مامۆستایانی بیانی و بەریتانی بۆ ژمارەیەك لە مامۆستایانی پسپۆری زمانی ئینگلیزی لەسەر ئاستی عێراق رێکدەخرێت. ئەم کۆرسە وەزارەتی مەعاریفی عێراق (وەزارەتی پەروەردە) بە هەماهەنگی لە گەڵ پەیمانگەی رۆشەنبیری و کەلتوری بەریتانیا (British Council) ئامادە کرابوو.

لەلایەکی ترەوە، تەنانەت دوای گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن زەعیم عبدالکریم قاسم لە ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨، حکومەت لە بایەخدان بە ئاراستەی بەرزکردنەوەی ئاستی زمانەوانی مامۆستایانی ئینگلیزی نەوەستا بە شێوەیەك لایەنی پەیوەندیدار (وەزارەتی مەعاریف) بۆچوونیان وابوو کەوا پسپۆرانی زمانی ئینگلیزی پێویست دەکات لە سروشتی راستەقینەی زمانەکەو لەسەر زاری خەڵکە رەسەنەکەی خۆیەوە ئاشنا بن. هەر بۆیە مامۆستاکانیان دەناردە وڵاتی شانشینی بەریتانیای یەکگرتوو United Kingdom (UK) بۆ خولی زمان و بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگە بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە کەلتور و سروشتی زمان و تەنانەت ئاشناکردنیان بە پێشکەوتنەکانی ئەم وڵاتە. ئەمانەو زۆری

تـر هـۆكار بـوون بـۆ ئاسـتی بـەرزی زمانـەوانی مامۆسـتا ئاسـنگەر كـە دەكرێـت بگوترێـت كـەوا مامۆسـتا ئاسـنگەر نـەك هـەر تەنهـا وەك مامۆسـتا ئەزمـوون و توانـای زمانـەوانی لـە خزمـەت قوتابیـان تەرخانكـرد، بەڵكـۆ توانـا زمانەوانیـەكانی خسـتە گـەڕ بـۆ خزمـەت ئـەدەب و دۆزی ڕەوای كوردایـەتی و نیشـتمانپەروەری. هەروەهـا جێـگای خۆیـەتی بگوترێـت كـەوا لـە سـەفەر و سـەردانەكانی مامۆسـتا بـۆ ئـەم وڵاتانـە هەمیشـە هەوڵیـداوە، ئەگـەر بـە هەڵوێسـتێكی بچوكیـش بوبێـت، كـەوا ناسـنامەی كـورد بـوونی خـۆی پیشـانبدات، بەڵـێ لـە گەڕانەكانیـدا بـە وڵاتـان زۆربـەی كات كڵاوە كوردەواریەكـەی هاوتـا لەگـەڵ قـات و ریباتەكـەی لەسـەر سـەر دادەنـاو لـە نێـو كـۆڕ و گەڕیانەكانیـدا خـۆی پـێ نمایـش دەكـرد.



کۆرسی بەهێزکردنی زمانی ئینگلیزی، شاری بەغدا، قوتابخانەی مەئمونیەی سەرەتایی، ١٩٥٨/٠٢/١٨- مەجید ئاسنگەر: ڕیزی دواوە پێنجەم لەلای ڕاستەوە، مامۆستا بەڕێزەکەی ناوەڕاستی وینەکە پێدەچێت یەکێك لە مامۆستا بیانیەکان بێت. (تێبینی: شیاکەت و ئەناقەتی ئەو مامۆستایانە جێگای سەرنج و بایەخە)



کۆلێژی کشتوکاڵ، گریف - پیتلۆچری، سکۆتلاند، بەریتانیا، ١٩٥٩/٠٦/٢٦ - مامۆستا مەجید ئاسنگەر: دانیشتوان یەکەم لە لای راستەوە



کۆلێژی کشتوکاڵ، گریف – پیتلۆچری، سکۆتلاند، بەریتانیا، ١٩٥٩/٠٦/٢٦ – مامۆستا مەجید ئاسنگەر: راوەستاوەکان هەشتەم لە لای راستەوە



مامۆستا مەجید ئاسنگەر بە کڵاوی کوردی - ئەبەردین، سکۆتلاند، بەریتانیا، ١٩٥٩/٠٧



ئەبەردین، سکۆتلاند، بەریتانیا، ١٩٥٩/٠٧ - مامۆستا مەجید ئاسنگەر بە کڵاوی کوردی: دووەم لە لای چەپەوە سەیری دیمەنەکە پێش خۆی دەکات




کۆلێژی کشتوکاڵ، گریف – پیتلۆچری، سکۆتلاند، بەریتانیا، ١٩٥٩
مامۆستا مەجید ئاسنگەر: سێیەم لە لای راستەوە



مامۆستا مەجید ئاسنگەر بە کڵاوی کوردی: یەکەم لە لای راستەوە بە دەم بە پێکەنینەوە
ئەبەردین، سکۆتلاند، بەریتانیا، ١٩٥٩/٠٧





کیپلستۆن هۆڵ، ئەبەردیین، سکۆتلاند، ١٩٥٩



هۆڵی ئەنجومەنی شارەوانی، لیڤەرپوول، بەریتانیا، ١٩٥٩/٠٧/١٩

لە رووی زمانەوانی و داڕشتنەوە، نووسینەکانی مامۆستا ئاسنگەر دەوڵەمەندن بە وشە سازی و هونەری نووسین وە دەکرێت وەك سەرچاوەیەك سوودی لێوەربگیرێت. زۆر ئەو بابەت و چیرۆك و شانۆنامانەی کە مامۆستا ئاسنگەر بۆ وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی هەڵیدەبژاردن؛ ئەوانەی هەڵبژاردوە کە یان باس لە کوردان دەکات یان کەسایەتی و هەڵکەوتەی میللەتانن کە بۆ کورد نموونە و رەمز و وانەی بە سوودن.

مامۆستا ئاسنگەر، جگە لە نووسین بە زمانی عەرەبی و وەرگێڕانی دەیان وتار بۆ سەر زمانی کوردی، لە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبییەوە زیاتر لە ١٧ چیرۆك و رۆمان و شانۆنامەی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی. وەك نمونە رۆمانی (تێکۆشان تا سەرکەوتن یان چەند هەڵەی شەوێك) لە نووسینی نووسەری ئینگلیز (ۆلیڤەر گۆڵدسمیس)، شانۆنامەی (رزگار و جیهان) لە



تاریق جامباز، مەجید ئاسنگەر

نوسینی نووسەری نایجێری (ۆنوکابا ئادینۆیی ۆجو) کە بریتیە لە چیرۆکێکی خۆشەویستی و رووداوەکەی لە کوردستان دەگوزەرێت، شانۆی (گەڕانەوە ناکاوەکە)، چیرۆکی (بەرگە تازەکەی پاشا)، (کابرای درۆساز) و ... هیتر. سەرەڕای ئەمانەش مامۆستا ئاسنگەر لە ٢٠٠٦ تا ٢٠٠٩، لە کاتێکدا لە پەڕلەمانی کوردستان راوێژکار بوو، چوار کتێبی تایبەت بە یاسای زمان و سیستەمی فیدراڵی و خودموختاری تایبەت بە ئەزموونی وڵاتان لە زمانی ئینگلیزیەوە کردوە بە کوردی. لە ئەستۆ گرتنی ئەم کارە لە پێناو بەجێگەیاندنی ئەرکێکی نیشتمانی و پەڕلەمانی و ناساندنی ئەزموونی وڵاتانی فرە نەتەوە و فرە زمان بە ئەزموونی کوردستان و سوود وەرگرتن لێیان لە بەڕێوەبردن و یاسادانانددا بووە. شایەنی ئاماژەدانە کە ئەم پرۆژیە بەسەر پەرشتی و هەماهەنگی بەڕێز تاریق جامباز ئەنجامدرا کە لەم کاتەدا بەرێزیان ئەندام پەڕلەمان دەبێت.




ناونیشـانی کتیبـەکان بریتـین لـە:

١. خودموختاری هەرێمایەتی بۆ کەمینە نەتەوەییەکان لە چین، ٢٠٠٦

٢. یاسای زمانە فەرمیەکان لە چەند وڵاتێکی فرە زماندا، ٢٠٠٧

٣. سیستەمی فیدراڵی لە چەند وڵاتێکی جیهاندا، ٢٠٠٨

٤. بۆندسرات، ئەنجومەنی فیدراڵی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ، ٢٠٠٩

ئـەم چـوار کتێبـە، لێـرەدا لەگـەڵ ئـەم کۆبەرهەمـەی مامۆسـتا ئاسـنگەر، دووبـارە بـۆ خوینـەری بەڕێـز بەردەسـت کـراوە.

## مامۆستا ئاسنگەر: هونەر دۆست، وەرزش دۆست و جوانی پەرست

دەکرێت بگوترێت کە مامۆستا ئاسنگەر هونەر دۆست بوو وە عاشق بە جوانیەکان بوو وەك جوانی سروشتی کوردستان، جوانی ئادگار و رەوشت، جوانی هەڵسوکەوت، جوانی بیر و تێڕوانین، جوانی لە دۆستایەتی و هاموشۆ، جوانی قەڵەم و نووسین .... هتد. لە رووی دەست و خەتەوە خەتێکی مونەسسەق و جوانی هەبوو، سەلیقەی درێژ بوو بۆ نووسین و نووسینەوە. تەنانەت ئیمزاکەشی (واژۆ)، کە بەدرێژایی تەمەن لەگەڵی بوو، تایبەتمەندیەك و هونەرێکی تێدا بوو وە تایبەت بوو بە کەسایەتیەکەی و بە هیچ ئیمزایەکی تر نەدەچوو تەنها لە خۆی! وە دووبارەکردنەوە و لەبەرگرتنەوەیشی ئاسان نەبوو! لە خوارەوە نمونەیەکی زیندووی ئیمزاکەی سەر نوسینێکی مامۆستا ئاسنگەر دەخەینە روو لەگەڵ نمونەیەکی دەست و خەتەکەی:




هەندێك بە دڵنیاییەوە دەڵێن زۆر لە شاعیرە داهێنەرەکان
هۆنراوە لە چەندین زمانەوە تەرجەمە دەکەن کە زۆریشی
تیایاندا باڵادەست نین. بەڵێ، باڵادەستی لە زماندا شتێکی
(نیسبی)یە. بۆیە چاك کە شیعر بە شێوەیەکی زۆر
نایاب وەردەگێڕێت، لە سەری نەکراوە هەر وەکو رابەرێکی
زمان رەوان بەو زمانە بدوێت، چونکە هەر لەبەر ئەوە کە
گفتوگۆی ئاسایی بە باشی نەزانێ مانای ئەوە ناگەیەنێت کە
زمانەکە نازانێت، بگرە دەشێت زۆر لە رابەرەکەی باشتری بزانێت.
چاکترین نموونەش بۆ ئەمە شاعیر (ئا. سانغ)ە، یادی بەخێر، کە
تەرجەمەی زۆر نایابی هۆنراوەکانی (هاینەو نیکراسۆف و تفاردۆفسکی)
پێشکەش کردووین، لە کاتێکدا نەیشی دەتوانی بە هەردوو زمانی ئەڵمانی و
رووسی بە رەوانی قسە بکات هەرچەند لە هەردوکیانا شارەزاییەکی
قووڵی هەبوو!

لاپەڕەیەك لە دەست و خەتی مامۆستا ئاسنگەر

مامۆستا ئاسنگەر سەرسام بوو بە سروشت و بە تایبەتی سروشتی کوردستان. لە شیعرێکیدا، کە هونەرمەند فواد ئەحمەد کردویەتی بە گۆرانی، باس و وەسف لە سروشتی (بایزبەگ) دەگرێت. بایزبەگ ئەم شوێنەیە کە دەکەوێتە نزیك گوندەکانی سوسێ و بێرۆکان و ناودارۆکان و مێکوکاو لە نێوان دۆڵی سماقوڵی لە لایەك (لای باشور) وە هێران - نازەنین بە لایەکەی تردا (لای باکور) واتا بایزبەگ بە پشتی زنجیرە چیای سەفین کەوتووە بە ئاراستەی باشوور. ئەم شوێنە (بایزبەگ و گوندەکانی تر) لە چلەکان (بگرە زووتریش) تا دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول هەواری هاوینەی زۆران لە خەڵکی کۆیە بووە و کار و کاسبی و هەندێك بەرهەمی دار و درەختی ئەم دەڤەرەیان بۆ خۆیان و کەس و کاریان بەکارهێناوە و زیادەش، ئەگەر هەبوبێت، لە بازارەکان بە تایبەتی هەولێر و کۆیە ساغکردۆتەوە. خانەوادەکەی ئاسنگەریش هەوارێکی هاوینەیان هەبووە لەو شوێنە کە تا ئێستاش هەر ماوە. مامۆستا ئاسنگەر زۆر جار بۆی دەگێڕاینەوە کەوا لە تەمەنی لاوێتی بە پێ لە بایزبەگەوە چووە بۆ هەولێر. شایەنی ئاماژە پێکردنە کەوا لەم شوێنە مامۆستا ئاسنگەر زۆر دیداری لەگەڵ دۆست و هاوڕێکانی کردووە و سەردانیان کردووە و باس و خواسی سیاسیانەیان لێ ئەنجامداوە بە تایبەتی کە ئەم شوێنە دوورە چاو و دوورە دەست بووە لە دەسەڵاتەکانی ئەوسای میریەوە و لە هەمان کاتدا ئەم شوێنە بۆتە هەوێن و ئیلهام بەخشین بە چەندان بەرهەمی ئەدەبی و نووسینی مامۆستا ئاسنگەر.

وەك نمونە: دیارە رۆژهەڵاتنی بەیانیەکی بەهاران و خشینی تیشکی زێڕینی بەیانی بەسەر مێرگ و گوڵ و گوڵزار و سەوزایی دەڤەرەکە و دیمەنی هەردوو شاخی ئەم بەر و ئەو بەری دۆڵی بایزبەگ، کە بەشێکن لە زنجیرە چیای سەفین و نازەنین، لەگەڵ هەوای سازگار و دەنگی ئاوازی بولبولان و قاسپەی کەوی بنار شاخ دیمەنێکی سیحراوی، تا رادەی پەردەی مێشك توانەوە، لە

ناخ و هەست و نەستی مامۆستا ئاسنگەر دروستکردوە. لەلایەکی تر؛ ئاسمانی شینی دەمەو بەیان لەسەر ئەستونەگەی (ئەستونی) هەردوو لا شاخەکان وەك خیوەتێك دێتە بەرچاو کە بۆ مامۆستا ئاسنگەری ئەفرێندراو بەم دیمەنە دەبێتە هەوێنی شیعرە سروشت ئامێزە بەرزەکەی بە نێوی: (خیوەتی ئێمە)، بەڵام چۆن؟ مامۆستا ئاسنگەر لە بەندیخانەی بەسرا بەندکراوە و تاسەو ئارەزووی بۆ ئازادی و سەرفرازی کوردستان و تێنوێتی بۆ دیداری سروشتە دڵڕفێنەکانی کوردستان و یادگاریەکانی ئەم دەڤەرە دەبێتە هەوێنی ئەم شیعرە، کە لە شوباتی ١٩٦١ لە بەندیخانەی بەسرا نووسیویەتی. وە هەر ئەم شیعرە پاشان، لەلایەن هونەرمەندی نەمر فوئاد ئەحمەد، بە ئاوازێکی رەسەن کراوە بە گۆرانی کە دەڵێت:

**خیوەتی ئێمە**

خێوەتی ئێمە ئاسمانێکە شین
هەڵدراوە لەسەر ئەستوونەگەی شاخ
لە ژێریا فڕکەی قەڵبەزەی زیوین
ئەیکاتە بەشت[1] بە وای رەز و باخ
مێرگی رایەخمان چنراوی گوڵە
لە تیشکی زێڕین سەد رەنگ ئەنوێنێ
هەوێن و بادەی سروەتی دڵە و
پەردەی تاریکی دەماخ ئەتوێنێ
بە ئەستێرە و مانگ شەوگار ئەنەخشێ
زەنگی کاروان و لوورەی گورگی چەم
تەزووی دڵداری و لەرزێ ئەبەخشێ

١. بەشت: بە مەبەستی بەهەشت بەکار هاتووە

پاشان لە کۆتایی دەڵێ:

سروەی شەماڵ و قاسپە قاسپی کەو
تێکەڵ شمشاڵی شوان و حەپۆی سەگ
پێش گزنگی خۆر تێرمان کەن لەخەو
خۆم و نازداری شۆخی چاوبەلەك
تا هەست و هیوا لە چاو دەربڕین
رووبەڕووی دۆڵ و کەژ و دارستان
هاوارکەین بە جووت، لە دوای هەڵپەڕین
«هەر ئاوەدان بێ و بژی کوردستان»

مامۆستا ئاسنگەر حەزی بە دەنگی گۆرانیبێژە رەسەنەکان دەهات لە هونەری نێوخۆیی کوردی و بیانی وەك عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی. دوای راپەرینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ و گەڕانەوەی هونەرمەندان و کەسایەتیەکان بۆ کوردستانی ئازاد، هونەرمەند ناسری رەزازی لەگەڵ دۆستی دێرینمان پۆلا نانەوازادە، لە وڵاتی سوێدەوە سەردانی کوردستانی ئازاد و لە هەولێر سەردانی مامۆستا ئاسنگەر دەکەن.

مامۆستا ئاسنگەر لە گەڵ هونەرمەندانی شێوەکار دۆست و ئاشنایەتی نزیکی هەبوو. سەرسام بوو بە کارەکانی زۆر لە هونەرمەندە شێوەکارەکانی کورد وەك محمد عارف و ئازاد شەوقی و عەزیز سەلیم و رۆستەم ئاغەلە و پەیکەرتاشی خوالێخۆشبوو سەربەست عوسمان .... و زۆرانی تر. لە پێشانگاکانی هونەرمەندان و یادەوەریەکان و ڤیستیڤاڵەکان هەمیشە ئامادەیی هەبووە و لە پەڕاوی پێشانگا نووسین و سەرنج و دەستخۆشی نووسیوە.



هونەرمەند ناسری ڕەزازی لەگەڵ مەجید ئاسنگەر لە هەولێر، ١٩٩٢/٠٣/٢٩



لە لای ڕاست: د. جۆشان ئاسنگەر، ناسری ڕەزازی، مەجید ئاسنگەر، ... ، ١٩٩٢/٠٣/٢٩



هەولێر – هۆڵی میدیا: پێشانگەی شێوەکاری هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا عەزیز سەلیم،
١٩٩٢/١١/٢١ - مەجید ئاسنگەر لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار عەزیز سەلیم



کۆیە: پێشانگەی ڕۆژنامەگەری کوردی کتێبخانەی سەلاحەددینی کۆیە، ١٩٨٣/٠٩/٠٥- مەجید ئاسنگەر سەری بە سەر نووسین و دۆکۆمێنتێکی کتێبێك داگرتووە و لە لای چەپ بە جلی کوردی بەرێز مامۆستا حاجی محیەددین ئاغای غەفووری دەردەکەوێت



مەجید ئاسنگەر لە کاتی کردنەوەی پێشەنگای فۆتۆگرافی مەحموود هەولێری لە هۆڵی میدیا - (لە نێوان بەڕێزان مەحموود محەممەد وەزیری ڕۆشەنبیری و هونەرمەند مەحمود هەولێری)



یەکەم میهرەجانی رۆشنبیری کوردی لە هەولێر، بەهاری ١٩٨١
لە راستەوە: پیرباڵ مەحمود، خالد دلێر، مەجید ئاسنگەر

مامۆستا ئاسنگەر لە ڤیستیڤاڵ و چالاکی میوزیك و بۆنە هونەریەکانیشدا رۆڵی بینیوە و هەمیشە لە نزیکەوە ئەرکی خزمەتکردنی لە ئەستۆ گرتوە. کەسایەتی کوردپەروەر و هونەر دۆست و بازرگانی ناسراو (عیرفان زەنگەنە)، خاوەنی هۆتێلی چوار چرا لە هەولێر، لەسەر ئەرکی خۆی ساڵانێك لە خزمەت پرۆژەیەکی کەلتوری و هونەری کوردیدا بوو بە نێوی ڤیستیڤاڵی چوار چرا. بیرۆکەی ئەم پرۆژەی ڤیستیڤاڵە هەر لە لایەن خودی بەڕێز عیرفان زەنگەنە پێشنیار کرابوو. شاعیری ناسراو مامۆستا کازم کۆیی لە بارەی ئەم پرۆژەیە دەڵێت:

کاك عیرفان لە مایسی ساڵی ٢٠٠١ بانگی کردم و بیرۆکەی ڤیستیڤاڵێکی میوزیکی و هونەری کوردی رەسەنی لەگەڵ باس کردم و منیش هەر زوو بە هاوەدەنگی هەردوو بەریزان (رێبین جەمال) و (سەفین ساڵح)، کە بەرپرسی بەشی رۆشنبیری و چالاکیەکانی هۆتێل چوار چرا بوون، دەستخۆشی و بەڵێنی



هەولێر: ڤیستیڤاڵی هونەری چوار چرا
لەلای راستەوە: کازم کۆیی، مەجید ئاسنگەر

پاڵپشـتیمان لێکـرد. دواتـر لەسـەر پێشـنیازی مـن رۆژی ٢٠٠٢/٠١/٢٢، کـە رێکـەوتی یـادی ٥٦ ەمـین سـاڵیادی دامەزرانـدنی کۆمـاری دیموکـراسی کوردسـتانە لـە (مهابـاد) بـوو، بـۆ رۆژی ئەنجامـدانی ڤیسـتیڤاڵەکە لـە هەولێـر جێگیرکـرا.

ماموٚستا کازم کۆیی زیاتر دەڵێت:

لیژنـەکانی ڤیسـتیڤال لـە ٢٠٠٢/١٠/٢٢ پێکهێـنران کـە بریتـی بـوون لـە لیژنـەی باڵا،راگەیانـدن، هۆنـراوە، ئـاواز، دابەشـکردنی موسـیقا، وتـن. ئـەوی مەبەسـتمانە ئەوەیـە کـە ماموٚسـتا ئاسـنگەر وەك سـەرۆکی لیژنـەی هەڵسـەنگاندنی هۆنـراوە راسـپێردرا و بـە ئەندامیـەتی بەڕێـزان غەریـب پشـدەری، نەجـم ئەڵـوەنی و بەنـدە (کازم کۆیـی). هەڵسـەنگاندنەکانی گشـت لیژنـەکان بـە نهێنـی ئەنجامـدەدرا.

شـایانی وتنـە ئـەم ڤیسـتیڤاڵە بانگەشـەی فـراوانی بـۆ کـراو هـەر هونەرمەندێك بـۆی هەبـوو بەشـداری تێـدا بـکات و ژمارەیـەکی زۆری هونەرمەنـدانی ناوخـۆ و دەرەوەی کوردسـتان بەشـدار بـوون. ڤیسـتیڤاڵەکە لـە رۆژی دیاریکـراودا لـە هۆڵـی




هەولێر، ڤیستیڤاڵی هونەری چوار چرا، ٢٠٠١/٠١/٢٢- مەجید ئاسنگەر لەسەر ستەیج کاتی دیاری ڕێزلێنان بەخشین بە هونەرمەند حەمید بانەیی

میدیا لە شاری هەولێر بە سەرکەوتوویی بەڕێوەچوو. خولی دووەمی ئەم ڤیستیڤاڵە ساڵی ٢٠٠٣ لە شاری سلێمانی ئەنجامدرا.

مامۆستا کازم کۆیی دەڵێت:

مامۆستا ئاسنگەر، وەك كەسێکی هەمیشە نەرم و بە سەلیقە و بە ئەزموون ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لە سەرۆکایەتی لیژنەکە و هەمیشە بە پێشنیازەکانی کارەکانی جوانتر و دەوڵەمەندتر دەکرد. بەڵام حەیف و مخابن تەمەنی کورت و کۆچی ناوەختەی بەڕێز (عیرفان زەنگەنە) بواری نەدا درێژە بەم چالاکیە کەلتوریە هونەریە کوردستانیە بدرێت و خولەکانی تر ئەنجام بدرێت و پڕۆژەکە وەستا. داواکارم لایەنی خەمخۆر و دڵسۆز بە ئەرك هەڵبستن و دووبارە ئەم پڕۆژەیە زیندوو بکەنەوە.



تیپی خانەی مامۆستایانی هەولێر لە ١٩٦٨/٤/٩: مەجید ئاسنگەر لەسەر تۆڕ بۆ تۆپەکە خۆی بەرزکردۆتەوە



مەجید ئاسنگەر لە پاڵەوانیەتێکی وەرزشی و بەدەستهێنانی پلەی دووەم



پاڵەوانێتی تۆپی باڵەی شار و شارۆچکەکانی هەولێر لە شاری کۆیە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو - مەجید ئاسنگەر لە ناوەڕاست قاچ لەسەر قاچ دانیشتوە (پێنجەم لە لای چەپەوە)

مامۆستا ئاسنگەر لە پاڵ چالاکیە جۆربەجۆرەکانی ژیان و ئەرکی مامۆستایەتی، وەرزش دۆست و وەرزشوان بووە. لە خانەی مامۆستایان و لە قوتابخانەکان هەمیشە پاڵپشتی چالاکی وەزشی بووە و خۆیشی وەك یاریزان لە تیپەکانی مامۆستایان بەشداری کردووە و هانی قوتابیان و مامۆستایانی داوە بۆ برەودان بەو بوارە. دکتۆر عەلی جوکل دەڵێت: (مامۆستا ئاسنگەر دوای ئازاد کردنی لە بەندیخانەی بەسرا و گەڕانەوەی لە دوورخراوەیی (سوێرە) بۆ دوانەوەندی جمهوری هەولێر دەمانزانی کەوا سەرەڕای ئەوەی کە کەسایەتیەکی سیاسی و روناکبیری و نووسەرە لە هەمانکات ئەوەشمان زانی بوو کە ئەو مامۆستا بەڕیزە وەرزش دۆست و یاریزانێکی زۆر چاکە لە تۆپی پێ و تۆپی باڵە دا). هەروەها بۆ سەردەمی خانەی مامۆستایان دکتۆر عەلی جوکل دەڵێت: (سەردەمی مامۆستا مەجید ئاسنگەر بواری وەرزش زۆر بایەخی پێدەدرا).

## مامۆستا ئاسنگەر و ئەرشیف و دۆکۆمێنتی یادەوەریەکان

مامۆســتا ئاســنگەر وەك حەزێــکی هونــەری لەلایــەك و وەك پێویســتیەك بــۆ دۆکۆمینتکــردن و ئەرشــیفکردنی چالاکیــە جــۆراو جــۆرەکان زۆر لــە بۆنــەو یادەوەریــەکان بــە کامێرا تۆمــاری کــردوون یــان دەســتی کەوتــوون و لــە ئەرشــیفی خــۆی هەڵیگرتــوون. ئەمــەش خــۆی لــە خۆیــدا هەســتی بەرپرســیارەتی ئــەم زاتــە نیشــاندەدات بــۆ تۆمارکــردنی چرکەســاتی رووداوەکان و هێشــتنەوی لــە زهنیــەتی نــەوە یــەك لــەدوای یەکــەکان. بفەرمــوون لەگــەڵ ئــەم رۆژگارە مێژوویانــەی خــوارەوە کــە چەندیــن چــیرۆکی جۆراوجــۆر و یــادگاری رابردوومــان بــۆ دەگێڕێتــەوە کــە رەنــگ بێــت ئەوانــەی وەك مامۆســتا ئاســنگەر لــە هەوڵــی تۆمارکــردنی ئــەم پرســانە دابوونــە بــە پەنجــەی دەســت بژمێردرێــن.



بەغداد: رێپێوانی گەل لە رۆژی سوپا، ١٩٦٠/٠١/٠٦
تێبینی: لە سەر لافیتەکەی پێشەوە ئەم دێرە نووسینە دەردەکەوێت: (الأخوة العربية الكردية)



شاری رواندز ١٩٥٦/١١/٠٦



کۆچەری لە کوردستان رێگای دەربەندیخان ١٩٦٠/٤/١٤



کۆیە ١٩٦٠



نەوتی کەرکوک ١٩٦٠/٠٤/١٣



کۆیە، گازینۆی کاك فاضل، جەژنی قوربان، ١٩٥٦/٠٧/١٩



ئاکرێ، ١٩٥٦/٠٦/٠٣




بنکەی مەشقی سەربازی، سکرین، لیوای مەشقی خولی ئیحتیاط، نزیك هاوینەهەواری سەرسەنگ، تەمموزی ١٩٥٣



بنکەی مەشقی سەربازی، سکرین، لیوای مەشقی خولی ئیحتیاط، نزیك هاوینەهەواری سەرسەنگ، ئابی ١٩٥٣
مامۆستا ئاسنگەر: چوارەم لە لای چەپ



هەولێر، کتێبخانەی گشتی (لە دواوە گردو هەورازی دەرگای قەڵا دیارە)، ١٩٥٩/٠٣/١٠



مەجید ئاسنگەر لەگەڵ برایم ئاغای (ئۆمەراوە) و کوڕەکانی و سابیر عەتتار و (لاوە)ی ڕەنجبەر، ساڵانی پەنجاکان
(مەجید ئاسنگەر تفەنگ لە شان و لێو بە جگەرە و چاوێلکە لە دەست بە رانکوچۆغەی شاڵ)



مەجید ئاسنگەر و سابر عەتتار لە (مەلحەوالی) - دوبسساڵانی پەنجاکان



مەجید ئاسنگەر لە دۆڵی ئەسحابان – باکوری کۆیە (ساڵی چوون بۆ کۆلێژ)، ١٩٥١/٠٥/٠١



مەجید ئاسنگەر و برایم ئاغای (ئۆمەراوە) و کوڕەکانی و سابیر عەتتار و (لاوە)ی ڕەنجبەر، ساڵانی پەنجاکان، دوبس
(لە دواوە وێستگەی کارەبای دوبس دەردەکەوێت)



مەجید ئاسنگەر: دانیشتوی یەکەم لەلای ڕاست



مەجید ئاسنگەر: دانیشتووی یەکەم لەلای چەپ



ئوتێلی سندباد، هەولێر، ئەیلول ١٩٥٩- مەجید ئاسنگەر: دانیشتووی یەکەم لەلای ڕاست



جەژنی دار، هەولێر، ١٩٥٨/٠٣/٠٦- مەجید ئاسنگەر لە ریزی دووەم بە چاوێلکەیەکی ڕەش دانیشتوە لە دەستی راستی مەجید ئاسنگەر: صابر ئەترەقچی (بەڕێوەبەری قوتابخانە)، فوئاد محمد سەفوەت دانیشتوان لە ریزی پێشەوە لە لای چەپی وێنەکە: عبداللە سعید (بەرێوەبەری پۆلیسی هەولێر)، خالد نەقشبەندی (موتەسەریفی هەولێر خەڵکی بامەڕنێی دەڤەری دهۆک بوو)، کورسیەکی بەتاڵ، حاکم تەڵعەت یەعقوبی، محسن ئاغای ئەسعەدی (سەرۆکی شارەوانی هەولێر بوو)





لە لای راستەوە) ئەندازیار مەجید عمر، مەجید ئاسنگەر، حەمید خۆشەوی (خەڵکی هەولێر)، خوسرەو عەونی (ناسیاو و کوڕە خەزوری مەجید ئاسنگەر)، مامۆستا بەهرەم عبدالله (کوڕی وەستا عەبدەی ئاسنگەر) - ناسیاو



زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت



لە لای ڕاست) مەجید ئاسنگەر، حەسەن بەگ، کاك کریم- بەغداد، شەقامی ئەبو نؤاس، ١٩٦١/٠٥/٠٢



لە ئەرشیفی مامۆستا حاجی محي الدين وەرگیراوە: ١٩٦٧/٠٣/٢٢ لە دەشتی شارەزوور - لە لای راستەوە: مامۆستا مشیر سعید غەفوری، مامۆستا حاجی محي الدين غەفوری، مەجید ئاسنگەر، مامۆستا صدیق صادق، مامۆستا معتصم عبدالمجید مفتی، پارێزەر کمال محي الدين غەفوری



لەلای چەپ) دکتور عبدالرحمن رسول (هاوەڵ زاوای ئاسنگەر)، ...، ...، مەجید ئاسنگەر، مامۆستا بەهرامی وەستا عەبدەی ئاسنگەر (ناسیاو)، فەرهاد عەونی (ناسیاو و کوڕە خەزوری مەجید ئاسنگەر)، ئەندازیار مجید عمر، ...



مەجید ئاسنگەر لە وڵاتی ئەڵمانیا



لە لای چەپەوە: مەجید ئاسنگەر، پەرژین عەونی، بۆتان ئاسنگەر- شاری کامبریدج، بەریتانیا - ٢٠١١



لە لای راستەوە: دکتۆر عبدالرحمن رسول، مەجید ئاسنگەر، فەرهاد عەونی



مەجید ئاسنگەر، رووباری دجلە - خواروی عێراق.




مەجید ئاسنگەر، ئەدێنبەرا، سکۆتلاند



مەجید ئاسنگەر: راوێژکار لە پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٠٥/٠٣/٠٧



بایزبەگ: هاوینە هاواری باپیران لە شەستەکانی سەدەی رابردوو
مەجید ئاسنگەر دووەم لە لای چەپ بە شەپقەیەك و بێجامە وەستاوە



مەجید ئاسنگەر



دەستەیەك لە مامۆستایانی دواناوەندی: كۆیە ١٩٥٦

لە لای راستەوە: جەمال غفور (خەڵكی سلێمانی)، شەفیق سابیر (خەڵكی كۆیە)، مەجید ئاسنگەر (خەڵكی كۆیە)، مس ۆلیڤەر (خەڵكی ئینگەڵتەرا و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە عێراق)، صدیق عبدالقادر نەشئەت (خەڵكی كۆیە)، عمر دەروێش (خەڵكی كەركوك)، ولیەم جندی عیوەز (خەڵكی وڵاتی میسر)، ئەحمەد وەهبی (خەڵكی وڵاتی میسر)

تێبینی: مامۆستا ئاسنگەر لە وتارێكیدا بە درێژی باس لە یادەوەری ئەم وێنەیە دەكات بە ناوی (یادەوری وینەیەك)



لە لای چەپەوە: مەجید ئاسنگەر، د. وریا عومەر ئەمین، کەریم شارەزا، ئەحمەد دڵزاری شاعیر، دکتۆر سالار عوسمان، دکتۆر ئازاد حەمەد شەریف



بارزان، مەزاری نەمران - لە لای راستەوە: سامی شۆڕش، مەجید ئاسنگەر، میوانی بیانی!!



لە لای راستەوە: شاعیر پیربال مەحمود، مەجید ئاسنگەر



کۆیە: قوتابخانەی ناوەندی کۆیەی کوڕان (بەفر بارین) - لەلای راستەوە/ مامۆستایان: مەجید ئاسنگەر، فاضل شەوڕۆ، عثمان محمد، دیار ، واحێد قەهار، لەگەڵ (حاجی مەلا)



ستراتفۆرد ئەپۆن ئەڤن، وڵاتی بەریتانیا (شاری نووسەری مەزن شکسپیر)، ٢٠٠٩/٠٨/٠٨



کۆیە: دەستەیەك لە مامۆستایانی قوتابخانەی ناوەندی کۆیەی کوڕان، ١٩٨٤

ریـزی دواوە لـە لای راسـتەوە: مامۆسـتا رفیـق مەجیـد (مامۆسـتای زمـانی عـەرەبی)، مامۆسـتا نەهـرۆ شـێخ حەمـە سـاڵح (مامۆسـتای بـیرکاری)، مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر (مامۆسـتای زمـانی ئینگلیـزی)، مامۆسـتا عثـمان محمـد (مامۆسـتای زمـانی ئینگلیـزی)، مامۆسـتا ئەمـیر حەننـا (مامۆسـتای کۆمەڵایـەتی)

ریـزی ناوەڕاسـت لـە لای راسـتەوە: مامۆسـتا خەلـەف (خەڵـکی شـاری بـەسرا بوو-مامۆسـتای زمـانی عـەرەبی)، مامۆسـتا نەجـات محمـد دەروێـش (مامۆسـتای کیمیـا) ، مامۆسـتا مەجیـد فەقـێ (مامۆسـتای زمـان و ئـەدەبی کـوردی)، مامۆسـتا أبراهیـم حمـد قـادر (مامۆسـتای بـیرکاری)، مامۆسـتا چەتـۆ جـەواد شـەفیق أغـا (مامۆسـتای زمـانی ئینگلیـزی)،

ریـزی پێشـەوە لـە لای راستەوە: مامۆسـتا نیشـتمان محمـد منصـور (مامۆسـتای کۆمەڵایـەتی)، مامۆسـتا نێرگـز عوسـمان عـەونی (مامۆسـتای زینـدەوەرزانی)



مەجید ئاسنگەر، شاری زاخۆ، ١٩٨٤/٠٩/٢٠



مەجید ئاسنگەر، بەغداد، لە بەردەم تاقی سەرکەوتنی پێشوو (قوس النصر)



مەجید ئاسنگەر،



مەجید ئاسنگەر، ١٩٦٤ - ئەم وێنەیە لە رۆژی هاوسەرگیری وەرگیراوە



مەجید ئاسنگەر، بەغدا، حوزەیرانی ١٩٥٥ - ئەم وێنەیە ساڵی دەرچوون لە کۆلێژ وەگیراوە



مەجید ئاسنگەر، ٢٠١٨



ئەنکەرە، ئەنکەرە، تورکیا – لەگەڵ مامۆستا پەرژین عەونی خێزانی - ٢٠١٠/٠٧/٢٣



مەجید ئاسنگەر و ئەلەند بۆتان (نەوەی ئاسنگەر)، لەیك دیستریکت، بەریتانیا، ٢٠١١



کۆشکی نۆتینگهام، نۆتینگهام، بەریتانیا، ٢٠٠٩-
لە لای راستەوە: پەرژین عەونی هاوسەری ئاسنگەر، مەجید ئاسنگەر، بۆتان ئاسنگەر



مەجید ئاسنگەر و هاوسەرەکەی، بەریتانیا، ٢٠٠٩



مەجید ئاسنگەر و هاوسەرەکەی، بەریتانیا، ٢٠٠٩



لە لای راستەوە: بۆتان ئاسنگەر، ئەلەند بۆتان، مەجید ئاسنگەر، پەرژین عەونی، فێنك مەسعود (خێزانی بۆتان)، ئارێز بۆتان (منداڵە بچوکەکە) – (بەریتانیا، ٢٠١١)



دارستانی شێروود، بەریتانیا، ٢٠١١
مەجید ئاسنگەر، بۆتان ئاسنگەر، (ئارێز لە باوەشی باوکی)، ساوە بۆتان، ئەلەند بۆتان



هەولێر، ٢٠١١/١٢/٢٥ - مەجید ئاسنگەر و جۆشان ئاسنگەر لەگەڵ (ڤانیا ی کچی جۆشان)



مەجید ئاسنگەر، لەندەن، ئابی ٢٠٠٩



لە لای چەپەوە: مەجید ئاسنگەر و نەوەکانی (ئەلەند و ساوە بۆتان)، کۆیە - چنارۆك، نیسانی ٢٠٠٩



لە لای راستەوە: مامۆستا ئەبو بەکر (مێردی خوشکی ئاسنگەر)، مەجید ئاسنگەر و خێزانی. دۆسڵدۆرف، ئەڵمانیا




مەجید ئاسنگەر و بۆتان مەجید ئاسنگەر- لەبەردەم پەیکەری شۆرشگێری ئەفریکی نێلسۆن ماندێللا، لەندەن، ئابی ٢٠٠٩



مەجید ئاسنگەر، مۆزەخانەی لەندەن، بەشی شوێنەواری میسریەکان، ئابی ٢٠٠٩



مەجید ئاسنگەر، بەردەم کۆشکی شاژنی بەریتانیا، لەندەن، ئابی ٢٠٠٩



بەردەم کۆشکی شاژنی بەریتانیا، لەندەن، ئابی ٢٠٠٩- لەلای راستەوە: مەجید ئاسنگەر، بۆتان مەجید ئاسنگەر و خێزانی



مەجید ئاسنگەر و خێزانی، ئەدێنبەرا، سکۆتلەندا، ٢٠١١



مەجید ئاسنگەر و بۆتان ئاسنگەر- دەریای باکور، سکێگناس، بەریتانیا، ٢٠١١/٠٩/٠٢



مەجید ئاسنگەر، چنارۆك – كۆیە، ٢٠٠٩/٠٤/١٠



شاری لینكن، بەریتانیا، ٢٠١١/٠٩/٠٢- لەلای راستەوە: مەجید ئاسنگەر و خێزانی (پەرژین عەونی)، ئلەند بۆتان، ساوە بۆتان، ئاریز بۆتان (منداڵە بچوكەكە)، فێنك مەسعود (خێزانی بۆتان)




مەجید ئاسنگەر، پەرژین عەونی هاوسەر ئاسنگەر، جۆشان ئاسنگەر، میهراکۆ موحسین (خێزانی جۆشان)، ئاکار جۆشان (کوڕی بچوکی جۆشان)



لە راستەوە: د. جۆشان مەجید ئاسنگەر و د. بۆتان مەجید ئاسنگەر



مەجید ئاسنگەر لەگەڵ منداڵەکانی رۆژان و جۆشان لە باخچەی ماڵەکەیان لە گەڕەکی شۆڕش، هەولێر١٩٦٧



لە راستەوە: د. جۆشان مەجید ئاسنگەر و مەجید ئاسنگەر



مەجید ئاسنگەر، کۆشکی ۆڵاتن، نۆتینگهام، بەریتانیا، ئابی ٢٠٠٩



مەجید ئاسنگەر، پارکی ۆڵاتن، نۆتینگهام، بەریتانیا، ئابی ٢٠٠٩

## مامۆستا ئاسنگەر و ماڵئاوایی و نەمری

مامۆستا ئاسنگەر ٨٠ ساڵ ژیا، دواجار لە ٩ ی نیسانی ساڵی ٢٠١٢ ماڵئاوایی یەكجارەكی لە ژیان و وڵات و دۆست و كەس و كاری كرد. لە ژیاندا بێ وەستان و پسانەوە، زیاتر لە ٦٥ ساڵ تەمەنی، لە خزمەتی نووسین و دۆزی رەوای كوردانەی نیشتمانەكەی تەرخانكرد. ئەمەش خەرمانێكە لە ژیاری! مامۆستا ئاسنگەر، ئەگەر بەجەستە ئەم دونیا كاتیەی بە جێهێشتبێت، بەڵام لە ویژدانی دۆست و كەس وكار و هاورێ و هاوپیشەكانی بە زیندوویی دەمێنێتەوە. لە هەمان كاتدا، خەرمانی ئەرك و ماندوبوونی مامۆستا ئاسنگەر بە درێژایی ٨٠ ساڵ بەخشین لە ئەزموون و هزر و هەڵوێست و وانەكانی نیشتمانپەروەری و پەروەردەكاری و خۆشەویستی و خاكی بوون بۆ نەوە یەك لەدوای یەكەكانی ئەم نیشتمانە دەمێنێتەوە. بەشێكی زۆری ئەم ئەزموونە نەبڕاوەیەی مامۆستا لە دوو توێی ئەم كۆبەرهەمەی بەردەستتان بەرجەستەكراوە و كۆكراوەتەوە بۆ هاونیشتمانیان و خوێنەرانی ئازیز و خۆشەویست.

بە كۆكردنەوە و ئامادەكردن و بڵاوكردنەوەی ئەم كۆبەرهەمەی بەردەستان هیوادارین، وەك خانەوادەی مامۆستا ئاسنگەر، توانیبێتمان كەمترین وەفامان بۆ گیانی پەپولە ئاسای مامۆستا ئاسنگەر نواندبێت و لە هەمان كاتدا كەمترین ئەركی نیشتمانپەروەریمان بۆ گەلەكەمان و نەوەكانی دوارۆژ ئەنجامدابێت.



گلکۆی مەجید ئاسنگەر، گۆڕستانی کەسنەزان، هەولێر




گلکۆی مەجید ئاسنگەر



خانەوادەی مەجید ئاسنگەر لەسەر گلکۆی مەجید ئاسنگەر لە ساڵیادی یەکەمی ماڵئاوایی - ٢٠١٣/٤/٩
لە لای چەپەوە: پەرژین عەونی (خێزانی مەجید ئاسنگەر)، بۆتان ئاسنگەر، أمل حسن، وریا عەونی، دلێر عەونی، جۆشان ئاسنگەر، سنەوبەر عەونی

## پرسەنامە بۆ ماڵئاوایی مامۆستا ئاسنگەر

***

**خانەوادەی بەڕێزی خوالێخۆشبوو مەجید ئاسنگەر**
**سڵاوی خوای گەورەتان لێبێت**

زۆر بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ناسراوی شاری هەولێر و ئەدیب و نووسەر و ڕۆشنبیری دیاری کوردستان، خوالێخۆشبوو مامۆستا مەجید ئەحمەد ناسراو بە مەجید ئاسنگەرمان پێگەیشت، بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لەخۆتان و گشت ئەدیب و نووسەرانی کرد دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین، لەخوای گەورە داواکارین سەبووری و دڵنەوایی بە هەموو لایەکتان ببەخشێ و گیانی خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و ئەم دواناخۆشی خانەوادە بەڕێزەکەتان بێت.

**انا لله وانا الیه راجعون**

**مەکتەبی سەرۆک**

رۆژنامەی خەبات ژمارە ٤٠٤٠ لە ٢٠١٢/٠٤/١١

سەرەخۆشی

پرسەنامەیەك لە مەکتەب سەرۆك - پارتی دیموکراتی کوردستان

خانەوادەی بەڕێز خوالێخۆشبوو مەجید ئاسنگەر

سڵاوی خوای گەورەتان لێبێت

زۆر بەداخـەوە هەواڵـی کۆچـی دوایـی کەسـایەتی نـاسراوی شـاری هەولێـر و ئەدیـب و نووسـەر و رۆشـنبیری دیـاری کوردسـتان، خوالێخۆشـبوو مامۆسـتا مەجیـد ئەحمـەد نـاسراو بـە مەجیـد ئاسـنگەرمان پێگەیشـت، بـەم بۆنـە خەمناکـەوە سەرەخۆشـی لـە خۆتـان و گشـت ئەدیـب و نووسـەرانی کـورد دەکەیـن و هاوبەشـی خـەم و پەژارەتانیـن، لـە خـوای گـەورە داواکاریـن سـەبووری و دڵنەوایـی بـە هەمـوو لایەکتـان ببەخشـێ و گیانـی خوالێخۆشـبوو بـە بەهەشـتی بەریـن شـاد بـکات و ئەمـە دوا ناخۆشـی خانـەوادە بەڕێزەکەتـان بێـت.

انالله وانا اليه راجعون

**مەکتەب سەرۆك**

٢٠١٢/٤/١١

## سەرەخۆشی

بــە بۆنــەی کۆچــی دوایــی مامۆســتا مەجیــد ئاســنگەر نووســەر و شــاعیر و تێکۆشــەری نــاسراوی گەلەکەمــان، ســەرۆك مــام جــەلال پرســەنامەیەکی ئاراســتەی خانــەوادە و کەســوکارەکەی کــردووە کەئەمــە دەقەکەیەتــی:

بەڕێــزان خانــەوادە و کەســوکاری نووســەر و شــاعیر و تێکۆشــەری نــاسراوی گەلەکەمــان و دۆســتی دێرینــی خۆمــان مامۆســتا مەجیــد ئاســنگەر

بــە خــەم و پەژارەیەکــی زۆرەوە هەواڵــی کۆچــی دوایــی نووســەری بەتوانــا و شــاعیری نیشــتمانپەروەر و مامۆســتای بــە هەڵوێســت مامۆســتا مەجیــد ئاســنگەرمان پێگەیشــتوو لــە ناخــی دڵــەوە خەمبــارو نیگــەران بوویــن، بــەم بۆنــە خەمناکــەوە پرســە و سەرەخۆشــی زۆر گەرمــی خۆمانتــان ئاراســتە دەکەیــن، هاوخەمــی قوڵــی خۆمانتــان پێڕادەگەیەنیــن، خۆتــان خۆشــبن و تەمەنــی درێــژی بــۆ خۆتــان و کەســوکار و خــزم و دۆســت و خۆشەویســتانتان بەجێهێشــتبێت.

مامۆســتا مەجیــد ئاســنگەری نەمــر هــەر لــە ســەرەتای لاوێتییــەوە وەك تێکۆشــەرێکی خەمخــۆری گەلەکــەی و کوردســتانەکەی هاتووەتــە کــۆڕی تێکۆشــانەوە و بــەردەوام لــە ســەنگەری پــڕ ســەروەریی کوردایەتیــدا بــە ســەخاوەتەوە خەباتــی کــردووە و هەمــوو هەســت و نەســتی بــۆ خزمەتکردنــی میللەتەکــەی و کێشــە رەواکــەی خســتووەتەگەڕ، بۆیــە مامۆســتای نەمــر بەتەنیــا مامۆســتایەکی پەروەردەیــی بــە هەڵوێســت و نیشــتمانپەروەری ســەر راســت نەبــوو کــە چەندیــن نــەوەی پێگەیانــدووە کــە ئەمــڕۆ لەکایــە جیاجیاکانــی کوردســتاندا خەبــات دەکــەن، بەڵکــو نووســەر و ئەدیــب و وەرگێــڕ و شــاعیرێکی هەســت ناســك و کوردپــەروەری ئەوتــۆش بــوو کــە هەمــوو خولیــا و خەونێکــی بــۆ ئــەوە بــوو تێکۆشــان و کۆششــی گەلەکەمــان بگاتــە ئامانــج و کوردیــش وەك میللەتانــی دونیــا بــە مافەکانــی خــۆی شــاد بێــت.

مامۆستا مەجید ئاسنگەری نەمر لە بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشدا مرۆڤێکی پاك و بە ئەزموون و لە سەرخۆ و قسە شیرین بووە، هەروەها تێکۆشەرێکی ماندوونەناس و پشوو درێژی رێگای رزگاری کورد و کوردستانیش بوو.

لە سەردەمی ئەمڕۆی ئازادی و سەرفرازی گەلەکەشماندا مامۆستای خوالێخۆشبوو راوێژکاری راگەیاندن بوو لە سەرۆکایەتیی پەڕلەمانی کوردستان کە بەوپەڕی لەخۆبردوویی و دڵسۆزی و بە گیانێکی کوردانەوە خزمەتی دەکرد، بۆیە کۆچکردنەکەی خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ کاروانی تێکۆشانی گەلەکەمان و دنیای پەروەردە و نووسین و شیعر و داهێنان.

خوای گەورە گیانە پاکەکەی بخاتە بەر رەحمەتی خۆی و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات.

لە کۆتاییدا داوای سەبووری و ئارامی بۆ هەمووان دەکەم و هیوادارم لەهەر خەم و پەژارەیەکی تر بەدووربن، دووبارە خۆتان خۆشبن و هاوبەشی خەمتانین.

انالله وانا الیه راجعون

برای دڵسۆزتان

مام جەلال

٢٠١٢/٤/١٠

لە ژمارە٥٧٤٩ ی رۆژی چوارشەممە ٢٠١٢/٠٤/١١ ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.

**سەرەخۆشی**

**پرسەنامەیەك لە سەرۆکایەتیی پەڕلەمانی کوردستانەوە**

بـۆ بەڕێـز خانـەوادەی نووسـەر و شـاعیری خوالێخۆشـبوو مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر راوێـژکاری پێشـووی راگەیانـدن لـە پەڕلەمانـی کوردسـتان

بـەداخ و پەژارەیەکـی زۆرەوە هەواڵـی کۆچـی دوایـی نووسـەر و شـاعیری نـاسراوی گەلەکەمـان مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەرمان پێگەیشـت، خوالێخۆشـبوو مامۆسـتایەکی پەروەردەیـی بـە هەڵوێسـتی نیشـتمانی و کوردپـەروەر بـوو، خزمەتێکـی زۆری بـواری پـەروەردە و ئـەدەب و رۆشـبیری کـوردی کـردووە، چەندیـن نـەوەی بەگیانـی نیشـتمان پـەروەری پێگەیانـدووە کـە ئەمـڕۆ لـە بـوارە جیاجیاکانـدا خزمەتـی گەلەکەمـان دەکـەن .

هەروەهـا خوالێخۆشـبوو سـاڵانێکی زۆریـش وەك راوێـژکاری راگەیانـدن لـە بەڕێوەبەرایەتیـی راگەیاندنـی پەڕلەمانـی کوردسـتان خزمەتـی بەرچـاوی کـردووە و تـا ئـەم سـاڵانەی دوایـش لـەکاری نووسـین و وەرگێـڕان و خزمەتکردنـی بـواری رۆشـبیری بـەردەوام بـووە، لـەم بۆنـە خەمناکـەدا پرسـە و سەرەخۆشـی خۆمـان ئاراسـتەی بەڕێزتـان و کەسـوکار و دۆسـت و هاوڕێیانـی خوالێخۆشـبوو دەکەیـن و هاوبەشـی خەمتانیـن.

لـە خـوای گـەورە و میهرەبـان داواکاریـن گیانـی کۆچکـردوو بـە بەهەشـتی بەریـن شـاد بـکات و ئارامـی و سـەبووری بـە هەمـوولا ببەخشـێت و دواناخۆشـیتان بێـت.

انالله وانا اليه راجعون

سەرۆکایەتیی پەڕلەمانی کوردستان

٢٠١٢/٤/٩

## خانەوادەی مامۆستا ئاسنگەر

مامۆستا ئاسنگەر خاوەنی کچێك و دوو کوڕە بەم شێوەیە:

- د. رۆژان (کچی گەورەی مامۆستا ئاسنگەر) لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٥ – ماستەر لە پزیشکی ڤێترینەری لە سوێد.

لە وڵاتی سوێد دەژیت و خاوەن کوڕێك و کچێکە بەم ناوانە:

ئەژی (کوڕ) – لە دایکبووی ساڵی ٢٠٠٣: قوتابی زانکۆ لە سوێد، کارگێڕی و یاسا

ئارینا(کچ) – لە دایکبووی ساڵی ٢٠٠٦: قوتابی پۆلی یانزدەی بنەڕەتی لە سوێد

- د. جۆشان (کوڕی گەورەی مامۆستا ئاسنگەر) لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٧ – دکتورا لە سامانی ئاژەڵ، زانکۆی سەلاحەددین.

لە هەولێر دەژیت و خاوەنی چوار منداڵە بەم ناوانە:

شاکار (کوڕ) لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٥: دەرچووی کۆلێجی زانست، بەشی زەوی ناسی، زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵی ٢٠١٧، وە دەرچووی کۆلێژی پۆلیس لە ساڵی ٢٠٢٠، ئێستا ئەفسەرە لە وەزارەتی ناوخۆ.

کۆسار (کوڕ) لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٨: ئەندازیاری نەوت، دەرچووی زانکۆی کۆیە لە ٢٠٢٠، لە کەرتی تایبەت وەك ئەندازیار کار دەکات.

ئاکار (کوڕ) لە دایکبووی ساڵی ٢٠٠١: قوتابی زانکۆی سەلاحەددین، بەشی کارگێڕی کار، قۆناغی چوار.

ڤانیا (کچ) لە دایکبووی ساڵی ٢٠١٠: قوتابی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی

- د. بۆتان (کوڕی بچوکی مامۆستا ئاسنگەر) لە دایکبووی ساڵی ١٩٧١ –

دکتـۆرا لــە ئەندازیـاری ڕێگاوبـان، زانکـۆی نۆتینگهـام (بەریتانیـا).

له هەولێر دەژیت و خاوەنی سێ منداڵە بەم ناوانە:

ساوە (کچ) لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٩٩: دکتـۆری دەرمانسـاز، زانکـۆی هەولێـری پزیشـکی لـە ٢٠٢٢، لـە بـواری دەرمانسـازی لـە کـەرتی تایبـەت کاردەکات.

ئەلەنـد (کـوڕ) لـە دایکبـووی سـاڵی ٢٠٠٢: قوتـابی قۆناغـی چـوارەم لـە زانکـۆی کوردسـتان-هەولێر، بـەشی ئەندازیـاری پرۆگرامسـازی.

ئارێز (کوڕ) له دایکبووی ساڵی ٢٠١١: قوتابی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی.



خانەوادەی مەجید ئاسنگەر، ئاداری ٢٠١٢، یەك مانگ بەر لە ماڵئاوایی یەکجاری مەجید ئاسنگەر

راوەستاوەکان لە لای چەپ) د.بۆتان ئاسنگەر، ئاریز بۆتان (منداڵەکە) – ٢٠١١، فێنك مسعود حمە سعید (خێزانی د.بۆتان)، میهراکۆ محسن مام یحیی(خێزانی د.جۆشان)، د.جۆشان ئاسنگەر، شاکار جۆشان – ١٩٩٥، ئەندازیار نەوزاد محمد سعید کەرکوکی (زاوای مەجید ئاسنگەر- دانیشتوی وڵاتی سوێد)

دانیشتوەکان لە لای چەپ): ساوە بۆتان – ١٩٩٩، مەجید ئاسنگەر، پەرژین عەونی (خێزانی مەجید ئاسنگەر – کچی عەونی شاعیر)، د.رۆژان ئاسنگەر (دانیشتوی سوێد)، ئارینا نەوزاد (لە سەر کۆشی دایکی - ٢٠٠٦)، ئەژی نەوزاد-٢٠٠٣

دانیشتوانی پێشەوە لای چەپ): ئەلەند بۆتان - ٢٠٠٢)، ئاکار جۆشان - ٢٠٠١

ئـەو کۆبەرهەمـەی لەبەردەسـتی خوێنـەری بەڕێزدایـە پێـك هاتـووە لـەم بەشـانە:

بەرگی یەکەم: ٣٥٠ لاپەڕە

بەرگی دووەم، گوتار و دیمانە: ٣٤٤ لاپەڕە

بەرگی سێهەم، گوتارەکان: ٦٧٨ لاپەڕە

بەرگی چوارەم، شیعر: ١٨٨ لاپەڕە

بەرگی پێنجەم، چیرۆك و شانۆنامە: ٢٨٤ لاپەڕە

بەرگی شەشەم، وەرگێڕان/ چیرۆك و شانۆنامە: ٧٧٠ لاپەڕە

بەرگی حەفتەم، گوتاری عەرەبی: ١٥٢ لاپەڕە

بەرگی هەشتەم، لێکۆڵینەوەی سیاسی: ٤٠٠ لاپەڕە




شـایانی باسـە، مامۆسـتا ئاسـنگەر لەگـەڵ دەسـتەیەک لـە رواکبیـر و کەسـایەتی و نووسـەران لـە سـاڵی ٢٠٠٩ کتێبێکیـان لـە دووتوێـی ٤٧٥ لاپـەڕەدا دەربـارەی مێـژووی شـاری کۆیـە بڵاوکـردەوە بـە نێـوی «کۆیـە لـە رەوتـی شارسـتانیەتدا» کـە بەرهـەم و ماندوبوونـی چەندیـن سـاڵ کارکـردن بـوو لـەم پرۆژەیـە. نووسـەرانی ئـەم پرۆژەیـە بریتـی بـوون لەرووناکبیـران و نووسـەرانی بەڕێـز: کەریـم شـارەزا، حاکـم نـازم حەوێـزی، عوسـمام مسـتەفا خۆشـناو، مەجیـد ئاسـنگەر.

زۆر لـە نووسـینەکانی مامۆسـتا ئاسـنگەر لـە ژینگـە و سـەردەم و کات و رۆژگاری دۆخـی نووسـینەکە زۆر کاریگـەر و پـڕ بایـەخ بـووە و کـەم لـە هاوسـەردەمانی

پەیـان پـێ بـردووە. تەنانـەت جـۆش و خرۆشـی بـە زۆرانیـش بەخشـیوە.

لـە کۆتاییـدا دەڵێیـن نووسـینەکانی مامۆسـتا ئاسـنگەر بەگشـتی بیرهێنانـەوەی زۆر بابەتـی مێژوویـی گرنـگ بـۆ نـەوەکان دەسـتەبەر دەکات. ئاشـنایان دەکات بـە رووداوگەلێـك کـە لەلایـەك ئـەم نـەوە تازانـە هاوچەرخـی سـەردەمەکە نەبـوون و لەلایەکـی تـرەوە گرنـگ و بەهـادارن لـە رووی بەخشـینی مەعنەویـات و زانینـی راسـتییەکان.

نووسـینەکانی مامۆسـتا ئاسـنگەر دەیـان روانگـەی ئەدەبـی و پەروەردەیـی و سیاسـی جۆراوجـۆر گەنگەشـە دەکات و دەخاتـەڕوو، چەندیـن ئەزمـوون، کـە خـۆی پاڵەوانـی زۆربـەی رووداوەکانـە، دەگێڕێتـەوە و هەناسـە بـە چەندیـن پـرس و بابەتـی گرنـگ دەبەخشـێت.

بۆیـە لێـرەدا لێکۆڵـەر و توێژەرەکانـی زانکـۆکان دەتوانـن لەلایـەك سـوود لـەم «کۆبەرهەمـە» وەربگـرن وەك سـەرچاوە و لەهەمانکاتـدا دەتوانـن لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوەی ئەکادیمیانـە لەسـەر هـزر و ئەزمـوون و نووسـینەکانی مامۆسـتا ئاسـنگەر ئەنجـام بـدەن.

لێـرەدا هیـوادارم توانیبێتـم گێڕانەوەیـەك بـۆ قەڵـەم و کەسـایەتی و ژیـان و ئەزموونـی مامۆسـتا ئاسـنگەر پێشکەشـتان بکـەم وەك پێشـەکییەك بـۆ ئاسـانکردنی خوێندنـەوە و قـووڵ بوونەوەتـان لـە نێـو دەریـای قووڵـی ٨٠ سـاڵ تەمەنـی نووسـەر و ئەدیـب و شـاعیر و خەباتگێـڕ و نیشـتمانپەروەر و پـەروەردکار خوالێخۆشـبوو مامۆسـتا «مەجیـد ئاسـنگەر» (١٩٣٢-٢٠١٢).

دکتۆر بۆتان مەجید ئاسنگەر

هەولێر، ٢٠٢٢/١٢/٢٧

**لە دەیەمین ساڵ یادی کۆچی دوایی مامۆستاو شاعیرو نوسەری کورد پەروەر (مەجید ئاسنگەر)...**

**د. جۆشان مەجید ئاسنگەر**

-١-

ئەمڕۆکە دیسان بێ دەنگ بۆت گریام
کەچی ڕوحی خۆت زوو نارده فریام
ئەو ڕوحە پاکە پەپولە ئاسا
لەبۆ کۆچی تۆ کوردستان تاسا
(مەجید ئاسنگەر) باوکو مامۆستا
بەفرمێسکی من دەریایەک هەستا
خۆشی تیا نەما ژینم لەدوای تۆ
چۆن ئۆقرە بگرم تا دەگەم بەتۆ
سەر بەرز لەدونیا بوێرو ئازا
ڕوحت هەر شاد بێ و گەردنت ئازا

-٢-

ڕێگام تەمەو ڕەهێڵە
بەتەنیا جێم مەهێڵە
هەموو ساڵێ لەنوێی چوار
وەرزی گوڵ و نەو بەهار
چاو پڕدەبن لە ئەسرین
سور دەبن هێندەی بگرین
دەردی دڵ لای کێ بکەم
هێزم نەما تا ڕێکەم
بەندە بەدوای تۆ وێڵە
بەتەنیا جێم مەهێڵە

## چەند یادێك بۆ مەجید ئاسنگەر

**شعری: د. بۆتان مەجید ئاسنگەر (٢٠١٢/١٠)**

ئەم شعرە لە یادی کۆچی دوایی مامۆستای شاعرو نوسەرو رۆشەنبیر مەجید ئاسنگەر نوسراوە کە لە ٢٠١٢/٤/٩ لە تەمەنی هەشتا ساڵی کۆچی دوایی کرد وە پێشکەش بێت بە گیانی فریشتەیی و بیروباوەرە نیشتمانپەروەریەکەی کە هەموو خەونێکی کوردستانێکی ئازاد بوو.

کێ تێدەگا لە ئاسمانێك، تاریك و خامۆش، ئەستێرەی تێدا نەبێت!
کێ تێدەگا لە کەندەڵانێکی ڕەق و هیشك، ڕێچکەی ڕووبار بێ و ئاوی تێدا نەبێت!
کێ تێدەگا لە وەرزێکی بەهار سەوزی و گەڵاو جوانی ونکردبێ!
کێ تێدەگا لەو جەستە ڕەنگ زەردەی ڕوحی تێدا نەبێ!
کێ تێدەگا لە هەورێکی چڕ دڵۆپێك باران دانەکا!
کێ تێدەگا لە گۆڤارێك هیچ ووشەیەك نەدرکێنێ!
هەر بۆیە سەرم سوڕماوە لەم ژیانە
کە ڕەنگەکانی خامۆش و ئازارەکانیش زۆر بە سۆن
دیمەنەکانی کوژاوەن
گۆرانیەکان بێ ئاوازن
باڵندەکان لە لانەکان وێڵ و سەرگەردان و نامۆن
هەر بۆیە ئەم گەردوونە ئۆقرەی نەماوەو
وەك و جاران ڕێچکە ناکات
وەك بڵێی یاسای ڕاکێشانی وون کردبێت!
زەنگی کڵێساکان بێدەنگەو
مزگەوتەکانیش چۆڵ و هۆڵ

وەك بڵێی هێشتا حەزرەتی عیسا لەدایك نەبوبێت!
هەڵسام و گورج بارگەم تێكناو
لە قووڵایی بێ ئومێدیمدا ڕووانیم لە دوور
تروسكاییەكم لە ئاسۆی تاریك بەدی كرد
زوو كەوشەكانم كردنە پێ و
هەنگاوم بە ڕوویدا هەڵكرد
غارم دا پڕ بەهێزم تا نزیك كەوتمەوە

چاوم گێڕا بەدەورم داو
ئەو ژیانەی جاران كت و مت سەرسامیان كردم!
كاتێ بینیم ئاسمان پڕ ئەستێرەی جوان بوو
ئاوازی گۆرانیەكانی خاڵە تایەر و فوئاد ئەحمەد[1]
گوێ ی ئەم دەورو بەرەیان كاس كردبوو
هەورەكان بارانیان دادەپڕوكان،
گۆڤارەكان ڕووداوەكانیان دەگێڕایەوە ...
ئای كە خۆش بوو
كاتێك حەز و تاسەی سەرم
بە هاژەی ڕووبارەكان مەست بوو
شەونمیش بەسەر گەڵای سەوزی گژوگیاكان دەتكایەوە...
ئەمانە گشتیان
دڵمیان پڕ حەسرەت كرد
وامدەزانی ئەم گەردوونە تازە لە دایك بۆتەوە

١. هەندێك لە شعرەكانی مامۆستا مەجید لەلایەن ئەم دوو هونەرمەندە كراونەتە گۆرانی و سروود

نەم زانی چۆن،
چەندی هێنام و بردم نەکرا تێبگەم
چۆن ئەم ناوە هەمان ژیانەکەی جارانی تێدا ماوە ؟!
بە چوار دەوری خۆم وورد سوڕام بۆ سۆراخێ...
جگە لە چەند پارچە مەڕمەڕێکی ڕەنگ سپی داتاشراو
هیچیم نەدی
کاتێك نزیکی کەوتمەوە
بە ووردی خوێندمەوە
نووسینێك بە خەتێکی پان هەڵکەنرابوو:
ئەم مەزارە گلکۆی «مەجید ئاسنگەرە»
لەم ساتە بوو
غەڵبە غەڵبێکم کەوتە گوێ
ئاوڕێکم لە دوای خۆم داوە
ئاپۆڕەی خەڵك لە دەورمدا وەستابوو

پرسیارم کرد: ئێوە کێن؟
یەك بە دەنگێکی زوڵاڵ ووتی: پێشمەرگە
ئیەکێکی تریان: کوردستان
ئەوی تر: بارزان[١]
تێگەیشتم:
ئەوانە هاتبوون

١. مامۆستا مەجید لە سرودی «سوێندی پێشمەرگە» سوێند بە پێشمەرگەو کوردستان و بارزان و چەندین ڕەمزی تری کوردایەتی دەخوات. ئەم سرووده لەلایەن هونەرمەندی خوا لێخۆشبوو فوئاد ئەحمەد بە ئاوازێکی پڕ جۆش و خرۆش گوتراوە.

بیانکەیتەوە سرودێك و
دووبارە سوێندیان پێ بخۆیت.
ئاسمانی شینم بینی[١]
لەم لاوە بە تەنها وەستابوو
داواکاربوو
لە بڕی هەوارە خامۆش و بێنازەکەی باییزبەگت
ئەمجارەیان لەسەر گڵکۆکەتتدا،
بیکەیتە دەوارو هەڵیبدەیت.
کتێبێکی کەون، لاپەڕەکانی هەمووی زەرد
لەناو ئاپۆڕەکە ئاشکرا بەدی دەکرا
بە دوو دڵی پرسیارم کرد
تێ ی گەیاندم، هاتبوو ئەم «هەلەی مێژوو» لە دەست نەداو[٢]
گرەوی کوردایەتی خەونی لەمێژیینەت بباتەوە ...
لەم لاترەوە
چاوانم بە «ئەمیرەیەك» گەشایەوە[٣]

١. خانەوادەی مامۆستا مەجید هاوینانی سالانی پەنجاکان و شەستەکان هەوارێکیان لە (بایزبەگ)ی بناری سەفین هەبوو کەتێیدا هاوینان چەند کاتیکی ژیانیان لێ دەگوزەراند. ئەنجا دیمەنی دڵڕفێنی ئەم شوێنەو ئاسمانی ساف و شین، کەوەك خیوەتێك بەسەر ئەستونگەی هەردوو شاخی ئەم بەرو ئەوبەری بایزبەگ هەڵدرابوو، لەگەڵ گوڵ و گوڵزارەکانی ناوچەکە دەبنە هەوێنی شعرێك بەناوی «خیوەتی ئێمە ئاسمانێکی شین» کەلەلایەن هونەرمەند فوئاد ئەحمەد کراوە بە گۆرانی
٢. «کوردە ئەم هەلە» شعرێکی بەرزی نیشتمانپەروەری مامۆستا مەجیدە کە لەلایەن هونەرمەندی گەورە (تایەر تۆفیق) بە مەقام گوتراوە. ئەم شعرە لەگەڵ دامەزراندنی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێم لە ساڵی ١٩٩٢ لەسەر لەوحێکی گەورە لە کۆریدۆری دەرگای ناوەوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ماوەیەکی درێژ هەڵواسرابوو. ئەم شعرە کە لە شەستەکانی سەدەی رابووردوو نوسراوە تا ئەمڕۆش کاریگەری هەیەو دەکرێت لە بەردەرگای هەمان شوێن دووبارە هەڵبواسرێت ؟!!!
٣. شعری «ئەمیرەکەم» کە لەلایەن هونەرمەند فوئاد ئەحمەد کراوەتە گۆرانی و لەلایەن محمدی دانش و ماهر حمدأمین بە دوو شێوازی تایبەت لەسەر هەمان ئاوازە رەسەنەکە گوتراوەتەوە.

هەرزوو پرسیارم لێی کرد
تۆ بۆچی هاتووی ؟
دیسانەکە ئەتەوێ «بەهارەکەم» لێ شەرمەزار کەیت!
لەم لاترەوە
هاتوو هاوار و فیکەو وتاف لێدان بوو
هەندێکیان بە بازووی کرێکار،
ئەوانی تر لەم لا بۆ بەرزی کوردستان سوێندیان دەخوارد

کاک «مومتاز حەیدەری»م لە ناویان ناسیەوە[١]
ووتم: خێرە، لەم درەنگانەی شەوەدا
چی تۆی هێناوەتە ئێرە!؟
ووتی تا ئێستاش،
.. خولیام، بە دووای تەوقاتەکەی مامۆستا،
وێڵ و سەرگەردانی کردووم.
لەم لاتریش گەنجێکی بە ڕواڵەت شەرمەزار وەستابوو
تابلۆییێکی هەڵگرتبوو
بڕوام نەکرد بەوەی لەسەری نووسرابوو

دەکرێت بگوترێت ئەم شعرەو وتنەکەی فوئاد ئەحمەد کە ئاوازی خۆیەتی ناسکی و بەرزی شعرەکەی بە شکۆمەندی هێشتۆتەوە.

١. لە ڕێپێوانێکی پارتیەکان لە سالانی پەنجاکان بەرامبەر بە چەپەکان کە ئەوکات چەپەکان لە یەك جبهە دابوون لە گەڵ دەسەڵاتی عبدولکریم قاسم وە لە ئەنجامی دەمەقاڵی نێوان پارتیەکان و چەپەکان، کە تێیدا ژمارەی چەپەکان دەیانجار زیاتر بوون لە پارتیەکان، لە پێناو بەرژەوەندی و زەرەرمەن نەبوونی ئەندامانی پارتی مامۆستا مەجید، کە پێشرەوی پارتیەکانی کردبوو لەم ڕێپێوانەدا، تەوقاتێك لە کاك مومتاز حەیدەری (نوسەرو رۆشەنبیر) دەدات و ئەویش زۆر بەڕێزەوە قەبوڵی دەکات و بێدەنگی دەنوێنی. شایانی باسە کاك مومتازیش هەر لە ریزەکانی پارتی بوو وە ئەم رووداوەش چەندین جار لەلایەن هەردوو بەڕێز لە چەندین دیمانەو نوسین ئامازەی پێکراوە.

عەینەکەکەم دەرهێناو
بە ڕوونی بینیم،
یەکەمیان: یەکێتی نووسەرانی کورد
دووەمیان: یەکێتی مامۆستایانی کورد
سێهەمیان: شاری کۆیەی هونەرو شاعیران بەخێرهاتنتان دەکات
چوارەمیان:
ئاخ .. بە خەتێکی ناخۆش و تێکەڵ نووسرابوو[١]
هەرچی کردم بەڵام بۆم نەخوێندرایەوە.
ووتم تۆ کێیت ؟
ووتی: چەند لاپەڕەیەکی کورتی مێژووم
بەڵام بە ئاسان تێم ناگەی
تا بە ووردی پیت بە پیت نەمخوێنیتەوە
تا یادگاریەکانم پێ هەڵنەدەیتەوە.

* * * *

تۆ ژیانت، بە بێ دەنگی، پڕ سەروەری و ئومێدو کۆڵنەدان کرد
گشتی بۆ ئێمە وانەبوون وەك قووتابخانە
ماڵئاوایت وەك ژیانت هەر بێدەنگ بوو
بەڵام بۆ ئێمە
وانەیەکی گەورەتر ...
ئێستا تێگەیشتم

١. مامۆستا مەجید لە ژیانی ماندووبونێکی زۆری چەشت لە پێناویان و لە چەندین کۆنگرە چ لە بەغدا وە چ لە کوردستان ئەندامێکی کاراو داکۆکیکەرێکی سەرەکی دامەزراندن و پێشخستنیان بووە کەچی بەداخەوە دوای کۆچی دوایی مامۆستا وەفایان بە تاقە گوڵێکیش نە بۆ خانەوادەکەی وە نە بۆ گۆڕەکەی نەنواند

ئەو ڕەنگەی وامئەزانی تاکو ئێستا شینە .. سەوز دەرچوو
ئەوەی سوورە .. زەرد دەرچوو
ئێستا زانیم کام نوقڵ شیرین و کامیان ترش!
کامە ڕێگا هەورازو کامەیان نشێو
کامە دەست میهرەبان و کامەیان دزێو ..

## ئامادەکارانی ئەم کۆبەرهەمە بە چەند دێرێك بناسە ...



### د. جۆشان مەجید ئاسنگەر

لە دایك بوی ١٩٦٧

ئەندازیـاری کشـتوکاڵە و دکتـورای لـە سـامانی ئـاژەڵ لـە زانکـۆی سـەلاحەدین-هەولێر بەدەسـتهیناوە و لـە ئێسـتادا مامۆسـتای زانکۆیـە لـە کۆلێـژی ئەندازیـاری زانسـتە کشـتوکاڵیەکانی زانکـۆی سـەلاحەددین.

خێزانـدارە و خـاوەنی سـێ کـوڕ و کچێکـە و لـە هەولێـر نیشـتەجێیە.



### د. بۆتان مەجید ئاسنگەر

لە دایك بووی ١٩٧١

ئەندازیـاری شارسـتانیە و دکتـورای لـە ئەندازیـاری رێگاوبـان و نەخشـەدانان لـە زانکـۆی نۆتینگهـام-بەریتانیـا بەدەسـتهێناوە و لـە ئێسـتادا مامۆسـتای زانکۆیـە لـە کۆلێـژی تەکنەلۆجـی زانکـۆی پۆلیتەکنیـکی هەولێـر.

خێزانـدارە و خـاوەنی کچێـك و دوو کـوڕە و لـە هەولێـر نیشـتەجێیە.

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA